# که بازنه و لاکێشەکان هەڵدەوەشێنەوە

ئاخاوتەی سیاسی و فەرهەنگیی کورد؛ دوێنێ و ئەمڕۆ

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

ئاراس

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

فەرهاد شاکەلی

# کە بازنە و لاکێشەکان هەڵدەوەشێنەوە

ئاخاوتەی سیاسی و فەرهەنگیی کورد؛ دوێنێ و ئەمڕۆ

ناوی کتێب: کە بازنە و لاکێشەکان هەڵدەوەشێنەوە
نووسینی: فەرهاد شاکەلی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٣٦
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم – ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٦ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

# پێڕست


بەشی یەکەم

ئەم هەڵوێستبازانە جێی متمانە نین ..... 9

کورد و مێژووی بیر ..... 21

ئێمە پێویستمان بە شۆڕشێکی فەرهەنگییە ..... 60

زەردەشتیزم: فەلسەفەی کوردەواری یا وەهمی خۆپاراستن؟ ..... 64

پێوەستییە شارستانەتی و فەرهەنگییەکانی کورد ..... 73

بەشی دووەم

سێسەدساڵەی مەم و زینی خانی ..... 79

رۆژنامەگەریی کوردی: راستکردنەوەی هەڵەیەکی چلساڵە ..... 84

من باسی ئازادیی خۆڵ و بەرد و دار ناکەم ..... 97

ئەدەبی کوردی لە تاراوگە ..... 101

وەنەوشەیەک کە بۆ یەک وەرز ناژی ..... 106

فەرهەنگی کوردی لەنێوان گەردوونگەرایی و ناسنامەی نەتەوایەتیدا ..... 111

برێک روموززی دەردی دڵ ..... 116

بەشی سێیەم

شیرێکی دوودەم: بەسەرکردنەوەیەکی ئەزموونی رووناکبیرانی کورد ..... 125

لاپەڕەیەک لە ئەزموونی رووناکبیرانی کورد: رەفیق حیلمی ..... 131

شوکور مستەفا... لەنێوان پرسیار و رەخنەدا ..... 165

چیرۆکی رۆحێکی کلۆڵ، گۆران: ٤٥ ساڵ دوای مردنی ..... 176

بەشی چوارەم

لەپێناوی وشەی کوردیدا ..... 191

سێ وشە و سەرەتایەک ..... 193

چیرۆکنووسەکان، بەیانیتان باش! ..... 195

بەشی پێنجەم

دوو زستانە گەشت ..... 201

کوردەکانی سۆڤیێتی جاران ..... 223

# بەشی یەکەم

## ئەم هەڵوێستبازانە جێی متمانە نین

ئاخاوتەی سیاسی و فەرهەنگیی کورد لە سەردەمی
گۆڕانکارییە چارەنووسسازەکاندا

### ئەم نووسینە

ئامانجی ئەم نووسینە ئەوە نییە چاو بە مێژووی ئاخاوتەی کوردیدا [ئاخاوتە =خطاب =گفتمان = دیسکۆرس= Discourse] بگێڕێتەوە، چ بۆ ڕێکخستنەوەی و گونجاندنی لە چوارچێوەیەکدا کە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەبار بێت، یان بۆ ئەوەی لە گۆشەنیگایەکی سینکرۆنیکەوە بزانرێت تا چ ڕادەیەک لەگەڵ ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی کورددا تەبا و هاوئاهەنگ بووە. ئامانجێکی وەها پێویستی بە پشوودرێژییەکی نائاسایی، مێتۆدێکی زانستیی پتەو و چوارچێوەیەکی فراوانتر هەیە (بۆ نموونە تێزێکی دۆکتۆرا یان کتێبێکی سەربەخۆ). لەم نووسینەدا هێندەی بکرێت هەوڵ دەدەم ئەم ئاخاوتەیە لە مەودای مێژوویەکدا بخوێنمەوە کە زۆربەمان تێیدا ژیاوین و ئاگامان لە گەشەکردنی ڕووداوەکانی هەبووە. لەوەش زیاتر، نە ئاخاوتەی کوردی و نە ڕووداوەکانی ئەم مێژووە بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆگیک پێشکەش ناکەم، کە ئەگەر وا نەکەم، ئەمە دەبێتە هۆی بێبەشکردنی خوێنەر لەوەی ئەویش بتوانێت هەندێ لە بۆشاییەکان بە بۆچوونەکانی خۆی پڕ بکاتەوە.

من کە دێم لە ئاخاوتەی کوردی دەکۆڵمەوە هەرگیز پێشبڕیارێکم (Prejudice) لە بیری خۆمدا ساز نەداوە بۆ ئەوەی بیکەمە نوختەی دەرچوون و هەڵسەنگاندن. بەڵام، لە لایەکی دیکەوە، بێگومان کۆمەڵە نرخێکی ئەخلاقی و مرۆڤانە دەکەمە پێوەر بۆ ئەوەی ئاخاوتەی سیاسی و فەرهەنگیی کوردی بخەمە بەردەم لێپرسینەوەیەک کە ئەو نرخانە دەیکەنە پێویستییەکی ئەوتۆ هیچ ڕووناکبیرێکی سەربەخۆ نەتوانێت خۆی لێ نەبان بکات. هەر بەم پێوانەیە ئەوەیش ڕوونە کە دەبێ هەڵوێستی ڕەخنەگرانە و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە ببنە کرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم نووسینەدا

دەریاندەبرم.

هەر بوارێکی ژیانی کوردەواری بگریت، بەتایبەت لە کوردستانی عیراقدا، دەکرێ ببێتە بابەتی لێکۆڵینەوە و لە ئەنجامیشدا بناخەیەک بۆ وردبوونەوە لەو ئاخاوتە سیاسی و فەرهەنگییانەی ڕۆڵی بەرگریکار و بگرە بەرهەڵستکاریش دەبینن. من لەبەر ئەوەی ئابووریناس، ئەنتروپۆلۆگ و کۆمەڵناس نیم، لێرەدا ئەو لایەنانەی کۆمەڵ بە سەر ناکەمەوە، بەڵکە خۆم تەنیا بە بواری فەرهەنگی و فکریی کۆمەڵگەی کوردستانەوە خەریک دەکەم، چونکە ئەگەر شارەزاییەکم هەبێت، چ لە کوردستان و چ لە ئەورووپا، ئەوا بە ڕادەی یەکەم لەم بوارەدایە.

١

ئێمە کە باسی ئاخاوتەیەکی سیاسی یا فەرهەنگی و فکری دەکەین، هەر ڕاستەوخۆیش هێز و کارکردەکەی دەبەستینەوە بەوەوە تا چەند توانیویەتی لەناو خەڵکدا تەشەنە بکات و ببێتە هۆی بزواندن و هۆشیارکردنەوەیان. ئەم ئەرک و چاوەڕوانییە بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی سیاسییە، کە لە لایەکەوە بە لایەوە گرنگە زۆرترین ژمارەی خەڵک، (جەماوەر)، لە بیرێک کۆبکاتەوە و بیانخاتە گەڕ و، بە قسەی لێنین، بیانکاتە هێزی ماددی. لە لایەکی دیکەیشەوە دەکەوێتە پێشبڕکێیەکی توندوتیژەوە لەگەڵ کات و زەمەندا، بەو هیوایەی هەرچی زووتر بگاتە ئامانجەکانی. ئەم هەوڵدانی بەدەستهێنانی چەندایەتییە و ئەم پێشبڕکێیە تایبەتێتییەکی ئاشکرای ئاخاوتەی سیاسی و ئیدیۆلۆگییە، چ ئێستا و چ لە ڕابوردوودا.

ئیدیۆلۆگیی سیاسی چەندە قووڵ و دووربینیش بێت، بەڵام بە هۆی تاکتیکە سیاسییەکانیەوە دەکەوێتە داوی تەنکایەتی و هەلپەرستی و دوورکەوتنەوەوە لە نرخە ئەخلاقییەکان، چونکە پێویستی بە سەرکەوتنی پەلەیە و دەیەوێ هەرچی زووتر دەستی لە ئامانجە هەرە پیرۆزەکەی گیر بێت: دەستەڵات. چ لەو سەردەمانەدا کە بەرێوەیە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی و چ ئەو کاتانەیش دەستی گەیشتۆتە دەستەڵات، ڕێکخرای سیاسی (هەروەهایش سەرکردەی سیاسی کە ڕەنگە هەر خۆی سەرچاوەی ئیدیۆلۆگی بێت)، کە قەوارەی بەرجەستەکراوی ئیدیۆلۆگییە، ئامادەیە هەموو ڕێگایەک بگرێتە بەر، تەنیا بۆ ئەوەی بگاتە ئامانج. ڕێکخراوی سیاسی هەموو هەنگاوێک بە ناوی گەلەوە دەنێ و شەرعییەتی خۆی لە نوێنەرایەتیی

جەماوەرەوە وەردەگرێ. ئەم شەرعییەتە تەنیا ئەو چوارچێوە قانوونی و دیپلۆماسی و ڕاگەیاندنەیە کە هەر خۆی ڕەنگی بۆ دادەڕێژێت و بنەماکانی دیاری دەکات. ئەمە یارییەکە هەر خۆی شێوە و مەرجەکانی داناوە و هەر خۆیشی داوەرە و هەر خۆیشی دەیباتەوە. زۆرجاریش هەر خۆی ناچار دەبێت ئەو چوارچێوە و بنەمایانە پێشێل بکات، یان هەڵیانوەشێنێتەوە، بێ ئەوەی ئەمە بچووکترین زیان بە مێژووی ئیدیۆلۆگی و ڕێکخراو و سەرکردە بگەیێنێ. ئەم گۆڕین و هەڵوەشاندنەوە و پێشێلکارییە لەلایەن دەستگاکانی ڕاگەیاندن و لێکۆڵەرەوانی سیاسەتەوە ناو دەنرێت تەفسیر، نوێکردنەوە، ڕێکخستنەوە و گەلێ شتی تریش، ڕەنگە یەکێک لە تێکستە کلاسیکە سیاسییە هەرە ئاشکراکان، لەم بوارەدا، کتێبی (ئەمیر)ی ماکیاڤیللی بێت. تێکستێکی دیکەی گرنگ، بەڵام بە زمانی ئەدەبی و داهێنان، ڕۆمانی (کێڵگەی ئاژەڵ Animal farm)ی جۆرج ئۆروێڵە، کە هەر زوو کەوتە بەر هێرشی توندوتیژی سۆڤێتپەرستان و ستالینیستەکان، چونکە ئەمە وێناکردنی بیر و کردەوەی دەوڵەتداریی ئەوان بوو. هەر لێرەیشەوەیە کە ڕۆڵی هەرە گرنگ و خەتەرناکی ڕووناکبیران دەردەکەوێت و دەگەنە بەردەم ئەو دووڕێیانەی کە دەبێ یەکێکیان هەڵبژێرن؛ ئەو نرخ و بنەما و ڕەوشتەی چاوەڕوان دەکرێت ڕووناکبیرێک خۆی و بەرهەم و بیری خۆی بۆ تەرخان کردبێت، یان ئەو ڕێنوێنی و بنەما و بڕیارانەی ئیدیۆلۆگی و حیزب و سەرکردە و دەوڵەت (کە بە هەموویانەوە دەکەنە دەسەڵات) دیاریی دەکەن و بڕیاری دەدەن. ئەم دووڕێیانە هەرگیز بەو مەعنایە نییە کە ڕووناکبیران دەبێ بەرەی دوژمنایەتیی فیزیکیی دەستەڵات هەڵبژێرن و ئیتر هەموو ڕێگاکانیان لێ داخراوە. مەسەلە دووری و نزیکیی جیۆگرافی و فیزیکی لە دەستەڵاتەوە نییە، هێندەی ئەوەیە کە چەند بە دڵسۆزی بۆ بنەما ئەخلاقی و فەلسەفەیی و فکرییەکانی خۆیان دەمێننەوە و تا چەند دەتوانن خۆیان بگرن و ڕەدووی بریقوباق و دەستکەوتی ماددی و دروشمە فریودەرەکانی دەستەڵات نەکەون. ئەم هاوکێشەیە، وەک لێرەدا بەرگوێ دەکەوێ، هێندە ئاسان و سادە نییە. هەر بۆ نموونە دەڵێم، زۆرجار وا ڕێک دەکەوێت دەستەڵاتێکی دیکتاتۆر و تۆتالیتێر و داپڵۆسێنەر وەک نوێنەری مەسەلەیەکی ڕەوا یا نیشتیمانپەروەری و نەتەوەیی دەردەکەوێت. ڕووناکبیرێکی بێدەستەڵات و تاک و ملکەچی مەرجە سەختەکانی ژیانی ماددی چۆن دەتوانێت بەرانبەری ڕاوەستێت؟ کە سووریش دەزانێت نەک هەر

نـان و ژیانـی دەدۆڕێنێت، بـەڵکە نـاو و ناوبـانگیـــشـی ڕەش دەکـــرێتـــەوە و ڕەنگە دەستـەڵات وەک خائین و خـۆفرۆشێکیش لـەناوی ببات و ناوی بزڕێنێت. ئەو جـەماوەر و خـەڵکەیش ئەم پێی وایە بەرگرییـان لێ دەکات، نە ئاگایان لێیـەتی، نە باوەڕی پێ دەکەن، نە ڕێگایەک هەیە بیانگەیێنێتـە ئەو بنەمـا ئەخـلاقی و فـەلسەفییـانەی ئەو لە پێناویـاندا خــۆی بەخت دەکــات. ڕەنگە تاکــە ڕێزپـەڕ لە هەلومـــەرجــێکی وەهادا ڕووناکــبـیـری خــواناس و دیندار بێت کــە نرخــاندنە مــادییــەکـانـی ژیان بە هێند وەرناگرێت و دڵنیایە کە هەرچییـەک دەکات لە پێناوی خودادا دەیکات و گرنگ ئەوەیە ئەو ئاگـای لێیــەتی و لە مــەبەســتی دڵی ئـەم ئاگـادارە و هـەر ئەویشــە کـە پاداشــتی دەداتەوە.

دوو دیاردەی خـەتەرناک کـە بە ئاخـاوتەی ڕووناکبیـرانەوە دەردەکەون و کـارکـردێکی خـراپ و ڕووخێنەریان دەبێت لـەوەوە سـەر هـەڵدەدەن کە ڕووناکـبیـر تا ئەو ڕادەیە لە دەستــەڵاتەوە نزیک دەبێـتـەوە کــە زۆر جـاران خـۆی دەخـاتـە جێگەی ئەو و بە ناوی ئەوەوە ڕووداوەکـان هـەڵدەسـەنگێنێت و هەڵسوکـەوت دەکـات. یەکـەمیـان ئـەوەیە کـە ڕووناکـبـیـر سنووری نێـوان ئاخـاوتەی سـیـاسـی و ئاخـاوتەی فـەرهەنگیی لێ تێک دەچێت، یان هـەر خۆی دەیسڕێتەوە، و بەو شێوەیەیش زۆر بە لایەوە ئاسایی دەبێ لە هـەر دیوێکی ئەو سنوورە ڕاوەستێت و بە زمانی ئەو لایە قسە بکات. واتە ڕووناکبیر تا ئەو ڕادەیە دەبێتـە دڵسـۆزی دەستـەڵات کە ئامـادەیە پرۆژەکانـی دەستـەڵاتیش بە هیی خـۆی بزانێت و بەرگرییـان لێ بکات. لەوەیش زیاتر ئامادەیـە هـەر ئەو کەرەستـە و دەستاوێژانەی دەسـتەڵات سوودیان لێ وەردەگرێت، ئەمیش دەستیان بۆ ببات و بە کاریان بـهێنێت. ڕۆڵی ڕووناکبیر گۆڕانێکی هێنـدە گەورەی بە سەردا دێت کـە ئەگەر پێشـتر کـارمەندێکی دەستـەڵات بووبێت، ئەوا لەم قۆناغـەدا دەبێت بە پۆلیس، ئەگـەر پێشـتر تاکەکەس بووبێت، ئێستـا ئیتر دەبێتە دەستگایەک. ئەم تێکەڵی و نزیکییـەی ڕووناکبیر و دەستەڵات هەرگیز ئەوە ناگەیێنێت کـە ڕووناکبیر توانیـویەتی کار بکاتە ســەر دەســتــەڵات، یان ئاخــاوتەی فــەرهەنگیی خــۆی هێندە پێش خــســتــووە کــە دەستـەڵاتیش وەریگرتووە و پەسـەندی کردووە. ڕاستییـەکەی ئەوەیە کە پێچـەوانەی ئەمـە ڕووی داوە، واتا ڕووناکبیر وازی لە بەشـێکی یان هـەر هـەموو ئاخـاوتەی خـۆی هێناوە و چووەتە سـەر دینی ئاخـاوتەی دەستەڵات. ڕووناکبیر بۆ ئەوەی جێپێی خۆی قـایم بکات و ببـێـتـە بەشــدارێکی باشی دەســتــەڵات، هەوڵ دەدات نەک تـەنیـا لە

پراكتیكدا (بە كردەوە) بڕیارەكانی دەسـتـەڵات دڵسـۆزانە جێبـەجێ بكات، بەڵكە لە ڕووی تیـۆریشـەوە ئەركێكی تازەتر بۆ خـۆی دادەتاشـێت، ئەویش تەفسـیركـردن و لێكدانەوەی تێزەكانی دەستەڵاتە. واتە ئەو بۆچوونە سیاسی و ئابووری و عەسكەری و كارگێڕییانەی دەستـەڵات دەیەوێ پیادەیان بكات، ڕووناكبیر دەیانخاتە قاڵبێكی تیـۆری و هونەری و زمانەوانیی وەهاوە كە ئاسانتر بچنە ناو خەڵكەوە و كار بكەنە سـەر مـێشك و بیركـردنەوەیان. ئەو ڕەوانبـێژییـەی دەستـەڵات پێویسـتی پێیـەتی ڕووناكبیر بۆی دادەڕێژێت. ئامادەیشە نەك هەر ئاخاوتەی دەستەڵات تەفسیر بكات، بەڵكە پێـشـێلكاری و تـاوانەكـانیـشـی پاسـاو بدات. ئەمــە ئەگـەرچی بە لای دەستەڵاتدارەوە بە سەركەوتن دادەنرێت، بەڵام ڕاستییەكەی ئەوەیە كە دەبێتە یەكەم هـەنگاو بۆ ئەوەی دەسـتـەڵاتدار لـە خـەڵك زیاتر دوور بكەوێتـەوە و ئەو ڕچـە و ڕێگایانـەی بە هۆیانەوە دەیتـوانی بگاتە خـەڵكی كـوێر ببنەوە. هـەروەهایش ئەو زەنگەی لـە دەست دەردەچێت كـە جـاران بـە هۆی ڕووناكـبیـرەوە گـوێـی لێ دەبوو و دەیزانی كە ئەوەی دەیكات ناڕاستە.

دیاردەی خـەتەرناكی دووەم گۆڕانـی پێناسـە و تێرمـەكانـە. ئێـمە دەزانـین پێناسـە سـیـاسـی و فـیكری و فـەرهەنگییـەكـان بەرهـەمـی ئەزمـوونێكی دووروودرێژی ژیانی هۆشـیـارانـەی مـرۆڤـایەتین و بـناخـەن بۆ وەرگـرتنی هەڵوێست لەبارەی دیاردەی جۆربەجۆرەوە. كاتێ ڕووناكبیر پێناسەیەك بە ڕاست دەزانێت و دەیكاتە بەشێك لە ئاخاوتەی خۆی، بەمە پێكهاتەی فكریی خۆی ڕوونتر دەكاتەوە و تێگەیشتنیشی بۆ بەرانبـەر ئـاسـانتـر دەبێت. بۆ نموونە دەڵێم، ئەگـەر ڕووناكـبیـرێك وەك كـەسـێكی ئەنتـیـئـیـمـپـەریالیـست خـۆی پێـشكەش كـرد، ئیـدی ئێـمـە دەزانـین كـە ئەو دژی سیستێمێكی ئابووری و ئیدیۆلۆگی و سیاسی و فەرهەنگییە كە لە ئیمپەریالیزمدا بەرجەستە بووە. بەڵام ئەمە تەنیا بەشێك لە سیستێمی بیری ئەو كەسەمان پێ دەڵێ، چونكە ڕەنگە ئەگــەر بكەوینە پەیجــۆری ئەوەی بزانین بە لای وییـــەوە ئەڵتـەرناتیڤ چییــە، ئەودەم زۆر شـێـوەی جـیـاوازی هەڵوێست هـەیە. لەوەیە ئەڵتـەرناتیڤ سـیسـتـێمـێكی سـۆسیـالیست، یا كۆمـیونیست، یا ئیسـلامی، یا سۆسیالدیمۆكرات یا هەر شتێكی دیكە بێت.

پێناسـە و تێرمـەكان خـۆیان لە خـۆیاندا نرخ نین، بەڵكە یەكەیەكی زمانەوانین وەك

نوێنەر و ناسێنەری نرخ و پێکهاتە ئابووری و فکری و سیاسییەکان و ..هتد بە کار دەبرێن. بەڵام پێوەندی نرخ و پێناسەکان هێندە توند و بەهێزە کە زۆر جار دەبنە پێکهاتەیەکی سەختی لەیەکنەترازاو. تا ئەو ڕادەیە لە یەکدیدا دەتوێنەوە کە جیاوازیی نێوانیان ناناسرێتەوە.

ڕۆڵی ڕووناکبیران لە کۆمەڵگایەکدا لەوێوە دەست پێ دەکات کە ‹یەکەم›: خۆیان وەک باوەڕهێناو بە کۆمەڵە نرخ و باوەڕ و بنەمایەک پێشکەش دەکەن و لە بەرهەم و داهێنانە فکری و ئەدەبی و هونەرییەکانیاندا بەرگری لەو نرخانە دەکەن. بەم باوەڕ و خۆناساندنە ئەوان ناسنامەیەک بۆ خۆیان دادەنێن و ئەرکێک بۆ خۆیان دیاری دەکەن؛ و ‹دووەم›: ئەو گرۆ و کۆمەڵ و خەڵکانەی ڕووناکبیر دەناسن و لە ڕۆڵی ئەو دەگەن، چاوەڕوانییەکیشیان لا دروست دەبێت کە ڕووناکبیر خۆی نکۆڵیی لێ ناکات و بە بەشێک لە پەیامەکەی خۆی دەزانێت، ئەگەر نەڵێم هەموو پەیامەکەیەتی. ئەو ئەرکەی ڕووناکبیر بۆ خۆی دیاریی دەکات و ئەو چاوەڕوانییەی خەڵک هەیەتی مەرج نییە هەمیشە وەک یەک بن و یەک بگرنەوە، بەڵام بە گشتی هەمیشە چاوەڕوانییەکان زۆر لە ئەرکی خۆدیاریکردووی ڕووناکبیر زیاتر و گشتگرترە. هۆی ئەمە تا ڕادەیەک ڕوونە: خەڵک دەستگا و قەوارە و پێکهاتەکانی دیکەیان تاقی کردووەتەوە و ئەزموونێکی زۆریان لەگەڵیان هەیە، بەڵام بۆ ئەوان ڕووناکبیر پرۆژەیەکی نەئەزموونراوە، یان کەمتر ئەزموونراوە.

ئیدوارد سەعید لە باسی خەسڵەتەکانی ڕووناکبیر (هەروەهایش نووسەر)دا ئەم لایەنانە جەخت دەکات: ڕاستی وتن بە دەستەڵات، واتە گەیاندنی ڕاستی؛ بوون بە شایەت (گەواهـ)ی ڕاونان و دەردکێشان و بوون بە دەنگێکی دژ و ناڕازی لە کاتی ناکۆکی لەگەڵ دەستەڵاتدا. ئەمانە ڕەنگە چوارچێوەی گشتیی ئەو چاوەڕوانییانە بن، ئەگەرنا هەر یەکێک لەو لایەنانە دەکرێ بە شێوەی جۆراوجۆر تەفسیر بکرێت و شی بکرێتەوە. خەسڵەت و ئەرکەکانی ڕووناکبیر، دیارە، هەر ئەمانە نین کە سەعید دەستنیشانی کردوون. لەم بوارەدا ئەوەندە نووسراوە و ئەدەبێکی هێندە دەوڵەمەند لە بەردەستدایە کە بەسەرکردنەوەی ڕەنگە لە وزەی کەسماندا نەبێت.

هەر لێرەیشدا ڕەنگە پەیوەندیدار بێت بڵێین لە کوردستاندا سنووری نێوان ڕووناکبیر و نووسەر بە تەواوەتی ڕووشاوە و ناکرێ لە یەکدی جیا بکرێنەوە. ئەم

دیاردەیە لە بەشێکی زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا هەستی پێ دەکرێت. لە ڕۆژئاوایش لە هەندێ حاڵەتی کەمدا ڕەنگە ئەمە ڕوو بدات. بەڵام بە گشتی ڕووناکبیر و نووسەر لە ڕووی ڕۆڵی ناوخەڵکەوە یەک شت نین. ئەوەی لەبارەی کوردستانەوە گوتم ئێستا وا هەست دەکەم خەریکە بەرەو گۆڕان دەچێت، ئەگەرچی گۆڕانێکی ناعاقڵانە و بڕێکیش خۆکوژانەیە. بەڵام دیسانیش لەوەیە بە هۆی تەوژمێکی ئاوەزکارانەوە، زیاتر لە ڕێگەی ڕووناکبیرانی دەرەوەی کوردستانەوە، بکرێ بخرێتە سەر ڕێگەیەکی ڕاست. ئەم گۆڕانە ئەنجامێکی فراوانبوونی ڕۆژنامەگەریی کوردییە، کە پەراوێزێکی هێشتۆتەوە بۆ گوتوبێژ. من لەگەڵ دڵخۆشبوونیشمدا، دوو سەرنجی ڕەخنەگرانەم هەن کە ناکرێ لێرەدا تۆماریان نەکەم؛

‹یەک›: ئەگەرچی ناوەڕۆکی هەرەزۆری نووسینەکان سیاسین، بەڵام لەبەر ئەوەی ئازادیی دەربڕین هەست پێ ناکرێ، نووسەرەکان هیچی تازەیان پێ نییە بیڵێن. ئەوان چ بە هۆی سانسۆرەوە بێت، یان بەهۆی خۆسانسۆرەوە، لە تێگەیشتنی باوی سیاسی دوور ناکەونەوە. گەلێ جاریش تا ڕادەی تەفسیر و پەراوێزنووسیی ئاخاوتەی دەستەڵات خۆ نزم دەکەنەوە، و

‹دوو›: زمان و شێوازی نووسین، وەک کۆمەڵە کەرەستەیەک کە بنەمای زانستی و ئێستێتیکیی خۆیان هەیە، تا ڕادەی بێهومێدکردن تەپیون و داڕووخاون.

پەیدابوونی ئینتەرنێت بزووتنەوەیەکی لە بواری دەربڕین بە زمانی کوردیدا دروست کردووە، ئەگەرچی ئەو دوو سەرنجەی لە بارەی ڕۆژنامەگەرییەوە گوتم لێرەیش هەر ڕاستن، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە. لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا، ئەوانەی سەر بە دەستەڵاتێکی سیاسی نین، ئازادیی ڕادەربڕین هەیە، بەڵام لەوە ناچێت بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕەکان لە باسی ئازادیی دەربڕین تێگەیشتبن، چونکە ئازادی شتێکە و شەڕەجنێو و بێڕەوشتی و سووکایەتیکردن شتێکی دیکەی تەواو جیاوازە. لە ڕووی زمان و شێوازەوە، ئەوەی ماڵپەڕە کوردییەکان دەیکەن نەک خۆکوژی، بەڵکە کۆکوژییەکی ئاشکرایە دژی زمانی کوردی و مێژووی فەرهەنگ و فکر و شارستانێتی. هەر ئەمەیشە بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕووناکبیرە جیددی و ڕاستگۆ و دەست و دەمپاکەکان، دوو یا سێ کەسی لێ دەرچێت، لە ئینتەرنێتدا نانووسن و بەشداری ناکەن. بریا ئەو دوو سێ کەسەیش خۆیان لێ دوور بخستایەتەوە.

ئەگەرچی لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردووەوە گۆڕانێکی گەورەی سیاسی و ئابووری و کارگێڕی بەسەر ناوچەیەکی فراوانی کوردستانی عیراقدا هاتووە، بەڵام لە سەرخانی کۆمەڵگەکەدا، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، گۆڕانێک بە دی ناکرێت، بکرێت ناوی بنێی سنووری نێوان دوو قۆناغی جیاواز. کاتێ مرۆڤ ڕاپۆرتی دەستگا و دەستەڵاتە ڕەسمییەکانی هەردوو حوکوومەتی کوردستان دەخوێنێتەوە، وا دەزانێت لە کوردستاندا شۆڕشێکی فەرهەنگی ڕووی داوە و جۆرێ ڕێنیسانس (Renaissance) هاتۆتە کایەوە. ئەو ڕاپۆرتە ڕەسمییانە زۆریان بە لاوە گرنگە قەبارەی کارەکانی خۆیان چەندە بتوانن بە "گەورە، زۆر، فراون، قووڵ" پێشان بدەن، بەو ئامانجەی ئەمە بە دەستکەوتێک بژمێرن کە پێشکەشی گەل و نەتەوە و نیشتمانیان کردووە. ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرای دەستگاکانی ڕاگەیاندنی ڕەسمیی کوردستان هەمیشە ئەوەیە "چەندایەتی" جەخت بکەن. ئەم چەندایەتییەیش زۆربەی جار دەخرێتە بوارێکی بەراوردکارییەوە لەگەڵ کارەکانی ڕێژیمی بەعس و ڕێژیمەکانی پێشووتری عیراقدا. ئەم بەراوردکارییە تاکتیکێکی سیاسیی قایمکارانەیە، نەک ژیرانە، بۆ دەمکوتکردنی هەر ڕەخنەیەک ڕاستگۆیی و ڕەوایەتیی دەستەڵات بخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئەم قۆناغە تازەیە دەبوو هەستێکی دیکەی بەرپرسیاریی لای ڕووناکبیرانی کورد دروست بکردایە، چونکە ئێستا مەیدانی کارەکەیان گۆڕاوە و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەستەڵاتێکی دیکەدایە، دەستەڵاتێکی خۆیی و خۆماڵی و نیشتمانی، کە داگیرکار نییە. ئەم دەستەڵاتەیش وەک هەموو دەستەڵاتێکی دیکە بە لایەوە گرنگە وای پێشان بدات کە شەرعییەتی خۆی لە گەل و لە جەماوەرەوە وەردەگرێت. بێجگە لەوەیش لە ساڵانی دوورودرێژی خەباتی سیاسی و چەکداریدا پرۆگرامی سیاسیی ئەم پارتییانە هەمیشە ئەوەی جەخت کردووە کە ئەمان پاسەوانی هەرەدڵسۆزی مافەکانی گەلن. ئەم زڕەشەرعییەتە و ئەم خۆبەستنەوەیە بە ئامانجەکانی گەلەوە دوو نوختەی گرنگی دەرچوونن بۆ هەڵسەنگاندن و داوەریکردن لەبارەی دستەڵاتەوە، کە ڕووناکبیران دەتوانن بەپێی تەفسیرێکی شارستانییانە و زانستییانەی گونجاو لەگەڵ بنەما سیاسی و قانوونییە نێونەتەوەییەکاندا، بیانکەنە بناخەیەک بۆ

هەڵچنینی هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی خۆیان. دیارە دەستەڵاتیش کە ئەزموونێکی دووروودرێژیان لە هەموو بوارەکانی سانسۆر و کۆنترۆڵ و دەمکوتکردندا هەیە، هەروا بە ئاسانی خۆیان نادەنە دەستەوە. ئەوان لەلایەکەوە نوختە لاوازەکانی ڕووناکبیران چاک دەناسن و دەزانن چۆنیان دەستەمۆ بکەن و بکڕن و بڕووخێنن، ئەگەرچی ڕەنگە پێویست بە جێبەجێکردنی هەموو ئەڵقەکانی ئەم پرۆسێسە دراماتیکە نەبێت و تەنیا بەشی یەکەمی بەس بێت. لە لایەکی دیکەیشەوە نوێنەرایەتیکردنی گەل زەوینەیەکی هێندە بەهێزیان دەداتێ کە بتوانن بە ناوی نیشتمانپەروەرییەوە بەرگەی هەموو ڕەخنە و تەشەر و دژایەتیکردنێک بگرن. ئێمە دەتوانین دەستکەوت و پێشکەوتنەکانی دەستەڵات لە سێ ڕووەوە سەرنج بدەین:

◇ لە کوردستاندا، لە بواری جۆربەجۆردا چی کراوە؟

◇ پێوەندییە نێونەتەوەیی و سیاسی و دیپلۆماسییەکانی دەستەڵاتی کوردی.

◇ لە ڕووی ستراتێگییەوە چی بۆ کورد (وەک نەتەوەیەک) و مەسەلەکەی کراوە؟

مەبەستی ئەم نووسینە ئەوە نییە ڕووناکی بخاتە سەر ئەم بوارانە بە ئامانجی پەسندان یان ڕەخنە لێگرتنیان. ڕۆڵی ڕەخنەگرانەی ڕووناکبیران دەبوو هێزی لەو ڕاستییەوە وەربگرتایە کە هەر هەموو دەستکەوت و پێشکەوتنەکان بەشێکی ئاشکران لە ئەرکی دەستەڵات و چاکەیەک نییە بۆ گەل کرابێت. کاتێکیش دەستەڵات دێت بە شانازییەوە ڕاپۆرتی ئەستوور و دووروودرێژیان لەبارەوە بڵاو دەکاتەوە، دەبوو ئەو دەرفەتەیش هەبووایە کە کەسانێکی بەرانبەر (ئۆپۆزیسیۆن) ڕاستگۆیی و دروستیی ئەم ڕاپۆرتانە بخەنە بەر باس و گومانیان لێ بکەن و هەر لە دەستگاکانی ڕاگەیاندنی دەستەڵات خۆیەوە بتوانن گفتوگۆیەکی ئاشکرای لەسەر بکەن، بێ ئەوەی تووشی ڕاونان و لێپێچانەوە و سزادان ببن.

لایەنە دزێو و خراپ و ڕەشەکان کەم نین. ژیانی تاکەکەس، ئەو تاکەکەسەی دەستی ناگاتە دەستەڵات و لە حەوت ئاسمانەکاندا تاکە ئەستێرەیەکی نییە، چاکتر نەبووە. بەڵام ئەگەر بیر لەو تاکەکەسە بکەینەوە کە لەبەر هەر هۆیەک بێت (نەک لە ڕوانگەی بەعس و دوژمنە سیاسییە ئاشکراکانەوە) دژی دەستەڵاتە، دەبێ بپرسین ئەی مافی ئەو چەند پارێزراوە؟ بوارەکانی خوێندن، زانستگەکان، لەشساغی، کشتوکاڵ، دادوەری و فەرهەنگ هێندە کەلەبەر و درزیان تێدان کە بەرگەی ڕەخنەیەکی جیددی

و دڵسـۆزانە ناگـرن، تەنانـەت ئەگـەر بـاسی دیاردە گـشـتـیـیـەکـانی وەک دزی، دەستپیسی، گەندەڵی، بەرتیلخۆری، زۆرداری و ناهەقییش نەکەین.

هەڵوێستی هاووڵاتیەکی هۆشیار و ڕووناکبیرێکی ڕاستگۆ هەرچییەک بێت، بەڵام دوو ڕاستـیی زۆر زەق و مەنتیقی هەن کە بەبێ نێوهێنانیان وێنەیەکی تەواومان دەست ناکەوێت و دەبوو کەس خۆی لێ نەبان نەکردنایە (من لە نوسینی دیکەیشمدا ئەمەم باس کردووە):

◇ مەسەلەکە هەر ئەوە نییە باسی (کراو) و (ئەنجامدراو) بکرێت. بۆ گەلێکی ستەمدیو و ژێردەستەی وەک کورد دەبێ باسی ئەوە بێت کە (دەکرا بکرێت و ئەنجام بدرێت، بەڵام نەکرا و ئەنجام نەدرا). باسکردنی (کراو) بەبێ ناوهێنانی (نەکراو) شاردنەوەی نیوەی ڕاستییە.

◇ پرسیارێکی تر ئەمەیە: ئەی شەڕی براکوژی و ئەو سێهەزار یان چوارهەزار (جیاوازییان زۆر نییە!) کەسەی بە ناهەق کوژران و لەناو بران دەکەوێتە ناو کام چوارچێوەوە؟ ئەوانەیش دەستکەوتی نەتەوایەتین؟ ئایا هەمـوو گەشەکـردن و پێشکەوتنەکان هیچ نرخێکیان هەیە بەرانبەر خوێنی ئەو چەند هەزار مرۆڤە؟

لەناو ئەو بوارانەدا لە سەرەوە باسم کردن ژیانی فەرهەنگی ئەو لایەنەیە کە وا چاوەڕوان دەکرا ڕووناکبیران باشترین ئاگادارییان لەسەری هەبووایە و زیاترین ڕەخنەیان لێ بگرتایە. چەندایەتی یەکێکە لەو بەڵگە ئەفسووناوییانەی دەستەڵاتی کوردی خۆی پێوە ڕادەنێت، بەڵام بۆ کەسێک کە شارەزای ئەزموونی وڵاتانی دیکە بێت، دەزانێت ئەم چەندایەتییە لەسەر حیسابی چۆنایەتییە و نەبووەتە هۆی پەرەپێدان و جێگیربوونی ئەو نرخانەی فەرهەنگ دەتوانێت و دەبێت پارێزەریان بێت. زۆربوونی سەکۆکانی ڕاگەیاندن و ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و کتێب هەرگیز مەعنای زیادبوونی ئازادی و هۆشیاری و دیمۆکراسی، یا بتەوبوونی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی نییە، هەرگیز مانای ئەوە نییە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی فەرهەنگ و زمان و شارستانێتی، یا جێگیربوونی مێتۆدی زانستی. ئەگەر لەناو هەموو ئەوانەدا بیر لە زمانی کوردی بکەینەوە، دەبینین نەک هەر پێش نەکەوتووە، بگرە گەیشتۆتە جێگایەک بەرەو هەڵوەشانەوە و لەناوچوون و پووکانەوە دەچێت. باوەڕ ناکەم لە هەموو مێژووی گەلی کوردا زمانی کوردی هێندەی ئەمڕۆ مەترسیی لەسەر بووبێت. سەردەمی بەعس، بەتایبەت لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە و

تا ڕاپەڕین خوێناویترین و سەختترین سەردەمی سیاسی بوو بۆ کورد، بەڵام پێم وایە وەزعی زمانی کوردی لە سێبەری ڕەشی ڕێژیمی دڕندە و خوێنڕێژ و فاشیستی سەددام حوسێندا، لە ئێستای باشتر بوو. ئەمە نموونەیەکی ئەو (نەکراو و ئەنجامنەدراو)انەیە پێشتر باسم کردن. هیچ نەتەوەیەک ناتوانێت خۆی دروست بکات و پاشەڕۆژی خۆی بنیات بنێت ئەگەر نەخشەی ئەو پاشەڕۆژە نەکێشێت. فەرهەنگێکی بێنەخشە و بێپلان، فەرهەنگێکی نەخشەبۆنەکێشراو دەبێتە هۆی ملشکانی نەتەوە. کلیلی ئەفسووناویی ئەم کارەساتە و دەرمانی ئەم دەردە، ئەو چەمکەیە کە پێی دەگوترێت سیاسەتی فەرهەنگی (Cultural Policy)، بەڵام سەرکردەکانی کوردستان نە تێی دەگەن و نە دەیانەوێت تێی بگەن.

هەر لەم بوارەدا دەبوو ڕووپێوێکی بەرینی ئاخاوتەی ڕووناکبیران لەسەر ئازادیی بیر و دەربڕین ببووایە. بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد کە خۆی قوربانی و کوشتەی دەستی زۆر و چەوسانەوە و دەمکوتکردنە، دەبوو ئازادی و بە تایبەتیش ئازادیی بیر و ڕادەربڕین ڕاستییەکی ڕوون و بەڵگەنەویست ببووایە، کەچی ئەوەی لە کوردستاندا دەیبینین و ئاگامان لێیەتی پێچەوانەی ئەم خواستەیە. ئەو هەمووە باسی ئازادیی دەربڕین و دیمۆکراسی دەکرێت، بەڵام بە بەرچاوی ڕووناکبیری مووچەخۆرەوە سەدان نموونەی پێشێلکاری و ڕەشکردنەوەی مێژوو ڕوو دەدات، سەدان درۆ دەکرێت لەپێناوی دروستکردنی پاڵەوانی فووتێکراودا، سەدان ڕاستیی مێژوویی ڕەش دەکرێتەوە، سەدان جار ڕەش دەکرێتە سپی و سپی بە ڕەش، کەچی جورئەتی ئەوەیان نییە هەر ناویشی بهێنن، تەنانەت ئامادەن ببنە پارێزەری دەستەڵات و بەرگری لە تاوانەکانی بکەن و پاساویشی بۆ بدۆزنەوە.

تێکشکانی ئاخاوتەی کوردی تەنانەت لەوەیشدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە خوێندنەوەی مێژوو، بە ڕووداوە زۆر نزیکەکانیشییەوە، هێندە خۆپەرستانە و گرۆپەرستانەیە کە هیچ بوارێک ناهێڵێتەوە بۆ گەڵاڵەکردنی ڕاستی و ڕوونکردنەوەی مێژوو بەو شێوەیەی کە بە بەرهەمێکی هەرەوەزی (کۆللێکتیڤ) و مرۆڤکرد بزانرێت. تۆ بڕوانە ئەو مێزگردانەی لەلایەن سیاسەتمەدارە خۆبەڕووناکبیرزانەکانی هێزە سیاسییەکانەوە ڕێک دەخرێت؛ ئەوەی لەوێدا گوێت لێ نابێت مێژووی کورد وەک نەتەوە و ڕۆڵی خەڵکە، ڕۆڵی ئەو جەماوەرەی هەموو شتێکی بە ناوەوە دەکرێت و لە هەموو بەروبوومەکانیش بێبەشە. مێژووی ڕاپەڕین ئێستا سەرلەنوێ دەنووسرێتەوە،

نەک بەو شـێـوەیەی کـە بـیـرەوەریـی گشـتـیی نەتەوەی کـوردی پـێ دەوڵەمـەنـد بکرێت، بەڵکە بەو شێوەیەی کە ئەو سـەربەرزییـە لە نـەتەوە بە گشـتی و لەخـەڵک بە تایبـەتی بسـێنرێتـەوە و بکرێتـە پلەکانـەیەکـی دیکەی خـۆپەرسـتیی تـاکە حـیـزب و تاکـە گـرۆ و تاکە سـەرکردە.

پێـوەندییـە نێـونەتەوەیـی و سـیـاسـی و دیپلۆمـاسـیـیـەکـانی هێـزە سـیـاسـیـیـەکـانی کـوردسـتـانی عـیـراق، چ وەک تاکـە حـیـزب و چ وەک دەسـتـەڵات، تـا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمـێکی ڕاسـتـەوخۆی ئەو هـەلومـەرجەن کە لە ئـەنجامی شـەڕی دووەمـی کەنداودا دروست بـوو. ئەم پـێــوەندییــە لـەو کــاتەوە لە هـەڵکشــانـدایە و لـە کــاتی هـێــرشی ئەمـەریکادا بۆ ڕووخـاندنی ڕێژیمـی سـەددام حـوسـەین فـۆرمـێکی دیکەی وەرگرت و گەیشـتـە ڕادەی هـاوکـاریی عـەسـکەری. دوای ڕووخـانی ئەو ڕێژیمەیش کورد بووەتە بەشێکی نـاڕەسمی و پاشکۆئاسـا لە سـتـراتیژیی ئەمەریکا لـە عیراقدا. لەم بارەیەوە دەکـرێ زۆر شـتی جـیـاواز بـگوترێت، کـە لەم نووسـینەدا بـوار نـیـیـە جـێگەیـەکی بۆ تەرخان بکرێت.

هێندەی پێوەندی بە شێوەی بیرکردنەوە و ئەو تێزە سیاسی و ئیدیۆلۆگییانەوە هەیە کە ئەمـڕۆ لە ئاخاوتەی سیـاسی و فـەرهـەنگیی کوردسـتـاندا سـەردەستن، بە ڕاسـتی وێنەکە هێندە تاریک و دزێو و شـێـواوە کە بە ڕوونی باس لە لاوازی و بەرنەگرتوویی و نـاڕەســەنبـوونی ئەو ئـاخــاوتەیە دەکـات. هەروەهـا ئەوەیشـمــان چاکـتـر بۆ ڕوون دەبێـتـەوە کـە بەشـی هـەرەزۆری ڕووناکـبـیـری کـورد، وەک تـاکەکـەس، پێکهـاتەیەکی سـاخـتـە و هـەلپــەرست و هـەڵوێسـتـبـازە، کـە لە سـاتێکی ناسکی گـۆڕانکاری و چارەنووسسازی مـێژووی کوردسـتاندا، نرخە ئەخـلاقی و مرۆڤانەکانیان پێشێل کرد و خـۆیان بە کۆمـەڵێ دروشـمـی ئیدیۆلۆگیی هەلپـەرسـتـانەدا هەڵواسـی کە نە دەتوانێ ببێتـە ناوەڕۆکی پەیامـێکی شـارسـتـانییـانە و نە بەشـدارییـەک دەکات لە پێکهێنانی داهاتوویەکی گەشدا بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەیان.

بۆ ئەوەی خوێنەرەوەی ئەم نووسـینە پێی وا نەبێت ئەمە وێنەی سـەرتاسـەری ئەو بارە سیـاسی و فەرهـەنگییـەی ئەمـڕۆی کوردسـتـانە، دەبێ ئەوە جەخت بکەم، کە لەناو ئەو هـەمـوو وێرانەیەیشـدا لـێـرە و لەوێ گـوڵی ناسـک و بۆنداریش بـەرچاو دەکـەون کـە، ئەگەرچی یەکجار کەمن، دیسان ئومێدێک دەبەخشنە ئەو کەسـەی باوەڕی بەوەیە کە نرخە چاک و ڕاست و پاکەکان هەر سەر دەکەون.

# کورد و مێژووی بیر

## چەند سەرنجێکی سەرەتایی

بیـرم لەوە دەکردەوە، دەبێت لە ڕابردوودا چۆن بووبێـتین و چیمـان کـردبێت. باسی سیاسـەت و شـەڕی ڕزگاریخوازی ناکەم. ئەوەیان ئێستا بۆتە جۆرێ (ستێریۆتایپ). هەر کـتێـبێکی مێـژووی سیـاسیی کـوردسـتـان بکەیتـەوە، نموونەکـان هەر یەکن. دەمویست لە لایەنێکی دیکەی مێژووی کورد بکۆڵمەوە: مێژووی بیر، یا ئەگەر تۆزێک بە خۆوەنازینی کوردانە بە کار بێنم، مێژووی فەلسەفە، لای کورد.

جارێ با واز لەوە بێنین کە ئێمە مێژووی بیر و فەلسەفەمان هەر نییە و نەنووسیوە، بەڵام مێژووی لایەنەکانی دیکەی ژیانیشمـان نییـە. ئەگەر ئەدەبییات، بە تایبەتییش شـیـعـر، ڕووی هەرە گـەشی بەشـداریی ئێـمـە بێت لـە فـەرهـەنگ و شـارسـتـانێـتـیی مـرۆڤـایـەتیدا، دەبینین مێـژووی ئەدەبییـاتیـشـمـان، ئەوەی هەیە و نییـە، لە دوو سێ هەوڵدانی ناتەواو و نـاڕێک تێپـەڕ ناکات، کە ڕەنگە چاکترینیان، لەگەڵ ئەو هەمـوو کەلەبەر و درزانەشدا کە تێیدان، مێژووی ئەدەبی کوردییەکەی مامۆستا عەلائوددین سەججادی (١٩٠٧– ١٩٨٤) بێت.

مـەرج نییـە هەمـوو نەتەوەیەک فـەلسـەفـەی خۆی هـەبووبێت یا هەبێت. ئێسـتا کـە مێژووی بیر و فەلسـەفە لە جیـهاندا دەخوێنیتەوە، بەگشتی باس لە چەند ناوچەیەک دەکرێت: ڕۆژاوا، جیهانی ئیسلامی، هندستان و ڕۆژهەڵاتی دوور.

یۆنانەکان، کـە گرنگترین بەشـدارییـان لە مێژووی بیر و فـەلسـەفـەی مـرۆڤـایەتیدا کــردووە، ئەمــڕۆ بـە بـەشــێکی ڕۆژاوا دادەنرێن. دیارە لەم دابـەشکردنەدا ڕۆڵی ئیــدۆلۆگی و دین بەبەرچاوەوەیە. کــوردیش، ئـەگـەر بـەشــدارییــەکی کــردبێت، لە چوارچێوەی بیر و فـەلسەفەی ئیسلامـەتیدا کردوویەتی. لە ڕابوردووی کۆنتریشدا، بەشێک بووە لە فەرهەنگی ئێرانی.

زاراوە (تێرم)ی فەلسـەفە زاراوەیەکی ڕۆژاوایی، یۆنانییە، بیریارانی ئیسلامـەتی لە سەرەتادا حیکمەت (حکمة)یان بە کار هێناوە. بەڵام لە سەردەمی عەبباسییەکاندا کە

وەرگێڕانی فەلسەفەی یۆنانی بۆ عەرەبی تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر پەرەی سەند، تێرمی فەلسەفەش لە زمانی نەتەوە موسڵمانەکاندا جێی خۆی گرت. زمانی فەلسەفەی ئیسلامی تا ماوەیەکی زۆریش هەر عەرەبی بوو، بەڵام بەشی هەرە زۆری فەیلەسووفەکان لە گەلانی دیکەی ئیسلامیی ناعەرەب بوون. ئەمە، دیارە، کوردیش دەگرێتەوە. لەو دەیان و سەدان ناوەی بوونەتە کۆڵەکەی بیر و فەلسەفەی جیهانی ئیسلامی، نازانم چەندیان کوردن، ئەگەر کوردیان هەر تێدا بووبێت، و زۆریش بۆیان نەگەڕاوم. دەڵێن سوهرەوەردی (ی کوژراو) کورد بووە، بەڵام ئەوە بەم دەمودەستە بە من ساغ ناکرێتەوە.

تەسەووف (سۆفیزم) تەوژمی هەرە گرنگ و کاریگەری بیرە لە مێژووی بیری ئیسلامەتیدا. کە ئەمە دەڵێم، ئەو ڕاستییەشم چاک لە بیردایە کە پێوەندیی نێوان تەسەووف، وەک بیر، و شەریعەت، وەک کردار و پراکتیکی ڕۆژانە و وەک دەسەڵاتی سیاسی، یا با بڵێین لە نێوان سۆفی و مەلا یا خەلیفەدا، کەمجار دۆستانە بووە. ئەگەرچی سەرەتای تەسەووف دەگەڕێنرێتەوە بۆ سەرەتای ئیسلام خۆی، بەڵام چەمک و بنەما فیکرییەکان و ناوەڕۆک و دەرسەکانی لە سەدەی سێهەمی کۆچی بە دواوە شێوەیەکی ڕوونیان وەرگرت و جێگر بوون. ئەنجامەکەی ئەو کۆمەڵە تەریقەتە بوو کە بە دنیادا بڵاو بوونەوە، ئەو سەدان و هەزاران زانا و بیریار و فەیلەسووفانە بوو کە لە شکڵپێدانی مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاویان هەبووە و ئەو هەزاران شاعیرە سۆفییانە بوو کە جوانترین و بەرزترین شاکاری ئەدەبی و هونەرییان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد. ئەگەر بۆ جێدەستێکی کورد لە بواری بیر و فەلسەفەدا بگەڕێین، هەر لێرەدایە کە دەکرێت شتێکمان دەست بکەوێت.

بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی مێژووی تەسەووف دەبینین ڕۆڵی عارفانی کورد لە دامەزراندن و گەشەکردنی زۆربەی تەریقەتەکاندا یەکجار گەورەیە. تەریقەتێکی وەک ڕیفاعی کە تەنیا لەناو عەرەبدا بڵاوبووەتەوە، ڕەگوڕیشەی دەگاتەوە سەر شونبوکی – وەفائی، و دامەزرێنەرەکەی کوردێک بووە، ئەبولوەفا تاجولعارفین (١٠٢٦ – ١١٠٧ز)، کە پێی وتراوە کاکیش. ئەم ئەبولوەفایە لە سەرەتادا جەردە بووە و لەسەر دەستی ابو محمد عبدالله طللحة الشنبكي بۆتە سۆفی. دواتر ئەوەندە لە بەتائیح ناوی دەکرد کە نازناوی (تاج العارفین)ی پێ برا. دەڵێن عەبدولقادری گەیلانی

یەکێک بوو لەوانەی هەمیشە دەچوونە مەجلیسەکەی و سوودی لە بەرەکەتی وەردەگرت. سیلسیلەی ڕیفاعی عوقەیلی، کە لقی سووریای بەتحائییەیە کە ئیبن ڕیفاعی بڵاوی کردەوە، کوردێک دایمەزراندووە بە ناوی عوقەیل ئەلمەنبەجی ئیبن شیهاب ئەددین ئەحمەد، و یەکەم کەس بوو خیرقەی عومەریی هێنایە سووریاوە. هەروەها بنەچەکی تەریقەتی خەڵوەتیش دەگاتەوە عارفانی فارس و کورد و تورک؛ سۆفییەکی خەلوەتیی دیمەشقیی کورد ناوی احمد ابن علی الحریری العسالی بووە (١٦٣٨ مردووە)، کە هێڵێکی گرنگی خەڵوەتیی سووریای لێوە پەیدا بوو. محمود الکردی (١٧١٥ – ١٧٨٠) زانا و سۆفییەکی خەڵوەتی بووە. عەبدالله الشرقاوی، شێخی ئەزهەر لە ماوەی ١٧٩٣ – ١٨١٢دا قوتابیی وی بووە. هەروەها احمد التیجانی، خەڵکی جەزائیر، کە تەریقەتی تیجانییەی دامەزراند. ئیجازەی تەریقەتی خەڵوەتیی لە (الکردی) وەرگرتبوو.

کە باس لە پێوەندیی کورد و تەسەوف بکرێت زۆربەی خەڵک یەکسەر بیریان بۆ مەولانا خالیدی شارەزووری دەچێت. بەڵام پێوەندییەکە زۆر لەوە کۆنترە. ابو یعقوب یوسف الهمدانی البوزنجردی (١٠٤٩ – ١١٤٠) کوردێکی لوڕ بووە و پێشەوای تەریقەتی خواجەگانە، کە حەوت پشت دواتر بە هۆی شاهی نەقشبەندەوە (١٣١٨ – ١٣٨٩) ناوی بوو بە تەریقەتی نەقشبەندی.

شەرەفنامە زۆر بە کورتی ناوی هەندێ زانای کورد دەهێنێت، کە شاعیر و ماموستا و زمانزان و سۆفین، و زۆرتر وشەی وەک (علما و فضلا = زانایان و پیاوچاکان) بە کار دەبات، کەمجاریش ڕوونی دەکاتەوە ئەم زانایانە چییان نووسیوە و پێشکەش کردووە. لە جێگەیەکدا دەڵێ فلانەکەس کتێبێکی لە بارەی (منطق = لۆگیک)ەوە نووسیوە.

سەیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبییش سەرچاوەیەکی گرنگە. ئەولیا ساڵانی ١٦٥٥ و ١٦٥٦ بە کوردستاندا گەڕاوە و بۆ هەر کوێیەک چووبێت چاوی بە زانا و سۆفی و مەلا و شاعیران کەوتووە و ناوی زۆربەیانی تۆمار کردووە. کە (مەلیک ئەحمەد پاشا)ی عوسمانی لە ڕەمەزانی ١٠٦٥ی کۆچیدا (تەمووزی ١٦٥٥) قەڵای بتلیس دەگرێت و عەبدالخان دەشکێت، ئەولیا چەلەبی خۆی ئامادە بووە کە ماڵ و موڵکی خان داگیر و هەڕاج کراوە. کتێبخانەکەی خان، بەپێی لیستەکەی چەلەبی، ئەوەندە

دەوڵەمەندە، کە دەبێت خان ڕووناکبیر و خوێنەوارێکی یەکجار گەورەی سەردەمی خۆی بووبێت. لەناو کتێبەکانی خاندا هەندێ لە کارە گرنگ و گەوهەرییەکانی (ئیبن عەرەبی) بەرچاو دەکەون. دەبێت ئەودەم خوێنەوار و ڕووناکبیرانی کورد شارەزای باوەڕ و تیۆرییەکانی ئیبن عەرەبی بووبن.

لەناو بیریارانی تەسەووفدا، ئیبن عەرەبی جێگەیەکی باڵا و تایبەتی هەیە. تیۆریی (وحدة الوجود) هەتا ئەمڕۆش باسێکی گەرم و گرنگە و سەدان و بگرە هەزاران کتێب و لێکۆڵینەوە و وتاری لەسەر نووسراون. ڕێبەرێکی گەورە تەریقەتی نەقشبەندی، کە شێخ ئەحمەدی سرهندییە، دژی تیۆرییەکەی ئیبن عەرەبی ڕاوەستا و تیۆریی (وحدة الشهود)ی هێنایە کایەوە. لە ڕاستیدا ئەم تیۆرییە پێشتر لە لایەن شێخ ڕوکنوددین عەلائودەولەوە داڕێژرابوو. بەڵام بە هۆی شێخی سرهندییەوە لەناو نەقشبەندییەکاندا زۆر بڵاو بووەوە. مەولانا خالید، کە تەریقەتەکەی لە ڕێگەی نەقشبەندییەکانی هندستانەوە وەرگرت و نوێنەرێکی گەورەی لقی (موجەددیدییە)یە، کە شێخی سرهندی دامەزرێنەرەکەیەتی، ئەم باوەڕانەی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە بۆ کوردستان. مەولانا هێندەی من ئاگادار بم، ڕاستەوخۆ لەم باسە نەدواوە، ئەگەرچی پرۆفێسۆر (ئالگار) ئەوە جەخت دەکات کە مەولانا وەحدەتوجوودی بووە. بەڵام لە نووسینی زۆر لە پێڕۆیانی تەریقەتەکەدا تیشکی بیروباوەڕەکانی ئیبن عەرەبی و سرهندی بەرچاو دەکەوێت.

تیۆریی (وحدة الوجود) لە ناو نەقشبەندییەکانی کوردستاندا هەر لە سەدەی شانزدەهەمەوە، ڕەنگە لەوەوپێشیش، ناسراو بووە. یەکەمین کوردێک ئیشارەتی بۆ کردبێت و بە زمانی کوردی ئیشارەتی بۆ کردبێت، مەلای جەزیرییە.

## مەلا جەزیری و ئەحمەدی خانی

مەلای جەزیری نەک هەر دامەزرێنەری شیعری کلاسیکی کوردییە، بگرە گەورەترین شاعیری کلاسیکیشە لە ئەدەبییاتی کوردیدا. دیوانی جەزیری هەشت جار چاپ کراوەتەوە و دوو جاریشیان هەوڵی ئەوە دراوە شیعرەکان بە شێوەیەکی قووڵ و گشتلایەنە لێک بدرێنەوە، ئەگەرچی لێکدەرەوەکان هەندێ جاریش ئامانجیان نەپێکاوە. لەبارەی ژیان و سەردەمی جەزیرییەوە ئەوەی تا ئێستا نووسراوە پڕە لە زانیاریی ناڕاست و خەیاڵی. گرنگترین لایەنی ژیان و شیعری جەزیری، بێگومان،

تەسـەووفـە. لەم ڕووەشـەوە تا ئێسـتـا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی جـددیمـان لە بەردەسـتـدا نییە. بەپێی هەندێ ئیشـارەتی ناو شیعرەکانی، وا پێ دەچێت مـەلای جەزیری سـەر بە تەریقـەتی نەقشـبەندی بووبێت. لە سـەردەمی مەلادا لقێکی تەریقەتـی نەقشـبەندی بە ناوی (ئورمەوی)، کە بنەچەکەی لە ورمێوە سەری هەڵداوە. لە دیاربەکردا هەبووە. ڕێبـەری ئەم بەشـە شـێخ مـەحـمـوود (یا سـەییـد عـەزیز مـەحـمـوود) بووە، کـە دەسـتەڵاتێکی یەکجـار گەورەی دینی و دنـیاییشـی هەبووە. سـوڵتان مـورادی چوارەم دوای گـەڕانەوەی لە هەڵمـەتی بەغـدا، لە سـاڵی ١٦٣٩دا شـێـخـی کـوشـتـووە، بەڵام تەریقـەتەکە لە ناو نەچووە و ئیسـمـاعیل چەلەبیی کوڕی بووەتە جـێنشـینـی. شـێخ مـەحـمـوودی ئـورمـەوی، وەک لە هەنـدێ لێکـۆڵینـەوەدا دەردەکـەوێت، لایەنـگرێکی دڵگەرمی تیۆریی (وەحدەتولوجوود) بووە.

ئێمـە کە دەڵێین جەزیری، یا هەر شاعیرێکی دیکە، شاعیرێکی سۆفییە دەبێ هەندێ ڕاسـتیی گرنگمـان لە بەردەسـتـدا بن بۆ چەسـپاندن و بەهێزکردنی قسـەکەمـان. ئەم چەمکە لە مـاوەی ١٥- ٢٠ سـاڵی ڕابوردوودا زۆر خـراپ شـێـوێنراوە و لـە جـێگەی ناڕاستدا بە کار هێنراوە.

لە شـیـعـری تـەسـەوفـدا دوو لایەن زۆر گـرنگن: چەمکەکـانی سـۆفـیـزم و زاراوە (تێـرم)کـانی سـۆفـیـزم. ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت ئەگـەر بڵـێم سـەرتـاپیی شـیـعـری جـەزیری، دوو سێ شـیعر نەبێت، کە دیارە بۆ مـرۆڤی نووسـیون، بە دەوری چەمک و باوەڕەکانی سـۆفیزمدا دەسـووڕێتەوە. کۆڵەکەی بیروباوەڕەکانی وەحـدەت ئەلوجوودە زۆربەی شیعرەکان ئەوە نیشـان دەدەن کە مەلا زۆر بە قووڵی شـارەزای فـەلسـەفەکەی ئیبن عەرەبی بووە. دوو چەمکی گرنگی فـەلسـەفەی ئیبن عەرەبی (١): یەکێتیی هەموو شت و دیاردەکانی گەردوونە، بەو مـەعنایەی کە هـەموو شتێک دەگـەڕێتەوە بۆ خـودا و لە خـودا بەولاوە هیچ شـتـێکی دیکە نـییـە و نابێت و (٢) مـرۆڤی تەواو (الانسـان الکامل). بـەشی یەکەم هەر وا سـادە نییـە و پەلوپۆی یەکـجـار زۆر و ئاڵۆزکـاوی لێ دەبێتـەوە. لەم بوارەدا تێرمەکانی (تەنزیه) و (تەشبیه) گرنگن. هەروەها باسـەکانی ئافـران (خـلق) و (قـیـدەم) و (حـودووث). وێنە و ڕۆڵی مـرۆڤ لە دوو نموونەی (مـاکـرۆکـۆزم) و (مـیکرۆکـۆزم)دا ڕوون دەکـرێتـەوە. هـەمـوو ئەمـانە و دەیان باسـی دیکەی تەسەووف لە شیعری مەلای جەزیریدا جێگەیان دراوەتێ. باوەڕ ناکەم بە هیچ

بەڵگەیەک بکرێ مەلای جەزیری بە لایەنگری تیۆریی (وەحدەت ئەلشوهوود) دابنرێت، چونکە شێخی سرهندی (١٥٦٣ – ١٦٢٤)، کە بە نوێنەری هەرە گەورەی تیۆرییەکە دادەنرێت، بە نێـزیکەوە هاوتەمـەنی مـەلا بووە. بێـجگە لەوەش ئەوە دەزانین کـە سـالآنێکی زۆری پێ چووە تا ئەو باسـانە گـەیشـتوونەتە کـوردسـتـان. لە مـێـژووی تەریقـەتەکـەشـدا ئـەوە ئاشکرایە کـە لقی مـوجـەددیدی لە سـەرەتای سـەدەی هەژدەیەمـدا، بە هۆی شێخ مـوحـەممەد مـوراد بوخـارییەوە (١٧٢٩ کـۆچی کـردووە) گەیشتۆتە وڵاتی عوسمانی، کە مەلا زۆر لەوەوپێش کۆچی کردبوو. بوخاری موریدی خواجە موحەممەد مەعسوومی کوڕ و جێگری شێخی سرهندی بووە.

مـەلای جـەزیری خـۆی خـاوەنی تیـۆرییـەکی تایبـەت نییـە، بـەڵام زۆر شـارەزای بیـری بیریارانی ئیسلامـە و بەتایبەتیش وەحدەتولوجوود. لەم ڕووەوە زۆر لە (مـەولانا شێخ عـەبدولڕەحمـانی جامی) دەچێت. لەگەڵ ئەو جیاوازییـەدا کە جامی بەرهـەمی زۆرە و بێـجگە لـە کـۆمـەڵێ دیوان، چەند کـتـێـبـێکی پەخـشـانیـشـی هـەیە. بەڵام هـەمـوو باوەڕەکانی خۆی لە دیوانێکدا کۆ کردوونەتەوە. دیارە دەکرێ زۆر بە وردی لە دیوانی مەلای جەزیری لە ڕووی ژانر و ئێستێتیک و زمان و مێتافۆرەوە بکۆڵرێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی سنووری نێوان مێژووی بیر و مێژووی ئەدەب نەڕووشێنم، لەمە زیاتری لەسەر ناڕۆم.

ئەحمـەدی خـانی (١٦٥١ – ١٧٠٧) ئەو شـاعیـر و بیـریارەیە کە فراوانترین باس و دەمـەتەقێی لەبارەی بیری کوردایەتییـەوە هێناوەتە کایەوە. خـانییش وەک جـەزیری سـەر بە تەریقـەتی نەقشبـەندییـە. خـانی بێجگە لە کۆمـەڵێ شیـعر، کە بەشی زۆری غـەزەلە، سێ بەرهـەمی هـەیە: عـەقیـدا ئیـمـان، نووبارا بچـووکـان و مـەم و زین. لای لێکۆڵـەرەوەکـان گـرنگتـرین بیـروباوەڕی خـانی، هـەمـیـشـە کـوردایەتی، یا ناسیۆنالیزمەکەی بووە. لەم ڕووەوە سیستێمی بیری خانی بە دوو شێوە شێوێنراوە: (١) بیـری خـانی تەنیـا کـوردایەتییـەکـەی نییـە، بەڵکە ئەو وەک بیـریارێکی وریا و خـوێنەوار و ڕووناکـبیـرێکی گـەورە، شـارەزای زۆربەی بیـر و فـەلسـەفـەکـانی سەردەمەکەی خۆی بووە و ئەمەی لە مەم و زیندا بە ڕوونی پێشان داوە، (٢) زۆربەی ئەوانەی لە بیـری کـوردایەتییـەکـەی کـۆڵیـونەتەوە، هەمـیـشـە بە عـەقڵ و پێـوەر و گـەزوگرێی ئەمڕۆ لێکیان داوەتەوە؛ کە ئەمـەش سـەپاندنی سۆبجێکتیڤیزمە بەسـەر مێژوودا، واتە سـەرلەنوێ نووسینەوە و داڕشتنەوەی مێژووە. ئەو پڕۆگرامەی خـانی

لە مەم و زیندا پێشکەشی دەکات، هێندەی لە چوارچێوەی مەسنەوییەکدا بگونجێت، پرۆگرامێکی ڕوون و گشتلایەنەیە. ڕەوشی گوردستان و گەلی کوردی دابەشکراو لەنێوان عوسمانی و سەفەویدا باس دەکات.

کوردستان بە داگیرکراو و کورد بە ژێردەستە دادەنێت. پێی وایە دەبێ کورد هەوڵ بدات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی و ڕێگای ڕزگاربوونیش لە سێ وشەی (یەکگرتن، بەکارهێنانی هێز و چاکە)دا کورت دەکاتەوە. ئێمە ناتوانین داوای ئەوە لە خانی بکەین بەرنامەیەکی وەک بەرنامەی هەر بەرەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتیی ئەم سەردەمەی هەبووبێت. بەڵام ئەگەر ئەو کۆد و نیشانانە وەرگێڕینە سەر زمانی سیاسەت، بێگومان بەرنامەیەکی ئاوەزکارانەی ڕێکوپێکی لێ دەردەچێت.

ڕۆژهەڵاتناسانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، کە وەک ئەوانەی ئەمڕۆ هێشتا تەواو شوولّی بێویژدانی و ناڕاستییان لێ هەڵنەکێشابوو، بە ڕاشکاوی خانییان وەک سەرەتای بیری کوردایەتی دەناساند. ڕۆژهەڵاتناسانی ئەم سەردەمە، لە ڕوانگەی شۆڤینیزمی ئەوروپایی و بۆچوونی کۆلۆنیالیستانە و ئیمپیریالیستانەوە، زۆر بە توندی دژی ئەو باوەڕەن. دیارە لەم (ئەرکە پیرۆزە)دا هەندێ کوردی زانستبازیش هەن، ڕێیان بۆ خۆش دەکەن.

(نووبارا بچووکان) فەرهەنگۆکێکی عەرەبی- کوردییە لە ٩٥٤ وشە پێک هاتووە و ئامانجی دانانی ئەوەیە منداڵانی کورد (بچووکێد کرمانجان) خوێندنیان لا ئاسان بێت و ئەوەی دەیخوێنن تێی بگەن. نوختەیەکی، بە لای منەوە، یەکجار گرنگی ئەم فەرهەنگە ئەوەیە کە خانی پێشکەشی کردووە بە منداڵانی کورد بەو هیوایەی (دەرێ زیهنێ ل وان ڤەبتن = دەرگای مێشک یا بیریان بکرێتەوە) کە ئەمە سەرنجێکی تا بڵێی ورد و ژیرانەیە. لە لایەکەوە بایەخدانە بە ڕۆڵی مێشک و بیر و لە لایەکی دیکەشەوە هیوایە بە نەوەی داهاتوو.

ئاسان نییە لەنێوان مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانیدا بەراورد بکەین؛ نموونەی ڕووناکبیر و زانا و شاعیری گەورەی سەردەمی خۆیانن. ڕەنگە ئەگەر پەنا ببەینە بەر زمانی تەسەووف، بتوانین بڵێین جەزیری زیاتر ئەهلی (زەوق) و ئەهلی دڵە، و خانی ئەنسیکلۆپیدیاییتر و (عەقلانیتر) ئاوەزکارترە.

هەر لە سەدەی حەڤدەهەمدا دوو سۆفیی نەقشبەندی، دوو زانای شارەزووریمان هەن کە شارەزای بیر و فەلسەفە بوونە: ئیبراهیم ئەلگۆرانی و موحەممەد بین عەبدولڕەسوول بەرزنجی. تەئسیری بیری (ئەلگۆرانی) گەیشتە ئیندۆنێسیا . بەڵام بێگومان گەورەترین تەوژمی بیر و گرنگترین بزووتنەوەی فکر لە کوردستاندا ئەوە بوو کە بە گەڕانەوەی مەولانا خالیدی شارەزووریی نەقشبەندیی موجەددیدی لە ساڵی ١٨١١دا بۆ کوردستان هاتە کایەوە.

## مەولانا خالیدی شارەزووریی نەقشبەندیی موجەددیدی

گەڕانەوەی مەولانا خالید لە هیندستانەوە بۆ کوردستان، ساڵی ١٨١١، تەنیا گەڕانەوەی ڕێبەرێکی تەریقەت یا زانایەکی شەریعەت نەبوو، بەڵکو لافاوێک وزە و بیر و بزووتنەوە بوو، کە سەرلەبەری کۆمەڵگەی کوردی دوای خۆی ڕەنگرێژ کردووە و تا ئەمڕۆش جێدەستی بەسەر زۆر تەوژمی سیاسی و فەرهەنگیی کوردستان و ڕۆژهەڵاتیشەوە دیارە.

ئەگەرچی پێش سەردەمی مەولاناش تەریقەتی نەقشبەندی گەیشتبووە کوردستان و گەلێ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام نەبووبوو بە هێزێکی وا کە کۆمەڵ بهەژێنێت و جێ بە ڕێبازەکانی دیکە لێژ بکات، کەچی بە هاتنەوەی مەولانا و جێگیربوونی لقی موجەددیدیی تەریقەتەکە نەخشەی باری دامەزراو و سەقامگیری زۆر لایەنی کوردەواری و ناوچەکە لە بنەڕەتەوە گۆڕا.

مەولانا زۆر کەم ژیا و کەسایەتی و تەئسیری ئەو زۆر لەوە گەورەترن کە کەسێکی تەنانەت سەرووی ئاساییش لەو تەمەنە کورتەدا بتوانێت وە دەستیان بهێنێت. بە خوێندنەوەی ژیانی مەولانا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هەر لە سەرەتاوە بە دوای ڕاستیدا وێڵ بووە و بۆ ڕاستییەک گەڕاوە موتڵەق و یەکپارچە و گشتگیر. ئەمەشی لە تەریقەتی نەقشبەندیی موجەددیدیدا دۆزییەوە، لەسەر دەستی شاه غولام عەلی دیهلەوی (١٨٢٤ مردووە)، کە پێنجەمین نەوەیە لە جێگرانی شێخی سرهندیی دامەزرێنەری بەشی موجەددیدی. لەو سەردەمەدا کە مەولانا بە دوای زانست و بە دوای ڕاستیشدا گەڕاوە، لە کوردستان زانستیش و تەریقەتیش هەبوون، بەڵام مەولانا بەو سەرچاوانەی لە بەردەستدا بوون دڵی ئاوی نەخواردۆتەوە و بۆ سەرچاوەیەکی گەورەتر و قووڵتر گەڕاوە.

دوو تایبەتێتیی گرنگی بەشی موجەددیدیی تەریقەتی نەقشبەندی کە لە هەلومەرجی نیوچەدورگەی هیندستاندا سەری هەڵدا، دژایەتیکردنی شیعە و ناکۆکی بوو لەگەڵ تیۆریی وەحدەتولوجوودی ئیبن عەرەبی. دژایەتیی شیعە، بێگومان ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژانەی نێوان کۆمەڵگەی شیعە و سوننیی ناوچەکە بوو. بەڵام ناکۆکی لەگەڵ باوەڕەکانی ئیبن عەرەبیدا مەسەلەیەکی بە تەواوی تیۆری بوو، هۆیەکەشی ئەوە بوو کە شێخی سرهندی نوێنەری بیر و تیۆرییەکی تازە بوو، وەحدەتولشوهوود، کە لە گەلێ ڕووەوە لەگەڵ بیرەکانی ئیبن عەرەبیدا نەدەگونجا. جیاوازییەکەش لە ڕاستیدا جیاوازیی تێرم و زاراوە بوو.

شێخی سرهندی بە دژایەتیکردنی ئیبن عەرەبی دژی پێشینەیەکی تەریقەتەکەش ڕادەوەستا کە ڕێبەرانی پێشوو دایانمەزراندبوو. خواجە عوبەیدوڵڵای ئەحرار و مەولانا عەبدولڕەحمانی جامی لە لایەنگرە گەورەکانی تیۆرییەکەی ئیبن عەرەبی بوون. تەنانەت خواجە باقی بیللاھ (١٦٠٣ مردووە) کە مورشیدی سرهندی بووە، باوەڕی تەواوی بە تیۆریی وەحدەتولوجوود هەبووە. بەڵام باقی بیللاھ، ژیننامەنووسان دەڵێن، دواتر نەک هەر بە ئاشکرا جاڕی داوە کە سرهندیی شاگرد و مووریدی زۆر لە خۆی گەورەتر و بەرزترە، بەڵکە وازی لە باوەڕی وەحدەتولوجوودیش هێناوە و هاتۆتە سەر باوەڕی وەحدەتولشوهوود. دیارە زانیاریی وایش هەیە بیسەلمێنێ ئەم هەواڵە ڕاست نییە.

مەولانا خالید کە هاتەوە بۆ کوردستان ئەرکێکی هێندە گەورەی بە ئەستۆوە بوو، کە دەبوو تۆڕێکی یەکجار ورد و پتەو و سفتی کار و ڕێکخستن دابین بکات بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پەیامەکەی. لە لایەکەوە دەبوو بە موو لە بنەما فکرییەکانی لا نەدات و لە لایەکی دیکەشەوە دەبوو هێندە ئاوەزکارانە و پراگماتیکانە بجووڵێتەوە کە بتوانێت لە ناوچەیەکی ئاڵۆزکاو و پڕ لە ناکۆکیی وەک کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زەوییەک بۆ بیروباوەڕەکانی ئامادە بکات. مەولانا، وەک مێژووی تەریقەتەکە و ڕاستییەکانی ناوچەکەش پێشانمان دەدەن، نەک هەر لە گەیاندنی پەیامەکەیدا سەر کەوت، بگرە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشی بە جۆرێک داگیر کرد، وەک بڵێی ناوچەکەی کردبێتە سێوێک و لەناو دەسماڵی ئاورێشمینی بیروباوەڕەکانیدا هەڵیگرتبێت.

دوو لایەنە گرنگەکەی موجەددیدی لە کوردستانی ئەو ڕۆژگارەدا بە گرنگی نەمانەوە، چونکە پێویستی و دۆخی دیکە هەبوون کە دەبوو چارەسەر بکرێن و هەڵوێستیان لەبارەوە وەربگیرێت. دژەشیعەبوون لە کوردستاندا هیچ ڕۆڵێکی نەبوو، چونکە شیعە لە کوردستاندا نەبوون و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕۆژانە لە ئارادا نەبوو. کەواتە مەولانا پێویستی بەوە نەبوو خۆی بەم لایەنەوە خەریک بکات. هەڵوێست لە تیۆریی وەحدەتولوجوودی ئیبن عەرەبی لە هەڵومەرجی هیندستان، خۆراسان یا بوخارا و سەمەرقەندا ڕەنگە ئاسایی بووبێت، چونکە بزووتنەوەیەکی فکری و سۆفییانە لەوێ هەبوو، بەڵام لە کوردستانی باباندا لەوە ناچێت تیۆرییەکە هەر ناسرابێت و لای زانایان جێگەیەکی هەبووبێت. باری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕۆژانی گەڕانەوەی مەولانا، لە پلەی یەکەمدا، بارێکی سیاسی بوو نەک فکری و فەلسەفی، هەر لەبەر ئەوەش مەولانا ناچار بوو زۆر جار وەک پاشایەک یا ڕێبەرێکی سیاسی بجووڵێتەوە. تۆ کە نامەکانی دەخوێنیتەوە یەکسەر هەست بە گرژی و ئاڵۆزیی ڕۆژگارەکە دەکەیت و دەبینیت مەولانایەکی سۆفی و خاوەنبیر بەرانبەر کۆمەڵە هێزێکی سیاسیی پرچەک و شارەزای دەهۆ و فێڵ و گزی ڕاوەستاوە. بەرانبەر بەمانە مەولانا دەبوو تاکتیک بە کار بهێنێت نەک دیالۆگی فکری و فەلسەفی. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو بارە گران و سەختەدا مەولانا ڕۆحی سۆفییانە و زانایانەی خۆی لە دەست نەداوە و لە باوەڕ و بۆچوونەکانی خۆی نەهاتۆتە خوارەوە. هەندێ جار هەڵوێستی ئەوەندە ڕەقی بەرانبەر دەستەڵاتداران نواندووە، کە ڕەنگ بوو زیانی گەورە و چارەسەرنەکراو لە پەیامەکەی بدات.

لە بەرەی بیردا، مەولانا دوو ئەرکی هاتبوونە پێش: چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی بنەما و باوەڕ و دەرسەکانی تەریقەتی نەقشبەندی موجەددیدی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەندێ لە ڕێبەرانی تەریقەتی قادری لە کوردستاندا. بەشی هەرە زۆری نووسینەکانی مەولانا بۆ ئەم ئەرکانە، بەتایبەت یەکەمیان، تەرخان کراوە. شێخ مارفی نۆدێ، لە لایەکەوە پشتی بە بابانەکان و لە لایەکی دیکەشەوە بە هێزی بنەماڵە و دەستەڵاتی خۆی قایم بووە. بەڵام وەک دەزانین ئەمانە هیچیان نەهاتن بە هانایەوە و بەرانبەر بیری قووڵی مەولانا، لە دواییدا ناچار بوو پەشیمانیی خۆی ئاشکرا بکات، دواتریش هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی لە کوردستاندا، بە هۆی دووربینیی ڕێبەرەکانەوە، زۆر لە یەکدی نێزیک بوونەوە، تا ئەو ڕادەیەی لە

خانەقاکانی نەقشبەندیدا زیکری هەردوو تەریقەتەکە دەکرێت. ڕۆژهەلاتناسانی ئەوروپایی نەک هەر ناکۆکیی نەقشی و قادری گەورە دەکەنەوە، بەڵکە هێندەی لە دەستیشیان هاتبێت ئاگرەکەیان خۆش کردووە. پاشا و میرەکانی بابان بە ڕوواڵەت دۆست و مورید و بچووکی مەولانا بوون. ڕەنگە هەندێکیان بە ڕاستی و لە دڵیشەوە باوەڕیان پێی هەبووبێت، بەڵام دیارە وەک سیاسەتمەدار، دەستەڵات مەبەستی هەرە گرنگ و سەرەکی بووە بە لایانەوە. ئەوان کە بەرانبەر یەکتر، کە هەموو کوڕو باوک یا مام و برازا بوون، نادڵسۆز بوون، ئیدی چۆن چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت بەرانبەر شێخێک کە لە باوەڕ بەولاوە هیچی دیکەی لا نییە، دڵسۆز و ڕاستگۆ بووبن. لە ناویاندا مەحموود پاشا لە هەمووان زیاتر دژی مەولانا بووە.

زۆربەی مێژوونووسان وای لێک دەدەنەوە کە مەولانا لەژێر گوشاری دوو فاکتۆری بابان و قادریدا کوردستانی بە جێ هێشتووە. لەوەیە ئەمانە هۆی ڕووالەتی بووبن و تەئسیرێکیان هەبووبێت، بەلام من پێم وایە بەجێهێشتنی سلێمانی تەنیا مەسەلە دوژمنایەتیی قادرییەکان و بابانەکان نەبوو، بەڵکە گەلێ هۆی ستراتیژیشی لە پشتەوە بوو. ئەگەر مەسەلەکە هەر وا سادە بێت، کەواتە چۆن بوو مەولانا لە بەغدایشەوە هەردوو هاوینی ١٨٢١ و ١٨٢٢ دەهاتەوە بۆ کوردستان، ناوچەی هەڵەبجە و هەورامان، و پێوەندیشی بە بابانەکانەوە دەکرد؟ ئەگەر مەولانا ئەوەندە بە پەلەپڕووزێ سلێمانیی بە جێ هێشتبێت، وەک (کلۆدیۆس جەیمس ڕیچ)ی نوێنەری کۆلۆنیالیستانی ئینگلیز دەڵێت، دەبوو نوێنەری خۆی لە خانەقای سلێمانی بە جێ نەهێشتایە و جارێکی دیکە سەری نەکردایەتەوە بە کوردستاندا. هەر نەبێت دەیتوانی لە بەغدا سەقامگیر ببێت و پێویستی بەوەش نەبێت بچێتە شام. ئەو زانیارییەش ڕاست نییە کە گوایە مەولانا لە بەغداوە چووە بۆ شام. ڕاستییەکەی ئەوەیە هاوینی ١٨٢٢ی لە کوردستان بردۆتە سەر و هەر لەوێوە لە سەرەتای پاییزدا، بە کوردستانی تورکیادا، لە ڕێگەی ئورفە – دێرەززورەوە چۆتە شام. هۆی هەرە گرنگ، بە لای منەوە، ئەوەیە کە مەولانا لە ڕوانگەیەکی یەکجار بەرینەوە تەماشای تەسەووفی دەکرد. پەیامەکەی مەولانا ئەوەندە گەورە و جیهانگر بوو کە کوردستانیش و عیراقیش کالایەکی یەکجار تەسک بوون بە بەری. مەولانا دەبوو ڕوو بکاتە شام و لەوێشەوە ڕووناکیی باوەڕەکانی بگەیێنێتە هەموو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و زۆر جێگەی دیکەی دنیا.

بەجێهێشتنی کوردستان بۆ مەولانا دەردێکی یەکجار گەورە بووە و خەم و کەسەرێکی قووڵی لە دەروونیدا ناشتووە. ئەو دوو سێ مانگەی ڕێگایش تا لە کوردستانەوە گەیشتۆتە شام، لە زۆر ڕووەوە، مایەی ماندوێتی و دەردەسەری و خەفەت بووە، بەتایبەت کە دەزانین لە شاری (ئورفە)ی کوردستانی تورکیا (شەهابوودین)ی کوڕی کۆچی دوایی کردووە. بەڵام دیسانیش، چونکە لە پێناوی پەیامێکی پیرۆزدا ئەم هەموو ناخۆشییەی چێشتووە، هەموو مایەی دنیای بەلاوە لە باڵی مێشوولەیەک بێنرختر بووە، وەک لە نامەی یەکەمیدا لە شامەوە نووسیویەتی.

وا پێ دەچێت مەولانا سەرەتای مانگی دوانزدەی ساڵی ١٨٢٢ گەیشتبێتە شام. لە یەکەم نامەیدا بۆ دوو لە خەلیفەکانی بەغدای باسی ئەوە دەکات کە تەریقەت زۆر لە برەودایە، بەڵام خۆی هێشتا دەستی بە دەرسوتنەوە و کاری تەریقەت نەکردووە، ئەگەرچی خۆشەویستان زۆریش تکای لێ دەکەن، چونکە حەزی لە دوورەپەرێزییە. هەواڵی پێ گەیشتووە کە (بەهائوددین)ی کوڕی بە ڕێگاوەیە. بەڵام زۆرتر پەرۆشی کتێبەکانیەتی و دەیەوێ زۆر وریا بن لە ناردنیاندا. هەر لەو نامەیەدا دەردەکەوێ کە دەسبەجێ نوێنەری خۆی ناردووە بۆ ناوچەکانی چەزیرە، شارەزوور، سلێمانی، بەغدا، کەرکووک و وان. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە هەر شەشیان کوردن.

مەولانا خالید نزیکەی چوار ساڵ و نیو دوای ئەوەی لە شام نیشتەجێ بوو، وەفاتی کرد، بەڵام تەریقەتی نەقشبەندیی موجەددیدی بە جۆرێک تەشەنەی کرد کە بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوروپشتی داگیر کرد. ئەگەر جاران، پێش مەولانا، لقی دیکەی موجەددیدی، یا هەر نەقشبەندی، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووبێت، ئەوا دوای مەولانا هەموو تێکەڵ بە ڕێبازەکەی ئەو بوون. بەڕاستی دوای مەولانا یەک تەریقەتی نەقشبەندی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بوو، ئەویش خالیدی بوو. لەمەدا، بێگومان، کەسایەتیی کاریزماتیکی مەولانا ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی هەبوو.

هەر لە سەرەتاوە تەریقەتی نەقشبەندی بەوە ناسراو بووە کە تەریقەتی زانایان بووە. ئەمە لە لقی خالیدیی تەریقەتەکەدا زۆر ئاشکرا و لەبەرچاوە. مەولانا خۆی زانایەکی گەورە و خوێنەوارێکی فرەلایەنە بووە. بەو هۆیەشەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆری زانایان ڕوویان کردە تەریقەتەکە و لە دەوری مەولانا کۆ بوونەوە.

ئەو لێکۆڵەرەوانەی لەبارەی ژیانی مەولاناوە نووسیویانە ئەوەیان جەخت کردووە کە مەولانا ڕێکخەرێکی کارامە و لێهاتووی بێوێنە بووە. ئەو تۆڕە پانوپۆڕەی بە گەلێ ناوچە و وڵاتدا پەخشی کردۆتەوە، تەنیا بە کەسێکی ورد و بیرتیژ و زانای وەک ئەو دەکرا ببرێت بە ڕێوە. کە نامەکانی دەخوێنینەوە دەبینین ئاگای لە ورد و درشتی کاروباری خەڵکەکە هەیە و زووزوو بەسەریان دەکاتەوە و لێیان دەپرسێتەوە. ئەو دیسیپلینەی بۆ پێڕۆیانی تەریقەت، بەتایبەت نوێنەر و خەلیفەکانی، داینابوو هێندە سفت و وردە کە مرۆڤێک دڵسۆز و زیرەک و لێهاتوو نەبووبێت نەیتوانیوە کاری پێ بکات. کاتێ کەسێکیش سەرپێچیی کردبێت، مەولانا وەک سەرکردەیەکی خاوەنبڕوا بە موو لە بنەما فکرییەکانی خۆی لای نەداوە. ئەو مەولانایەی کە بە ئاگادارییەوە پێی وا بوو دەبێ بەرانبەر هێرشی کۆلۆنیالیستانی ئەوروپایی پشتگیریی دەوڵەتی عوسمانی بکرێت، ئەگەرچی نێوانی لەگەڵ عوسمانییشدا خۆش نەبوو، کاتێ کە تێ دەگات عوسمانییەکان خەریکن نوێنەری ئەم لە ئەستەمبووڵ دەکرن، یەکسەر دەریدەکات و نامە بۆ هەموو دەستوپێوەندەکانی دەنووسێت کە هەموو لێی دوور بکەونەوە و ئەفەرۆزی بکەن.

هەڵوێستی مەولانا بەرانبەر دەستەڵات و دەستەڵاتداران هەڵوێستی سۆفییەکی ڕاستەقینەیە و لە زۆربەی نامەکانیدا ئامۆژگارییان دەکات کە لە دەستەڵاتدارانەوە دوور بن. ئەم هەڵوێستەی مەولانا دیارە بەرهەمی بیری پشتگیریی هەژاران و زۆرلێکراوان و ڕاستیپەرستییە. گەلێ جار کە نامەی بۆ والییەکی گەورە نووسیوە، وشە و دەربڕینی وای بە کار بردووە دەڵێی نۆکەر و خزمەتکارێکی خۆی دەدوێنێت. ئەم هەڵوێستە دواتر لای بەشێکی زۆری خەلیفە و مەنسووبەکانی مەولانا ڕەنگ دەداتەوە و لە شێوەی ڕاپەڕینی سیاسیی شۆڕشگێڕانەدا خۆی دەنوێنێت و لە مێژووی سیاسیی کوردستان و گەلێ ناوچەی دیکەدا بە ڕوونی دەبینرێت. شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ سەعیدی پیران و بنەماڵەی بارزانی کە ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕینە گەورەکانی کوردستانیان کردووە، هەموو سەر بە تەریقەتی خالیدیی نەقشبەندی بوون. شێخ شامیلی داغستانی کە دژی تزاری ڕووس ڕاپەڕیوە مەنسووبی مەولانا بووە. شێخ عەبدولقادری جەزائیری، سەرکردەی شۆڕشی جەزائیرییەکانیش لەسەر دەستی مەولانا تەمەسسوکی کردووە. نموونەی دیکەش هەن. مەولانا لە بواری نووسینیشدا بەرهەمێکی زۆری بە جێ هێشتووە. کتێبەکانی

مــەولانا، هێندەی من ئاگــادار بم، زیاتر لەبارەی شــەرع و فــیــقــهـ و زانســـتی جۆربەجۆری ئیسلامییەوەن. نامەکانیشی، کە تائێستا نزیکەی سێسەد دانەیەکیان لێ بڵاوکراونەتەوە، زۆربەیان بۆ کاروباری ڕێکخستنی تەریقەتەکە و ئامۆژگاری و بەسەرکردنەوەی خەلیفە و مەنسووبەکان تەرخان کراون. هەر بە خوێندنەوەی نامەکان دەردەکەوێت کە مەولانا پیاوێکی چەندە خوێندەوار و شارەزا و ئەدەبدۆست بووە. ئەوەندە کتێبی خۆش ویستووە، کە لە چەندین نامەدا زۆر بە پەرۆشەوە هەواڵی کتێبەکانی خۆی دەپرسێت؛ بۆ هاوسەرەکەی دەنووسێت کە کتێبەکانی هەموو بۆ ڕەوانە بکات، بۆ خــەلیــفــەکــانی بەغــدا دەنووســێت کــە زۆر وریا بن لە ناردنی کــتێبــەکــانیــدا، بۆ یەکێکی دیکە دەنووسێت فلانە کتێبی بۆ پەیدا بکات و فلانە کتێبیشی بۆ بداتە نووسینەوە، بەڵام با بە خەتی خۆشی مەلا خەتتاب بێت، ئەگەر پارەی زیاتریشی ویست بیدەنێ. کە هەواڵی دەگاتێ هەندێ لە کتێبەکانی فەوتاون، نامە بۆ دۆستێک دەنووسێت کە هەمووی خەم و فرمێسکە. لە گەلێ نامەدا مەولانا شیعری بۆ پاڵپشتی قسەکانی هێناوەتەوە و شیعرەکان هی شاعیری جۆربەجۆرن، بەڵام وا پێ دەچێت هەندێکیشیان شیعری خۆی بووبن.

مەولانا بیریار نییە و خۆیشی، هەرنەبێت بە نووسین، لەو باسانە نەدواوە. جێگای مەولانا لە مێژووی بیردا وەک جێگای پەیامبەر و سەرکردە گەورەکانی مرۆڤایەتییە؛ خۆیان بیریار نەبوون بەڵام بوون بە هۆی گۆڕینی بیر و مێژوو لە ڕەگ و ڕیشەوە. ئەمــە ئەوە ناگەیەنێت کــە مــەولانا شــارەزای بیــر و فــەلســەفــە نەبووە. بە تەنیــا خوێندنەوەی نامەکانی مەولانا بەسە بۆ ئەوەی تێبگەین کە خوێندەوار و ڕووناکبیر و زانایەکی چەند گەورە بووە.

ئەگەرچی مەولانا ڕاستەوخۆ لە مەسەلەی فکر، بەتایبەتیش تیۆریی وەحدەت ئەلوجوود، نەدواوە، بەڵام لە نامەکانیدا ئیشارەت بۆ کۆمەڵێ کتێب دەکات کە سەرچاوەی گرنگن بۆ تێگەیشتن لە فکر و فەلسەفەی ئیسلامی و تەسەوف، و ناوی کۆمەڵێ زانا و سۆفی و بیریار دەهێنێت کە شائەستێرەی ئاسمانی ئەو بیرەن. بێجگە لە ئیمامی غەززالی، سوهرەوەردی، شاهی نەقشبەند، خواجەی ئەحرار و عەبدولغەفووری لاری، ناوی سێ زانای سۆفی دەهێنێت کە بەوە ناودارن لایەنگری تەواوی تیۆریی وەحدەت ئەلوجوود بوون: شێخ عەبدولڕەحمانی جامی، شێخ

مـەحـمـوودی شـەبوسـتـەری و شـێخ عـەبدولغـەنیی نابولسی. ئەم ناوهێنانە، بە لای منەوە، نیشانەیەکی گەورەیە کە مەولانا شـارەزای تیۆریی وەحدەت ئـەلوجوود بووە و تا ڕادەیەکـیش باوەڕی پـێ هـەبووە. پرۆفـیـسـۆر (ئالگار) لەم بارەیەوە دوو بـەڵگەی هێناوەتـەوە: نزیکیی ئارامـگای مـەولانـا لە ئارامگای ئیبن عـەرەبییـەوە لە دیمەشق و هـەبوونی گەلێک لە کتێب و بەرهـەمەکانی ئیبن عـەرەبی لەناو کتێبخانە تایبەتییەکەی مەولانادا.

ئێسـتا وەک نەریتـێکی لێ هاتووە لای ئەوانـەی لەبارەی مـەولاناوە دەنووسن کـە بە مەولانـا خالیدی بەغدادی ناوی ببـەن. لەو هـەموو نامـەیەدا کە مـەولانا نووسیـونی، بە گەلێ شـێوە ناوی خۆی نـووسیـوە و نامـەکـانی پێ ئیـمـزا کردووە. هێندەی من بزانم ناوی خۆی بە دە جۆر نووسـیوە کە هـەموویان بە خـالید دەست پێ دەکەن و یەک، دوو یا چەند ناسناوێکی دیکەیان لەگەڵدایە، کە ڕەنگە چواریان بۆ ئێمـە سەرنجڕاکێش بن: (خالد کرد شهرزوري)، (خالد کردي نقشبندي مجددي شافعي)، (خالد العثماني الجـافي الكردي) و (خـالد الشـهـرزوري الجـافي). تەنانـەت یەک جـاریش نـاسناوی (بغدادی)ی بە کـار نەهێنـاوە، کەچـی شـۆڤێنیسـتـە بەناو زاناکـان بە زۆری زۆرداری دەیانەوێ بیکـەنە بـەغــدادی. دیارە لێکۆڵەرەوەکـــانـی ئەوروپاش لـەم نـاهـەقـی و نازانستکارییـەدا هاوتاوانن. لەو کۆنفرانسـەدا کە هاوینی ١٩٩٧ لەبارەی تەریقـەتی نەقشبەندییـەوە ڕێک خرابوو، من ئەم باسـەم لە بەردەم بەشدارانی کۆنفرانسـەکەدا، کە لە زنستگاکانی ئەمـەریکا و ئەوروپا و ئاسیـای ناوەڕاسـتـەوە هاتبـوون، کردەوە. زۆربەیان وایان پێشـان دەدا وەک بڵـێی پێشـتر بیریان لـێ نەکردۆتەوە، بەڵام ڕۆژی دواتر دیسان مەولانای کوردی جافی شارەزووری کرایەوە بە بەغدادی.

هیچ گـومـان لەوەدا نیـیـە کـە مـەولانا خـالیدی نـەقشـبـەندیی شـارەزووری نەک هـەر یەکـێکە لە گـەورەترین پیـاوانـی کـورد، بگرە یەکێکە لە گـەورەترین پیـاوانی هـەمـوو ڕۆژهـەڵاتیش، لە ماوەی دوو سـەدەی ڕابوردوودا.

### خەلیفەکانی مەولانا خالید

مـێـژووی تەریقـەتـی نەقـشـبـەندی، تـا ڕادەیەکی زۆر، لـەلایەن زانایانی ڕۆژاوا و سـەرکردە و پێڕۆیانی تەریقـەتەکـە خـۆیەوە تـۆمـار کـراوە و لێی کـۆڵراوەتەوە. بەڵام لێکۆڵینـەوەکـان لەگەڵ سەرتـاپێی مـێژوو و بڵاوبوونەوەی جیـۆگرافیی تەریقـەتەکەدا

هاورێژە نین، هێندەی پێوەندیی بە کوردستان و نەقشبەندییەکانی کوردستانەوە هەیە بەشی هەرە زۆری لێکۆڵینەوەکان لەبارەی مەولانا خالید و بەشە تەریقەتی خالیدی موجەددیدییەوە نووسراون. بەڵام وەک دەزانین دوای کۆچی مەولانا تەریقەت زیاتر گەشەی کرد و بەشێکی یەکجار پانوپۆڕی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی دیکەی دنیای گرتەوە.

بنەماڵەی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان، کە بە بنەماڵەی سیراجوددینی ناسراون، دیارترین نوێنەری مەولانا خالیدن لەو کاتەوە کە مەولانا لە پاییزی ١٨٢٢دا بۆ یەکجاری کوردستانی بەجێ هێشت و لە شام نیشتەجێ بوو. بە ڕاستی شێخ عوسمانی سیراجوددینی یەکەم (١٧٨١ – ١٨٦٧) هەر لەو کاتەشدا کە مەولانا هێشتا لە کوردستان یا لە بەغدا دەژیا، گرنگترین خەلیفەی مەولانا بوو. ئەم دوو پیاوە هەر لە سەردەمی فەقێیەتییەوە یەکدییان ناسیوە. بەڵام کە مەولانا دوای گەڕانەوەی لە هیندستان ماوەی پێنج مانگێک لە مزگەوت و بارەگای شێخ عبدولقادری گەیلانیدا لە بەغدا مایەوە، دیسان چاویان بە یەک کەوتەوە و فەقێ عوسمان، کە پاشان بوو بە شێخی سیراجوددینی یەکەم، لەسەر دەستی مەولانا تەریقەتی وەرگرت. دوای دوو ساڵ پەروەردەی ڕۆحی، شێخی سیراجوددین بوو بە یەکەمین خەلیفەی مەولانا. لەو ساڵانەدا کە مەولانا دوو جار ناچار بوو سلێمانی بە جێ بهێڵێت و بچێتە بەغدا، شێخ عوسمان هەر لە خزمەت ڕێبەری خۆیدا بووە. وا پێ دەچێت مەولانا، هەر لە سەرەتاوە بیری لەوە کردبێتەوە شێخی سیراجوددین بۆ ئەوە ئامادە بکات ببێتە جێنشینی خۆی و ئەرکی سەخت و ئاڵۆزی بڵاوبوونەوەی تەریقەتی لە کوردستاندا پێ بسپێرێت. کە ساڵی ١٨٢٠ مەولانا بۆ دواجار سلێمانی بە جێ دەهێڵێت، شێخ عوسمان لە خزمەتیدا ناڕوات، بەڵکە دەچێتەوە بۆ ناوچەی هەورامان. لەوێ دەستی کرد بە دروستکردنی بنکەیەکی پتەو بۆ تەریقەت، کە بوو بە یەکێک لە گرنگترین ناوەندەکانی بەشەتەریقەتی خالیدییە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و هەر واش مایەوە تا پەنجاکانی ئەم سەدەیە. ئەم ناوەندە نەک هەر بەشدارییەکی کاریگەری لە بڵاوکردنەوەی باوەڕ و ئامۆژگارییەکانی تەریقەتی نەقشبەندیدا کرد، بەڵکە بوو بە هۆی پەیدابوونی کۆمەڵێ شاعیر، کە شیعرەکانیان نموونەی هەرە بەرز و جوانی شیعری سۆفییانەن. ئەم نەخشە گەورەیەی شێخی سیراجوددین باشتر ڕوون دەبێتەوە کە بزانین لە مانگەکانی هاوینی ساڵانی ١٨٢١

و ١٨٢٢دا مــەولانا گــەرمــای بەغـدا بە جێ دەهێـڵـێت و ڕوو دەکـاتە زۆزانەکـانی هەورامـان و لەوێ چاوی بـە شـێخ دەکەوێتـەوە و سـەرپەرشـتـیی تـەریقـەتەکە دەکات. شـێخ لە بـەغـداش، هەر نەبێت جـارێک، سـەری مـەولانـای داوە. دوای کـۆچی دوایی مـەولانا شـێخی هەراتی و شـێخ موحـەممەد صـاحیبی برای مـەولانا دەچن بۆ شـام. ئەحمەد پاشـای بابان داوا لە شـێخی سیراجـوددین دەکات ببێتە سـەرپەرشـتکاری خانەقای خالیدی لە سلێمانی. شێخ ئەم ئەرکە لە ماوەی دوو ساڵدا بەجێ دەگەیێنێ بێ ئەوەی واز لە هـاتوچۆی هـەورامـان بێنێت. ئەم دوو سـاڵـەی لێ دەرچێت، شـێـخـی سـیـراجـوددین لە ١٨٢٠ەوە تا ڕۆژی کـۆچکردنی یـەکجـارەکیـی لە ١٨٦٧دا، هەر لە تەوێڵـە و بیـارەی هـەورامـان ژیاوە. لە مـاوەی نزیکەی نیـو سـەدەدا شـێخ خـەڵکێکی یەکجار زۆر بۆ تەریقەت ڕادەکێشێت. مامۆستا مەلا عـەبدولکەریمی مودەڕیس ناوی ٩٦ خـەلیفە و ٣٣ مـەنسـووبی بۆ تۆمـار کردووین. لەناو ئەمانەدا گەلێ زانا و مـەلا و شاعیری گەورە هەن، بەڵام دوو دەسـتەڵاتداری گەورەی نـاوچەکەش: ئەحمـەد پاشـای بابان و ڕەزاقولیـخـانـی ئەردەڵان. ئەمە پێچـەوانەی ئەو باوەڕەیە کـە دەڵێ تەریقـەتی نەقشبەندی تەنیا مەکۆی توێژە بەرهـەڵستکارەکانی کۆمەڵگەی کورد بووە.

ئەگـەرچی شـێـخـی سـیـراجـوددین وەسـیـەتی کـردبوو هەردوو کـوڕەکـەی، شـێخ مـوحـەممەدی بەهـائوددین (١٨٣٧ – ١٨٨١) و شـێخ عـەبدوڕڕەحـمـانی ئەبولوەفـا (١٨٣٧ – ١٨٦٨) ببن بە جێنشینی، بەڵام شێخ عەبدوڕڕەحمان شێخایەتیی نەکرد و چوو لە بەغدا نیشـتـەجێ بوو. ئەو شیـعرانەی لە شێخ عـەبدوڕەحمـان بە جێ مـاون ئەوە نیـشــان دەدەن کـە شــاعـیـرێکی بەهرەدار و گــەورەی ســۆفـیـیـە. شـێـخی بەهائوددینیش شـاعیر بووە، ئەگەرچی ژمـارەیەکی یەکجـار کـەمی شیـعرەکانی لە بەردەســتــدان. شـاعـیـری گـەورەی کـورد مــەولەویی تاوەگــۆزی (١٨٠٦ – ١٨٨٢) مەنسووب و دڵسۆزی شێخی سیراجوددین و، دوای ئەویش، شێخی بەهائودین بووە. سێیـەمین شێخی ئەم زنجیرەیە شێخ عومـەری ضـیائوددینە (١٨٣٩– ١٩٠١) کە لە هەندێ ڕووەوە لە پێـشـینەکانی خۆی جیـاوازە و کـەسـایەتییـەکی تایبـەتی هەیە. لە سەردەمی شێخایەتیی شێخی ضیـائوددیندا بۆ یەکەم جار یادکردنی بـەدەنگ (ذکر جـهـر)یش لە پاڵ یـادکـردنی بێـدەنگدا (ذکـر خـفی) هێنرایە کـۆڕی یادکـردنەوەی خانەقاکانەوە. ئەمە ئەگەرچی بە ڕوواڵەت گۆڕانێکی گەورە نەبوو، بەڵام لە ناوەڕۆکدا

کرانەوە و فراوانبوونی ئاسۆی ڕوانین و بیرکردنەوەی شێخ و نەقشبەندییەکانی پێشان دەدا.

شێخی ضیائوددین زۆر بەپەرۆشەوە بووە بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و زانیاری، هەر لەبەر ئەوەش لە گەلێ ناوچەی کوردستاندا خانەقای تازەی دروست کردووە، مەلای باشی تێدا دامەزراندوون و بوونەتە ناوەندی فەرهەنگ و خوێندەواری. لە خانەقای بیارەدا کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی دامەزراندووە و هەمیشە مەلای چاک و زانای گەورە هاتوچۆیان کردووە. شێخی ضیائوددین خۆیشی شاعیر بووە و ناسناوی شیعریی (فەوزی) بووە. یەکەمین کەسە لە بنەماڵەی شێخانی سیراجوددیندا کە بە کوردی شیعری نووسیبێت. نامەکانیشی، بەتایبەت ئەوانەی بە عەرەبی نووسیونی، نموونەی پەخشانی بەرز و جوانن. یەکێک لە تایبەتییە گرنگەکانی شێخ، پێوەندیی گەرم و دۆستانەی بووە لەگەڵ ڕێبەرانی تەریقەتی قادریدا. بێجگە لەوەی کە لە تەمەنی لاوێتیدا ماوەیەک لە تەکیەی تاڵەبانیدا لەگەڵ شێخ عەلیی کوڕی شێخ عەبدوڕەحماندا خوێندوویەتی، دواتریش بە هۆی ژن و ژنخوازییەوە لەگەڵ بنەماڵەی شێخی قەرەچێواردا، کە شێخی قادرین، خزمایەتییشی پەیدا کردووە.

دوای کۆچی شێخی ضیائوددین هەردوو کوڕەکەی، شێخ نەجموددین (١٨٦٣ – ١٩١٨) و شێخ موحەممەدی عەلائوددین (١٨٦٣ – ١٩٥٤) بە دوای یەکدا بوون بە جێنشین. لە سەردەمی ئەمانیشدا خانەقاکانی تەوێڵە و بیارە پتر گەشەیان کرد و بوون بە مەکۆی زانست و خوێندەواری و فکر و فەلسەفەی ئیسلامی. یەکێک لە زانا هەرە گەورەکانی خوێندنگەی بیارە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس (لە دایکبووی ١٩٠١) بووە کە لە ساڵی ١٩٢٨ەوە لەوێ بووەتە مامۆستا و لە ماوەی ٢٤ ساڵدا دەیان مەلا و زانای پێ گەیاندوون. مامۆستای مودەڕیس لە باسی بیارەی ئەو سەردەمەدا دەفەرمووێت نیوچە زانستگایەک بووە و خانەقا چەند هەزار کتێبی چاپ و دەستنووسی تێدا بووە.

شێخ عوسمانی سیراجوددینی دووەم (١٨٩٦ – ١٩٩٧) لە ساڵی ١٩٥٤دا بوو بە جێنشینی شێخ عەلائوددینی باوکی.

شێخ عوسمانی دووەم ڕێبەرێکی یەکجار شارەزای زانستە ئیسلامییەکان و

شاعیرێکی بالآدەس بوو بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی و شیعرەکانی لە دوو بەرگدا چاپ کراون. هەروەها نامە و وتارەکانیشی لە کتێبێکدا چاپ کراون بە ناوی (سراج القلوب) کە تەرجەمەی زمانی ئینگلیزیش کراوە. شێخی سیراجوددینی دووەم ساڵی ١٩٥٩، دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە عیراق ڕووی کردە کوردستانی ئێران و نزیکەی بیست ساڵێک لەوێ مایەوە. دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ هەورامانی کوردستانی عیراق و دواتریش چەند ساڵێک لە بەغدا نیشتەجێ بوو. بەڵام ٧-٨ ساڵی پێش دواکۆچی لە ئەستەمبووڵ ژیا، تا لە ٣٠ -١-١٩٩٧دا کۆچی دوایی کرد و ئارامگاکەیشی هەر لەوێیە بە تەنیشت خانەقاوە.

ڕۆڵی شێخانی نەقشبەندیی هەورامان لە بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی - موجەددیدی - خالیدیدا لە کوردستانی عیراق و ئێران، سووریا و لوبنان، تورکمەن سەحرا و بۆسنیا، گرنگییەکی ناوەندیی هەیە. لە بواری فکری و فەرهەنگیدا، هەر لایەنێکی گەشی ١٢٠ - ١٥٠ ساڵی ڕابوردوو وەربگریت، ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕەکانی تەریقەتی نەقشبەندی و بۆ ئەو خانەقا و مزگەوتانەی شێخانی سیراجوددینی و خەلیفە و جێنشینەکانیان لە کوردستاندا دایانمەزراندوون. سیما گرنگەکانی قۆناخی باشمەولاناش post - Mawlana دەکرێت لە بەرهەم و ئاکار و وتاری ڕێبەرانی ئەم بەشە تەریقەتەدا ببینرێن، بەو هیوایەی ئەمە دواتر ڕوون ببێتەوە.

ئەو گۆڕانانەی لە بەشە تەریقەتی خالیدی موجەددیدیدا، دوای کۆچی مەولانا خالید، ڕوویان دا، زیاتر لە بواری کردەوەی ڕۆژانە و هەڵوێست بەرانبەر تەریقەت و گرۆیەکانی دیکەدا بوون، نەک لە بنەما سەرەکییەکانی تەسەووف یا تەریقەتەکە خۆیدا. تاکە ڕێزپەڕ ڕەنگە هەڵوێست بێت بەرانبەر ئیبن عەرەبی و تیۆریی وەحدەتولوجوود. ئەم تیۆرییە، وەک پێشتریش باس کرا، یەکێک بوو لە بنەما فکرییە گرنگەکانی تەریقەتی نەقشبەندی، بەتایبەتی لای ڕێبەرانی تەریقەتەکە لە ئاسیای ناوەڕاست. مەولانا خالید تەریقەتی لە ڕێبەرانی ناوچەی هندستان وەرگرتبوو، واتە لە پێڕۆیانی شێخی سرهندی کە دامەزرێنەری بەشەتەریقەتی موجەددیدی بوو، لەبەر ئەوە شتێکی ئاسایی بوو کە بیر و هەڵوێستی سرهندی کاریان تێ

کردبوو‌بێت. لەم بارەیەوە لە نووسین و نامەکانی مەولانادا شتێکی ڕوونمان بەرچاو ناکەوێت، ئەگەرچی ناوهێنانی کۆمەڵێ لە ڕێبەران و زانایانی نەقشبەندی کە بەوە ناسراون هۆگری وەحدەت وجوود بوون، ئەوە پێشان دەدات کە مەولانا شارەزای تیۆرییەکە بووە.

لەو ژیننامانەدا کە دوای کۆچی مەولانا نووسراون لەبارەی هەڵوێستی مەولاناوە هەندێ زانیاری هەن، کە ڕەنگە نەکرێ پشتیان پێ ببەسترێت. شێخ شەهابوددینی ئالووسی دەڵێ «بیستوویەتی» کە مەولانا نەهیی خوێندنەوەی هەندێ کتێبی کردووە، بۆ نموونە (الفتوحات المكية) و (فصوص الحكم)ی ئیبن عەرەبی. مێژوونووسی عێراقی عەبباس عەززاوییش دیسان بیرێکی وەهای دەربڕیوە، بەڵام ئەمانە هیچیان لەگەڵ بەڵگەی دیکەدا کە نزیکیی مەعنەویی مەولانا لە ئیبن عەرەبی و باوەڕەکانیەوە نیشان دەدەن، ناگونجێن.

ئەگەرچی زۆربەی شێخانی سیراجوددینی شاعیر و نامەنووسی باش و چالاک بوونە، بەڵام لە بەرهەمەکانیاندا زیاتر کاروباری شەریعەت یا مەسەلە ڕۆژانەکانی مورید و خەلیفەکانیان باس کردووە. لەناو شێخانی سیراجوددینیدا، نامە و نووسینەکانی شێخ عومەری ضیائوددین لە هەمووان فرەلایەنەترن. لە هەندێ نامەدا شێخ باسی مەسەلەکانی (فەنا) و (لەتایف) دەکات، بەڵام لەبارەی وەحدەتولوجوودەوە هیچمان دەستگیر نابێت.

شاعیری گەورەی کورد سەیید عەبدولڕەحیمی تاوەگۆزی (مەولەوی) (١٨٠٦ – ١٨٨٢)، سۆفی و عارف و شاعیر و زانایەکی کەموێنەیە. مەولەوی موردیدی شێخی سیراجوددینی یەکەم و پاشان شێخی بەهائوددین بووە. مەولەوی لە پاڵ ئەوەدا کە شاعیریکی گەورەیە، زۆریش شارەزای فەلسەفە و حیکمەتە. لەم ڕووەوە زۆر لە (مەولەوی، مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی) دەچێت. بەڵام بە پێچەوانەی مەولاناوە، ئەم بیرە فەلسەفییەکانی خۆی زیاتر لە کارەکانی دیکەیدا، نەک لە دیوانەکەیدا، کە بە زۆری لە شیعری سۆفییانە ولیریکی پێک هاتووە، تۆمار کردوون.

مەولەوی بێجگە لە دیوانەکەی سێ کتێبی مەسنەویی نووسیون؛ العقيدة المرضية بە کوردی، الفوائح بە فارسی و الفضيلة بە عەرەبی. بەشێکی زۆری ئەم سێ بەرهەمە بۆ باسەکانی شەریعەت و عیلمی کەلام تەرخان کراون، بەڵام جێگە بە گەلێ باسی

فەلسەفە و تەسەووفیش دراوە. مەولەوی لە شیعرەکانیشیدا، لەو چوارچێوەیەدا کە شیعر ڕێگە بدات، هەستی سۆفییانەی خۆی بە شێوەیەکی ناسک و بەرز دەربڕیوە. لە نامەکانیشدا، مەولەوی دیسان وەک زانایەک و وەک شارەزایەکی فەلسەفە و تەسەوف بەرانبەرەکەی دەدوێنێت.

مەلا حامیدی کاتب (١٨١٠ – ١٨٩٢) خەلیفەی شێخی سیراجوددینی یەکەم و دواتریش شێخی بەهائوددین و شێخی ضیائوددین بووە. بە پێچەوانەی مەولەوی، ئەم شاعیرێکی باش نییە. زۆربەی شیعرەکانی بۆ مێژووی لەدایکبوون یا کۆچکردنی بنەماڵەی سیراجوددینی تەرخان کردووە. دوو بەرهەمی مەلا حامید سەرنجڕاکێشن و ئەوە پێشان دەدەن کە دەستەڵاتی بەسەر باسەکانی فەلسەفەدا شکاوە. ئەمانە شەرح و لێکدانەوەی (مەسنەویی مەعنەوی)ی مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی و (گوڵشەنی ڕاز)ی مەحمەوودی شەبوستەرین. بێجگە لەم دووەش کتێبی (ریاض المشتاقین)ی نووسیوە، کە ژیننامەیەکی مەولانا خالید و شێخی سیراجوددینە. کتێبەکانی مەلا حامیدی کاتب هیچیان چاپ نەکراون و زیاتر بە شێوەی دەستنووس بڵاو بوونەتەوە.

لەناو خەلیفە و موریدەکانی شێخانی هەوراماندا هەمیشە زانا و شاعیر و عارفی گەورە هەبوونە، کە بە بەرهەم و بە زانستی خۆیان کارێکی زۆریان کردۆتە سەر فەرهەنگی کورد، وەک حاجی سەیید حەسەنی چۆڕی (١٩٠٥ مردووە)، **مەلا عەبدوڵڵای جەلیی کۆیی (١٢٥٠– ١٣٢٦)**، شێخ محەمەدی مەحوی (١٨٣٠ – ١٩٠٦)، شێخ سەلیمی تەختەیی کە بە سالمی سنەش ناسراوە (١٨٤٥ – ١٩٠٩)، شێخ محەمەدئەمینی هەولێری، شێخ عومەری ئیبنولقەرەداغی (١٣٠٣ – ١٣٥٣)، شێخ بابارەسووڵی بێدەنی (١٣٠٣– ١٣٦٣)، شێخ عەبدولکەریمی ئەحمەد برندە (١٣٦١ مردووە)، مەلا مەحموودی بێخود (١٨٧٨ – ١٩٥٥)، شێخ ئەحمەدی شاکەلی (١٩٠٣ – ١٩٨٢) و مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (١٩٠١ لە دایک بووە).

مەحوی، بێگومان، یەکێکە لە شاعیر و سۆفییە گەورەکانی کورد و شیعرەکانی شایانی ئەوەن کە بە قووڵی لێیان بکۆڵرێتەوە بۆ خستنە ڕووی نرخە هونەری و فکرییە بەرزەکانیان. لە شیعرەکانی مەحویدا ڕەنگدانەوەی بیری شاعیر و سۆفییە گەورەکانی ئیسلام بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت. مەحوی، پێ دەچێت، شارەزای

بیـروبـاوەڕەکـانی ئیبن عـەرەبی بـووبێت و تـا ڕادەیەکی زۆریش خـۆی بە لایەنگری زانیبێت.

مـامۆسـتا مـەلا عـەبدولکەریمی مـودەڕیس یەکێکە لە زانـا هـەرە گەورەکانی جیـهانی کوردەواری و هـەمـوو جیـهانی ئیـسلامی. بەرهـەمـە ئەدەبی و فکرییەکانی مـامۆسـتا جێگە و پایەیەکی یەکجار گەورە و گرانیـان لە کتێبخـانەی کوردیدا هەیە و ڕۆڵێکی ناوەندییـان هـەبووە لـە پەروەردەکردنی سـەدان و هـەزاران خـوێندەوار و ڕووناکبـیری کورددا.

شـێخ یـووسف شـەمـسـەددینی بورهـان (١٨٢٦ یا ١٨٢٩ - ١٩١٠)، یەکـێک بوو لە خـەلیفـەکانی شـێـخی سیـراجوددینی یەکەم. شـێـخی بورهـان برەوێکی زۆری دا بە تەریقـەی نەقشـیـەندی لە ناوچەی مـوکریان و خـانەقـای شـێـخی بـورهان مـەکۆیەکی یەکجـار گرنگی تەسـەووف و شـیـعر و فـەرهـەنگ بوو. شـاعیـر و ڕووناکبـیرانی وەک میـسبـاح ئەلدیوانی ئەدەب، میـرزا حـەسـەنی سـەیفی قـازی، فـەوزی، پێشـەوا قـازی محەمەد، مەلا ساڵەحی حەریق، هەژار و هێمن بەرهـەمی خانەقای شێخی بورهـانن و لە بڵاوکردنەوەی فەرهـەنگ و کوردایەتیدا ڕۆڵی گرنگیان هـەبووە.

دوای کـۆچی مـەولانا بـەشـەتـەریقـەتی خـالیـدی مـوجـەددیدی بە هـەمـوو ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست و گـەلێ ناوچەی جـیـهـاندا بڵاو بووەوە. لە زۆربەی وڵاتانی ئـەم ناوچانەدا خـانەقاکـانی ڕێبـەران و شـێخـانی نەقشبـەندی هـەمـیشـە ناوەندی گرنگ و ناسـراوی ئەدەب و فـەرهـەنگ و شـیـعر و فـکر و فـەلسـەفـە بوونە و هـەزاران زانا و شـاعیـر و بیـریـاریان تێدا هەڵکەوتوون کـە دنیـای فـکر و گیـان و ئاوەزیـان بە بەرهـەمـەکـانیـان دەوڵەمەند کردووە.

لە تورکیـا، دوای ئەوەی کـە مـسـتـەفـا کـەمـال ئەتاتورک دەسـتـەڵاتی گرتە دەست، بە ناوی ئـەوەوە کـە دەیویسـت دەوڵەتی سـێکولار دابمـەزرێنێت، کـەوتە دژایـەتیکردنی هـەمـوو دیاردەیەکی ئیـسـلامی و بـەتایبـەتیش دژایەتیکردنی تەریقـەتەکـان. بـەپێی قـانوونێک کـە لە ٣٠- ١١- ١٩٢٥دا دەرکـرا، تەریقـەتەکـان و هـەمـوو دەزگـا و دامـەزراوەکانی سـەر بە تەریقـەت بە ڕەسمی قـەدەغە کران. ئەمـە ئەگـەرچی زیانێکی زۆری گـەیاندە ژیانی فکری و زانسـتیی ئەو وڵاتە، بەڵام نەیتـوانی بـە تەواوی چرای گەشی بیروباوەڕی سۆفییـەکان بکوژێنێتەوە. ئەگەر تـەنیا دنیای کوردەواری بگرینە

بەرچاو، دەبینین کەسانی وەک شێخ سەعیدی پیران، شێخ سەعیدی نورسی و شێخ محەمەد ئەسعەد ڕۆڵێکی یەکجار گرنگیان بینیوە و بە هەموو هێزێکەوە دژی کۆنەپەرستی و فاشیزم ڕاوەستاون.

## حاجی قادری کۆیی

هەتا ئێستایش ئەوەی لەبارەی ژیانی حاجی قادری کۆیی و سەرچاوەکانی بیریەوە نووسراوە، نەیتوانیوە وێنەیەکی گشتلایەنەی وامان پێشکەش بکات، کەسایەتیی ڕاستەقینەی ئەو گەورەپیاوەی مێژووی بیر و داهێنانی کورد بە تەواوی بناسین. بەشێکی ئەم نەناسرانەی حاجی و بەرهەم و بیری حاجی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بارە یەکجار سەختەی حوکمی کاری توێژینەوە لە باسەکانی سەر بە کوردناسی دەکات، بەتایبەتیش هەلومەرجی سیاسی. وەک دەزانین بەشێکی هەرە گرنگی ژیانی حاجی، ئەو نزیکەی سی ساڵەیە کە لە ئەستەمبووڵ ژیاوە. هەتا ئەمڕۆش ئەو قۆناخە هەر وا بە تاریکایی ماوەتەوە و کەسێک نەیتوانیوە خۆی بگەیەنێتە ئەو مەڵبەندانەی کە ڕەنگە دەنگوباسێکی ئەو سەردەمەی ژیانی حاجییان هەڵگرتبێت، مەبەستم کتێبخانە گەورەکانی ئەستەمبووڵە. لەوەشە گەیشتن بەو جێگا و سەرچاوانە هیچ لە زانیارییەکانی ئەمڕۆمان سەبارەت بە حاجی زیاد نەکا، بەڵام هەر نەبێ لەو زڕە هیوا و دڵەڕاوکێیەی ئەمڕۆ دەرماندەکات و ناچارمان دەکات، هەوڵدانەکانمان بەرەو ئاقارێکی دیکە ببەین.

لە ڕووی هونەرییەوە، دەکرێ ژیانی حاجی بکرێ بە سێ بەشەوە: ساڵانی فەقێیەتی و گەڕانی بە ناوچەی جیاوازی کوردستاندا، ساڵانی گەڕانەوەی بۆ کۆیە و ساڵانی ئەستەمبووڵ. ئەمە ئەو دابەشکردنەیە کە مامۆستا مەسعوود محەمەد لە کتێبە سێبەرگییە گرنگەکەی خۆیدا سەبارەت بە حاجی کردوویەتی. ئەو بەرهەمەی مامۆستا مەسعوود تا ئێستا گرنگترین و فراوانترین و قووڵترین لێکۆڵینەوە و سەرچاوەیەکە لە بارەی ژیان و فکری حاجی قادرەوە.

ساڵی لەدایکبوونی حاجی، وەک هیی زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کورد، ڕوون نییە، لە ١٨١٦ەوە تا ١٨٢٥ دەگەڕێتەوە. بەڵام ساڵی کۆچکردنی، بەسایەی ڕۆژنامەی کوردستانەوە، دیارە کە ١٨٩٧ بووە. ئەوەش زۆر ڕوون نییە کە چ ساڵێ کۆیەی بە یەکجاری جێ هێشتووە و لە کەیەوە لە ئەستەمبووڵ نیشتەجێ بووە، بەڵام بەپێی

بۆچوونی مامۆستا مەسعوود محەمەد دەبێ دەوروبەری کۆتایی شەستەکانی سەدەی نۆزدەیەم بووبێت.

بەزۆری لە بواری لێکۆڵینەوەی بیــری نەتـەوایەتیـی کــورددا حــاجـی قــادر لەگــەڵ ئەحمەدی خانیدا بەراورد دەکرێت. واتە ئەگەرچی ئەم دووە شاعیر بوونە و بەرهەمی خۆیانیان بە شیعر نووسیوە، بەڵام دیسانیش ئەوەی وا دەکات لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا باس بکرێن بیرەکەیانە و ئەو پەیامە کۆمەڵایەتی و سیاسییەیە کە دەیانەوێ بیگەیێنن. خانی و حاجی بەم پێیە بوونەتە دوو کۆڵەکەی گرنگی بیری نەتەوایەتیی کورد، واتە ناسیۆنالیزمی کورد، یا کوردایەتی.

کاتی خۆی کە خەریکی نوسینی لێکۆڵینەوەیەک بووم لەبارەی بیری کوردایەتییەوە لە مەموزینی خانیدا، یەکێک لە باسە هەرە ئاڵۆزەکان بە لامەوە سەرچاوەی بیری خانی بوو، بەو مەعنایەی خانی چۆن بوو کەوتە سەر ئەم بیرە و چی بوو وای لێ کرد بەو شێوەیە بیر بکاتەوە. نە ئەوساش و نە ئێستاش من وەرامێکی دڵنیاییهێنم بە دەستەوە نەبووە. وەرامی پرسیارێکی ئاوا لەبارەی حاجی قادرەوە ڕەنگە برێک ئاسانتر بێت، چونکە حاجی خۆی هەندێ سەرەداوی لە شیعرەکانیدا بە جێ هێشتووە کە دەمانبەنەوە سەر سەرچاوەکانی بیری.

حاجی زۆر بە شانازی و دڵگەرمییەوە باسی مەم و زینی خانی دەکات و بە کۆڵەکەیەکی گرنگی ناسینی کوردی دادەنێت. کەواتە ڕوونە، سەرچاوەیەکی سەرەکیی بیری نەتەوایەتیی کوردی لای حاجی بیروباوەڕەکانی خانییە، کە لە مەموزیندا پێشکەشی کردوون. لێرەدا لاباسێک دێتە پێشەوە. ئەو کاتەی حاجی مەموزینی خانیی خوێندۆتەوە، ئەم شاکارەی خانی لەناو خەڵکدا هەبووە و لە زۆربەی مەکتەبەکاندا خوێنراوە. بەڵام لەو سەردەمەی حاجیدا کەم کەس دەبینی وەک ئەم بیریان کردبێتەوە. کەواتە تەنیا بە خوێندن و خوێندنەوەی شاکارەکەی خانی خوێنەرەوە نەبۆتە نەتەوەپەرستێکی کورد. ئەمە چۆنێتیی خوێندنەوەکەیە کە حاجیی گەیاندووەتە ئەو ئەنجامە. حاجی بە خوێندنەوەی مەموزین بۆ وەرامی هەندێ لە پرسیارەکانی خۆی گەڕاوە. ئەمەش ئاسایی و چاوەڕوانکراوە، ئەگەر بزانین ڕووناکبیرێکی وەک حاجی، هەر لە خۆوە ڕووی نەکردۆتە ئەستەمبووڵی پێتەختی ئیمپراتۆریی عوسمانی، بەڵکە بە دووی ئەو سەرچاوانەدا گەڕاوە کە ڕەنگە

ڕوونکردنەوەیەکیان پێ بوو بێت سەبارەت نەتەوەکەی ئەم و ئەو بارەی تێیدا دەژیا.

ئێمە ئەوە دەزانین کە حاجی لە ئەستەمبوولْ ئاشنایەتی و تێکەڵاویی لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانییەکاندا پەیدا کردووە و مامۆستای هەندێ لە میرانی بەدرخان بووە. ئەو کاتە بنەماڵەی بەدرخان لە ڕووی سیاسییەوە تێک شکابوون و میرایەتیی بۆتان و سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردیان لە دەست دەرچووبوو. بەڵام گیانی نیشتمانپەروەری و کوردایەتییان لە جاران گەرمتر بوو، بە دووی ڕێگای نوێتر و باشتردا دەگەڕان بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان. ئاشنایەتی لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانییەکان و لەگەڵ شاکارەکەی خانیدا، کە پێم وایە ئەویش هەر لە ڕێگەی بەدرخانییەکانەوە بوو بێت، وەرامدەرەوەی بەشێکی زۆری پرسیارەکانی حاجی بوو. فاکتۆرێکی دیکە، کە ناکرێ لە پێگەیاندنی هۆشیاریی سیاسی و فکریی حاجیدا بێ کارکرد بوو بێت، دەبێ دەنگدانەوەی بیری نەتەوەبەرستی و نیشتمانپەروەرانەی گەلانی بندەستی دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەتی باڵکان بوو بێت، کە ئەستەمبووڵی ئەودەم پێتەختی فەرهەنگ و بیر و سیاسەتی دەیان نەتەوە بوو. حاجی لە شیعرەکانیدا ئەوەی بۆ تۆمار کردووین کە ئاگاداری زۆر ڕووداوی سیاسی و زانستیی سەردەمەکەی خۆی بووە: داگیرکرانی چین لەلایەن جاپانەوە، ڕزگاربوونی سوودان، بزووتنەوەی یۆنان و بولْگار و سەربەکان، دروستکردنی قولەی ئایفەل لە پاریس، ساڵی ١٨٨٩ کە دەکاتە هەشت ساڵ پێش کۆچی حاجی.

لەنێوان خانی و حاجیدا گەلێ لایەنی هاوبەش و لەیەکچوو هەن، چونکە هەردوو ڕێبەر و پێشەنگی بیری نەتەوایەتین و خۆیان بۆ ئامانجێکی ڕوون تەرخان کردووە. ئەگەر خانی ڕێگای ڕزگاربوونی لە سێ وشەی (یەکگرتن، بەکارهێنانی هێز و چاکە)دا کورت دەکردەوە، حاجی بەرنامەیەکی لە بەرنامەکەی خانی ڕوونتر پێشکەش دەکات، چونکە ئەم لە سەردەمێکی دیکەدا دەژی و مرۆڤایەتی کۆمەڵە هەنگاوێک لە بواری فەرهەنگ و فکر و زانستدا چۆتە پێشەوە. لە سەردەمی حاجیدا تیشکی شارستانییەتی ئەوروپا لە ئەستەمبوولْدا بە دی دەکرا وپێویستیی ڕۆژنامە و زانست و تەکنیک بە تەواوی هەست پێ دەکرا و حاجی دەیزانی ئەمانە چ ڕۆڵێکی گرنگ لە هۆشیارکردنەوەی مرۆڤی کورددا دەبینن. بەڵام باوەڕیشی بەوە هەبوو کە بە بێ شەڕ کوردستان ڕزگار ناکرێ. بۆ ئەوەی کورد ئەو شەڕە بە شێوەیەکی ڕاست و

تازە بکات، دەبێ هۆشیار بکرێتەوە و تیشکی زانستی بەر بکەوێت. حاجی کرۆکی بەرنامەکەی خۆی لە دوو وشەی (شیر و خامە)دا کورت دەکاتەوە. ئەو وەک ڕێبەرێکی بەرچاوڕوون و دووربین، بیر لەو مەترسییانەش دەکاتەوە کە هەڕەشە لە بوونی کورد دەکەن و داوای خۆ ڕێکخستن و ئامادەکردنیان لێ دەکات؛ نەک تەنیا خۆئامادەکردنی ڕێکخراوەیی، بەڵکە بە پەیداکردنی چەک و کەرەستەی شەڕیش.

لای حاجی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ئامانجی سەرەکییە و هەموو دەستاوێژەکان دەخاتە خزمەتی ئەم ئامانجەوە. لەم ڕووەشەوە بە لایەوە گرنگە سنووری ئەو کوردستانەی باوەڕی پێیەتی و بە وڵاتی کوردی دەزانێت، دیاری بکات. کوردستان لای حاجی یەکەیەکی سیاسی و مێژوویی و جیۆگرافیی ئاشکرایە. زمانیش، زمانی کوردی، لە بەرنامەکەی حاجیدا جێگەیەکی دیاری دراوەتێ.

جیاوازیی نێوان بەرنامەی خانی و حاجی بە پلەی یەکەم پێوەندیی بە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و ئەو گۆڕانانەوە هەیە کە لە ماوەی زیاتر لە سەدە و نیوێکدا، دوای کۆچی خانی، بەسەر جیهاندا هاتووە. ئیدی ئەو زڕەتیۆرییانەی خەڵکانی کوردنەناس دەیهێننە کایەوە کە گوایە خانی نوێنەری ناسیۆنالیزمی فیۆدالی و حاجییش نوێنەری ناسیۆنالیزمی بۆرژوا، یا چینە ناونجییەکانە، هیچ بناخەیەکی فکری و ماددییان نییە. ئێمە ئەگەر بیر لەو پاشخانە کۆمەڵایەتییە ئاشکرایەی حاجی بکەینەوە کە هەژار بووە، دەبوو لە هەڵوێستی فکریی بەرانبەر هەژاران ئەم لە خانی ڕادیکاڵتر بووایە؛ کە ئەمە لە شیعرەکانیدا بەرچاو ناکەوێت. کەچی خانی لەم ڕووەوە ئاشکراتر هەڵوێست دەگرێت. ئەگەر خانی هیوای وایە کورد پادشایەکی هەبێت، حاجی قادریش لە سەردەمێکی دیاریکراودا هیوای بە میرێکی کوردە، یەزدانشێر، کە یەکێکە لە میرانی بەدرخان و ساڵانێک لەوەوپێش تەنانەت خیانەتی لە بزووتنەوەکەی بەدرخان پاشای ئامۆزای خۆی کردووە.

بۆ تێگەیشتنی تەواوی بیری حاجی، هێشتا زۆر لەو کەرەستە بنەڕەتییانەی کە بۆ لێکۆڵینەوە پێویستن، شاراوەن و لە بەردەستدا نین. جەلادەت بەدرخان دەڵێ من خۆم دیوانی دەستنووسی حاجیم بینیوە، نزیکەی ٨٠٠ لاپەڕە و بە خەتێکی ورد نووسرابوو. دۆزینەوەی بەرهەمەکانی حاجی، بە تایبەت هی نزیکەی سی ساڵ ژیانی ئەستەمبووڵی، و بەستنەوەی ژیانی بە گۆڕانکارییە سیاسی و فکری و

زانستییەکانی ئەو سەردەمەی وڵاتی عوسمانی و ئەوروپاوە دەتوانێ وێنەیەکی ڕاستتری قۆناخێکی مێژووی بیر لای کوردمان بداتێ.

## شێخ سەعیدی نورسی

سالآنی پێش هەڵوەشانەوە و ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دامەزرانی دەوڵەتی تورکیای کۆماری سالآنێکی پڕ لە بزووتنەوە و گۆڕانکاری و نائارامی و نیگەرانیی فکری و سیاسی بوون. لە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی فەرهەنگی و سیاسیدا ئەم نائارامییە بە دی دەکرێت و لە ژیان و بەرهەمی بیریاران و ڕووناکبیرانی سەردەمەکەشدا دیارە. ئەمە سیمایەکی گشتیی ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە بەرەو گۆڕانێکی بنەڕەتیی بورکانئاسا دەڕۆن و ناکۆکیی نێوان قانوون و بنەما کارپێکراوەکان و ڕەوتی بەرەو پێشەوەچوون دەگاتە ڕادەی نەگونجان و تەقینەوە.

شێوەی تاکڕەوانە و دیکتاتۆریی دەوڵەتی عوسمانی و پەرەسەندنی گیانی شۆڤێنیزمی تورکی بەرانبەر گەلانی بندەستی ئیمپراتۆرییەکە، گەیشتبووە پلەیەک کە ئیدی بە ڕیفۆرمی هەندێ قانوونی گشتی چارەسەر نەدەکرا. ئەگەرچی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ناچار کرا تەختی سەڵتەنەت بە جێ بهێڵێت و هەندێ گۆڕینی دەستووریش کرا، بەڵام ئەمەش نەیدەتوانی باری ئاڵۆز و شێواوی ناوچەکە ئارام بکاتەوە. بەشی هەرە زۆری گەلانی ژێر دەستی عوسمانی ڕێگای شەڕی ڕزگاریی نەتەوایەتی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان هەڵبژارد.

لەناو ڕووناکبیر و خوێنەوار و خەباتکارانی سیاسیی ئەو سەردەمەدا دوو تەوژمی فکری زیاتر لە برەودا بوون و هەڵوێستی ئەو کەسانە و ڕەوتی ڕووداوەکانیان ڕەنگڕێژ دەکرد: پانئیسلامیزم و بیری ڕزگاریی نەتەوایەتی، یا ناسیۆنالیزم. بیروباوەڕی پانئیسلامیزم و یەکێتیی گەلانی موسڵمان، لە سالآنی ١٨٧٠ – ١٩٠٨دا لەناو ڕووناکبیر و زاناکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا هێزێکی بزوێنەر و گرنگ بوو. بەڵام بیری پانئیسلامیزم لە دوو پلەی جیاوازدا و بە دوو شێوەی جیاواز دەردەبڕدرا؛ بیروباوەڕی سوڵتان و حوکوومەت کە دەیانویست بە ڕێگەیەکی بیرۆکراسییانە یەکێتیی گەلانی ئیسلام بپارێزن و، بیروباوەڕی زانا و ڕووناکبیر و خوێنەوارەکان کە دەیانویست شێوەیەکی نوێ و کاریگەر بۆ یەکگرتنی گەلان بدۆزنەوە پێشینەی ئەم دوو شێوەی بیرکردنەوەیە، یا جۆرێکی دیکە کە لە

لێکنزیککردنەوەی هەردوویان پێک هاتبێت، لای بیریارانی وەک جەمالوددین ئەفغانی (١٨٣٨ – ١٨٩٧) و شێخ محەمەد عەبدوھ (١٨٤٩ – ١٩٠٥) دەبینرێت.

ناسیۆنالیزم، ئەگەرچی لای گەلانی ڕۆژهەڵات ڕەگوڕیشەیەکی یەکجار مێژوویی و قووڵی هەبوو، بەڵام بە شێوە سیاسییە نوێیەکەی لە ئەوروپاوە دەگەیشتە وڵاتی عوسمانی. گەلانی بندەستی عوسمانی، بە کوردیشەوە، خەباتیان بۆ ڕزگاربوون لە دەستەڵاتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتی دەکرد. ئەم هۆشیارییە هەمیشە لە پلەی جیاوازدا بووە و لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەک و لە سەرکردەیەکی سیاسییەوە بۆ یەکێکی دی گۆڕاوە. ئەو نموونانەی ئەوروپاش کە دەبوونە ئیلهامبەخش لە وڵاتی عوسمانیدا بەزۆری ئەوانە بوون کە وێنەی ڕێکخستنی پۆڵایین و یەکجار نهێنی، یا سەرکردەی پاڵەوان و کاریزماتیکیان پێشکەش دەکرد؛ کۆمەڵەی کاربۆناری یا سەرکردەیەکی وەک جوسێپ گاریبالدی (١٨٠٧ – ١٨٨٢).

کۆڵۆنیالیستەکانی ئەوروپا دەوڵەتی عوسمانی و دینی ئیسلامیان بە بەرهەڵستێکی یەکجار گەورە دادەنا لە ڕێگای خۆیاندا بۆ داگیر و دابەشکردنی دنیا و دەستگرتن بەسەر سەرچاوە گرنگەکانی کەرەستەی خاو و بازاڕی فرۆشتنی کاڵا پیشەسازییەکانیاندا. بۆ نەهێشتنی ئەم کۆسپەش هەموو شێوەیەکی سیاسی و دیپلۆماتیک و سەربازی وفکرییان دەخستە گەڕ. برەوپێدانی بیری ناسیۆنالیزم لەناو گەلانی بندەستی عوسمانیدا بە شێوەیەکی سیاسیی ڕووتی وا کە دەمە تیژەکەی ڕووی لە دەوڵەتی عوسمانی بێت و ئاکامەکەشی شێوە سەربەخۆییەک بێت لە بازنەی بەرژەوەندی خۆیان نەچێتە دەرەوە یەکێک بوو لە چەکەکانی دەستی کۆڵۆنیالیستان. ئەوان هەڵوەشاندنەوە و پارچەپارچەکردنی ڕۆژهەڵات، بە تایبەتییش ڕۆژهەڵاتی ئیسلامییان دەویست، نەک هۆشیاربوونەوە و ڕزگاریی گەلان. لەبەر ئەوە هیچ سەیر نەبوو کە ساڵانێک دواتر جاسووس و هاوجنسبازێکی وەک تۆماس ئیدوارد لۆرەنس (١٨٨٨ – ١٩٣٥) ببێتە پاڵەوانی ڕزگاریخوازی.

بێجگە لەو دوو تەوژمە فکرییە هەندێ بیروباوەڕی دیکەش هەبوون کە زۆرتر پێوەندییان بە شێوازی بیرکردنەوە و هەڵوێست بەرانبەر دیاردەکانی نوێکردنەوەوە هەبوو. ئەو گەشەکردن و پێشکەوتنە خێرا و بنەڕەتییانەی لە بوارەکانی فەلسەفە و فیزیک و تەکنۆلۆگیدا هاتبوونە کایەوە دیاردەی ئەوتۆیی نەبوون کە ڕووناکبیرێک

خـۆی لێـیـان بێـدەنگ بکات و کـاری پێـیـان نـەبێت. ئەمـە ئاکـامـێکی سـیـاسـیی ڕاستەوخۆیشی لێ دەکەوتەوە کە ناوی سێکولاریزمی لێ نرابوو.

لەناو ڕووناکبـیـر و سـیـاسـەتکار و خـوێندەوارە کـوردەکانی ئـەو سـەردەمـەدا، کـە ئەسـتـەمـبـووڵ بووبووە ناوەندی کـۆبوونەوە و چالاکـیـیـان، ڕەنگدانـەوەی ئەم بیـروباوەڕانە، بـەڵام لە پلەیەکی نزمـدا، بە دی دەکـرێت و کـاریـان کـردووەتە سـەر هەڵوێست و بـەرهـەم و ڕێڕۆی ژیان و خـەباتیـان. کەسـایەتیـیـەکی یەکجـار گرنگ کە جـێـدەسـتی بیـر و هەڵوێست و ڕێڕۆی ژیانی بە گـەلێ لایەنی سـیـاسـی و فکریی کوردستان و ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست و هـەندێ وڵاتی دیکەی دنیاشەوە دیارە، سەعیدی نورسـیـیـە. ژیانی فکری و ئیـدیـۆلۆگـیی شـێخ سـەعـیـدی نورسی پڕە لـە نموونەی سەرانجڕکێش و هـەژێنەری وا کـە بێگومان شـایانی ئەوەیە بە قووڵی لێی بکۆڵرێتەوە و بە چاوێکی ڕەخنەگرانە و زانستییەوە تەماشا بکرێت.

بەدیعـولزەمـان سـەعـیـدی نورسی (١٨٧٦ – ١٩٦٠) نووسـەری (ڕیسـالـەیی نوور = ڕووناکـینامـە، نامـەی یا پەیامی ڕووناکـی) لە گوندی (نورس)ی هـەرێمی بتلیس، لە سـەرووی کوردسـتـان لە دایک بووە. نورسی لـە سـەرەتادا لە مـەدرەسـەی سـەییـدی نوور خـوێندوویـەتی، بەڵام هـەر زوو وازی لەم هێنا و لای شـێخ مـحـەمـەدی جـەلالی لە بایەزید دەسـتی بە خـوێندنێکی قـووڵ کـرد و بوو بـە مـەلا. بەڵام دواتر هـەر لەسـەر خـوێندنی سـەربەست بەردەوام بوو. بە هـۆی گـەڕانەوە بـە ناوچەکـانی کـوردەواریدا پێوەندییـەکی پتەوی لەگـەڵ خەڵکی ئاساییدا پەیدا کرد و ئەوینێکی پتەو بۆ سرشت لە دەروونیـدا دروست بوو کـە هەتـا لە ژیاندا مـابوو گـۆڕانی بەسـەردا نـەهـات. پلەی بەرزی خوێندەواری و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دەستەڵاتدارانی عوسمانیدا هـەر زوو ناوبانـگێکی بـۆ شـێخ سـەعـیـد پـەیدا کـرد. مـاوەیەک بە (مـەشـهـوور) ناسـرابوو، دواتریش، لە ١٨٩٤ەوە بە (بـەدیعـوززەمـان). لە ١٩٠٤ەوە نـاسناوی (غـەریب)ی بۆ خـۆی دانابوو، بۆ دیاریکردنی شـێوەی بیـرکـردنەوەی جـیـاوازی خـۆی. ئەو بـە جلە کوردییـەکانیـەوە و بە خـەنجـەرێکەوە زیاتر لە کـوردێکی خـێـڵـەکی دەچوو تـا مـەلا و زانایەکی لێـهـاتوو. نورسـی لە سـەرەتای ژیانی ئـەدەبیی خـۆیدا کـۆمـەڵێ وتاری بە کـوردی و بە تورکی لـە ڕۆژنامـە کـوردییـەکـانی ئـەو سـەردەمـەدا بڵاو کـردەوە کـە ئاخاوتنەکەی تا ڕادەیەکی زۆر ئاخاوتنی کوردێکی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ بوو.

نورسی دوو ساڵی لە بتلیس وەک میوانی عومەر پاشا بردۆتە سەر. دواتر ساڵی ١٨٩٤، چۆتە (وان) و لە ماڵی تاهیر پاشای والیدا ژیاوە. لەوێ ئاشنایەتیی لەگەڵ زانستەکانی سرشت و فیزیکدا پەیدا کرد و دەستی کردە بەکارهێنانی مێتۆدەکانی ئەو زانستانە بۆ فێرکردنی زانستەکانی ئیسلامی و پێشاندانی هێزی بڕوا. هەر لێرەشەوە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە چارەسەر و پێشکەوتن تەنیا بە ئیمان و باوەڕ نابێت، بەڵکە دەبێ لەگەڵ زانستدا کۆ بکرێتەوە. ئەمە سەرەتای خەریکبوونی نورسی بوو بە مەسەلەکانی فەلسەفەوە، کە تا ساڵی ١٩٢٠ی گرتەوە.

لەو ماوەیەدا کە لە (وان) دەژیا نورسی قسەیەکی (گۆڵدستۆن)ی سیاسەتمەداری ئینگلیزیی لیبراڵ دەخوێنێتەوە کە گوتوویەتی ئێمەی ئینگلیز ناتوانین موسڵمانەکان بخەینە ژێر دەستی خۆمانەوە تا قورئانیان لێ نەسێنینەوە. دەڵێن نورسی سوێندی خواردووە کە بۆ دنیای ڕوون بکاتەوە کە قورئان هەتاوێکی ڕۆحییە و لە شکان نایەت.

ساڵی ١٩٠٧ گەیشتە لای سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم. بەڵام شێوە و جلوبەرگەکەی و داواکردنی دامەزراندنی زانستگەیەکی کوردی لە بتلیس و سووربوونی لەسەر ئەوەی کە ئیسلام زۆرداری قەبووڵ ناکات (مەبەستی زۆرداریی سوڵتان بوو) بوو بە هۆی ئەوەی بدرێتە دادگای سەربازیی ییلدز و دواتر بخرێتە شێتخانەیەکەوە. ئەمە نیشانەیەکی ئاشکرای ئەوە بوو کە ئەو دوو شێوە جیاوازەی بیری پانئیسلامیزم پێکەوە هەڵیاننەدەکرد.

شێخ سەعیدی نورسی هێشتا ڕەواڵێ بوو، کە بتلیسی بە جێ هێشت و ڕووی کردە وان. ئەو دەمە زیاتر خەریکی خوێندنی زانستی کەلام (تیۆلۆگی) بوو، بەڵام لە تەسەووف و شێخانی هەردوو تەریقەتی نەقشبەندی و قادرییشەوە نزیک بوو. ئەگەرچی تەمەسسوکی بە هیچ شێخێکیشەوە نەکرد، بەڵام کارکردی تەسەووف بە هەموو نووسینەکانیەوە دیارە هەر لەو تەمەنەشدا کەوتە سەر بیری ئەوەی لە کوردستاندا زانستگەیەکی گەورەی وەک (ئەزهەر)ی میسر دابمەزرێنێت و ناوی بنێت خوێندنگەی زەهرا، کە لە پاڵ زمانانی کوردی و عەرەبی و تورکیدا، زانستی نەریتانە و دینی و زانستە نوێیەکانیش بخوێنرێن. ئامانجی نورسی ئەوە بوو، وەک خۆی دەیوت، ئەهلی مەکتەب (خوێندنگە نوێیەکان) و ئەهلی مەدرەسە (مزگەوتەکان)

و ئەهلی تەکیە (سۆفییەکان) لە یەک چوارچێوەی زانستیدا کۆ بکاتەوە. بیری ئەم زانستگەیە هەتا ساڵی ١٩٥١یش لای نورسی هەر مایەوە. چوونی نورسی بۆ ئەستەمبووڵ بۆ ئەوە بوو کارێ بکات دەوڵەت یا سوڵتان پشتی بیری دامەزراندنی ئەو زانستگەیە بگرن، بەلام مەبەستێکی دیکەشی ئەوە بوو بچێتە ناو کۆڕی زانایانەوە و لەگەڵیاندا بکەوێتە باسوخواس و دیالۆگی زانستی. کە لە تەمووزی ١٩٠٨دا بزووتنەوەی گرۆی (ئیتیحاد و تەرەقی) دەستی پێ کرد نورسی پشتگیریی بیری چەسپاندنی دەستووری کرد، ئەگەرچی هەر زوو لەوانەیش بێهومێد بوو. ڕەنگە ئێستا سەیر بێتە پێش چاو کە نورسی دژی سوڵتان بێت و پشتگیریی دەستوورێ بکات کە ڕێگەی بۆ پەیدابوونی ڕێژیمی کۆماری خۆش کرد، بەلام لەو سەردەمەدا لە تورکیاش و لە ئێرانیش زانایانی ئیسلام (مەشرووتییەت)یان بە هاوواتای (مەشرووعییەت) دادەنا.

لە سەرەتای شەڕی یەکەمی گێتیگردا نورسی گەیشتە لای سوڵتان محەمەد ڕەشادی پێنجەم و سەرلەنوێ باسی زانستگەی زەهرای هێنایە گۆڕێ. دەڵێن سوڵتان نۆزدەهەزار لیرەی بۆ دامەزراندنی تەرخان کردووە و بناغەکەشی لە کەناری زەریاچەی وان دانراوە، بەلام بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕەوە سەری نەگرت.

کە ڕووسەکان لە سەرەتای شەڕەکەدا هاتنە ناو کوردستانەوە و دواتر شاری وانیان گرت نورسی دژیان ڕاوەستا و خەڵکێکی زۆری بۆ شەڕیان کۆکردەوە. هەر لەو دەمانەدا بوو کە دەستی کردە نووسینی کتێبی (اشارات الاعجاز). لە شەڕێکدا نورسی دیل کرا و ڕووسەکان ڕەوانەی سیبیریایان کرد. دوای دوو ساڵ خۆی لە دەستیان ڕزگار کرد و، بەسەر سانت پیتەرسبورگ و وارشۆ و ڤیەننادا لە ١٩١٨دا خۆی گەیاندەوە ئەستەمبووڵ. لەو کاتەدا ئەستەمبووڵ لەژێر دەستەڵاتی دەوڵەتانی ڕۆژاوا، بەتایبەت بریتانیادا بوو. نورسی کرا بە ڕاوێژکاری شێخولئیسلام.

دوو ساڵ دواتر گۆڕانێکی گەورە بەسەر بیر و دنیای فکریی نورسیدا هات. بیری لەوە دەکردەوە کە هەموو شتێک بەرەو گۆڕان دەچێت، کە دنیایەکی کۆن هەڵدەوەشێتەوە و دنیایەکی تازەی لە جێگە دادەمەزرێت. ئەگەر تا دوێنێ زۆرداریی سوڵتان و حوکمی ناڕەوای دەوڵەت ڕێگر بوون، لە دنیای تازەدا هەڕەشەی ترسناکتر و ترکزەی گەورەتر بەڕێوە بوون.

دەبوو بەرانبەریان ڕاوەستێت، دەبوو هێزێکی دیکە و شێوەیەکی دیکە بە کار بیات. لەم سەردەمانەدا بوو کە قۆناغێکی تازە لە ژیانی نورسیدا دەستی پێ کرد و بوو بە هێڵێکی جیاکەرەوەی نێوان دوو جۆرە کەسایەتی، دوو جۆرە سەعید؛ سەعیدی کۆن و سەعیدی نوێ. سەعیدی کۆن کەسێک بوو تا سنووری لووتبەرزی ئاگاداری بەهرە و توانستەکانی خۆی بوو، بە گژ زانایاندا دەچوو، حەزی لە چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام سەعیدی نوێ کەسێک بوو بێفیز، خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە دەبوارد، لە سیاسەت دوور دەکەوتەوە و پاشەکشێی هەڵدەبژارد، بۆ خۆئامادەکرنێکی دیکە و بۆ شێوەیەکی دیکەی کارتێکردن و گۆڕین.

نورسی لە کەناری بۆسفۆر، لە گوندی ساری یەر چووە خەڵوەتەوە و دەستی کردە خوێندنەوەی قورئان، (فتوحات الغیب)ی عەبدولقادری گەیلانی و نامەکانی شێخ ئەحمەدی سرهندی. ئەم بیرکردنەوە و خوێندنەوانە بوونە هۆی ئەوەی دەست بکاتە نووسینی ئەو شاکارەی کە سەرتاپێی ژیانی خۆی بۆ تەرخان کرد؛ ڕیسالەیی نوور (پەیامی ڕووناکی).

لەساڵی ١٩٢٣دا لەسەر داوای نوێنەرە کوردەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی تورکیا چوو بۆ ئانکارا و لە بەردەم ئەنجومەندا وتارێکی پێشکەش کرد. لەو ئاخاوتنەدا نورسی بە ڕاشکاوی بەرگریی لە ئیسلام کرد و هێرشی کردە سەر فەرهەنگی ئەوروپا و ڕۆژاوا. مستەفا کەمالی سەرۆکی تورک قسەکانی نورسیی پێ خۆش نەبوو. دوای ئەمە نورسی ڕووی کردەوە کوردستان و لە ئەشکەوتێکدا لە نزیکی وان خۆی بە خواپەرستی و بە بیرکردنەوەوە خەریک کرد. لەم کاتەدا بوو کە ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران (نەقشبەندی) هەڵگیرسا. لەبارەی هەڵوێستی نورسییەوە لە ڕاپەڕینەکە گەلێ بیروڕای جیاواز هەن. بەڵام ڕق و دوژمنایەتیی بێسنووری تورکەکان بەرانبەر نورسی ئەوە دەردەخات کە دەبێ پێشتگیریی ڕاپەڕینەکەی کردبێت، چونکە هەر یەکسەر دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە نورسی دوور خرایەوە بۆ بوردور لە ئەناتۆلیای ڕۆژاوا بە تاوانی ئاژاوەنانەوە و شۆڕش هەڵگیرساندن. ئەمە سەرەتای سەردەمێکی ٣٥ ساڵەی پڕ لە ئێش و دەردیسەری و ڕاونان و دەستبەسەری و ئازاردان و دوورخستنەوە بوو لە شارێکەوە بۆ شارێک و لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دی. ئیدی لێرە بە دواوە هەموو تەمەنی نورسی هەر

ئەم ئەشکەنجە فیزیکی و ڕۆحییە بوو، بەڵام هاوکاتیش ئەو هەر لەسەر نووسین بەردەوام بوو. لێرە کتێبی (یەکەم دەرگاکانی ڕووناکی)ی نووسی کە بوو بە پێشەکیی پەیامی ڕووناکی. لایەنگرانی نورسی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆرتر دەبوون و نووسینەکانی زیاتر بەناو خەڵکیدا بڵاو دەبوونەوە. لەوێشەوە دوور خرایەوە بۆ بارلا و لەوێ بە تەواوی دەستی کرد بە دانانی ڕیسالەیی نوور، کە تا ئەو ڕۆژەی کۆچی کرد ١٣٠ بەشی لێ نووسیبوو.

ئەگەرچی نورسی دوورخراوە بوو و کەسوکار و خزمەکانی سەریشیان لێ نەدەدا و خۆی بۆ لێکدانەوەی قورئان تەرخان کردبوو، کەچی لە ساڵی ١٩٣٤دا درایە دادگا بە تاوانی ئەوەی ڕێکخراوێکی نهێنیی دینیی دامەزراندووە بە نیازی هەڵتەکاندنی پایە و بناخەکانی ڕێژیمی کۆماری. نورسی و ١٢٠ کەس لەوانەی نووسینەکانی ئەویان دەنووسییەوە و بڵاو دەکردەوە، لە ئەسکی شەهر هێنرانە پێش دادگە و شەش مانگیان بۆ نورسی بڕییەوە. لە بەردەم دادگادا نورسی خۆی پارێزگاریی لە خۆی کرد و تۆمەتی بەکارهێنانی دین بۆ مەبەستی سیاسیی بە درۆ خستەوە و وتی دین هەموو بوون دەگرێتەوە، چۆن لە ڕچەی تەسکی سیاسەتدا جێی دەبێتەوە؟ ئەمە وەک ئەوە وایە بتەوێ ئۆقیانووسێک بکەیتە گۆزەیەکەوە.

دوای بەسەرچوونی ماوەی زیندان، نورسی لە شاری کاستەمۆنو نیشتەجێ بوو. ئەگەرچی لەژێر چاودێرییەکی یەکجار توندی پۆلیسدا بوو، بەڵام نووسینەکانی بە شێوەیەکی سەیر بڵاو دەبوونەوە، ڕوونووس دەکران و ئەم دەست و ئەو دەستیان دەکرد. پێوەندییەکی فراوانی بە خەڵکەوە هەبوو. لایەنگری لە هەموو لایەک هەبوون و ئەمە وای کرد کە بە نامە بە سەریان بکاتەوە. ئەم نامانەی نورسی لە پاڵ ڕیسالەدا بوونە کۆڵەکەیەکی گرنگی بیروباوەڕەکانی. لە ساڵی ١٩٤٣دا لە دەنیزلی دیسان درایە دادگا و هەر بەو تۆمەتەی پێشوو. بەڵام ئەم جارە دادگا باشتر خۆی ئامادە کردبوو. ئەو بەشانەی ڕیسالە کە لە بەردەستدا بوون نێردران بۆ پرۆفێسۆر و شارەزایانی زانستگەکانی ئانکارا و ئەستەمبووڵ. وەرامی ئەوان ئەوە بوو کە ئەمە نووسراوێکی دینییە و هیچی سیاسیی وای تێدا نییە کە بە تاوان دابنرێت. ئەگەرچی نورسی بێتاوان دەرچوو، بەڵام هەر وازیان لێ نەدەهێنا و هەمیشە لەژێر چاودێرییەکی توندا بوو. تەنانەت هەوڵیان دا دەرمانخواردی بکەن و بیکوژن.

لەوێوە بردیانە ئەمیرداغ لە نزیکی ئافیۆن. ئەو هەر لەسەر کاری خۆی بەردەوام بوو.

ئەم هەمــوو دەربەدەری و زیندانکردنە ورەی نورســیــیـان زیاتر بــەرز دەکــردەوە. ئەو بەندیخـانـەی بە لاوە جـێگەی بیـرکـردنەوە و بـەخـۆداچوونـەوە بوو. دەیگوت زیندان (مەدرەسـەی یووسفییە)یە، خوێندنگەیەکە بۆ پەروەردەکردنی ڕۆح و بارهـێنانی بیر. زنجیرەی دادگاییکردنەکانی نورسی هەر وا بەردەوام بوو. سـاڵی ١٩٤٧ دیسـان لە ئافیۆن برایە بەردەم دادگا. ئەم جارە ١٥ کەس لە هاوکارە نزیکەکانی و هەندێکیش لەوانەی ڕیســالەیان لە شــارەکـانی دیکەدا ڕوونـووس کـردبوو، گـیـرابـوون و تاوانی ئامادەکراویش ئەوە بوو کە ویستوویانە بناخە سێکولێرەکانی دەوڵەت هەڵتەکێنن و ڕێکخراوی نهێنییان دامەزراندووە. نورسی بە بیست مانگ بەندکردن حوکم درا. دادگایەکی بەرزتر حوکمەکەی هەڵوەشاندەوە، بەڵام هەر زوو جارێکی دیکە گیرایەوە و درایە دادگا. ئـەم جارەیان نورسی بێـتـاوان دەرچوو و لە سـێپـتـەمـبـەری ١٩٤٩دا ئازاد کرا، دوای ئەوەی دوو ساڵ دەستبەسەر بوو.

پەیامی ڕووناکی ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ بە ناو خــەڵکدا بڵاو دەبووەوە. لـەم مــاوەیـەدا لە شــارەکــانی کـوردســتــانیش بەتایبــەت لە دیاربـەکـر، خـەڵکی دەســتـیـان کـردبووە پەیداکـردن و خـوێندنەوەی. گـۆڕانێکی گـرنگی دیکە ئەوە بـوو لەناو خـوێندکـارانی زانسـتگەکانی ئەنکارا و ئەسـتـەمـبووڵیـشـدا بیروباوەڕ و نووسـراوەکـانی نورسی دەخـوێنرانەوە و لایـەنگریان پـەیدا کـردبـوو. ئەگـەر ڕیســالە جـاران لـە بازنەیـەکی تەسکی خوێندەوار و خواپەرستانی نەریتخوازدا ناسرابوو، ئێستاکە گەیشتبووە بەر دەستی خوێندەوار و ڕووناکبیرانی تازەیش.

لە مـایـیـسی ١٩٥٠دا وا پێ دەچوو هـەلومـەرجی وڵاتەکـە باشــتـر بووبێت. عـەدنان مـەندەرەس بوو بە سـەرۆکوەزیر و لە گوتارەکانیدا ئەوەی جەخت دەکرد کە تورکیا وڵاتێکی ئیسلامییە و بە ئیسلامـەتی دەمێنێتەوە. نورسی نامـەیەکی بۆ نووسی و بە «پاڵەوانی ئیـسـلام» ناوی برد و داوای کرد تا دەسـتـەڵاتی بە دەسـتـەوەیە چاودێریی بنەمـاکانی ئیـسـلام بکات. بەڵام هەر زوو دەرکـەوت ئەم مـەیلـەی مـەندەرەس کارێکی هەڵپەرسـتانە بووە، بۆ سـەرکەوتن لە هەڵبژاردندا. سـەعیدی نورسـی جارێکی دیکەش درایەوە بـە دادگـا، چونکە بەشــێکی ڕیســالە بە نـاونیــشــانی (ڕێبــەری لاوان) لە زانسـتگەی ئەسـتـەمبووڵدا بڵاو کرابـووەوە. نورسـی لەو بەشـەدا باسـی ئەوەی کـردبوو

کــە جلی ئیـســلامی بۆ جـوانیی ژنان و پاراســتنی کـەســایەتیــیـان، لە جلی لەدەرەوەهێنراو لەبارترە. هەروەها ئەوەی نووسیبوو کە پێویستە بنەماکانی ئیسلام لە پلەکانی خـوێندنگەدا بخـوێنرێن. وتاری بـەرگرییـەکـەی نورسی یەکـێک بوو لە گەرمترین وتارەکانی. ڕووی لە دادوەران کرد و وتی ئایا پێویستە ژنان لەشی خۆیان پێــشــان بدەن و منداڵان لە دین ناشــارەزا بن بۆ ئەوەی دەوڵەتی ســێکولاریست بپارێزرێت؟ ئەگەر وەرام بەڵێیە، ئایا دەوڵەتێکی ئاوا شایانی پاراستنە؟ لە ئەنجامدا نورسی ئازاد کرا. هاوبیران و لایەنگرانی لە ئەستـەمبـووڵ کردیانە جـەژن، بەڵام پۆلیس هەر زوو ناچاریان کرد شارەکە بە جێ بهێڵێت و ناردیانەوە بۆ ئەمیرداغ.

ساڵی ١٩٥٣ نورسی چووە ئیسپارتە و ئیتر هەتا کۆچی یەکجارەکیی هەر لەوێ مایەوە. ئەم ساڵانە پڕ بەرهەم بوون و هەندێ لە بەشە هەرە گرنگەکانی ڕیساله لێرە نووسران. لەم ساڵانەدا پەیامی ڕووناکی بە شێوەیەکی یەکجار بەرین بەناو خەڵکدا بڵاو بووبووەوە، بەتایبەت لەبەر ئەوەی بۆ یەکەم جار چەند بەشێکی چاپ کرا. پێشتر هەر بە دەست دەنووسرایەوە. ڕاونان و هەراسانکردنی نورسی و لایەنگرانی دیسان هەر بەردەوام بوو، بەڵام دوای هەمــوو گـرتن و دادگـاییکردنێکیش ئازاد دەکـران. ڕاستییەکەی ناوەڕۆکی بێزیانی نووسراوەکان دەمێک بوو لای دەستـەڵاتداران ئاشکرا بوو. ئەم ڕاونانە تەنیا بۆ سووکایەتیکردن بوو بە ئایین. لە مانگی مارتی ١٩٦٠دا نورسی لەپڕ چوو بۆ شاری ئورفە لە کوردستان. هەر بە گەیشتنی، دەوڵەت لە ئەنکاراوە فەرمانی دا کە دەبێ بگەڕێنرێتەوە بۆ ئیسپارتە. پۆلیس گەمارۆیان دا، بەڵام شێخی نورسی لە سەرەمەرگدا بوو، لایەنگرانی نەیاهێشت پۆلیس دەستی بۆ ببات. ئەو پیاوەی کە ٣٥ ساڵی تەمەنی، پۆلیس ڕاوی دەنا و هەراسانی دەکرد، لە کاتی مردنیشدا هەر بە پۆلیس دەوری گیرابوو. شێخی نورسی ڕۆژی ٢٤ی مارت کۆچی کرد و دۆستەکانی و دوژمنەکانیشی بە جێ هێشت. دەستەڵاتدارانی عەلمانی (سێکولاریست)ی تورکیا تەنانەت ترسیان لە تەرمەکەیشی هەبوو. کە کوودەتای ٢٧ی مایسی ١٩٦٠ ڕووی دا و عەدنان مەندەرەس لە کار خرا، تەرمەکەی نورسی لە گۆڕ دەرهێنرا و بێسەروشوێن کرا. هەتا ئەمڕۆش کەس نازانێ چییان بەسەر هێنا.

لە ناوەڕاستی شەستەکان بە دواوە هۆشیاربوونەوەیەکی ئیسلامی لە تورکیادا

پەرەی سەند. لەم بزووتنەوە تازەیەدا بیروباوەڕەکانی سەعیدی نورسی هاندەر و ئیلهامبەخش و سەرچاوەیەکی گرنگ بوون. چاپکردن و بڵاوکردنەوەی پەیامی ڕووناکی گەیشتە پلەیەکی یەکجار بەرز. پەیام لە هەموو جێگایەک هەبوو، ئەگەرچی بە ئاشکراش نەدەفرۆشرا. ڕۆژنامەگەریی ئیسلامی بە شێوەیەکی فراوانتر باوەڕەکانی نورسییان گەیاندە خەڵک. ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هەڵبژاردەی وتەکانی شێخیان بڵاو دەکردەوە و وتاریان لەبارەی ژیان و باوەڕەکانیەوە دەنووسی. لەم بوارەدا مانگنامەی (هیلال) و ڕۆژنامەی (بوگوین) ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی. لایەنگرانی نورسی خۆیشیان دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی چاپەمەنیی تایبەتی خۆیان. ساڵی ١٩٦٤ حەفتەنامەی (حەرەکەت) لە شاری ئەرزوڕووم دەست پێ کرا، کە هەڵبژاردەیەکی پەیامی ڕووناکیی بڵاو دەکردەوە، سەرەڕای دەنگوباسی تورکیا و جیهانی ئیسلامی. لە شاری ئیزمیر حەفتەنامەی (زولفیقار) و لە شاری کۆنیایش (بەدیعوززەمان). ئەمانە هەموو تەمەنکورت بوون و ساڵی ١٩٦٨حەفتەنامەی (ئیتتیحاد) کە لە ئەستەمبووڵ دەرچوو و بە هەموو وڵاتدا پەخش دەکرا، جێی هەموویانی گرتەوە. لە مانگی دووی ١٩٧٠دا ئیتتیحاد بوو بە ڕۆژنامە و دواتر (یەنی ئاسیا) جێی گرتەوە.

هاوبیرانی نورسی نەک تەنیا لە ڕێگەی چاپەمەنییەوە بیروباوەڕەکانی پەیامیان بڵاو دەکردەوە، بەڵکە دەستیان کردە دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی و فەرهەنگییش. کاری ئەم ڕێکخراوانە یەکجار نهێنی بوو، بەڵام ڕوویەکی چالاکییەکانیان خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی پەیامی ڕووناکی بوو. زۆربەی جار لە بازنە و گرۆی بچووکدا کۆ دەبوونەوە، کە لە نێوان دە تا حەفتا کەسێک بەشدارییان تێدا دەکرد. ئەگەرچی ئەم کۆبوونەوانە تەنیا بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی نوسراوەکانی نورسی بوون، بەڵام دیسانیش زۆر جار پۆلیس پەلاماریان دەدان و هەندێکیان دەگرت. ئەم ڕێکخراو و بازنە فەرهەنگییانە درێژەی باوەڕ و بیر، هەروەهاش ئامانجەکانی نورسی بوون، بەڵام لەناویاندا کەسێک هەڵنەکەوت بتوانێ جێگەی نورسی وەک ڕێبەر و بیریار بگرێتەوە. نورسی هەمیشە پێی وا بوو کە لایەنگرانی دەبێ ڕوو بکەنە بەرهەمەکانی، نەک خۆی وەک تاکە کەس.

پەیامی ڕووناکی بەو مەبەستە نووسرابوو کە ئیعجازی قورئان لە سەردەمی گومان و ماددەپەرستیدا پێشان بدات و نورسی پێی وا بوو کە ویستی خودایی ئەوی بۆ ئەو

ئەرکە هەڵبژاردووە. کاتێ شێخی نورسی کۆچی کرد ١٣٠ بەشی لێ نووسیبوو. هەر بەشێک لەسەر بناخەی چەند ئایەتێکی قورئان دامەزراوە و ئایەتەکان کراونەتە نوختەی دەرچوون بۆ موناقەشەی دووردرێژی کۆمەڵە باسێکی مەنتقی و میتافیزیکی. لە ڕێکخستن و بە دووی یەکداهاتنی بەشەکاندا هیچ سیستەمێک ڕەچاو نەکراوە، بەڵکە هەندێ باس و بابەتی قورئان بەپێی بیر و بۆچوونی نورسی هەڵبژێردراون و بە شێوەیەک لێک دراونەتەوە کە پتر لە ئاخاوتنی سۆفییانەوە نزیکە تا تەفسیرێکی کلاسیک. هەر بەشێکی پەیام ناوی لەمعە (بریسکە) یا شوعاع (تیشک)ـە. لەناو بەشەکانی پەیامدا بایەخێکی زۆرتر دەدرێ بە (سیوسێ وشە) کە بە کاکڵی بەرهەمەکە دانراوە. لە هەندێ بەشدا ئەوە جەخت کراوە کە داهێنراوە تەکنۆلۆگی و زانستییەکان لە قورئاندا پێشبینی و باس کراون. نورسی دەیوت پەیام تیشکدانەوەی قورئانە، وەک چۆن مانگ تیشکدانەوەی خۆرە. بێجگە لە نووسینەکانی، نورسی بایەخێکی زۆریشی بە خەون دەدا، هیی خۆی یا کەسانی دیکە، و نیشانە و مەعنای تایبەتی لێوە هەڵدەهێنجان. لایەنگرانی نورسی دەڵێن کۆکردنەوەی زمانی مەجاز و نیشانە لەگەڵ لێکدانەوەی بەناو زانستیدا، دەتوانێ خواناسان لە باوەڕی کوێرانە یا نەریتانەوە (ئیمانی تەقلیدی) ببا بەرەو باوەڕی دڵنیایی (ئیمانی تەحقیقی). کە بیر لەوە بکەینەوە بەشێکی خوێنەرانی پەیام خوێندکارانی زانستگە، کارمەندانی دەوڵەت و پارێزەران بوون، گومان لەوە دەکەین پەیامی ڕووناکی توانیبێتی باوەڕ بداتەوە بە کەسانێک کە باوەڕیان لە دەست دابێت. لایەنگرانی نورسی ڕەنگە زیاتر لەناو خواناسان و بڕوادارانی شارە بچکۆلەکانی ئەناتۆلیادا بووبێتن. پەیام دەبووە هۆی بەهێزکردنی بڕوای ئەمانە.

وەک دەبینین پەیامی ڕووناکی لێکدانەوەیەکی قورئانە، کەم و زۆر، وەک هەر تەفسیر و لێکدانەوەیەکی دیکە. کەواتە بۆچی دەبێ دەوڵەتی تورکیا بەو شێوە دڕندانەیە لە ماوەی سیوپێنج ساڵدا شێخی نورسی و لایەنگرانی ڕاو نابێت و بەند کردبێت؟ وەرامەکە دەبێ لە سرشتی سێکولاریزمی تورکیادا بدۆزینەوە. لە کاتێکدا سێکولاریزم ئەوە دەگەیێنێ کە دەوڵەت دەست نەخاتە ناو کاروباری دینەوە، تورک سێکولاریزمی وا لێک دایەوە کە لەناوبردنی دین بکا بە ئەرک و ئامانجی خۆی. نەهێشتنی قانوونی ئیسلامی، گۆڕینی بانگ بۆ تورکی، هەڵوەشاندنەوە و قەدەغەکردنی تەریقەتەکان، دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری دینی بۆ

ڕیشــەکـێـشکردنی دین نەک تەنیـا لەناو دەوڵەتدا، بەڵکە لەناو خــەڵکیــشــدا، دوورکەوتنەوە لە گەلانی  موسڵمان، هەندێ ڕووی سێکولاریزمی تورک بوون. شێخی نورسی، کـە پـەیامـێکی دیکەی پێ بوو، دژی گـەلێ لایەنـی سـێکولاریزمی ئـەتاتورک بوو. تۆمـەتێکی نەبڕاوەی دەوڵەتی تورکیا بەرانبـەر شـێخی نـورسی کوردبوونیـەتی. نەک تەنیـا دەوڵەت، بەڵکە تـەنانەت زۆریش لە نـووسـەرانی عـەلمانی (سـێکولاریست) هەمـیـشـە وایان بـڵاو کردۆتەوە کـە نورسی بـە ناوی دینەوە ویسـتـوویەتی ئامـانجی ڕاسـتـەقـینەی خـۆی بێنێـتـە دی: دامـەزراندنی دەوڵەتێکی کـوردی. کـوردایەتی و کۆمـونیستی هەمیشە بە دوو لای یەک هاوکێشە دانراون و نـەیارانی کەمالیزمی پێ تاوانبار کراون.

لە مـاوەی چل ساڵی ڕابردوودا لایەنگر و هاوبیرانی نورسی نەخشێکی گەورەیان لە ژیانی سـیـاسی و فکری و فـەرهەنگیی تورکـیـادا بینیـوە. ئەو ڕێکخـراو و پارتی و دەسـتانـەی خۆیان بە بەردەوامیی باوەڕەکانی نورسی زانیـوە و دەزانن کـەم نین. لەم سـالانەی دواییـدا هـەسـتی نەتەوایەتی، یا ڕاسـتتر نـەبوونی پرۆژە و چارەسـەرێک بۆ مـەسـەلەی کـورد لای ئەو ڕێکخـراوانە، بـوو بە هۆی ئەوەی ئـەندامـە کـوردەکـان لە تورکەکان جیـا ببنەوە و ڕێکخـراوی تایبـەتی خـۆیان دابمەزرێنن. ئەمـانە ئێـسـتـاکە دەڵێن نرخـەکانی کوردایەتی و ئیسـلام پێکەوە دەگونجێن. ڕژێمی تورکیا وەک چۆن لە ژیانی شێخی نورسیدا هەمیشە خەریکی داپڵۆسین و ڕاونانی بوو، ئەمڕۆیش هەر وا نەوەکانی شێخی نورسی ڕاو دەنێت.

## کە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی... ڕوونکردنەوە و خەمێکی دیکەش

لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی یەکـەمین بەشـی زنجیـرەنووسـینی (کـورد و مـێـژووی بیـر)دا، هـەنـدێ لەو دۆســتــانـەی ســەروســەودایەکی ئەو باســانەیان هـەیە چ ڕووبـەڕوو، بە تەلـەفــۆن یا بـە نووسـین (پەیام، ژمــارە ١٥) کــەوتنـە هەڵوێست نـواندن: هـەندێکی ڕەخنەئامـێـز و برێکیش پیرۆزبایی و دەسـتـخـۆشـانە. بە پێـویسـتـی نازانم لێـرەدا وەرامی کەس بدەمەوە بەڵام پێم وایە جێی خۆیەتی یەک دوو لایەنێک ڕوون بکەمەوە.

من هـەر لە سـەرەتاوە ئەوەم بە ڕوونی نووسیوە کە مێژووی فـەلسەفـە نانووسم، هـەر بۆیەشـە ناوی زنجیرە وتارەکەمم ناوە (کورد و مێژووی بیر). دەنا دەمتـوانی هـەر بە ئاسانی بنووسم مێژووی بیر یا فەلسەفە لە کوردستاندا.

بەستنەوەی هەبوون یا نەبوونی (دەوڵەت) بە فەلسەفەوە بیانووییەکی ڕاست نییە. دەنا ئاسوورییەکان ئەوە دوو هەزار ساڵە بێدەوڵەتن، بەڵام بیریار و فەیلەسووفی گەورەشیان تێدا هەڵکەوتووە، هەروەها جوولەکەش لە ماوەی دوو هەزار ساڵدا، تا ناوەڕاستی ئەم سەدەیە، بێدەوڵەت بوون، کەچی مێژووی فەلسەفە ناوی دەیان و سەدان بیریار و فەیلەسووفی جوولەکەی بۆ هەڵگرتووین. من ئەوەشم هەر لە سەرەتاوە وتووە کە (مەرج نییە هەموو نەتەوەیەک فەلسەفەی خۆی هەبوبێت یا هەبێت). ئێستاش هەر ئەوە دەڵێمەوە کە ئێمە دەتوانین باسی کۆمەڵە فەلسەفەیەک بکەین لە ناوچەی جۆربەجۆری دنیادا کە هەر یەکە شارستانەتییەکی خۆی هەبووە. کورد لە ڕابوردوودا بەشێک بووە لە فەرهەنگی ئێرانی، هەر بەو پێیەش ئەگەر لە بواری بیردا شتێکی پێشکەش کردبێت لە چوارچێوەی فەلسەفە و بیری ئێرانیدا کردوویەتی. دواتریش بە هاتنی ئیسلام کورد بوو بە بەشێک لە شارستانێتی و فەرهەنگ و فکر و فەلسەفەی ئیسلام. تۆ هەڵوێستت بەرانبەر ئیسلام هەرچییەک هەیە با ببێت، من کارم بەوە نییە، بەڵام کەسمان ناتوانین لەو ڕاستییە هەڵبێین و خۆ بدزینەوە، کە مێژووی بیر لای کورد بەستراوەتەوە بە مێژووی بیری ئیسلامی و بە تایبەتیش تەسەووفەوە. تەنیا لە سەدەی بیستەمدایە کە هەندێ بیری دیکە لە ناو کورددا دێنە کایەوە، ئەوەشم داناوە، خوا یار بێت، بۆ بەشێکی تایبەتی ئەم زنجیرە وتارە. ئیتر ئەگەر بیریارانی کورد (نەک بیرەوان) لە چوارچێوەی تەسەووفدا قەتیس ماون، ئەوە تاوانی من نییە، بەڵکە ڕاستییەکی مێژوویی و لەبەرچاوە. من نەهاتووم مێژوو دابڕێژمەوە.

دوا شتی گرنگ ئەوەیە، ئەو دۆستانە دەبوو ئەوەیان ڕەچاو بکردایە کە من لەگەڵ ناوی وتارەکاندا (بەشی یەکەم و بەشی دووەم)م بە کار بردووە. واتە من وام نیازە خوا یار بێت، بە ٦-٧ بەشێک قۆناغە جیاجیاکانی بیر بە سەر بکەمەوە. ڕەنگە لە کۆتاییشدا ئەنجامگرییەک بنووسم. لەبەر ئەوە هەر وا بەپەلە بەرۆک پێ گرتنی نووسینێک عەقڵگیر و ڕەوا نییە. منیش لەگەڵ ئەو شاعیرەدا، کە وا دیارە مەولانای نەقشبەندیی شارەزووری زۆری بە دڵ بووە، دەڵێم:

اندکی پیش تو گفتم غم دل ترسیدم
که دل آزرده شوی، ور نه سخن بسیار است.

# ئێمە پێویستمان بە شۆڕشێکی فەرهەنگییە

پێم وایە من هەر لە ساڵانی منداڵیمەوە پێوەندییەکی یەکجار عاشقانەم لەگەڵ زماندا هەبووە و زۆر هەستەوەرانە لێی ورد بوومەتەوە و بیرم لێ کردووەتەوە. ئەو دەمەیش کە لە کوردستان دەژیام بە وردی و ڕەخنەگرانە سەرنجی نووسین و تێکست و چاپەمەنییەکانم دەدا، بەڵام بەڕاستی نەمدەتوانی پشت بە زانست و تیۆرییەکانی زمان ببەستم، چونکە شارەزای ئەو بوارە نەبووم. لای خۆمەوە هەندێ باوەڕ و بنەمام گەڵاڵە کردبوون کە زادەی سەلیقە و بیرکردنەوەی خۆم بوون، نەک تێگەیشتنێکی زانستی. دواتر کە لە ئەورووپا بە شێوەیەکی زانستی زمانم خوێند و ئاشنایەتیم لەگەڵ هەندێ زمانی دیکەدا پەیدا کرد؛ چ زمانی تازە و چ هیی کۆن و مردوو، کۆمەڵێ بنەما و باوەڕم لە لا دروست بوون و نەدەکرا لە دەرەوەی زانستی زمانەوانی و لە دەرەوەی چێژی ئێستێتیکی بیر لە تێکستێکی کوردی بکەمەوە.

من کە ئەمڕۆ دێم ڕەخنە دەگرم و پێم وایە زمانی کوردی بەرەو هەڵدێران و شێواندن دەچێت، لە سێ ڕووەوە بیری لێ دەکەمەوە: ڕێزمان و ڕێنووس و ئێستێتیکی بەکارهێنان. چارەسەری نەخۆشییەکانی ڕێزمان و ڕێنووس کارێکی تەکنیکییە، کارێکە پێوەستی بەکارهێنانی زانست و بنەما زانستییەکانە. زانستگەکانی کوردستان و کۆڕی زانیاریی کوردستان (کە ئێستا ناو نراوە ئەکادێمیا) و دەستگا و دامەزراوی دیکەیش زۆرن کە ئەم چارەسەرکردنە ئەرکی ئەوان بووە و ئەرکی ئەوانە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەمانە هەموویان، بێ ڕیزپەڕ و بێ هەڵاواردن، سەرنەکەوتوون و تووشی شکستێکی گەورە بوونە. ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە زمانی کوردی لەباتیی ئەوەی بەرەو پێش بڕوات، دەیان ساڵ بۆ دواوە بگەڕێتەوە. ئەم دەستگایانە چەند نەوەیەکی کوردیان لە ڕووی زمانەوە سەقەت کردووە، سەدان هەزار کچ و کوڕی کورد کە ئەمڕۆ دەیانتوانی ببنە پێشەنگی تازەبوونەوەی زمانی کوردی و گەشەکردن و جوانبوون و بڵاوبوونەوەی، ئێستاکە بە دەست ڕستەیەکی کوردییەوە دادەمێنن و نازانن چۆنی بڵێن و چۆنی بنووسن، نازانن چۆن باوەڕ و

هەست و بۆچوونەکانیان بە کوردییەکی جوان و پاراو و ڕاست و لە پلەیەکی بەرز و زانستانەدا دەرببڕن. لە سەرتاسەری کوردستاندا، تاکە کەسێک لەوانەی کوردیزانن، تاکە یەکێک لەوانەی کوردییەکی جوان دەنووسن، دیارە ئەمانە یەکجار کەم و دەگمەنن، بەرهەمی ئەو دەستگا بەناو زانستی و ئەکادێمییانە نییە. ئەمانە نەیانتوانیوە یەک دانە گەنجی کورد پێ بگەیێنن. تەماشای هەر ڕۆژنامە و گۆڤار و وەرزنامە و کتێب و نامیلکەیەک دەکەیت سەدان و هەزاران هەڵەی ڕێزمان و ڕێنووست بەرچاو دەکەوێت. سەدان ڕستە و دەربڕین دەخوێنیتەوە دەڵێی کەسێکی بێگانە کە دوو سێ ساڵێکە فێری کوردی بووە، نووسیونی.

لایەنی ئێستێتیکیی زمان شتێک نییە بە قانوون و بە دەستوور چارەسەر بکرێت. ئەمەیان لە پلەی یەکەمدا پێوەستی کار (یا شاکار) و بەرهەمی نووسەران و داهێنەرانە، پێوەستی ئەو چێژ و سەلیقە و توانستەیە کە نەتەوەیەک لە ماوەی سەدان ساڵدا پەروەردەیان دەکات و دەیانکاتە کۆمەڵە نەریتێک، کۆمەڵە (عورف)ێک، کۆمەڵە نرخێک کە هەر کەسێک کەمترین هەستی زمانەوانی و ئەدەبی و ئێستێتیکیی هەبێت، ناتوانێ و ناوێرێ لێیان لا بدات. ئەمە بەرپرسیارییەکی ئەخلاقییە، بەرپرسیارییەکی مەعنەوییە کە زۆر خۆکارانە (ئۆتۆماتیک) کار دەکات.

هەموو گرفتەکانی ئەمڕۆی زمانی کوردی بەشێکن لەو ئاژاوە و بەرەڵایی و نەخوێندەوارییەی کە سەرتاپێی کوردەوارییان گرتۆتەوە و بوونەتە کۆسپی گەورە و زنجیر و پێبەستی ئەستوور و، دەستوپێی نەتەوە و نیشتمانێکیان بە جۆرێ بەستۆتەوە کە نە دەتوانن بجووڵێنەوە و نە دەتوانن بیریشی لێ بکەنەوە. نەبوونی سیاسەتی فەرهەنگی (Cultural policy) کە سیاسەتی زمانەوانی بەشێکی گرنگ و ناوەندیی ئەو سیاسەتەیە، سەرچاوەی هەموو ئەم کارەساتەیە. ئەمە کارەساتێکی یەکجار گەورە و خەتەرناکە. ئەمە سەرەتای داڕزان و لەناوچوونی نەتەوەیەکە. زانستگەکانی کوردستان، کۆڕی زانیاریی کوردستان، وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و ڕۆشنبیری، دەستگاکانی ڕاگەیاندن (ی حوکمەتی و ناحوکمەتی) و کۆمەڵێ لایەنی دیکەیش، هەموویان بەرپرسیارن. هەموویان، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، دەستیان لەم کارەساتەدا، لەم تاوانەدا، هەیە.

بوارێکی دیکەی زۆر گرنگ هەیە کە بەڕاستی من کەمجار قسەم لەسەر کردووە،

چونکە دەزانم کەم کەس تێی دەگەن، مەبەستم هەژاریی فەرهەنگی و هەژاریی زانستییە. من زۆرجار کە کتێبێکی کوردی دەخوێنمەوە، کە چاو بە کتێبێکی خوێندنگەدا دەگێڕم، کە وتارێکی درێژ و پانوپۆڕی ناو گۆڤارێکی جیددی تەماشا دەکەم و کە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنە کوردییەکان دەبینم، بەڕاستی شەرم دامدەگرێت، بەڕاستی هەست بە ڕووخان و بێئومێدی و هەڵوەشانەوە دەکەم. ئایا ئەمەیە فەرهەنگی نەتەوەیەکی وەک کورد؟ ئایا ئەمە فەرهەنگ و زانستە کە دەرخواردی مرۆڤی کورد و خوێنەری کورد و منداڵی کورد و لاوی کورد دەدرێت؟ ئێمە بەم پلە نزمەی زانست و فەرهەنگەوە چۆن دەتوانین ببینە بەشێک لە دنیای ئەمڕۆ؟ ئەی ئەو هەموو قسە زل و پووچ و بێناوەرۆکانەی وەک (عەولەمە و کۆمەڵگەی مەدەنی و دیمۆکراسی و عەلمانییەت و یەکسانی) بەم بیر و تێگەیشتن و خوێندەوارییە گۆج و ئیفلیجە بە دی دەهێنرێن؟

پرسیارێکی مەنتیقی و لۆگیکییانە، دوای دەربڕینی ئەم بیروباوەڕانەی من، ئەوەیە ئایا چارە هەیە؟ ئەی چارە. ئەگەر هەیە، چییە؟ بێگومان چارە هەیە. ئەمڕۆ زانست گەیشتۆتە پلەیەک و بە جۆرێک بە دنیادا بڵاو بووەتەوە کە خەڵک دەتوانن سوود لە بەشی هەرە زۆری وەربگرن و بیکەنە کەرەستەیەکی فەرهەنگی و ئەپستیمۆلۆگی، بیکەنە ڕێبەرێک بۆ پێشکەوتن و گەشەکردن. ئەم سوودوەرگرتنە دەکرێ لە پلەی تاکەکەسدا بێت و دەکرێ لە پلەی گەل و وڵات و نەتەوەیشدا ڕێک بخرێت. بۆ ئێمەی کورد ئەمەی دوایی گرنگ و پێویستە. ئەمەیان دەبێ دەستەڵاتی سیاسی جێبەجێی بکات، دەبێ لە چوارچێوەی نەخشەیەکی ڕێکوپێک و تۆکمە و ژیرانەدا بێت، دەبێ دەستەڵاتی سیاسی لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە پشتگیریی بکات. ئەم پرۆژەیە پێی دەگوترێ (سیاسەتی فەرهەنگی). سوودوەرگرتن هەرگیز بەو مەعنایە نییە کە هەموو نرخە مێژوویی و ڕۆحی و شارستانی و فەرهەنگییەکانی خۆمان بسووتێنین و ببینە دیلی فەرهەنگ و شارستانەتییەکی بێگانە. ئەمڕۆ لە کوردستاندا جۆرە تێگەیشتنێکی وەها هەیە و کارکردێکی یەکجار خراپی لەناو خەڵکدا دروست کردووە. ئەو بیرە بیری کەمالیزمە، بیری ئەتاتورکە. یا با بڵێین لاساییکردنەوەی کەمالیزمە. ئێمە دەبێ سوود لە هەموو لایەنە چاک و ڕاستەکانی فەرهەنگ و شارستانەتیی دنیا وەربگرین و بوێرین لایەنە پیس و خراپ و بۆگەنەکانی فەرهەنگی خۆیشمان فڕێ بدەین و زیندەبەچاڵی بکەین، بەڵام پێویستە توند دەست بگرین بە

نرخـه بەرزە ڕۆحی و فـەرهەنگی و شـارسـتـانەتیـیـەکانی خـۆمـانەوە. دەزانم ئەمـە هاوکێشـەیەکی ئاسـان نیـیـە، جێبەجـێکردنیشی ئاسـان نییە. تەنیـا سـەرکـردە و سەرکردایەتییەکی یەکجار ژیر و بوێر و دڵسۆز و دووربین دەتوانێ کاری بۆ بکات.

ئێمە پێویستمـان بەوەیە زمانی کوردی بکەینە زمـانێک لە هەموو، تۆ بڵێ لە زۆربەی، بوارەکـانی زانیـاریدا دەسـتـەڵاتی هـەبێت و بیگوێزێتـەوە بۆ خـوێنەری کـورد. پێویستمان بە دەربڕینی تازەیە، پێویستمان بە تێرم و زاراوەی تـازەیە، پێویستمان بە مێتۆدیکی تازەی زانستیی ڕۆژاوایە لە بواری لێکۆڵینەوەی زانسـتیدا، پێویستمان بەوەیە بابەتە جۆراوجۆرەکانی زانست و زانیـاری بە کوردی بەرهەم بهێنین. ئێمە پێویستمان بە شۆڕشێکی فەرهەنگییە؛ شۆڕشێکی ڕاستەقینەی فەرهەنگی.

## زەردەشتیزم: فەلسەفەی کوردەواری یا وەهمی خۆپاراستن؟

**بەرایی:**

من نە ئاڤێستازانم و نە زەردەشتناس. لە سەرەتای هەشتاکاندا یەک دوو کۆرسی زمانی ئاڤێستام خوێند و بەشێکی کەمی گاتاکانمان شی کردەوە. بە سەرنجدانی ئەو هەموو سەرچاوەیەی لەو بوارەدا هەبوون و باس کرابوون، ئەوەم لە لا ڕوون بوو کە بۆ ئاشنابوون لەگەڵ بابەتەکاندا دەبێ مرۆڤ خۆی بۆ تەرخان بکات و بە قووڵی سەرچاوەکان بە سەر بکاتەوە. زەردەشتناسی خۆی زانستێکە وەک هەموو زانستەکانی دیکە، بنەما و مەرجی خۆی هەن، مێژووی خۆی هەیە و لق و بەشی جیاواز و زۆری لێ دەبنەوە.

من ئەم نووسینەی خۆم ناو نانێم لێکۆڵینەوە و بە کارێکی زانستیشی دانانێم. لێرەدا تەنیا هەوڵی ئەوە دەدەم لە ڕوانگەیەکی فەرهەنگی و فەلسەفی ـ سیاسییەوە لەو دیاردەیە ورد ببمەوە؛ بۆچی لەناو بازنەیەکی تەسکی خوێنەوار و ڕووناکبیرانی کوردستاندا جاروبار بیری گەڕانەوە بەرەو زەردەشتیزم و بەرەو ئاڤێستا دێتە ئاراوە و هێشتایش کەسانێک هەن پێیان وایە زەردەشت دەرمانی دەردەکانی ئەمڕۆی کوردەواریی پێیە و بە خۆبەستنەوە بە باوەڕەکانی زەردەشتەوە ئیدی دواکەوتن و بندەستیی دووهەزار ساڵەمان لە کۆڵ دەبێتەوە. من، دوای نزیکەی چارەکە سەدەیەک ژیان لە ئەورووپا، ناتوانم هەروا بە ساکاری تەماشای ئەو دیاردانە بکەم کە دەزانم لە زۆر لاوە بە تەونی بیر و نەخشەی ڕۆژهەڵاتناسان و ئیمپەریالیستانەوە بەستراون. هاوکاتیش ناتوانم چاو لەو ڕاستییە تاڵە بپۆشم و لێی ببوورم کە ژیانی فەرهەنگی لە وڵاتانی ئێمەدا هێندە کز و لاواز و دواکەوتووە، فەرهەنگکارانی وا پەروەردە کردووە کە بە هیچ جۆرێ خۆیان بەوەوە ماندوو ناکەن بچنە بنج و بناوانی لق و بابەت و دیاردە هەزاربەهەزارەکانی زانستەوە لە دنیای تازەدا.

## سەرهەڵدانەوە:

وا پێ دەچێت ئەم بەسەرکردنەوەیەی دینی زەردەشتی و ئاڤێستای کتێبی پیرۆزی دینەکە، هەر چەند ساڵ جارێک لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگیی کورددا سەر هەڵدەداتەوە و هەندێ خەڵک خۆیانی پێوە خەریک دەکەن، بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ بکەوێتەوە کە قورسایی و گرنگییەکی عەقڵی و لۆگیکیی هەبێت. بە خوێندنەوەی چاپەمەنییە کوردییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، ناوەڕاستی چلەکان، کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان و هەروەهایش سەرەتای حەفتاکان، دەبینین ئاڵۆشی زەردەشتییەت و تاسە و نۆستاڵگیای ئاڤێستا و گاتاکان بەر بووەتە گیانی بەشێک لە ڕووناکبیران و کۆلکە ڕووناکبیران. ئەمانە لەوە زیاتر کە پەنایان بردووەتە بەر تارماییی کەرتێکی مێژوو بۆ لەبیربردنەوەی دەردە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆیان، نە کارێکی زانستییان ئەنجام داوە کە ببێتە ڕێرۆشنکەرەوە بۆ تێگەیشتن لە زەردەشتییەت، نە تێزێکی سیاسیشیان پێشکەش کردووە تا بەو خەڵکە، یا هەر نەبێ بە لایەنگر و پێرۆیانی خۆیان، بڵێن چۆن و بە چ شێوەیەک دەتوانن سوود لە زەردەشتییەت و زەردەشتیزم وەربگرن. ئەم گەڕانەوەیە بەرەو مێژوویەکی نادیار و تەماوی، هەمیشە ڕووالەتی ئاشکرای قەیرانی گومانی ناسنامە و کەسایەتیی کورد بووە. لەو سەردەمانەدا کە کورد لە ڕووی سیاسییەوە پێویستی بەوە بووە بە ڕێگای شارستانیەتی و پێشکەوتندا هەنگاوێک بنێت، یا لەبارەی پاشەڕۆژ و چارەنووسی خۆیەوە بڕیارێک بدات، دوودڵی و گومانێکی ڕەش سەرتاپێی هەبوونی داگیر کردووە. دوودڵییەکە لەوەوە هاتووە کە نەیزانیوە ئەم ڕێگایەی پێش خۆی بە تیشکی کامە چرا، کامە باوەڕ و ئیدیۆلۆگی ڕوون بکاتەوە، گومانەکەیشی ئەوە بووە کە خۆی نەناسیوە و نەیزانیوە جیۆگرافیای کەسایەتی و نەتەوایەتی و فیزیکیی خۆی چۆن دەستنیشان و پێناسە بکات.

## نزیکبوونەوەیەک لە کێشەکە بە نیازی پێناسەکردنی:

ئەم دیاردەیەی پەنجەم بۆ ڕاکێشا، ئیدی بە جۆرێ نۆستاڵیگا دابنرێت یا بە بۆچوونێکی ڕۆمانتیکانەی سیاسی، بیرکردنەوەیەکە پێی وایە کورد وەک نەتەوە و

وەک تاکەکەس دەتوانێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشە و گرفتە سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگییەکانی خۆی و بۆ وەلاخستنی ئەو هێز و فاکتۆرانەی هەڕەشە لە بوون و مانەوەی دەکەن، دەتوانێت سوود لە ڕابوردوویەکی دینی – فەرهەنگی وەربگرێت کە زەردەشتیزمە و دەکرێ ئەم ڕابوردووە وەک پرۆژەیەکی سیاسی و فەرهەنگی و شارستانی بخرێتە گەڕ و بکرێتە دەستوورێک بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەمڕۆی. ئەمە کورتەیەکی پوخت و ئاسانکراوی کێشەکەیە. بەلام ئەگەر بمانەوێ لایەنی دیکەی کێشەکە تێ بگەین دەبێ بە جۆرێکی دیکە هەڵیسەنگێنین و لێی بکۆڵینەوە. لێرەدا دەکرێ هەندێ پرسیار بکەین، بێ ئەوەی ڕووی دەممان لە کەسێک یا لایەنێک بێت:

١: ئایا ئەم بۆچوونە بەڕاستی لە زەردەشتیزم گەیشتووە و دەزانێ فەلسەفە و پەیامی زەردەشتییەت چییە؟

٢: ئەگەر ئێمە دەوڵەت بە ئامانجێکی گرنگ و ڕوونی بزووتنەوەی کوردایەتی بزانین، ئایا دەکرێ لە دنیای ئەمڕۆدا دەوڵەتێک لەسەر بنەما فەلسەفی و ڕۆحی و ئەخلاقی و ئابووریەکانی زەردەشتیزم دامەزرێنین؟

٣: ئەگەر هەر وایشمان دانا کە بەڵێ دەکرێ دەوڵەتێکی وا هەبێت، ڕێگە و شێوەی پێکهێنانی چۆنە و کامەیە؟ ئایا دەتوانین هەروا سووک و ئاسان کۆمەڵی کوردستان، کە لە پلەی یەکەمدا کۆمەڵێکی موسڵمانە، بەلام هاوکاتیش مۆزاییکێکی دینی و ئێتنی و چینایەتی و زمانەوانییە، بگەڕێنینەوە بۆ سەردەمێک کە باشترین زانیاریمان لەبارەیەوە لە کۆمەڵێ هێپۆتێز، یا بۆچوونی تیۆریی ڕووت تێپەڕ ناکات؟

٤: تەنانەت ئەگەر بیر لە دەوڵەتیش نەکەینەوە، ئایا زەردەشتیزم دەتوانێ ببێتە وەرامدەرەوەی کێشە ڕۆحی و فەلسەفی و فەرهەنگییەکانی مرۆڤی کورد، یا مرۆڤ بە گشتی؟ ئاخر هەموو ئیدیۆلۆگییەک خۆی بە میراتگری هەموو فکر و بە وەرامدەرەوەی هەموو کێشەکانی مرۆڤایەتی دادەنێت.

## ژینگەی گەشەکردنی ئەم باوەڕە:

تا ئێستا گەلێ جار لە مێژووی تازەی کوردستاندا ڕووی داوە کە هەندێ لە ڕووناکبیران و سیاسەتمەداران بانگەشەی گەڕانەوە بەرەو ئاڤێستا و دینی زەردەشتیان کردووە و هەوڵیان داوە ئەم بیرکردنەوەیە وەک ڕێبازێکی ئیدیۆلۆگی و

سیاسیی وا پێشان بدەن کە کلیلی چارەسەری کێشەکانی کوردی پێیە. کە بە وردی لێی بکۆڵیتەوە دەبینی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە هەمیشە لەو کاتانەدا سەری هەڵداوە کــە بزووتنەوەی کـــوردایەتی لە قـــەیرانێکی فکریدا ژیاوە و کـــەوتۆتە بەردەم دوورێیانێکی مێژوویی و ویستوویەتی ڕێگایەک بۆ چارەنووسی خۆی بدۆزێتەوە؛ لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کە ئیمپراتۆریای عوسمانی بەرەو ڕووخان دەچوو، گەلانی ناوچەکەیش بۆ ڕێگایەک دەگەڕان پاشەڕۆژی خۆیانی پێ دابین بکەن. لە ساڵانی شەڕی دووەمی جیهانیدا کە چارەنووسی هەموو مرۆڤایەتی بە دەم گەردەلوولی شەڕەوە بەرەو نادیار دەچوو، لە دواساڵانی پەنجاکانی کوردستانی عیراقدا کە هەلومەرجێکی تازە هاتبووە گۆڕێ و کورد بە تەما بوو لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کۆماری عیراقدا پشکێکی بەر بکەوێ. لە حەفتاکاندا کە ڕێککەوتننامەی ئازار ئیمزا کرابوو، دیسان کورد ئەزموونێکی تازەی دەست پێ کردبوو. ئەمڕۆیش کە لە کوردستانی عیراقدا هیوایەک پەیدا بووە کە ڕەنگە ئەم جارە بتوانێ بەشێکی باشی ئامانجە سیاسی و شارستانییەکانی خۆی بێنێتە دی.

کەواتە بیرەکە پێوەندییەکی زۆری بە باری سیاسیی کوردستانەوە هەیە و نیشانەی گەڕانە بە دوای ناسنامەیەکی نەتەوایەتیدا کە ببێتە پاڵپشتێکی مەعنەوی بۆ بنیاتنان و دامەزراندنی کەسایەتیی سیاسی و فەرهەنگی و بە دوای بیروباوەڕێکدا بکرێتە زرێیەک کورد وەک نەتەوە لە شاڵاوی هێرش و هەڕەشەی داگیرکەران بپارێزێت. ئەم بیروباوەڕە لە پلەی یەکەمدا وەک بەرپەرچدانەوەی دەستەڵاتی سیاسیی ئیسلام، شۆڤینیزمی عەرەب و پەرەسەندنی ئیدیۆلۆگیی کۆمونیزم بە کار هێنراوە و کراوەتە پەنا. ڕاستییەکەی ئەوەیشە کە هیچ بەشێکی کوردستان هێندەی بەشی کوردستان خوارووی (عیراق) گیرۆدەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە نەبووە. تۆ دەبینی لە کوردستانی ئێراندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی شۆڤینیزمی فارس بە دەگمەن ڕووناکبیران پەنایان بردۆتە بەر زەردەشتیزم. هۆی ئەمە زۆرن؛ ئەوان بەو پێیەی لە ئێراندا ژیاون زیاتر شارەزای دینی زەردەشتین و لەوە گەیشتوون کە فارسیش هێندەی کورد و بگرە زیاتریش خاوەنی زەردەشت و ئایینەکەین. لەبەر ئەوە زەردەشتیزم نابێتە سنوورێک بۆ خۆجیاکردنەوە لە فارس و سیاسەت و دەستەڵاتی سیاسیی فارس. ئەوان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم سیاسەتە ناتوانن ئیسلامیش بە کار بێنن چونکە فارسیش موسڵمانن و بگرە لە کورد زیاتر خۆیان بە خاوەنی

ئیسلام دەزانن. کەواتە ناچارن بە دوای پەناگەی دیکەدا بگەڕێن: مەزهەبی سوننی، تەریقەتەکانی قادری و نەقشی و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆیشدا کۆمونیزم، یا بیروباوەڕی سەر بە ئەوروپا و ڕۆژاوا.

## بەرنامەیەکی سیاسی یا کاری زانستی:

کەمجار وا ڕێک کەوتووە ئەم بۆچوونە سیاسییە بخرێتە چوارچێوەی بەرنامەیەکی سیاسی و فکریی ڕوون و ئاشکراوە. دەربڕینی هەرە باو و ئاسایی دەربڕینی ئەدەبی بووە. هەندێ لەو شاعیر و نووسەرانەی خۆیان بە ناسیۆنالیستی کورد داناوە، لە بەرهەمەکانیاندا سیمبۆڵی وەک زەردەشت، ئاڤێستا، ئاهورامەزدە، ئەهریمەن و گاتاکانیان بە کار بردووە. هێندەی من ئاگادار بم تەنیا یەک هێزی سیاسی لە ئەدەبییاتی خۆیدا بە ئاشکرا ئەم شێوە بیرکردنەوەیەی بڵاو کردووەتەوە، ئەویش کاژیکە. نووسەران و لایەنگرانی کاژیک زۆر جار لە نووسینەکانیاندا بە شێوەیەک باسی زەردەشت و ئاڤێستایان دەکرد، کە دەکرێ بڵێین بە مەودا (بوعد)یەکی گرنگیان زانیوە و وەک بەرنامە بڕوایان پێ هەبووە و کاریان پێ کردووە، بەڵام نازانم ئایا لە ئەدەبییاتی سیاسی و ناوخۆی خۆیاندا ئەم باوەڕانەیان خستبووە چوارچێوەیەکی سیاسی و ئیدیۆلۆگییەوە یا نا! پاسۆک، کە دواتر بوو بە جێگرەوەی کاژیک، بۆ جیاکردنەوەی ڕێبازی سیاسیی خۆی لە هیی کاژیک، لەپاڵ کۆمەڵێ بۆچوونی ڕیالپۆلیتیکانەدا، زیاتر بەرەو ئیسلام ڕۆیشت وەک بوعدێکی مێژوویی و شارستانی.

هەندێ جار بێهومێدبوون لە سیاسەتی سەردەست و هەڕەشەهێن بە لێکۆڵینەوەی زانستی لە زمان و مێژووی کورد بەرپەرچ دراوەتەوە. لەم بوارەدا دەبینین کەسانێکی وەک مامۆستایان محەمەد ئەمین زەکی و تۆفیق وەهبی و عەلائەددین سەججادی خۆیان بە وەهمی ئاڤێستاوە هەڵنەواسیوە، بەڵکە مێژووی کوردستان و مێژووی زمان و ئەدەبی کوردییان وەک زنجیرەیەکی زیندوو پێشکەش کردووە کە دوێنێ و ئەمڕۆی کوردی پێکەوە بەستووە. مامۆستا ئەمین زەکی ئەمەی بە ئاشکرا لە پێشەکیی مێژووی کورد و کوردستانەکەیدا باس کردووە، کە چۆن ئەو دەمەی وشەی تورک جێگەی وشەی عوسمانیی گرتەوە، ناچار بوو بیر لە ڕەگوڕیشەی نەتەوەکەی بکاتەوە و کەوتە سەر هەوای توێژینەوە لە مێژووی کورد و کوردستان.

## ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکان:

ڕۆژهەڵاتناسـان هـەر زۆر زوو دەسـتـیـان کـردە توێژینەوە لـە دینـی زەردەشت و ئاڤێستا. ئەو ئەنجامگرییانەی ئەمانە پێشکەشیان کردوون هێندە لە یەکدی جیاواز و دوورن دەڵێی باس لـە کۆمـەڵە ئەسـتێرەیەکی پـەرتەوازەی ئاسـمان دەکـەن. لەوەیە ڕۆژهەڵاتناسەکانی سـەدەکانی ڕابوردوو، هـەر نەبێ بەشێکیان، لەپێناوی ئامانجێکی زانستیدا خۆیان ماندوو کردبێت و هەوڵیان دابێت لە تێکستـەکانی ئاڤێستا بگەن و کـۆمـەڵێ ڕاسـتـی سـەبارەت ژیان و سـەردەمی زەردەشت سـاغ بکەنەوە، بـەڵام هیچ گومانم لەوە نییـە کە ڕۆژهەڵاتناسانی ئەمڕۆ، کەمینەیەکی یەکجار کەمیان نەبێت، بە دووی مـەبەسـتـێکی دیکەدا وێڵن کـە لەگـەڵ زانست و مـرۆڤـپـەروەریدا ئاسـمـان و ڕێسمانن.

سیاسەتی ئیمپەریالیستانەی دنیای ڕۆژاوا کە ئێستایش لەسەر بنەمای کەرتی کە و حـوکمـی بکە Divide and rule دەچێ بە ڕێوە، هەوڵ دەدات چی ڕێگە و دەسـتـاوێژ هەیە لەم دنیـایەدا بیگرێتە بەر و بە کار بهێنێ بۆ کۆنترۆڵکردنی دنیا، بەڵام لە پێش هەمووانیشدا بۆ سـەرکوتکردن و داپڵۆسینی ڕۆژهەڵات. بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی زانستی لـەبارەی کۆمەڵ، مێژوو، دین، زمـان و هـەموو لایەنێکی گـەلانی ڕۆژهەڵات کە بە ڕۆژهەڵاتناسی ناسراوە یەکێکە لەو ڕێگەیانەی ئیمـپـەریالیستـان بە شێوەیەکی یەکـجار نامرۆڤانە خسـتوویانـەتە گەڕ، لە لایێکەوە بۆ زیاتر ناسـینی ڕۆژهەڵات و چاکتر بەستنەوە و تاڵانکردنی، لە لایەکی دیکەیشەوە بۆ پارچەپارچە و کەرتکردنی و بەو پێیەیش لاوازکردنی لە ڕووی فەرهەنگی و شارستانی و سیاسی و ئابوورییەوە.

کاتێ ڕۆژهەڵاتناسـان دێن لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی کوردستـاندا ژمـارەیەک باسـی جۆربەجۆری پێوەندیدار بە دین و زمـان و مێژووی کوردەوە دەورووژێنن، دەبێ یەکسـەر بیـرمان بۆ ئەوە بچێت کـە ئەمـە ڕێگەیەکە بۆ پارچەپارچەکردنـی کورد. ئەوان نە خـۆشـەویسـتـیی کـورد و نە دڵسـۆزییـە بۆ زانست هـانیـان دەدات، بێن لە کوردستاندا خەریکی لێکۆڵینەوە بن.

لە کـوردسـتـاندا کـۆمـەڵێ گرۆی جـیـاواز هـەن کـە بە هۆی ئایینزا، دیالێکت، دین، تەریقـەت، هـەڵسوکـەوت و گەلێ هـۆی دیکەوە جۆرە تایبـەتمەندییـەکیـان لە لا دروست بووە، کە سنوورێکی خـەیاڵکردی ناسکی خستۆتە نێوان ئـەوان و گرۆیەکانی دیکەوە.

ئەمە دیاردەیەکی سروشتییە و لە هەموو کۆمەڵگاکانی دنیاشدا هەیە. ئەم وردە جیاوازییە هەرگیز نەبووەتە هۆی دوورکەوتنەوەی بەشە جیاوازەکانی کورد لە یەکدی. بەڵام لەو ڕۆژەوە سەر و سەکوتی ڕۆژاوای ئیمپەریالیستی و ڕۆژهەڵاتناسەکانیان لە کوردستاندا دەرکەوتووە، شەو و ڕۆژیان داوە بە دەم یەکدییەوە بۆ فراوانکردنی ئەو درزانە و ئاژاوەنانەوە و دروستکردنی دووبەرەکی و دەبەرەکی و دوژمنایەتی. هەبوونی زازا، عەلەوی، یەزیدی، قادری، نەقشی، کاکەیی، هەقە، فەیلی، سۆران، بادینی و گۆران ڕاستییەکە شایانی ئەوەیە بە شێوەیەکی زانستییانە لێی بکۆڵرێتەوە لەپێناوی زیاتر دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و شارستانییەتی کورددا. لایەنی ناوکۆ و هاوبەش لەناو ئەم گرۆ و کۆمەڵانەدا هێندە زۆرە، کە دەکرێ لە چوارچێوەی کاری زانستیدا نەخشەی بۆ دابنرێت، بەڵام کاتێ ڕۆژهەڵاتناسەکان باسی ئەمانە دەهێننە گۆڕێ، دەبێ گومان لە نییەت و نیازیان بکرێت، نابێ بە ئەنجامگرییە زرەزانستییەکانیان فریو بخۆین، نابێ قسە و بۆچوونی ئەوانمان لێ ببێتە کتێبێکی پیرۆزی ئاسمانی، چونکە ئامانجی ئەمان زانست و خزمەتی زانست نییە، بەڵکە بەکارهێنانی زانست و مێتۆدی زانستییە بۆ ئامانجی داگیرکارانە و نامرۆڤانەی سیاسی و ئیمپەریالیستانە.

دیاردەیەکی سەرنجڕاکێش ئەوەیە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە کە سامۆئێل ڕیا Samuel A.Rhea چۆتە ناوچەی هەکاری و ماوەی هەشت ساڵان لەوێ ژیاوە (١٨٥١ – ١٨٥٩)، ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسان جار لە دوای جار، ساڵ لە دوای ساڵ و سەدە لە دوای سەدە هەر باسی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکەن کە چەندە لە یەکدی جیاواز و دوورن و جیاوازییەکانیان چین. تاکە ڕۆژێک و تاکە جارێک باسی لەیەکچوونی زاراوەکانی زمانی کوردییان نەکردووە و نایکەن. جەختکردنی جیاوازی و لەیەکنەچوون و ناکۆکی، بۆتە بنەمای کاری نەک تەنیا کوردناسەکان، بەڵکە هەموو ڕۆژهەڵاتناسەکان. ئەوە نزیکەی بیست ساڵە من لە نزیکەوە ئاگاداری کار و لێکۆڵینەوەی بەشێکی زۆری کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسەکانم و لە دەیان کۆنگرە و کۆنفرانسدا بەشداریم کردووە. تێرمینۆلۆگیی ئەمانە هەرگیز لە زاراوەکانی جیاکردنەوە و کەرتکردن لای نەداوە. کۆمەڵە تێرمی هەرە باو و خۆشەویست و گرنگ و «زانستی» بە لایانەوە ئەمانەن: Conflict, differences, contradiction, against, sub-dialect, subdivision, contrast, opposition, paradox

هەندێ باس و بابەتی دیکەی وەک بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ نووسینی زمانی کوردی، پێوەندیی دوژمنانەی تەریقەتەکانی نەقشبەندی و قادری، جیاوازیی کوردیی باشــوور و کـوردیی باکـوور تا ئەو ڕادەیەی کـە بە دوو زمــانی جـیــاواز دابنرێن، کوردینەبوونی دیالێکتەکانی زازا و هەورامی، دانانی کۆمەڵگەی یەزیدی بە بەشێکی جیاواز و دابڕاو لە کورد، گومان خستنەسەر مێژووی کورد و پێوەندی کورد بە مادەکانەوە و گەلێ باسی دیکەیش بەشێکن لە نەخشەی دوژمنانەی ڕۆژهەڵاتناسان بۆ دروستکردنی سەدان درز و سنوور و بۆ پارچەپارچەکردنی کورد، هەروەک ئەم هەڵوێستەیان بەرانبەر گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتیش، بەتایبەت گەلانی موسڵمان، ئەگەر لەمە دوژمنانەتر نەبێت دۆستانەتر نییە.

## پاشماوەی ئاڤێستا و زەردەشتیزم:

ئەگەر بۆ شوێنەواری دینی زەردەشت و زمانی ئاڤێستا بگەڕێین لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا و لای کوردی ئەم سەردەمە، بێگومان گەلێ نیشانە لە ئارادان کە پێوەندیی مێژوویی و زمانەوانیی کورد و ئەو دینە و ئەو زمانە جەخت دەکەن، بەڵام ئەو نیشانانە لای گەلانی دیکەی ئێرانییش دیسان هەر بە دی دەکرێن. کۆڵەکەیەکی گرنگی دینی زەردەشت فەلسەفەی دوالیزمە، واتە باوەڕ بەوەی کە ئەم گەردوونە و ئەم جیهانە لە بەردەم دوو هێزی دژ بە یەک و نەیاردان، هێزی چاکە و هیی خراپە، ڕووناکیی و تاریکایی و، ئەرکی مرۆڤ ئەوەیە پشتی یەکەمیان بگرێ. لە سەردەمی ئەمڕۆماندا هێزی تاریکایی و خراپە زۆر سەرکەوتنی چنگ کەوتووە و چاکە و ڕووناکایی لاواز بووە، بەڵام لە دواییدا هەر ڕووناکایی سەر دەکەوێت. ئەم باوەڕە لای گەلێ دینی تایبەتی کوردانە وەک کاکەیی (ئەهلی حەق) و یەزیدی هەیە. بەڵام بیری خودا و شەیتان، نەفس و ڕۆحیش لە ئیسلامدا و لای دینەکانی دیکەیش هەر ڕوخسارێکی ئەو بیرەیە، بەڵام بە زاراوەی دیکە. لە بواری زماندا گەلێ وشە هەن کە لە تێکستەکانی ئاڤێستادا دەخوێنرێنەوە و ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا یا لە هەندێ دیالێکتی زمانی کوردیدا ماون و گەشەیان کردووە. لەم ڕووانەوە، واتە پاشماوەی باوەڕ یا زمانەوانی، گەلێ لێکۆڵینەوە کراوە و دەکرێ لە سەرچاوە بنەڕەتەکاندا تەماشا بکرێن.

## زەردەشتیزم چیی پێیە؟

بە خوێندنەوەی فەلسەفەی زەردەشتیزم، مرۆڤ دەتوانێ گەلێ لایەنی بیروباوەڕەکانی زەردەشت تێ بگات کە بێگومان بۆ سەردەمی خۆی پێشکەوتنێک بووە بەرەو چاکترکردنی ژیانی مرۆڤ و بردنی بەرەو باوەڕی مۆنۆتاییزم (یەکخواپەرستی). هەروەها لە ژیانی ڕۆژانەدا کۆمەڵێ بنەمای هێناوەتە ئاراوە کە یارمەتیی مرۆڤ دەدات بۆ ژیانێکی باشتر. پیرۆزیی ئاو و هاندانی خەڵک بۆ کشتوکاڵ بنەمایەکی ناسراوی دینەکەیە.

من پێم وا نییە لە دنیای ئەمڕۆدا بکرێ باوەڕەکانی دینی زەردەشت: فەلسەفی، ئەخلاقی و ئابووری وەک بنەما و پێکهاتە (ستروکتوور)ی ژیانێکی ئاسایی بە کار بهێنرێن.

## پێوەستییە شارستانەتی و فەرهەنگییەکانی کورد

گەلانی جۆراوجۆر، نەتەوەی جیاواز، بۆ ئەوەی ڕێگایەک بدۆزنەوە بە یەکتریان بگەیێنێت، بە مەبەستی ئاشنایەتی یا دوژمنایەتی، بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن، یا یەکدی لە ناو ببەن، لەپێناوی چاکەکاری و ئاوەدانکرنەوە، یا ڕووخاندن و وێرانکاریدا، زۆر شێوەی جیاوازیان بە کار بردووە، کە ڕەنگە هەرە باوەکانیان شەڕ و داگیرکردن، بازرگانی یا فەرهەنگ بووبێتن. ڕاستییەکەی، فەرهەنگ و ئاشنایەتیی فەرهەنگی و تێکەڵبوونی شارستانەتی، زیاتر وەک دەرئەنجامێکی ئەو پێوەندییانە بینراون و بوونەتە بەرهەمی ئەو هاتوچۆ و پێکگەیشتنە. تەنانەت شەڕ و وێرانکاری و تالان و داگیرکردنیش، گەلێ جار بوونەتە هۆی لە یەکدی نزیکبوونەوەی گەلان و پەیدابوونی ئاشنایەتییەکی فەرهەنگی و شارستانەتی لەنێوانیاندا. یۆنانییەکان بە خۆیان و لەشکری دەهەزارییانەوە، گەیشتنە ئێران و میسر. ئێرانییەکان چەند جارێک لە مێژوودا هێرشیان کردووەتە سەر هیندستان و داگیریان کردووە، بەڵام لەگەڵ خۆیشیاندا فەرهەنگ و شارستانەتی، هونەر و ئایین، خۆراک و پۆشاک و زمان و نەریتشیان بردووە بۆ ئەو مەڵبەندە. شاعیرانی گەورەی وەک میرزا عەبدولقادری بیدلی دیهلەوی (١٦٤٢–١٧٢٠) و محەمەد ئیقبال (١٨٧٧–١٩٣٨) بەرهەمی ئەو پێوەستی و هاتوچۆیەن. خێڵەکانی تورک بۆ داگیرکردن و وێرانکاری ڕوویان کردە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای بچووک، کەچی بوون بە بەشێکی گرنگی شارستانەتیی ئەو ناوچەیە. عەرەبی موسڵمان چوون ئەندەلوسیان داگیر کرد، بەڵام لەگەڵ خۆیاندا زانست و مۆسیقا و هونەر و فەلسەفە و ماتماتیک و زمان و ئەدەبیان برد بۆ سپانیا و لەوێیشەوە تەشەنەی کرد بۆ ئەوروپا. ئەوانەی لە ئەدەبی کلاسیکی ئەوروپا دەکۆڵنەوە دەزانن دانتێ ئەلیجیێری (١٢٦٥–١٣٢١)، بیری شاکارەکەی (کۆمیدیای یەزدانی)ی لە (رسالة الغفران)ی ئەبولعەلاء ئەلمەعەڕڕی (٩٧٣–١٠٥٧) وەرگرتووە. ئینگلیز نیوەی ڕۆژهەڵاتی داگیر کرد، کەچی زمان و تەکنیک و سیستەمی پارلەمانتاریزمیشی گەیاندە زۆر شوێنی ئەو بەشەی دنیا.

فرانسا نیوەی ئافریقای داگیر و وێرانیش کرد، بەڵام زمان و ئەدەبی خۆی لەوێیش بڵاو کردەوە و دواتر شاعیرێکی گەورەی وەک لیۆپۆڵد سێدار سینگۆر (١٩٠٦–٢٠٠١) لە سێنیگال هەڵدەکەوێت و دەبێتە یەکێک لە گەورەترین شاعیرانی فرانسیزمانی دنیا و دەبێتە ئەندامی ئەکادێمیای زانستیی فرانسایش. ئەمە بەشێکە لە چیرۆکی (بەڵام هەروەهایش لە مەنتیق و لۆگیکی) پێوەندیی گەلان و وڵاتان، لە پەیدابوون و گەشەکردن و دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی، لە پێکدادان یا ئاشنایەتیی شارستانەتییەکان.

بۆ مرۆڤێکی ئەم سەردەمەیش سەرچاوەکانی زانیاری زۆر و فراوان و فرەڕەنگن. بەڵام سوودوەرگرتن لەو سەرچاوانە هەروا سادە و سانا نییە. تۆ وەک خوێنەرێک و وەک فێرخوازێک دەستت ناگات پێیان ئەگەر بەسەر پردی زماندا نەپەڕیتەوە بۆ ئەو کەنارەی پڕە لە زانست و زانیاری، فەرهەنگ و شارەزایی، هونەر و شارستانەتی. زمان، زانینی زمان، ئەو ڕێگایەیە کە دەمانگەیێنێتە هەرێمی خوێنەواری، ئەو پردەیە کە دەمانبەستێتەوە بە مەڵبەندەکانی فەرهەنگ و داهێنانەوە. زمان ئەو کلیلەیە کە دەیان و سەدان دەرگای داخراومان بۆ دەکاتەوە و دەروازەی شاران و وڵاتانمان بۆ دەخاتە سەر پشت.

پێگەی جیۆگرافیی کورد و نیشتمانەکەی لە چەقی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕەنگە لە ڕووی سیاسییەوە زیانی پێ گەیاندبێت، بەڵام لە ڕووی فەرهەنگی و شارستانەتییەوە، بێگومان، سوودێکی زۆری بۆی هەبووە و دەوڵەمەندییەکی پێ بەخشیوە کە نرخ و بایەخی خۆی هەیە. مێژووی کورد و گەلانی دیکەی ئێرانی مێژوویەکی هاوبەشە و لە سەرەتای پەیدابوونی گرۆ و تاقم و خێڵەکانی هیندۆئەورووپاییەوە لە ناوچەی زاگرۆس دەست پێ دەکات. پێوەندیی کورد لەگەڵ شارستانەتیی عەرەب و ئیسلامدا لە کۆتاییی سەردەمی ساسانییەکاندا دامەزرا کە لەشکری ئیسلامی گەیشتە کوردستان و ئێران.

ڕووناکبیر و زانا و نووسەر و داهێنەرانی کورد بەشدارییەکی فراوان و گەورەیان لە مێژووی فەرهەنگ و شارستانەتیی ئێرانی و ئیسلامیدا کردووە. دەیان ناوی پرشنگدار لە مێژووی ئەو دوو فەرهەنگەدا هەن کە بوونەتە کۆڵەکەی ڕووناکیپژێنی زانیاری و خوێنەواری. ئەگەر لە سەردەمێکی دوورودرێژی مێژوودا بەشداریی کورد لەو شارستانەتییانەدا بە ناوی خۆیەوە و بە زمانی خۆی نەبووبێت، بەڵام دوای

دامـەزرانی مـیرنشـینـە کوردییـەکـان لە سـەرەتای سـەدەی شـانزدەیەمدا لـە چەند ناوەندێکی جیـاوازدا فـەرهـەنگ و زمـانی کـوردی گـەشـەی کـرد و بوو بە بنەڕەتی زمانێکی ئەدەبی و شێوازێکی شیعری، کە پێکەوە ئەو گەنجینەیە پێک دەهێنن ئەمڕۆ پێی دەڵێین شیعری کلاسیکی کوردی.

تۆ کە کتێبی شەرەفنامـەی شەرەفخانی بەتلیسی دەخوێنیتەوە، پێت سەیرە کە ئەو پیاوە هەستێکی نـەتەوایەتیی هێندە بەرزی هەبووە کـە بیر لە سنووری کوردستـان بکاتـەوە و هـەوڵـی ئەوە بدات پێناســـەیەک بۆ کـــوردبوون، لە ڕووی زمـــانەوانـی و سیاسییەوە، دابنێت. شەرەفخان هۆشیارانە ڕابوردوویش دەخوێنێتەوە و ئەو زانا و پیـــاوچاک و ناودارانـەی بـە کـــوردیان دەزانێت، نـاویان دەهێنێت و ناسنامـــە کـوردییـەکـەیان دەچەسـپێنێت. ئەو هـەستـە نەتـەوایەتیـە لای داهێنـەرێکی وەک ئەحمەدی خانی دەگاتە پلەیەکی زۆر بەرزتر.

ڕەنگە ئێمـە نەتوانـین بە دڵنیـایی و باوەڕێکی لەسـەر پێوەری زانستی دامـەزراوەوە مەودا مێژوویی و فـەلسەفییەکانی شارستانەتییەکی کوردی، یا کوردستانی، جەخت بکەین. ئەم کورتهێنانە بەرهەمێکی ئەو نزیکییە مێژوویی و سیاسی و جیۆگرافییەیە کە لەگەڵ شـارستانەتیی عەرەب و ئێران و ئیسلام هەمانە. ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەو نزیکییـە لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە کە لە بواری بەراورددا شـارسـتـانەتیی ئێمـە، یا فەرهـەنگی ئێمە، پاڵپشتێکی سیاسیی وەهای نییە کە بنچینەکەی لەسەر هێز، هێزی دەوڵەت، دامـەزرابێت. هەر ئەم لاوازییـە بووەتە بـەشێکی سـایکۆلۆگی لە کەسایەتیی مرۆڤی کورد، کە زۆر جار بەرەو شکانەوە و پەشۆکان و لەرزینی دەبات، بەڵام هەندێ جاریش بـە دیوێکی دیکەدا دەیبات کە هەڵوێستێکی پەڕگرانەی بێبنەما و بێپرۆژە و بێبەرنامەیە.

ئەم نزیکییە جیـۆگرافی و مـێژوویی و سیـاسییـە لایەنێکی دیکەیشی هەیە کە دەبوو زۆر هۆشیـارانە سـوودی لێ وەربگرین بۆ بنیاتنانی فەرهەنگی خۆمان، بەڵام لەوەیش گرنگتر بۆ بنیاتنانی کەسایەتیی فـەرهـەنگی و شـارستـانەتیی مـرۆڤی کورد. ڕەنگە لە پلەیەکی تاکەکەسیدا ئەم هاوکێشـەیە بە شێوەیەکی ئاسانتر و ژیرانەتر بخوێنرێتەوە و بکرێتـە بەشـێک لە خەبـاتی سیـاسی و کۆمەڵایـەتیی ئەمڕۆمـان. بەڵام ڕاسـتییـەکی دیکەی تاڵ ئەوەیە کـە ئێمـە بە هیچ جۆرێک وەک نەتەوە و وەک سیاسـەتێکی گشـتیی نەتەوایەتی نـەمـانتـوانیـوە سـوود لەم گـەنجینـە "پۆتێنسیـاڵە" وەربگرین. هێندەی من

ئاگادار بم بەرنامەی هیچ هێزێکی سیاسیی کوردستان نەیتوانیوە بە شێوەیەکی زانستی و پراگماتیک لەو ڕاستییە سادە، بەڵام ژیاری و پتەوەوە، نزیک ببێتەوە و بیکاتە بەشێک لە پرۆژەیەکی سیاسیی وەها کە گرانییەکی فکری بداتە بۆچوون و برگە برگەی ئامانجەکانی. من ئەوە تێدەگەم کە بەشێک لەو خۆپارێزییە بەرهەمی هەڵوێستی سیاسیی نادۆستانەی دەوڵەتی ئێران و هەندێ لە دەوڵەتانی عەرەبییە، بەڵام دەبوو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، مەبەستم ڕێبەرایەتیی سیاسیی ئەو بزووتنەوەیەیە، لە چوارچێوەی تێزێکی فکری و فەرهەنگیدا بنەماکانی بیرێکی فراوانتری دابرێشتایە، کە وردەکارییەکانی سیاسەتی ڕۆژانەی ئەمڕۆی ناوچەکە نەیخەنە ژێر پرسیارەوە.

لەناو ڕووناکبیرانی کوردیشدا، کەسانێکی یەکجار کەم هەن کە لە بایەخی ژیاریی نزیکایەتیی جیۆگرافی و مێژوویی و سیاسیی کورد لەگەڵ شارستانەتیی عەرەب و ئیسلام و ئێراندا تێگەیشتبێتن و ئەو تێگەیشتنە بووبێتە بەشێک لە سیستەمی فکری و فەرهەنگییان. ئەگەر هێزێکی سیاسی بە هۆی کارکردی ڕیالپۆلتیکانەوە، یا بە هۆی کورتبینیی سیاسییەوە، نەیەوێت سوودی ڕۆژانە بخاتە خزمەتی سوودێکی دوورەدەستەوە، دەبوو لە بواری فکری و فەرهەنگیدا، ئەم خوێندنەوەیە ئاسانتر بووایە و ئامادەبوونێکی بەهێزتر و ڕەنگدارتری هەبووایە.

# بەشی دووەم

# سێسەدساڵەی مەم و زینی خانی

ساڵی ١٩٩٥ لەلایەن بەشێکی زۆری کۆڕ و کۆمەڵانی کورد و دەزگا و ڕێکخراوە فەرهەنگی و سیاسییەکانی کوردەوە، بە سێسەدەمین ساڵی نووسرانی شاکارەکەی ئەحمەدی خانی، مەم و زین، دانرا و بەو بۆنەیەشەوە لە چەند لایەک کۆمەڵێ چالاکیی جیاواز ڕێک خرا.

ئەحمەدی خانی و بەرهەمەکانی، بەتایبەتیش مەم و زین، شایانی ئەوەن کە بە شێوەیەکی جیددی و زانستی لێیان بکۆڵرێتەوە و بڵاو بکرێنەوە و بناسرێن، چونکە خانی یەکێکە لە پێشەنگە هەرە گەورەکانی مێژووی بیر و فەرهەنگی نەتەوەی کورد و مەم و زینی خانییش ئەو شاکارە بەرز و بەپێزەیە کە کورد دەتوانێ خۆی پێوە ڕانێ و وەک بەشداریی کورد لە گەنجینەی بیر و فەرهەنگ و داهێنانی مرۆڤایەتیدا شانازیی پێوە بکات.

ئەگەرچی پێشتر مەم و زینم خوێندبووەوە، بەڵام ساڵی ١٩٨٠ بوو کە بۆ یەکەم جار بە نیازی لێکۆڵینەوەی زانستی دەستم کردەوە بە خوێندنەوە و لێتوێژینەوەی. ئەنجامەکەی ئەو نووسینە بوو کە بەهاری ١٩٨٣ بە زمانی ئینگلیزی، بە ناوی "ناسیۆنالیزمی کوردی لە مەم و زینی خانیدا" پێشکەش بە زانستگەی ئوپسالام کرد. ساڵی ١٩٨٥ کرا بە سوێدی وەک کتێب چاپ کرا، ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن ئەنیستیتووتی کوردی برۆکسلەوە سەرلەنوێ وەک کتێب، بە ئینگلیزی، بڵاو کرایەوە و دوو ساڵ لەمەوبەریش کرایە عەرەبی و لە بەیرووت چاپ کرا. ئەو بەرهەمە یەکەمین کتێب بوو کە سەرتاسەری بۆ بیری کوردایەتی لە مەم و زیندا و یەکەمین کتێبیش بوو بە زمانی ئینگلیزی کە بۆ لێکۆڵینەوە لە خانی و مەم و زین تەرخان کرابێت. بەداخەوە لەوەودوا بۆم هەڵنەکەوت جارێکی دیکە پێیدا بچمەوە یا شتێکی نوێتر لەسەر خانی و مەم و زین بنووسم، ئەگەرچی لە ئەنجامی جار لە دوای جار خوێندنەوەی ئەو شاکارەدا کۆمەڵێ بیر و بۆچوون و سەرنجم لا کۆ بوونەتەوە.

یادی سێسەدساڵەی مەم و زین دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی تازە

پێشکەش بکەم، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەر زوو گومان و دوودڵییەک دایگرتم و ڕێگەی تەنانەت بەشداربوونی کۆنفرانس و فێستیڤاڵەکانیشی لێ گرتم، کە بۆ هەمووشیان بانگهێشتن کرابووم.

لە هەموو ئەو کۆنفرانس و سێمینار و کۆڕ و کۆبوونەوانەدا کە لەم یادەدا ڕێک خران و لەو وتار و نووسینانەدا کە بڵاو کرانەوە، هەندێ دیاردە سەرنجڕاکێش بوون، هەر نەبێ بۆ کەسێک کە، وەکوو من، لە دوورەوە تەماشای کردبێت و تێکەڵی بەزم و هەراوزەناکە نەبووبێت.

هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی دەستەڵاتی ماددی و سیاسییان زیاترە، یادی خانییان وەک کەرەستەیەکی سیاسی بۆ بەرژەوەندی تەسکی حیزبیی خۆیان تەماشا کرد و بە کاریش هێنا. ئەو سەرکردانەی کە لە بواری فەرهەنگی نەتەوایەتیی کورددا بەڕاستی نەخوێندەوارن و ئەلفوبێی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی و هیچ فەرهەنگێکی دیکەش ناناسن، لەپڕ بوون بە فەرهەنگدۆست و خانیناس، دیارە نەک بۆ ڕێزگرتن لە خانی و شاکارەکەی، بەڵکە بۆ سیاسەتاندنی خانی و بۆ سیاسەتاویکردنی مەم و زین. لەم یادکردنەوەیەدا عەقڵی سیاسیی کورد بوو، نەک عەقڵی فەرهەنگی، کە خۆی کردبووە جێگری خانی و خاوەنی مەم و زین.

ئەو هێزە سیاسییانەی هەموو شتێکی ئەمڕۆ بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە کار دێنن، دەیانەوێ بە هەموو شێوەیەک ڕووناکبیران بکەنە داردەستی خۆیان و بیانکەنە بورغییەک لە مەکینەی ژەنگگرتووی سیاسەتیاندا، دەیانەوێ سەر بە فەرهەنگی کورد شۆڕ بکەن و بیکەنە نۆکەری سیاسەت، سیاسەتی خۆیان، ئەوانە پەلاماری مێژووی سیاسی و ئەدەبیش دەدەن. هەر بە زیندووان داناسەکێن، بەڵکە مردووانیش داگیر دەکەن و بە کار دەهێنن، تەنیا گەنجینەی ماددیی ئەمڕۆی کورد نادزن، بەڵکە گەنجینەی مێژووی فەرهەنگ و بیری کوردیش تاڵان دەکەن. دەبێ ئەوەش بخەینە سەر باسەکە، کە بۆ ئەمەش دیسان کۆمەڵێ بەناو ڕووناکبیریان هەن کە دەبنە چاوساغ و داردەست و کۆتەک و قامچی، دەبنە ژاندارم و هەواڵدز و پۆلیس بۆیان.

لە پێشکەشکردنی ئێستای خانیدا هێڵی درشت و بەرچاو هێڵی کوردستانی، هێڵی یەکێتیی نەتەوە و خاکی کوردە، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو بیرە سیاسییە تەنک و بێپێزەی لە کار و بەرنامەی هێزە سیاسییەکاندا زاڵە. واتە تەرجەمەکردنی باوەڕەکانی خانی بۆ زمانی سیاسەت، سیاسەتی حیزبی و دابڕین و بێبەشکردنی

لەو قووڵییە فەلسەفی و ئێستێتیکییەی خانی بە هۆشیارییەوە بە کاری بردووە. چەند ساڵێک لەمەوبەریش دیسان هەر ئەم مێتۆدە بە کار دەبرا، بەڵام ئەودەم لە ڕوانگەی مارکسیزمێکی دۆگماتیکەوە. تەفسیری ئەوسا و ئێستایش تەفسیری ئیدیۆلۆگییە نەک فەلسەفی، تەفسیری سیاسییە، نەک ئێستێتیکی. بارکردنی مەم و زین بە کۆمەڵە نرخێک کە لە چوارچێوەی بیری سەردەمی خانیدا و لە چوارچێوەی سیستێمی فەلسەفەی خانیدا جێگایەکیان نەبووە و نابێتەوە، نەک هەر درۆکردنە لەگەڵ ئێستادا، نەک هەر هەڵخەڵەتاندن و چەواشەکردنی خوێنەری کوردی ئەمڕۆیە، بەڵکە شێواندنی ڕابردووە و ئەتککردنی مێژووی فەرهەنگی و فکریشمانە. بەژێرلێوەوەکردنی بیروباوەڕی دینی، بیروباوەڕی موسڵمانانەی خانی، نموونەیەکی ئەم شەوارەپێکردنەیە. هیچ گومان لەوەدا نییە کە خانی سۆفی بووە و سەر بە ڕێبازی تەریقەتی نەقشبەندی بووە. باوەڕ و بنەماکانی (تصوف)یش زۆر بە ڕوونی تان و پۆی داستانی مەم و زینیان پێک هێناوە. ئەم بیروباوەڕە نەک هەر لە پرۆسێسی گەشەکردن و کامڵبوونی ڕووداوەکانی مەم و زیندا ڕۆڵیان هەیە، بەڵکە لە تەکنیک و لایەنی ئێستێتیکییانەی داستانەکەشدا، بە تایبەتی لە زمان و مێتافۆردا، کاریگەرن.

خۆئامادەکردن بۆ سێسەدساڵەی مەم و زین چەند ساڵێک بوو دەستی پێ کردبوو. چەند نووسەر و ڕووناکبیرێکی کورد، هەر یەکە لە لای خۆیەوە، هەوڵی ئەوەیان دا دەستگایەکی فەرهەنگیی نێونەتەوەیی، زانستگەیەک یا مەڵبەندێک ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێت، بۆ ئەوەی بەم هۆیەوە، ببێتە بۆنەیەکی "ڕەسمی" و بەوەش فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی ناسین و دانپێدانانێکی بەربکەوێت، بەڵام هیچ یەکێک لەو هەوڵانە سەری نەگرت. ئەمە ئەگەرچی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە باری سیاسیی کوردەوە هەیە، بەڵام ئەوەش پێشان دەدات کە فەرهەنگی کورد لە دەرەوەی کوردستان هەر هیچ نەناسراوە و لە بوارە زانستی و ئەکادێمییەکاندا جێگەیەکی پێ نەدراوە. تەنانەت ئەو چەند کوردناسەی کە وەک دۆستی کورد ناسراون و بۆ زۆربەشیان مەسەلەی کورد بۆتە کار و پیشە و سەرگەرمیی ژیانیان، ئەوانیش نەیانتوانی لەم ڕووەوە شتێک بکەن. لەو کۆنفرانس و کۆڕانەشدا کە کورد خۆی ڕێکی خستبوون تەنیا دوو سێ کەسێکیان بەشدارییان کرد، بێ ئەوەی شتێکی تازە پێشکەش بکەن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کورناسانی ئەوروپا لە پلەی یەکەمدا خەریکی مەسەلەی

سیاسیی کوردن نەک فەرهەنگەکەی. ئێستاش ئەگەر لە ڕۆژاوا کورد بناسرێ، لەبەر شەڕوشۆڕ و تەقوپۆقەکەی دەناسرێ، نەک بە هۆی فەرهەنگەکەیەوە. ئەم هەلومەرجە ئەرکێکی یەکجار گرنگ دەخاتە سەر پرۆژەی ڕووناکبیرانی هۆشیار و ئازادەبیری کورد لە ئەوروپا؛ ئەرکی ناساندنی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی.

وەک چۆن ئینگلیز بە شەکسپیر و ئیلیەت و گراهام گرینەوە دەناسرێ، ئاڵمان بە گۆیتە، ڕووس بە تۆڵستۆی و دیستۆیێفسکی و فارس بە حافیز و نیماوە دەناسرێن، دەبوو وشەی کوردیش، لای بێگانە، ناوی خانی و نالی و گۆرانی بهێنایە بە بیردا.

هێزە سیاسییەکانی کوردستان کە ملیۆنان پارەوپووڵ بۆ سیاسەتی گەوجانە و بۆ شەڕی یەکتر خەرج دەکەن، هیوای ئەوەیان لێ ناکرێ لە بایەخی فەرهەنگ تێبگەن.

دەڵێن سیاسەتمەداری ناسراوی میسر، سەعد زەغلوول، هەر جارێ کە چاوی بە شاعیری ناوداری عەرەب ئەحمەد شەوقی [ی بە ڕەچەڵەک کورد] دەکەوت، پێی دەگوت: انتم الباقون و نحن الزائلون (ئێوە دەمێننەوە و ئێمە دەڕۆین)!!.

دانانی ساڵی ١٩٩٥ بە سێسەدەمین ساڵی مەم و زین پێویستی بە لێوردبوونەوە و ڕاستکردنەوە هەیە و ناکرێ نەخرێتە بەردەم پرسیار.

خانی خۆی لە دوا بەیتەکانی مەم و زیندا بە ڕوونی ئەوەی جەخت کردووە کە ساڵی ١٠٦١ی کۆچی لە دایک بووە و داستانەکەشی لە تەمەنی چلوچوار ساڵیدا نووسیوە:

لەورا کو دەما ژ غەیب – ی فەک بوو
تەئریخ – ی هەزاروشەستویەک بوو
ئیسالە گەهشتە چللوچاران
وی پێشەڕەوی گوناهکاران

ساڵی ١٠٦١ی کۆچی بەرانبەر ساڵی ١٦٥١ی زایین دەوەستێتەوە. زۆر لە لێکۆڵەرەوان ساڵی ١٦٥٠ی زایینیان بەرانبەر ١٠٦١ی کۆچی داناوە. ڕۆژی یەکی موحەڕڕەمی ١٠٦١ی کۆچی دەکەوێتە بەرانبەر ڕۆژی ٢٥ی دێسەمبەری ١٦٥٠. کەواتە تەنیا حەوت ڕۆژی ئەو ساڵە کۆچییە دەکەوێتە بەر ساڵی ١٦٥٠ی زایین، ٣٤٨ ڕۆژەکەی دیکەی دەکەوێتە بەر ساڵی ١٦٥١ی زایین. کەواتە ئیحتیمالی ئەوەی خانی لە حەفتەی یەکەمی ئەو ساڵە کۆچییەدا لەدایک بووبێت لەسەدا دووە (٢٪)، بەو پێیەش ڕاست ئەوەیە بڵێین خانی ساڵی ١٦٥١ی زایین لە دایک بووە.

خانی خۆی دەڵێ لە چلوچوار ساڵیدا مەم و زینی نووسیوە. دیارە ئەوەش دەزانین کە

خانی ٤٤ ساڵی تەمەنی خۆی بەپێی ساڵی کۆچی ژماردووە. بەم پێیە:
١٠٦١ + ٤٤ = ١١٠٥ی کۆچی، ساڵی نووسرانی مەم و زین. ئەو ساڵی کۆچییە بەرانبەر ١٦٩٣-١٦٩٤ی زایین دەوەستێتەوە (پێنج مانگی یەکەمی ساڵەکە لە ١٦٩٣دایە و حەوتەکەی دیکە لە ١٦٩٤دا). خانی کە ساڵی لە دایکبوونی خۆی و ساڵی دانانی مەم و زین و چلوچوار ساڵ تەمەنی خۆی بە پێی تەئریخی کۆچی ژماردووە، ئێمە ناتوانین بەزۆر سێسەد ساڵەکەی دواتر بەپێی تەئریخی زایین بژمێرین. بەڵام ئەگەر واش دابنێین، دیسان سێسەد ساڵی دوای ئەوە دەبێتە ١٩٩٣-١٩٩٤، واتە سێسەد ساڵەی مەم و زین دەبوو ساڵی ١٩٩٣ یا ١٩٩٤ ببوایە نەک ١٩٩٥. بەڵام وەک وتم ئەمە زۆرلێکردنێکی تێدایە و ناڕەوایە. کەچی ئەگەر بەپێی ساڵی کۆچی بیژمێرین:
١١٠٥ + ٣٠٠ = ١٤٠٥ی کۆچی دەبێتە سێسەدساڵەی مەم و زین. ئەو ساڵە کۆچییەش بەرانبەر ساڵی ١٩٨٤ی زایین دەوەستێتەوە.
ڕێگەیەکی دیکە ئەوەیە هەر لە سەرەتاوە ٤٤ ساڵی زایین بخەینە سەر ١٦٥١ کە ساڵی لەدایکبوونی خانییە، بۆ ئەوەی مەم و زینی لە ساڵی ١٦٩٥دا نووسیبێ. ئەو زایینەش بەرانبەر ١١٠٦-١١٠٧ی کۆچی دەوەستێتەوە و بەو پێیەش دەبێ خانی مەم و زینی لە تەمەنی ٤٦ یا ٤٥ ساڵیدا نووسیبێت، کە دەزانین وا نییە. کەواتە لە هەردوو بارەکەدا دانانی ساڵی ١٩٩٥ بە سێسەد ساڵەی مەم و زین ڕاست نییە و بناخەیەکی مەنتیقی (لۆگیکی) و زانستیی نییە.

## ڕۆژنامەگەریی کوردی:

## ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی چلساڵە

### ئەم لێکۆڵینەوەیە:

ئامانجی ئەم نووسینە ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکە کە نزیکەی چل ساڵە لەناو نووسەران و خوێنەرانی کورد و لە بازنە فەرهەنگییەکاندا دووبارە و چەندبارە دەکرێتەوە. لەم ماوە دوورودرێژەدا هەر هەموو ئەوانەی لەبارەی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە شتێکیان نووسیبێت ئەم هەڵەیە بەسەریاندا تێپەڕیوە و وەک ڕاستییەک وەریانگرتووە و کردوویانەتە بناخەیەک بۆ داڕشتنی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی، کە بەشێکی یەکجار گرنگ و سەرەکیی مێژووی فەرهەنگی کورد و مێژووی سیاسیی کوردستانە. لەبەر ئەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی پێوەستییەکی زۆر بتەو و ڕاستەوخۆی بە مێژووی سیاسی و هۆشیاریی نەتەوایەتیی کوردەوە هەیە، بەهەڵەداچوون لەم بوارەدا زیان تەنیا بە مێژووی فەرهەنگی کورد ناگەیێنێت، بەڵکە دەبێتە هۆی چەواشەبوون لە لێکدانەوەی ڕووداوە سیاسییەکانیشدا.

مەبەستێکی دیکەی ئەم نووسینە، کە دەبێتە ئامانجێکی ناڕاستەوخۆ، بەڵام یەکجار گرنگی بابەت و ئەنجامگرییەکەی، سووربوونە لەسەر گرنگی و پێویستیی بەکارهێنانی شێوازی زانستی لە توێژینەوەدا. ئەم جەختکردنە تەنیا بەو ئامانجە نییە کە لێکۆڵەرەوەی کورد هان بدرێ بە تەواوی خۆی ببەستێتەوە بە بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستی و شێوازی توێژینەوەوە، چونکە ئەمە خۆی سەرەتایەکی زۆر ڕوون و پێویستی هەموو کارێکی زانستی و ئەکادێمییە. لێکۆڵینەوەیەک بەپێی بنەمایەکی زانستی ئەنجام نەدرابێ ناتوانێت بەرگەی ڕووبەڕووبوونەوەکی جددی بگرێت و بەرانبەر ڕەخنەیەکی زانستی، زوو یا درەنگ، شکست دەهێنێت. هەر ئەنجامگرییەکیش بەرهەمی لێکۆڵینەوەیەکی نازانستی بێت، هیچ ڕاستییەک ناخاتە سەر گەنجینەی زانیاری و فەرهەنگ.

بنەمایەکی گرنگی کاری زانستی، لەپاڵ شێوازی توێژینەوەدا، ئەوەیە کە نابێ هەموو دەرئەنجامەکانی توێژینەوە و بەرهەمەکانی عەقڵ وەک ڕاستیی ڕەها وەربگرین، بەڵکە دەبێ بە بیرێکی ڕەخنەگرانەوە، بە عەقڵێکی ڕەخنەگرانەوە، بابەت و ئەنجامگرییەکان و تێکستەکان بخوێنینەوە. بەبێ لێوردبوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە زۆر بە ئاسانی خۆیشمان و فەرهەنگەکەیشمان دەخەینە داوی دۆگمایەکی سەختەوە کە هەم مانەوەی زیانمان پێ دەگەیێنێت و هەم تێکشکاندنیشی تووشی ڕەنج و ئازارێکی زۆرمان دەکات. ناکرێ بنەمای بیری ڕەخنەگرانە لەبەر هۆی هەستەکی یا ئیدیۆلۆگی، یا شانازیی نەتەوەیی، لە بوار و شێوازی کاری زانستی دوور بخرێتەوە، چونکە بەمە یەکێ لە ڕێگە گرنگەکانی گەیشتن بە ڕاستی کوێر دەکەینەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەپاڵ ئەوەدا کە ڕاستییەکی مێژوویی ساغ دەکاتەوە، بەو هیوایەیش نووسراوە کە بنەماکانی شێوازی زانستیی لێکۆڵینەوە و هەڵوێستی ڕەخنەگرانە جەخت بکات.

## ڕۆژنامەگەریی کوردی وەک بابەتێکی مێژوویی

ڕۆژنامەی کوردستان کە یەکەمین ژمارەی لە بەهاری ساڵی ١٨٩٨دا لە قاهیرە چاپ کراوە، بە یەکەمین ڕۆژنامە لە مێژووی کوردستان و زمانی کوردیدا دادەنرێت. هەتا ئەمڕۆیش هیچ زانیارییەکی تازە نەهاتۆتە ئاراوە کە ڕاستیی ئەو ڕووداوە هەڵوەشێنێتەوە یا هەواڵێکی تازەتری لەو ڕووەوە پێشکەش کردبێت. وا پێ دەچێت ئەو نووسەرانەی لەگەڵ مێژووی کورد و کوردستان خەریک بوونە هەر لە سەرەتاوە بایەخێکی باشیان بەوە داوە کە پەیدابوونی ڕۆژنامەگەریی کوردی وەک ڕووداوێکی سیاسی و نەتەوایەتی تۆمار بکەن. ئەگەرچی لە بەشی هەرە زۆری ئەو سەرچاوانەدا کە لەبارەی مێژووی کوردستانەوە نووسراون باسی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە کراوە، بەڵام لە ماوەی زیاتر لە پێنج دەیەی دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکەدا یان هەر ساڵی کۆچی و ڕوومیی دەرچوونەکەیان تۆمار کردووە، یا بەپێی زانیاریی خۆیان ئەو ساڵەیان بەرانبەر ساڵی زایینی ڕاگرتووە، ئەگەرچی لەمەیشدا هەڵە ڕووی داوە. من لێرەدا بە پێویستی نازانم هەموو سەرچاوەکان بە سەر بکەمەوە و پێشانی بدەم یەک بە یەک چییان لەو بارەیەوە وتووە و نووسیوە، بەڵکە تەنیا دوو سێ نموونەی گرنگ دەخەمە بەرچاو.

دۆکتۆر بلەچ شێرگوهـ لە کتێبی (دۆزی کورد، ڕابوردووی کورد و ئێستایان)دا دەڵێ: ساڵی ١٣١٥ی کۆچی بڕیاری دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی کوردی درا... میر مەدحەت بەدرخان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیی بە ناوی کوردستان دەرکرد (شێرگوهـ ١٩٣١: ٥٠؛ شێرگوهـ ١٩٨٦: ٦٢؛ شێرگۆ ١٩٩٠: ٤٩).

محەمەدئەمین زەکی (١٨٨٠-١٩٤٨) لە بەرگی یەکەمی (خولاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان)دا دەڵێ: وەکو ئەیزانین ئەووەڵ غەزەتەی کوردی لەژێر عینوانی کوردستاندا، لە ئیستانبووڵ و لە ساڵی ١٣١٥ی هیجریدا لە تەرەف میدحەت بەگی نەتەوەی بەدرخان بەگ نەشر کراوە (زەکی١٩٣١: ٣١٥؛ زکی بک ١٩٣٦: ٣٥١). وەرگێڕی عەرەبیی کتێبەکە، محەمەد عەلی عەونی، لەگەڵ ساڵە کۆچییەکەدا ساڵی ١٨٩٧ی زایینیشی نووسیوە. دۆکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد وای بۆ چووە کە ئەو ساڵە زایینییە زەکی بەگ خۆی نووسیویەتی، نەک وەرگێڕی کتێبەکە. وا پێ دەچێ لەو کاتەدا دۆکتۆر ئەحمەد چاپی کوردیی کتێبەکەی لە بەردەستدا نەبووبێت.

عەلائوددین سەججادی لە چاپی یەکەمی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا ساڵی ١٨٩٧ و لە چاپی دووەمدا، ساڵی ١٨٩٨ی بە ساڵی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی داناوە (سەججادی١٩٥٢: ٥٥١؛ سەججادی١٩٧١؛ ٦٠٩-٦١٠). سەججادییش هەر پێی وا بووە ڕۆژنامەی کوردستان لە ئیستانبووڵ دەرچووە، ئەگەرچی لە پەراوێزی لاپەڕەکەدا، چاپی دووەم، کتێبی (دەستنووسە کوردییەکان)ی دۆکتۆر کەمال فوئادی وەک سەرچاوە باس کردووە و ٢٢-٤-١٨٩٨ی وەک ڕۆژ و قاهیرەی وەک جێگەی دەرچوونی ڕۆژنامەکە تۆمار کردووە.

دانانی ساڵی ١٨٩٧ بەرانبەر ساڵی کۆچیی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان هەڵەیەکی سەیر نییە و دەکرێ ڕوو بدات. ئەوەی کاری لێکۆڵینەوەی زانستیی لە بواری ڕۆژهەڵاتناسیدا کردبێت دەزانێت کە زۆربەی جار ساڵێکی کۆچی بەرانبەر دوو ساڵی زایینی دەوەستێت، چونکە لە ماوەیەکی دوورودرێژدا سەرەتای ساڵە زایینییەکان دەکەونە ناو ساڵە کۆچییەکەوە. ساڵی کۆچی بەپێی سووڕانەوەی مانگ (Lunar) دەژمێردرێ و ساڵی زایینیش بەپێی ڕۆژ، یا سووڕانەوەی تۆپی زەوی بە دەوری هەتاودا (Solar). جیاوازیی ئەم دوو سیستێمە دەگاتە یانزدە ڕۆژ. ئەگەر ڕۆژ و مانگی ساڵی کۆچی بزانرێت، ئەوا دەکرێ بەئاسانی بەرانبەرەکەی لە ساڵنامەی

زایینیـــدا دیاری بکرێت. لەم بوارەدا چەند زانایەکی ئەورووپایی خـــشـــتـــەی بەراوردکردنیان داناوە و دەتوانین ساڵ و ڕۆژ و مانگەکانی تەقویمی کۆچی، زایینی، ئێرانی و ڕوومی لەگەڵ یەکدی بەراورد بکەین. ئێستا کە تەکنیکی کۆمپیوتەر ئەوەندە پێش کەوتووە، ئەم بەراوردکردنە بە یەک چرکە ئەنجام دەدرێت، چونکە کۆمەڵێ پرۆگرامی ڕێکوپێک بۆ ئەم گۆڕینە داهێنراوە. دواتر، هەر لەم وتارەدا، دەگەڕێمەوە سەر ئەم بابەتە.

وا پێ دەچێت دۆکتۆر مارف خەزنەدار یەکەمین لێکۆڵەرەوەی کورد بێت کە لە نووسینێکدا ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی دانابێت و یەکەمین کەسیش بێت بە بەڵگە ئەوەی سەلماندبێت کە خۆی چاوی بە ڕۆژنامەکە کەوتووە و وێنەیشی لەگەڵ نووسینەکەیدا چاپ کردووە. دۆکتۆر خەزنەدار ئەم زانیارییانەی لە وتارێکدا، لە ڕۆژنامەی (برايی- التآخي)دا، ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ١٩٦٨ بڵاو کردووەتەوە (خەزندار١٩٦٨؛ خەزنەدار١٩٧٣: ١٠). هەڵبژاردنی ئەو ڕۆژەیش بۆ بڵاوبوونەوەی وتارەکە هەڵبژاردنێکی هۆشیارانەیە لە لایەن دۆکتۆر خەزنەدارەوە بۆ دیاریکردنی حەفتایەمین ساڵڕۆژی بڵاوبوونەوەی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی.

لە هاوینی هەر ئەو ساڵەدا دۆکتۆر کەمال فوئاد بەشێکی زۆری ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی لە کتێبخانەیەکی ئەڵمانیا دەست دەکەوێت و وێنەیان دەگرێت و ساڵێ دواتر لە گۆڤاری (ڕووناکی)دا وتارێکی لەسەر دەنووسێت (فوئاد١٩٦٩؛ فوئاد١٩٧٢: پێشەکی؛ فوئاد٢٠٠٠: ٤؛ فوئاد٢٠٠٦: ٣). دۆکتۆر فوئادیش، وەک دۆکتۆر خەزنەدار، ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ بە ڕۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی کوردستان دادەنێت.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم دوو نووسینە و هەتا ئەمڕۆیش، ئیتر وەک نەریتێکی لێ هاتووە کە هەر کەسێک باسی ڕۆژنامەی کوردستان بکات، وای دادەنێ کە یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەکە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ دەرچووە و هەر لەسەر بناغەی ئەو زانیارییەیش ٢٢ی نیسان کراوە بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی. ئەمە هەڵەیەکە نزیکەی چل ساڵە ڕووناکبیر و لێکۆڵەرەوە و ڕۆژنامەنووس و مێژوونووسی کورد (و هەندێ جاریش ناکورد) دووبارەی دەکەنەوە. کە دەڵێم چل ساڵ مەبەستم ڕۆژی

بڵاوبوونەوەی وتارەکان نییە، بەڵکە چەند مانگێک و بگرە چەند ساڵێکیش پێشترە، چونکە نووسەرەکان پێش بڵاوبوونەوەی وتارەکانیان، بە مانگان و ڕەنگە بە ساڵانیش کاریان لەسەر کردووە و خۆیان بۆ ئامادە کردووە و بیر و زانیارییەکانیان لا گەڵاڵە بووە.

ئەوی ڕاستی بێت ناکرێ ئێمە هەموو ئەوانەی ئەو هەڵەیەیان دووبارە کردووەتەوە بە یەک شێوە و بە یەک پلە بە بەرپرسیار دابنێین. دەبێ ئەوەیش بگوترێت کە هەموو ئەوانەی لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردیان نووسیوە ئەو هەڵەیەیان جەخت نەکردووە، بەڵام لە لایەکی دیکەیشەوە نەیانتوانیوە ڕاستیی باسەکە یەکالا بکەنەوە. کەسێک نەگەیشتبێتە ئەنجامی ڕاست، لەگەڵ کەسێک کە هەڵەی کردووە جیاوازن و ناکرێ بەرپرسیارییەکەیان وەک یەک تەماشا بکرێت. پێم وایە ئەم کەسانە دوو جۆری جیاوازن و دەکرێ بەم شێوەیە دابەشیان بکەین:

١- زانا کوردەکان، یا ئەو کوردانەی کە لە بوارێکی زانستی و ئەکادێمیدا کار دەکەن. ئەمانە دەبوو زۆر بە وردی و زۆر ڕەخنەگرانە ئەم زانیارییەیان وەربگرتایە و هەر نەبێ خۆیان هەوڵێکیان بدایە، بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و ناڕاستیی ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی دیاری کراوە. ساغکردنەوەی ئەو ڕۆژە بۆ کەسێک خەریکی کاری زانستی بێت، کارێکی نەکراو نییە، بەتایبەت ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە بەشێکی زۆری ئەمانە لە زانستگەکانی ئەورووپا خوێندوویانە و کاریان کردووە.

٢- کوردناسان و ڕۆژهەڵاتناسانی ئەورووپایی و ڕۆژاوایی. هێندەی من ئاگادار بم زۆربەی هەرە زۆریان خۆیان لەوە بواردووە بە دوای ڕۆژ و مانگی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستاندا بگەڕێن و بەوەندە خۆیان پەڕاندووەتەوە کە نووسیویانە ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٨٩٨دا یەکەم ژمارەی لێ دەرچووە (Kreyenbroek1992: 72; The Encyclopaedia of Islam, Vol. 5, kurds, Kurdista ;Blau1996: 22)، یان بێجگە لە ساڵەکە مانگی چوارەم، واتە نیسان (ئەپریل)یشیان باس کردووە (McDowall1996:90). ئەمانە هەڵەیان نەکردووە، بەڵام هەوڵی وردبوونەوەیشیان نەداوە. ڕەنگە پاساویان ئەوە بێت کە بابەتەکانیان بەتایبەت بۆ ڕۆژنامەگەری تەرخان نەکردووە، بەڵکە لە چوارچێوەی باسێکی گشتیدا لەسەر مێژووی سیاسی یا کۆمەڵایەتیی کوردستان، ناوی ڕۆژنامەی

کوردستانیشیان هێناوە.

ئەوەی زیاتر سەرنج ڕادەکێشێت هەڵوێستی هەندێ زانای کوردە کە چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرا زۆر وردتر و ڕەخنەگرانەتر بۆ باسەکە بچوونایە، یا هەڵوێستی ئەو نووسەرانەی کە ساڵانێکی دوورودرێژی ژیانی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی تەرخان کردووە، بەڵام نەیانتوانیوە ئەو هەڵەیە ڕاست بکەنەوە.

## هەڵەیەکی زانستی

لە ڕوواڵەتدا ئەوە گرنگ نییە دانانی ٢٢ی نیسان بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە هەڵەیەکی مێژوویی یا هەڵەیەکی زانستی دابنێین. ئەنجامەکە ئەوەیە کە ئێمە لە ماوەی ٣٩ ساڵی ڕابوردوودا هەموو جەژن و سەربەرزی و یادکردنەوەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردیمان خستووەتە ڕۆژێک کە ئەو ڕۆژە نییە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستانی تێدا دەرچووە. هەڵەیەکی مێژوویی ئەوە دەبوو ئەگەر، با بڵێین، میقداد میدحەت بەدرخان ڕۆژنامەکەی لە ئیستانبووڵ بڵاو بکردایەتەوە نەک لە قاهیرە، یا لەباتیی ساڵی ١٨٩٨، ساڵی ١٩٠٥ دەستی پێ بکردایە. ئەمەی ئێستا هەیە و لە بەرچاوە هەڵەیەکی زانستییە، بە هۆی ڕەچاونەکردنی بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە ڕووی داوە. ئەگەر هەر لە سەرەتاوە لێکۆڵەرەوەکان کەمێک خۆیان ماندوو بکردایە و زیاتر ورد ببوونایەتەوە، لەوانە بوو خۆ لەو هەڵەیە ببوێرن. تەنانەت ئەگەر ئەوانەیش کە دواتر لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردییان نووسیوە و کاریان کردووە، بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە کاری نووسەرانی پێش خۆیانیان بخوێندایەتەوە ڕەنگە هەر زوو، ٢٥ یا ٣٠ ساڵ پێش ئێستا، ئەو هەڵەیەیان ڕاست بکردایەتەوە و ئەودەم ئەوەندەی ئێستا تەشەنەی نەدەکرد.

من نازانم پێش ئەوەی دۆکتۆر خەزنەدار وێنەی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو بکاتەوە، چەند کەس ڕۆژنامەکەیان بە چاوی خۆیان بینیوە و دەستیان پێ گەیشتووە. بەڵام ئێستا ئەوە دەزانین کە لە بەهاری ساڵی ١٩٦٨ بەدواوە و تا ئەمڕۆ دەیان جار وێنەی بەشی هەرە زۆری ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە. ڕەنگە کارەکانی دۆکتۆر کەمال فوئاد لەو بوارەدا لە کارە هەرە ڕێکوپێکەکان بن، ئەگەرچی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی شایانی تێکۆشانەکەی

خۆی لەگەڵدا پێشکەش نەکردوون (فوئاد١٩٧٢، ١٩٩٨، ٢٠٠٦).

بۆ دیاریکردنی ڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەکە دیارە سەرچاوەی هەرە گرنگ و بنەڕەتی لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەکە خۆیەتی. لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی ئەو ژمارەیەدا کۆمەڵێ زانیاریی جیاوازمان بەرچاو دەکەون لەسەر ناوی ڕۆژنامەکە، ژمارەی، لاپەڕەی، خاوەنەکەی، تیراژی، ئامانجی، نرخەکەی، ناونیشانی و ڕۆژی دەرچوونی، کە ئەمەی دوایی، بۆ ئێمە و لەم نووسینەدا، لە هەموو زانیارییەکانی دیکە گرنگترە. لەبارەی تەئریخ یا ڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەکەوە ئاوەها نووسراوە: (روژا پنجشمی ده ٣٠ ذوالقعده سنه ١٣١٥ پنجشنبه فی ٩ نیسان١٣١٤). ئەم نووسینە بە ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردی وای لێ دێت: (ڕۆژا پێنجشەمێدە، ٣٠ زولقەعدە سەنەی ١٣١٥، پەنجشەنبە، فی ٩ نیسان ١٣١٤). ئەگەر بمانەوێ وەریگێڕینە سەر کوردیی ناوەندی دەبێتە: (لە ڕۆژی پێنجشەممەی ٣٠ی زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥دا، پێنجشەممە لە ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤دا).

ئەم زانیارییە لە سێ بەش پێک هاتووە: یەکەم: ڕۆژی پێنجشەممە، کە دوو جار بە کار هێنراوە، دووەم: ٣٠ی زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی (هیجری) و سێیەم: ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی ڕوومی. ئێمە ئەوەیش دەزانین کە لەو سەردەمەدا لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا دوو تەقویم، دوو ساڵنامە بە کار هێنراون: تەقویمی کۆچی- هیجری، کە بەپێی سووڕانەوەی مانگ (Lunar) ژمێردراوە و تەقویمی ڕوومی یا مالی کە بەپێی سووڕانەوەی زەوی بە دەوری ڕۆژدا (Solar) ژمێردراوە. لەبەر ئەوەی ساڵی کۆچی لە ٣٥٤ ڕۆژ پێک دێت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی جەژن و بۆنە پیرۆزەکان جێگەیان لە چوارچێوەی وەرزی ساڵدا دەگۆڕێت و هەر ساڵێ دە ڕۆژ بۆ دواوە دەڕوات. عوسمانییەکان بۆ ئەوەی بۆنە ڕەسمییەکان بچەسپێنن و بتوانن لەگەڵ ساڵنامەی شەمسیدا بیگونجێنن، ئەم تەقویمی ڕوومییەیان داهێنا و وا پێ دەچێت یەکەم ڕۆژی، یەکەم ساڵی بەکارهێنانی تەقویمی ڕوومی یا مالی کەوتبێتە ١١ی مارتی ١٦٧٦، بەرانبەر بە ٢٥ی زولحیججەی ساڵی ١٠٨٦ی کۆچی.

دەبێ ئەو سێ بەشەی زانیاریی ڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بەپێی گرنگی و گرانییان بۆ ئەم بابەتە، بەم شێوەیەی خوارەوە ڕیز بکەین:

١- پێنجشەممە: چونکە بەکارهێنانی ڕۆژانی حەفتە بەپێی سیستەمێکی زۆر ڕێکوپێک، لە سەردەمی بابیلی و سۆمەرییەکانەوە و تا ئەم سەردەمەیش بەبێ هەڵە بە کار هاتووە و هەرگیز پێویستی بە گۆڕین و ڕێکخستنەوە نەبووە.

٢- ڕۆژەکە بەپێی تەقویمی ڕوومی، کە ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤یە: چونکە لەم تەقویمەدا سیستەمی شەمسی بە کار براوە و بواری هەڵەکردن کەمترە، ئەگەرچی عوسمانییەکان وا پێ دەچێت جارێک یا دوو جار هەڵەیان کردبێت، بەڵام ئەو هەڵەکردنە ناکەوێتە ساڵی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان.

٣- ڕۆژەکە بەپێی تەقویمی کۆچیی قەمەری، کە ٣٠ی زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥یە: لەبەر ئەوەی دیاریکردنی ڕۆژ لەم تەقویمەدا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بینینی مانگەوە هەیە، زۆر جار خەڵک دەکەونە هەڵەوە و هەمیشە کێشەیەک لە بەراوردکردنی تەئریخەکاندا دروست دەبێت.

بۆ بەراوردکردن و دیاریکردنی ڕۆژێک بەپێی ئەو سێ تەقویمە، زایینی و کۆچی و ڕوومی، چەند سەرچاوەیەکی گرنگ لە بەردەستدان کە زانایانی ئەوروپایی دایانناون و بەپێی خشتەی ڕێکوپێک دەتوانرێ ڕۆژەکانی ئەو سێ تەقویمە لەگەڵ یەکدی بەراورد بکرێن. لەم بوارەدا من دوو سەرچاوەم بە کار هێناوە کە هەردوویان کاری زانستین و جێگای باوەڕی هەموو کەسێکە خەریکی لێکۆڵینەوەی زانستی بێت لە بواری ڕۆژهەڵاتناسی یا کوردناسیدا. سەرچاوەکان ئەمانەن:

1. Wustenfeld-Mahlersche: Vergleichungs-Tabellen, Deutsche Morgenländische Gesellschaft, Wiesbaden 1961.

2. G. S. P. Freeman-Grenville: The Islamic and Christian Calenders, Garnet Publishing, Lebanon 1995.

ئەم کتێبە، خۆشبەختانە، لەلایەن دۆکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵاوە کراوە بە کوردی و بنکەی ژین ساڵی ٢٠٠٤ لە سلێمانی بڵاوی کردووەتەوە.

بێجگە لەم دوو سەرچاوە گرنگە تەقویمێکی سوێدیم لە بەردەستدایە کە خشتەیەکی تێدایە بۆ دیاریکردنی دووسەد ساڵی ١٨٦٧ تا ٢٠٦٦ی زایینی. بەپێی خشتەکانی ئەم تەقویمە دەتوانین بزانین هەر ڕۆژێک لە ماوەی ئەم دووسەد ساڵەدا دەکەوێتە کامە ڕۆژی حەفتەوە. لەوانەیش بترازێ پرۆگرامێکی کۆمپیوتەر بە کار دەهێنم، ناوی (تەقویم)ە و بۆ بەراوردکردنی ساڵنامەکانی کۆچی، زایینی، ئێرانی و ڕوومی

ڕێک خراوە. ئەم پرۆگرامە لە کۆمپیوتەرەکانی سیستەمی (ماکینتۆش)دا کار دەکات. هەروەها سوود لە ماڵپەڕێک وەردەگرم ناوی (Tekvim) ـە و بە تورکییە و بەشێکە لە ماڵپەڕی کۆڕی مێژووی تورک.

بەپێی دوو سەرچاوەی یەکەم، سەرەتای ساڵی ١٣١٥ی کۆچی (واتە یەکی موحەڕڕەم) دەکەوێتە ڕۆژی چوارشەممە، دووی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٩٧. یەکەمین ڕۆژی مانگی زولحیججەی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی دەکەوێتە ڕۆژی شەممە، ٢٣ی نیسانی ١٨٩٨. کەواتە یەک ڕۆژ پێش ئەوە، دوایین ڕۆژی مانگی زولقەعدەیە، واتە ٣٠ی زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی، کە ڕۆژی جومعەیە و بەرانبەر ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی زایینییە. بەپێی هەموو تەقویمەکانی دیکەیش ڕۆژی ٢٢ی نیسان (ئەپریل)ی ساڵی ١٨٩٨ی زایینی ڕۆژی جومعە (هەینی)یە. هەروەها بەپێی هەموو سەرچاوەکان ڕۆژی ٣٠ی زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی، دەکەوێتە بەرانبەر ڕۆژی ١٠ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی ڕوومی (مالی) و ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ی زایینی و ڕۆژەکەیش هەینی(جومعە)یە.

دوای ئەو بەراوردکردنە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لەو سێ بەشەی تەئریخی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکە، دوویان بە تەواوی یەک دەگرن و ڕاستن: ڕۆژەکە پێنجشەممەیە و ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی ڕوومییە. ئەوەی کە هەڵەیە ڕۆژەکەیە بەپێی تەقویمی کۆچی- هیجری، کە دەبوو ٢٩ی مانگی زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ بێت، نەک ٣٠ی زولقەعدە. ئەم هەڵەکردنەیش زۆر ئاسایی و باوە، چونکە دیاریکردنی ڕۆژ بەپێی تەقویمی کۆچی پێوەستی بینینی مانگی یەکشەوەیە، کە ئاسان نییە. لە هەموو ئەو سەرچاوە و تەقویم و ماڵپەڕانەیشدا بەئاشکرا دەبینین کە: (ڕۆژی پێنجشەممەی ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی ڕوومی) دەکاتە (ڕۆژی پێنجشەممەی ٢١ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی زایینی) و دەکاتە (ڕۆژی پێنجشەممەی ٢٩ی زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی).

لێرەدا ئێمە دوو هەڵەمان بۆ دەردەکەون: هەڵەی یەکەم هەڵەی خوالێخۆشبوو میقداد میدحەت بەدرخانە کە دەبوو لەباتیی ٣٠ی زولقەعدە، بینووسیایە ٢٩ی زولقەعدە. هەڵەی دووەمیش هەڵەی هەموو ئەوانەیە کە تا ئەمڕۆ لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردییان نووسیوە و دەبوو بزانن لەو سێ بەشەی زانیارییەکەی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی

کوردستان، دوویان گرنگترن؛ ڕۆژی حەفتەکە کە پێنجشەممەیە و ڕۆژەکە بەپێی تەقویمی ڕوومی کە ٩ی نیسانی ١٣١٤یە و ڕۆژی ڕاست و گونجاویش لەگەڵ ئەو دوو بەشەدا ٢١ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی زایینییە.

دوای ئەم بەراوردکردنە ئێستا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆژی پێنجشەممە، ٢١ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی زایینی لە قاهیرە بڵاو کراوەتەوە. هەر زانیارییەکی دیکەی لەگەڵ ئەم ئەنجامگرییەدا نەگونجێت ناڕاستە و دەبێ ڕاست بکرێتەوە.

## پرسیارێکی، تا ئێستا، بێوەرام

لەناو ئەو دەیان مێژوونووس و لێکۆڵەرەوە و نووسەرانەی لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردی کاریان کردووە، دۆکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە هەموویان زیاتر ڕەخنەگرانە لەو بابەتە کۆڵیوەتەوە و زیاتریش لە ڕاستی نزیک کەوتووەتەوە، کەچی لە دوایین چرکەدا خۆی خستووەتە هەڵەیەکەوە کە تا ئێستایش بۆ من ڕوون نەبووەتەوە بۆچی ئەو زانا گەورەیە تووشی بووە و چی بووەتە هۆی ئەوەی ئەو ڕاستییەی کە تەنیا یەک هەنگاو لێیەوە دوور بووە، نەبینێت؟

دۆکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد (بە یارمەتیی خشتەکانی ئۆربێللی) لەوە گەیشتووە کە ٣٠ی زولقەعدەی ١٣١٥ی کۆچی ڕۆژی هەینییە و دەکاتە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨، کەچی لەباتیی ئەوەی دوو بەشی گومانلێنەکراوی تەئریخەکە بکاتە بنەمای لێکۆڵینەوەکەی، واتە پێنجشەممە و ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی ڕوومی، پەنا دەباتە بەر ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ی زایینی، کە بەشی نادیاری تەئریخەکەیە و پێویستی بە ساغکردنەوەیە. لەوەیش سەیرتر، دوای ئەو هەموو جەختکردن و ڕاستییە ئاشکرا و بەرچاوە، لەپڕ دەنووسێت: دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد ساغ بۆوە کە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ دەقاودەق ڕۆژی پێنج شەممە دەگرێتەوە (دۆکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ١٩٧٨: ٥٨ –٥٩). بەم ڕستەیە، دۆکتۆر ئەحمەد هەموو ئەنجامگرییە ڕاستەکانی خۆی و ئەو هەموو باوەڕەیش بە ئۆربێللی و بە خشتەکانی ئۆربێللی هەیەتی، هەر هەمووی هەڵدەوەشێنێتەوە و دەگاتە ئەنجامێک کە هەڵەکانی پێش خۆیشی جەخت دەکات. تا ئێستایش من لەوە نەگەیشتووم دۆکتۆر کەمال مەزهەر پشتی بە کامە سەرچاوەی زانستی بەستووە کە لێکۆڵینەوەیەکی وردی کردووە و

چۆن بۆی ساغ بووەوە؟ مامۆستا لە هەموو کارەکانیدا بە بەڵگەی زانستی قسە دەکات و زۆری بە لاوە گرنگە سەرچاوەی کارەکانی بە شێوازێکی زانستی تۆمار بکات و ڕێکیان بخات، کەچی بۆ ئەم ساغکردنەوەیە ناوی هیچ سەرچاوەیەک نادات و خوێنەری جیددی بەبێ وەرام بە جێ دەهێڵێت.

ئەگەرچی ئەم لێکۆڵینەوەیەی من دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو زانیارییانەی تا ئێستا لەسەر ڕۆژی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان نووسراوە و بڵاو کراوەتەوە، دەمەوێ لێرەدا ئەوە جەخت بکەم کە من ڕێزم بۆ هەموو ئەو کەسانە هەیە کە لەو بوارەدا کاریان کردووە و توێژینەوەیان ئەنجام داوە، ئەم کارەی من هەرگیز بەو مەبەستە نەنووسراوە کە لە نرخ و پایەی بەرهەم و ڕەنجی ئەو بەڕێزانە کەم بکەمەوە، بەڵکە بەردەوامییەکی کار و بەرهەمەکانی ئەوانە. ئێمە کە باوەڕمان بە زانست و بە کاری زانستی هەبێت، دەبێ ئەوە بزانین کە ئامانجی هەرە گرنگ دەرخستن و چەسپاندنی ڕاستییە. ئەم کارەی منیش هەنگاوێکی بچکۆلەیە لەو بوارەدا.

## ئەنجامگری

یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان ١٠٩ ساڵ پێش ئێستا لە قاهیرە بڵاو کراوەتەوە. حەفتا ساڵ پاشتر بە کۆششی چەند لێکۆڵەرەوەیەکی کورد ژمارەکانی ڕۆژنامەکە دۆزرانەوە و چاپ کران و ئەم کارە بوو بە سەرەتایەک بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی و نووسینەوەی مێژووەکەی. لە ساڵی ١٩٦٨ەوە و تا ئەمڕۆ، هەر هەموو ئەوانەی لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردییان نووسیوە وایان زانیوە یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەکە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی زایینی بڵاو کراوەتەوە. هەر لەبەر ئەوەیش ڕۆژی ٢٢ی نیسان (ئەپریل) کراوە بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی و هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا یادی ڕۆژنامەی کوردستان دەکرێتەوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا من هەوڵم داوە ئەو هەڵەیە ڕاست بکەمەوە و ئەوە بچەسپێنم کە یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆژی پێنجشەممەی ٢٩ی زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی، ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی ڕوومی و ٢١ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی زایینی دەرچووە. ئەو باوەڕەی کە تا ئێستا لەو بوارەدا لە ئارادا بوو لەگەڵ بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستیدا ناکۆک و نەگونجاوە.

ئەگەر تا ئێستا ڕۆژی ٢٢ی نیسان بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی دانراوە، دەبێ لە ئەمڕۆ بەدواوە ڕۆژی ٢١ی نیسان ببێتە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی. ئەم جیاوازییە ئەگەرچی یەک ڕۆژە، بەڵام هەم لە کار و لێکۆڵینەوەی زانستیدا و هەم لە مێژووی سیاسی و فەرهەنگیی مرۆڤایەتیدا بایەخی خۆی هەیە و دەبێ ڕاستی ئامانجی یەکەم بێت.

**سەرچاوە:**


کوردی

ئەحمەد، کەمال مەزهەر (د.): تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، کۆڕی زانیاریی کورد، بەغداد ,١٩٧٨

زەکی، محەمەدئەمین: خولاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان، جلدی یەکەم، بەغدا ,١٩٣١

زكي، محمدامين: خلاصة تاريخ الكرد وكردستان، من اقدم العصور التاريخية حتى الان، الجزء الاول، ترجمة محمد علي عوني، الطبعة الثانية ١٩٦١.

خەزنەدار، جەمال: ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، کارگێڕیی ڕۆشنبیریی کوردی، بەغداد ١٩٧٣.

تاقانە، ئەحمەد: ڕۆژژمێری ڕۆمی و نەخشەکانی بەرامبەرکردنی لەگەڵ ڕۆژژمێری کۆچی و زایینیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ,٢٠٠١

خەزنەدار، مارف (دۆکتۆر): جريدة كردستان، التاخي، بغداد ٢٢ ٤ ,١٩٦٨

سەججادی، عەلائوددین: مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەغداد ١٩٧١.

شێرگۆ، بلەچ (دکتۆر): کێشەی کورد، مێژینە و ئێستای کورد، محەمەدی حەمەباقی لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، چاپی دووەم، چاپەمەنیی محەمەدی، سەقز ١٩٩٠.

فریمان، گ. س. و گرێنفیل: ڕۆژژمێرەکانی کۆچی و زایینی، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ,٢٠٠٤

فوئاد، کەمال (دۆکتۆر): لەبارەی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان، ڕووناکی، ژمارە (١)، بەغدا ٢٣ی مایسی ,١٩٦٩

-------------: کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨- ١٩٠٢، بەغدا ,١٩٧٢

------------- : کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی (دەورەی سێیەم)، سلێمانی ١٩٩٨

------------- : کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، سلێمانی ,٢٠٠٠

-------------: کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨-١٩٠٢، چاپی سێیەم، تاران ٢٠٠٦

عەرەبی
شیرکوه، بلەچ (الدكتور): القضية الكردية، ماضي الكرد وحاضرهم، مطبعة السعادة، مصر، ١٩٣٠.
ئینگلیزی
شیرگوه، بلەج (د.): القضية الكردية، ماضي الكرد وحاضرهم، رابطة كاوا للثقافة الكردية، بيروت ١٩٨٦.

ئینگلیزی
Bacharach, Jere L. : A Middle East Studies Handbbok, Cambridge University Press, Cambridge 1984.

Blau, Joyce: Kurdish Written Literature, in: Kreyenbroek 1996, pp. 20-28.

The Encyclopaedia of Islam, New Edition, Volum: V, Kurds, Kurdistan.

Freeman-Grenvill, G. S. P.: The Islamic and Christian Calenders, Garnet Publishing, Lebanon 1995.

Izady, Mehrdad R. : A Concise Handbook, The Kurds, Taylor & Francis, Washington & London 1992.

Kreyenbroek, Philip G. and Stefan Sperl (editors): The Kurds, a Contemporary Overview, Routledge, London 1992.

Kreyenbroek, Philip and Christine Allison (edistors): Kurish Culture and Identity, Zed Books Ltd, London 1996.

McDowall, David: A Modern History of The Kurds. L. B. Tauris, london1996.

ئەڵمانی
Wustenfeld-Mahlersche: Vergleichungs-Tabellen, Deutsche Morgenländische Gesellschaft, Wiesbaden 1961.

# من باسی ئازادیی خۆڵ و بەرد و دار ناکەم

## هێندەیش گەشبین مەبە

ئالاكەت گرمۆڵە بکە و لە دەروازەی شارەوە وەک سوارەیەکی ڕۆمانی بە خۆت و ڕم و شیر و مەتاڵ و گورز و گوڵەنگتەوە بچۆرە ژوورەوە. بەناو شەقامەکاندا هونەری باووباپیران و سوارچاکیی خۆت بنوێنە. ئەمەیە ئەو شارەی ساڵانی ساڵ تەراتێنگای لەشکرەکانی مەغۆلی سەدەی بیستەم و نازیست و فاشیستەکانی ڕۆژهەڵات بوو. ئەمەیە ئەو پەرژینەی سەرزەوینی نامێژووی لە تەئریخستان جیا دەکردەوە. کێ دەڵێ داگیرکاران لە زمانی مێژوو ناگەن؟ کێ دەڵێ زۆرداران و خوێنرێژان دەرسەکانی مێژوویان ڕەوان نەکردووە و لەمسەر بۆ ئەوسەر تووتیئاسا لە بەر نایڵێنەوە؟

هێندەیش گەشبین مەبە! پێت وا نەبێ میلە ژەنگاوییەکانی سەعاتی مێژوو هەر بۆ پێشەوە دەچن و هەرگیز ئاوڕ نادەنەوە. لێرەیش و لەولایش و لەولاتریش ڕێگە بە فیلی مێژوو گیراوە و بۆ دواوە گەڕێنراوەتەوە. ئێستایش و جارانیش چاوی خەواڵووی دێرووک، تاکە بستێکیش چییە، بەرپێی خۆی نەبینیوە. کە دەڵێم گەشبین مەبە، قسەکەم هەڵمەگێڕەوە. من ناڵێم ڕەشبین بە. من هەر داوای ئەوەم لێ کردوویت نامەی شەوگار و ڕۆژگاریش لە بەر تیشکی مۆمی ئاوەزدا بخوێنیتەوە. دەزانی کامە ئاوەز؟ ئەوەی بە گوللەی دەستەڵاتداران نەڕووشێنراوە.

ئێرە ئەو هەوارەیە هەمیشە خوێنی خۆت و نیشتمانیان تێدا حەڵاڵ کردووە. نە دادگا و نە بێدادگا، هیچیان لە ئارادا نەبوون. جا فەرهەنگی زۆرداری و ستەم کەی پێویستی بەم وشانە هەبووە؟ تۆ تاوانکار بوویت و ئەوان دادیار. تۆ ئاژاوەگێڕ بوویت و ئەوان قانوونپارێز. جارێکی دیکەیش بیری لێ بکەرەوە، بزانە چیت لە بیر ماوە؟ خۆت بەم زریقوباقەی ناویان ناوە سەردەمی ئازادی و جیهانگەری و نازانم چی فریو مەدە! سەردەمی ڕاستەقینەی ئازادی هێندەیش نزیک نییە. من باسی ئازادیی خۆڵ و بەرد و دار ناکەم، باسی ئازادیی مرۆڤ دەکەم. کە ئەمیان ئازاد بوو، ئەوانیش لە خۆوە دەبنە ئازادستان.

ئەم جارەیش ئاڵاکەت دانەوێنە. ئەمە وەرزی گوڵە ڕەنگاوڕەنگە نایلۆنەکانە. ئەمە وەرزی گوڵی کاغەزینە. تۆ جارێکی دیکە وەرەوە. کە هاتی چەپکە بۆندارەکەت بگرە بە دەستەوە و لە ڕێزی عاشقانی ئەو تیشکە نەکوژاوەدا ڕاوەستە. ئەوێ ڕۆژێ نامەی کرداریان دەدرێ بە دەستیانەوە، چەپ بێت یا ڕاست.

من نە ئەو نهێنە و نە هیچ نهێنێکی دیکە نادرکێنم. دەزانم زۆرمان ماوە بگەینە سەدەی عەشق. ترسەکەی من ئەوە نییە درەنگ دەگەین. ترسەکەی من ئەوەیە، کە چاومان بە عەشق بکەوێ نەیناسینەوە.

## بیستوهەشت ساڵە

هاوینی ١٩٧٥ بوو کە کەرکووک و کوردستانیشم بە جێ هێشت. لەم بیستوهەشت ساڵەدا سێ چوار جارێک هاتوومەتەوە بۆ کوردستان، بەڵام کوردستانی بێ کەرکووک. ئەم جارە کە کەرکوکم دوای بیستوهەشت ساڵ بینییەوە، زۆر جیاواز بوو. ئەوەندەی هەموو شارەکانی کوردستان، ئاڵای کوردستان لە کەرکووکدا هەڵکرابوو. هەواڵی ئەم سەردانەی کەرکووک و ئەو هەموو ئاڵایەم بە (ئیمەیڵ) بۆ کۆمەڵێ لە دۆستانی تاراوگەنشینم ناردبوو. یەکێکیان لە وەرامدا وای لێک دابووەوە دەبێ دنیا بە تەواوی گۆڕابێ، کە منی ڕەشبین هێندە گەشبینانە باسی کەرکووکم کردبێت.

(بێرکۆت) گیان! باوەڕ بفەرموو گەشبین نیم. لە بیرتە پێم وتیت، پیاو دەبێ زۆر (چاوقایم!!) بێت تا بتوانێ لەم زەمانەدا گەشبین بێت. بەڵام کە دەبینم دڵی کوردستان لە هەر کاتێکی دیکە لە کوردستانەوە نزیکترە، بە دەست خۆم نییە، یەکێک لە پەردە ڕەشەکانی سەر ڕوانینم لا دەدەم.

## لێرە و لەوێ

ئەم حکوومەتە ساوایانە هێندە دڵناسکن، نابێ لە گوڵ کاڵتریان پێ بڵێی. دەبێ هەمیشە هەلومەرجی نێونەتەوەیی و ناوچەیی لە بەرچاو بگری. دەبێ گەمارۆی دەرەکی و ناوەکیت لە بیر نەچێت. دزی و دەستپیسی هۆی خۆیان هەیە. کوشتن و خوێنڕشتن لە خۆڕا رووی نەداوە (ئەمە دەقی قسەی ئەندامێکی هۆشیاری یەکێتییە!!)، چونکە لایەنەکەی دیکە شتی خراپتری کردووە. سەرکوتکردنی بیروباوەڕ و دەمکوتکردنی ئازادەبیران لە سۆنگەی بەرژەوەندی باڵای نەتەوە و

نیـــشــــتـــــمــــانـەوەیە. ڕەخـنـە لە هـەر پەڵـەیەکـی ڕەش (یا ســــوور) و دزێو بـگـریـت، ڕوونکـردنـەوەی زۆر ئاســـانـە: لـەچاو ڕێژیمـی بەعـســـدا ئـێـرە نموونـەی هـەرە بەرزی دێمـۆکـراسـیـیـە. ئەگـەر بـەراوردی ئێرە لـەگـەڵ ڕێژیمـەکـانی دەوروبـەر بکـەیت، ئێـرە بەهەشـتـێکە بۆ خـۆی. جـوانـە، ئافـەرین! هـەمـیـشـە نموونـە خـراپ و دزێوەکـان بکـەنـە پێوەر، دەتوانن هـەموو بێیاسایی و دڕندەیی و تاوانەکان پاساو بدەن.

ئەو گـەشـەکـردن و دەسکـەوتانـەی بە دی هێنراون، وا بـاس دەکـرێن وەک بـلێـی (چاکـە) بن و بۆ خـەڵـک کـرابـن. خـەڵـکیش دەبـێ چاکـەناس و سـوپاسـبـژێر بن (لـئـن شـکـرتم لازیدنکم). ئەمـە سـڕکردنی هـەست و چاوەڕوانـی و (طموح)ی خـەڵکـە. مـەسـەلـەکـە هـەر ئـەوە نـیـیـە بـاسـی (کـراو) و (ئەنجامـدراو) بکرێت. بۆ گـەلێکـی سـتـەمدیو و ژێردەسـتـەی وەک کـورد دەبـێ بـاسـی ئـەوە بـێ کـە (دەکـرا بکـرێت و ئـەنجـام بـدرێت، بـەڵام نـەکـرا و ئەنجام نەدرا). پرسـیـارێکـی بچـکۆلەیش لـەم بوارەدا ئـەمـەیە: ئەی شـەڕی براکوژی و ئەو سێـهەزار یا چوارهـەزار (جیاوازییان زۆر نییە!!) کەسـەی بە ناهەق کوژران و لە ناو بران دەکەوێتە ناو کام چوارچێوەوە؟ بێگومان ئەوانیش دەستکەوتی نەتەوایەتین!

## زمان... زمانی کوردی

لە زۆر جـێگە و بۆنەی دیکەیشـدا ئەم بیـرانەم لەبارەی زمـانـی کـوردییـەوە گـوتووە و نووسیوە. ئەوەی ئەمڕۆ بەسـەر زمانـی کـوردیدا هـاتووە و دێت، لە هیچ سـەردەمێکدا، تەنـانـەت لە ڕۆژە ڕەشـەکـانی ڕێژیمـی بەعـسـیـشـدا، ڕووی نـەداوە، زمـانـی کـوردی، هـەمـوو ڕۆژێ، بە بـەرچاوی هـەمـوومـانـەوە، دەشـێـوێنرێ و ئەتک دەکـرێ. ئەم زمـانـە شـیـرینـە، شـەو و ڕۆژ لە ڕووی ڕێنـووسـەوە، لە ڕووی ڕێزمـانـەوە. لە بواری گـەنجـینـەی وشـەدا، تێک دەدرێت و دزێوتر دەکرێت.

ئەم ئـاژاوەیە ئـەنجـامـی کـار و بـەرهـەمـی بیـری کـۆلـکـەخـوێنـەواری کـوردە؛ ئـەوانـەی دەسـتگاکـانی ڕاگـەیاندن دەبەنە ڕێوە و ئەوانـەی سـەرووتریش. چارەسـەرکـردنی ئـەم پەتایە کـاری نەکـراو نـیـیـە. بەڵام «بیـری ورد»ی دەوێ. خـەڵکـی کـوردیزان و شـارەزا و دڵسۆزی دەوێ، خاوەنبڕیاری وردبین و ژیر و بوێری دەوێ.

کێشـەی زمـانـی کوردی بەشـێکە لە کێشـەیەکـی گـەورەتر و گرنـگتر: کێشـەی فـەرهـەنگی کـــوردی. هێـندەی من ئـاگـاداری ئـەزمـــوونـی گـــەلانی ئەوروپا و گـــەلانـی دیکـەیش بم، دەوڵەتـان لەپاڵ ســـتـــراتیـــژ و ســـیـــاســــەتـی عـــەسکەری و ئـابووری و پـەروەردەیی و

دیپلۆماسیدا، سیاسەتی فەرهەنگییشیان هەیە و پێڕۆیی دەکەن. سیاسەتی فەرهەنگی (Cultural policy) لێرە نە هەیە و نە کەسیش لە پێویستیی هەبوونی گەیشتووە. کامە سەرکردە و بەرپرس دەزانێ (سیاسەتی فەرهەنگی) بەری چ دارێکە؟!

## شیعری بەرگری

لەم چەند مانگەی دواییدا هەندێ هەواڵ و وتارم بەرچاو کەوت پێوەندییان بە مێژووی ئەدەبی کوردی و پەدابوونی شیعری بەرگری، بە تایبەت دوای هەرەسی ١٩٧٥ـەوە، هەبوو. لە سەرەتا و ناوەڕاستی حەفتاکاندا کە لە سیاسەتەوە نزیک بووم و چالاکانە بەشداریی خەباتی سیاسیم دەکرد، شیعری سیاسی و بەرگرییشم دەنووسی. ئەو شیعرانە، لە ڕووی ئێستێتیکییەوە، هێندە گرنگ نین کە ئەمڕۆ شەڕیان لەسەر بکەم. ئەمە پێوەندیی بە بیری فەلسەفی و هونەری و زمانەوانیی ئەم بیستوئەوەندە ساڵەی دواییمەوە هەیە. بەڵام وەک ڕاستییەکی مێژوویی بە لامەوە گرنگە ئەوە جەخت بکەم، هێندەی ئاگام لێ بێت، هیچ شاعیرێکی کورد پێش من شیعری بەرگریی نەنووسیوە (مەبەستم دوای هەرەسی حەفتاوپێنج). باوەڕیش ناکەم وەک تێکست (دەق) پێش شیعری (دەنگتان)ی من شیعری بەرگری بڵاو بووبێتەوە. ئەگەر من هەڵەم با ئەو توێژەر و نووسەرانە ڕاستییەکەم بۆ ڕوون بکەنەوە. ئەگەریش ڕاستیم وتووە، با ئەوان خۆیان ڕاست بکەنەوە و ڕاستی بە خوێنەری کوردیش بڵێن.

## دیسان زمان... زمانی کوردی

گەشەکردنی خێرای تەکنۆلۆگی، بە تایبەتی تەکنۆلۆگیای زانیاری (IT)، کۆمەڵێ کێشەیشی هێناوەتە ناو زمانی کوردییەوە. ئێرە جێگەی درێژە پێدانی ئەو باسە نییە. تکایە:

◇ لەجێی (کلیک) و (کلیک کردن) وشەی (ترووکاندن) بە کار بهێنن. بۆ نموونە: ئێرە بترووکێنە، یا فایلی (...) لە ماڵپەڕی (...) بترووکێنە.

◇ لەجێی (جۆرج W بوش)، بنووسن (جۆرج و. بوش)، یا (جۆرج دەبلیوو بوش). ئەو کابرایە ناوەکەی ئەمەیە: George Walker Bush. بۆ کارئاسانی Walker کراوە بە W. لە کوردیدا چاک وایە هەر (و) یا (دەبلیوو) بە کار ببرێت.

◇ لەجێی ڕیفراندۆم بنووسن و بڵێن (گشتپرسی).

سلێمانی ٢٠٠٣/٨/١٨

# ئەدەبی کوردی لە تاراوگە

مەسەلەی ئەدەبی کوردی لە تاراوگە لەم ساڵانەی دواییدا لە دەستگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستاندا گەلێ جار وروژێنراوە و ئێستاش هەر بەردەوام باسی دەکرێت و دەهێنرێتە پێشەوە. هۆیەکی ڕاستەوخۆی ئەم پرسیارکردنە پێوەندیی بەوەوە هەیە کە لە ماوەی هەشت نۆ ساڵی ڕابوردوودا پێوەندییەکی گەرم و پتەو لە نێوان کۆمەڵگەی کوردی دەرەوە و نیشتمان و گەلی خۆیاندا پەیدا بووە. ئێستا ڕۆژانە دەیان و ڕەنگە سەدان کەس لە ئەورووپا و ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی دنیاوە دەچنەوە بۆ کوردستان و لەگەڵ خۆیشیاندا دیارە کۆمەڵێ زانیاری و ڕەوشت و خووی تازە و تەنانەت شێوەی بیرکردنەوەش دەبەنەوە، بێگومان بێجگە لەو هەموو دیارییە مادییانەی کە لەگەڵ خۆیاندا بۆ کەسوکار و دۆست و ئاشنایانی خۆیانی دەبەنەوە. ئەم دیاردەیە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرە و زیاتربوون و گەشەکردنیش دەچێت. ئێستا وای لێ هاتووە کە پێوەندیی نێوان کوردی دەرەوە و وڵاتەکەیان بە کەناڵێکی ڕێکوپێکتردا تێدەپەڕێت و لە کوردستانیش دیاردەکە ئاساییتر وەردەگیرێت و وەک بەشێکی سرشتی و ئاسایی چاوی لێ دەکرێت.

ئەگەر پرسیارەکە ئەوە بێت ئایا ئەدەبێکی کوردی لە تاراوگە هەیە، یا ئەدەبی تاراوگەی کوردی هەیە یا نە؟ من پێم وایە هەر پەیدابوونی پرسیارێکی ئاوا وەرامیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. بێگومان ئەدەبی کوردی لە تاراوگە وەک دیاردەیەکی فیزیکی و جیۆگرافی هەیە و لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردییشدا جێگایەکی گرنگی وەدەست هێناوە. ئەگەر دیاردەیەکی وەها نەبووایە باوەڕ ناکەم پرسیارەکەش بەم گەرمییە بکرایە.

کاتێ لەوە تێگەیشتین کە ئەدەبی کوردی لە تاراوگە هەیە، لایەنێکی دیکەی گرنگی ئەم باسە ئەوە دەبێت لەوە بکۆڵینەوە کە شێوە و قەوارە و ناوەڕۆکی ئەم ئەدەبە چۆنە؟ تایبەتمەندییەکانی چین و لە چ ڕوویەکەوە لەو ئەدەبەی کە لە کوردستاندا دەنووسرێت جیاوازە. پێم وایە تا ئێستا ئێمە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی جددیمان لەم

بوارەدا لە بەردەستدا نییە. هیچ لێکۆڵەرەوەیەکی کورد نەهاتووە ئەم دیاردەیە و ئەم بوونە فیزیکییە بکاتە بابەتی سەرنجدان و وردبوونەوە و شیکردنەوە. کەچی سەیر ئەوەیە لێکۆڵەرەوەی بێگانە هەندێ جار خۆیان پێوە خەریک کردووە و ویستوویانە لێی بکۆڵنەوە. هێندەی من ئاگادار بم هەر لەم سوێدە یەک دوو لێکۆڵەرەوە، کە کورد نین، لەم ساڵانەی ڕابوردوودا خەریکی لێکۆڵینەوە بوون لەبارەی فەرهەنگی گرۆ و تاقمە بێگانەکانی نیشتەجێی سوێدەوە. کە دیارە کوردیش بەشێکی گرنگی بووە.

لە کوردستانی خواروو هەر کە باسی ئەدەبی تاراوگە دەکرێ یەکسەر بیرمان بۆ (ادب المهجر)ی لوبنانییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەچێت و ناوی وەک (جبران خلیل جبران، میخائیل نوعەیمە و ئیلیا ئەبوو ماضی)مان بیر دەکەوێتەوە کە لە ئەمەریکای باکوور و ئەمەریکای باشوور دەژیان و ئەدەبەکەیان تام و بۆنێکی تایبەتی هەبوو. ڕەنگە بکرێ ئەدەبی کوردیی تاراوگە لەگەڵ ئەو ئەدەبە عەرەبییەی تاراوگەدا بەراورد بکرێت، بەڵام جیاوازیی پاشخانە فەرهەنگییەکە و جیاوازیی سەردەمەکان تا ڕادەیەک لە یەکیان هەڵدەبوێرێت.

ئەو سەردەمەی کە نووسەرانی لوبنانی لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیان دەژیان، هاتوچۆ و پێوەندی بە شێوەیەکی دیکە بوو. تەنانەت ناردنەوەی نامەیەک کاتێکی یەکجار زۆری دەخایاند. ئەمڕۆ پەیدابوونی تەکنیکی نوێ و کاریگەر، هەبوونی دەیان شێوە و کەرەسەی پێوەندیکردن بۆتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ بەسەر دووریی جیۆگرافیدا زاڵ ببێت و دووریی جیۆگرافی و فیزیکی هەر بە تەواوی کەم بکاتەوە. ئەمڕۆ ئێمە بە هۆی فاکس و مۆبایل و تەلەفۆن و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتەوە دەتوانین زۆر خێرا ڕۆژهەلات و ڕۆژاوای ئەم گۆی زەوییە پێکەوە ببەستین. بەڕاستی تازە ئیدی ئەو دابڕانە جیۆگرافی و زەمەنی و فیزیکییە ناتوانن ببنە ئاستەنگ. بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی باسەکەمان دوور نەکەوینەوە دەڵێم، ئەمڕۆ ئێمە بە هۆی دیسکێکەوە، بە هۆی فاکسەوە یا ڕاستەوخۆ بە هۆی ئینتەرنێتەوە دەتوانین وتارێک یا شیعرێک بنێرینەوە بۆ کوردستان و ڕۆژی دواتریش لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو بکرێتەوە. هەر دیسان بە هۆی ئینتەرنێتەوە من لێرەوە دەتوانم هەموو ڕۆژێ ڕۆژنامەکانی هەولێر و سلێمانی بخوێنمەوە، تەماشای کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆنی ساتیلایت بکەم و ئاگاداری هەموو دەنگوباسە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کوردستان بم.

ئەم نزیکییەی بە سایەی پێشکەوتنی تەکنیکییەوە کەوتۆتە دەستمان، بۆتە هۆی نزیکی لە جۆری بیرکردنەوەشماندا. ئەمڕۆ سەرچاوەکانی زانیاری لە بەردەستی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکدایە. ڕەنگە ئەوەی ڕووناکبیرێک لە دەرەوەی کوردستان دەیخوێنێتەوە لەگەڵ ئەوەی ڕووناکبیرێک لە کوردستان دەیخوێنێتەوە زۆر جیاواز نەبێت. لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە ئەم پێشکەوتنە تەکنیکییە لە کوردستان لە بەردەستی هەموو ڕووناکبیراندا نەبێت و تەنیا کەمایەتییەکی بچووک سوودی لێ وەربگرێت، بەڵام دڵنیام ئەمەش مەسەلەی ساڵ و دوو ساڵە. هەر هێندەت زانی کوردستانیش پڕ بوو لە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت. بازاڕی سەرمایەداری ئەوەی دەوێت. دەبێ کاڵای خۆی بگەیێنێتە تەنانەت کوێرەدێیەکانی هەموو جەنگەڵستان و شاخستانەکانی دنیاش. لەم ڕووەوە تاکە ئاستەنگێک بە بیرمدا بێت مەسەلەی زمانە. ڕەنگە لە کوردستان شارەزایی لە زمانێکی گەورە، ئینگلیزی، فرانسی یا ئەڵمانی، زۆر ئاسایی نەبێت، بەڵام ئەوەش دیسان چونکە بەشێکی زۆری زانیاریی ڕۆژانە دەکرێتە فارسی و عەرەبی، ڕەنگە تا ڕادەیەک سووکتر بووبێتەوە.

ئەم پێشکەوتنە تەکنیکییە و ئەم پێوەندییە گەرم و خێرایە دیاردەیەکی تازەیە و کارکردەکەی ماوەیەکی دەوێت تا بە تەواوی دەربکەوێت. ئێمە باس لە ئەدەبێک دەکەین کە ساڵانێکە هەیە و دەژی و پەلوپۆ دەهاوێت.

ڕەنگە ئەگەر بمانەوێ لایەن و ئەدگارە تایبەتییەکانی ئەدەبی تاراوگە، یا ئەدەبی کوردی لە دەرەوەی کوردستان، لە تاراوگە، دەستنیشان بکەین و لێیان بکۆڵینەوە، پێویستیمان بەوە هەبێت باس و گفتوگۆیەکانمان بگوێزینەوە بۆ پلەیەکی دیکە.

ئێمە ناکرێ ئەم باسە بەو شێوەیە پێشکەش بکەین وەک بڵێی باسی دوو بەرەی دژ بە یەک بکەین و پێوەندییەکی نادۆستانە بکەینە بناخەی بەراوردکردنەکە. ئێمە دەبێ باس لە شێوەی جیاوازی دەربڕین بکەین، تەنانەت شێوەی جیاوازی بیرکردنەوە و هەر بەو پێیەش شێوەی جیاوازی داهێنان. ئەدەبی کوردی لە تاراوگە دیاردەیەکی هێندە تازەیش نییە. بەشێک لە شیعرە جوان و بەسۆزەکانی مەولانا خالدی نەقشەندیی شارەزووری ئەوانەن کە لە دەلهی، لە هیندستان، یا بە ڕێگاوە لە کوردستانەوە بەرەو هیندستان و لە هیندستانەوە بەرە و کوردستان نووسیونی. نالی و حاجی قادری کۆیی و سالم چەندە لە کوردستاندا شاعیر بوون، ئەوەندەیش شاعیری تاراوگە بوون. قزڵجی و هەژار و هێمنیش ناچار بوون کوردستان بە جێ

بهێڵن و له وڵاتی دیکەدا بژین. ئەگەرچی ماوەیەک له کوردستانی خواروو ژیاون، بەڵام بەشێکی دوورودرێژیشیان له وڵاتانی دیکەدا بردۆته سەر.

له ماوەی بیست ساڵی ڕابوردوودا ژمارەی ئەو نووسەر و ڕووناکبیره کوردانەی ناچار بوون کوردستان به جێ بهێڵن و له دەرەوەی کوردستان بژین و بنووسن، گەیشتۆته پلەیەکی یەکجار بەرز. ئەگەر مەسەله تەنیا دوو سێ نووسەرێک بووایه، نەدەکرا باسی دیاردەیەک بکەین. ئەمڕۆ دەیان و بگره زیاتریش نووسەر و ڕووناکبیری کورد له دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیان دەژین و بوونەته بەشێک لەو فەرهەنگ و ئەدەبیاتەی له تاراوگه بەرهەم دەهێنرێت.

بابەتەکانی ئەدەبی تاراوگه تا ڕادەیەک لەو ئەدەبەی له کوردستاندا دەنووسرێت جیاوازه. دیاره لای هەندێ نووسەر ناوەڕۆک به دەوری هەندێ مەسەلەی هەستی ناوەوەی نووسەردا دەسووڕێتەوه، ئەمەش ئەنجامێکی تەبیعیی ئەو هەستی غەریبی و دوورەوڵاتییەیه که بمانەوێت و نەمانەوێت بەشێکی یەکجار گرنگ و گەورەی بیری نووسەر و هونەرمەند داگیر دەکات. بەڵام ئەم دەربڕینه له پلەی جیاوازدایه. تا دەستەڵاتی هونەرمەندانەی نووسەر زیاتر بێت، ئەزموونەکەیش له چوارچێوەیەکی پێگەیشتووتر و هونەرمەندانەتردا پێشکەش دەکرێت.

بەشێک له نووسەرانی تاراوگه ئەوانەن که پرسیاری قووڵتری ئۆنتۆلۆگی دێننه ئاراوه و به هۆشیارییەکی دیکەی باڵاترەوه ئەزموونەکانی ژیان و بیرکردنەوه و هەبوون دەردەبڕن. ئەمانه ڕەنگه به ژماره زۆر نەبن، بەڵام بێگومان، کاریگەرییان له ئەدەبی تاراوگه و له سەرجەم فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیدا زۆر گەورەیه و ئەگەر تێگەیشتنی هاوپله و هاوئاست له کوردستاندا هەبێت، کارکردی بەرهەمی ئەمانه زیاتر و گرنگتریش دەبێت.

لێرەدا ئەوەی دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێت ڕەخنەگری وریا و لێهاتووه، ڕەخنەگرێک که له ئێستێتیکی ئەزموونەکه تێ بگات و بتوانێ بیگەیەنێته خوێنەر، بەو هیوایەی پردێک لەنێوان هونەرمەند و خوێنەردا بنیات بنێت.

یەکێک له ڕوواڵەته هەره ئاشکراکانی ئەدەبی کوردی له تاراوگه لایەنی زمانه، زمانی کوردی. لەناو نووسەرانی کوردی تاراوگەدا ئیلیتێک هەیه، هەڵبژاردەیەک هەیه که نموونەی بەرزی کوردی نووسینن. لەم ڕووەوه جیاوازییەکی ئاشکرا لەنێوان ئەدەبی

ناو کوردستـان و ئەدەبی تاراوگەدا دەبینین. من نامەوێ ئەم باسـە هەر وا بە ئاسانی بە جێ بهـێـڵم، یا لە چوارچێـوەی دەربڕینـی تەمـاویدا بـیپـێـچـمـەوە. بەڵام دەزانم لە دەرفـەتێکی وەک ئەمـەدا کە من ناتوانم ڕاسـتـەوخـۆ بەشـداریی تێـدا بکەم و نازانم بەشداربووان دەڵێن چی و چۆن باسەکان لێک دەدەنەوە، ناچارم لە کورتی بیبڕمەوە. ئەو کوردییەی ئەمڕۆ لە کوردسـتـاندابە کار دەبرێت، زمـانێکی ئیفلیج و شێـوێنراو و بێـتـامـە. من باسـی ئەو ئێلیـتـە زمـانزان و کـوردیزانە نـاکەم کـە جـێگای شـانازیی نەتەوەی کوردن و بە سـایەی ئەوانەوەیە زمـانی کوردی ماوە و گەشـەی کردووە، بەڵام بێگومـان مـەبەسـتـم زۆربەی زۆرەکەی دیکەیە، ئـەوانەی ڕۆژنامـە و گـۆڤـار و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانیـان کردۆتە کەرەستەیەک بۆ شێواندنی زمانی کوردی، بۆ ڕووخاندنی زمانی کوردی، بۆ سەقەتکردنی زمانی کوردی، بۆ ناشیرینکردنی زمانی کوردی و بۆ تێکدانی مـیزاجی کوردەواریی مـرۆڤی کورد و خوێنەری کورد. مـەبەسـتم ئەوە نییـە بڵـێم، ئەدەبی کـوردیی تاراوگـە هەمـووی بـە زمـانێکی جـوانی کـوردی دەنووسـرێت. نەخـێـر. لێـرەیش زۆربەکە ئەوانـەن کە زمـانـە کـوردییـەکە دەشـێـوێنن و کـارێکی پـێ دەکەن، بـا بە دەواری شـڕی ناکـات. جیـاوازییـەکـە لەوەدایە لە کـوردسـتـان بە هۆی دەستگاکانی ڕاگەیـاندنەوە ئەو زمانە شـێوێنراوە ڕاسـتەوخۆ دەچێتە ناو خـەڵکەوە و کـاری ڕووخـێـنەرانـەی خـۆی دەکـات و گـورزی خـۆی دەوەشـێـنێ. هەتا مـامـۆسـتـا زمـانزان و کوردیـزانەکـان دوو دێڕی جـوان دەنووسن و چوار هـەڵە ڕاست دەکـەنەوە، کـوردینەزان و زمـانکوژەکان فـریا دەکەون دوو هـەزار لاپەڕەی چڵکنی پڕ لە هەڵە و پەڵە بڵاو بکەنەوە، یا بدەن بە گـوێی بیـسـەر و تـەمـاشـاکـەردا. ئەم پاشـاگـەردانی و بێــســەروبەرییــەی ئەمــڕۆ لە زمــانـی کــوردیدا هــەیە، باوەڕ نـاکــەم لە هـیچ دەور و زەمــانێکدا، تەنانـەت لە ســەردەمــە ڕەشــەکــانیــشــدا ڕووی دابێت. بەرپرســیــاری ڕاسـتـەوخـۆ لـەم هەلومـەرجـە سـەرکردایەتیـی سـیاسـیی ئەمڕۆی کـوردسـتـانە، بەڵام ئەوان نە خۆیان لە زمـان دەگەن و نە دەشتوانن لە داوی ئەو تەیمانەی کۆلکە قەڵەم و کۆلکە خوێندەوار ڕزگاریان ببێت.

دەکـرێت لە بارەی ئـەدەبی تاراوگـەوە، لەبارەی زمـانی کـوردییـەوە و لـەبارەی زۆر لە پرسـیـارە گرنگەکانی ئەمـڕۆی فـەرهەنگی کوردییـەوە گـەلێ شـتـی دیکـەی بنەڕەتانە بڵێین. باسێکی ئاوا گرنگ دەبێ سەکۆیەکی پتەوتر و زانستیانەتری بۆ بڕەخسێنین.

# وەنەوشەیەک کە بۆ یەک وەرز ناژی

خوێندنەوەیەکی شیعرەکانی محەمەدسەدیقی مەحموودی

ڕاستــە، ئێـمـە دەتوانـین ڕاسـتـەوخـۆ لە تێکسـتـێک نـزیک ببـینەوە و بە جـۆرێک بیـخـوێنینەوە کـە نەهێـڵین سـێـبـەری هۆکـارەکـانی دەوروبەری و پاشـخـانەکـەی بەرچاومـان لێڵ بکات. ئێـمـە دەتوانین تێکسـتـێک لە چوارچێـوە مـێـژوویی و جیۆگرافییەکەی خۆی دابـبڕین و تەنیا لە گۆشەنیگایەکی ئێستێتیکییەوە سەرنج لە ڕایەڵ و وردەکـارییـەکـانی بدەین. من خـۆم گـەلێ جـار وام کـردووە و هـەوڵم داوە تێکست وەک ئافـەریدەیەکی تێکەڵاو لە جـوانی و هونـەر، وەک هەر نـەخـشـێکی پەروەردەی سرشت، دوور لە ناسنامە و شـەجەرەی نووسـەرەکەیەوە، تەماشا بکەم و بنرخـێنم. بەڵام ئەم جـۆرە نزیکبـوونەوەیە، لە پلـەی یەکـەمـدا، بۆ چێـژوەرگـرتن لە تـاکــەتێکســتــێک زیاتر دەست دەدات، نەک بۆ لێکۆڵینەوە و شــیکردنـەوەی کۆمـەڵەبەرهەمێک، لەبـەر ڕووناکیی تیۆرییـەکانی ئەدەبدا، بە ئامـانجی تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی پێکهاتە زمـانەوانی و فکری و هونـەرییەکان. ئەگـەر لێکدانەوەی تێکست و لێکۆڵینـەوەی بەم ئاسـانیـیـە ببـووایە، پێم وایـە هـەم بەرپرسایـەتی و ئەرکی ڕەخنەگرانی ئەدەبی زۆر لە ئێستا سووکتر و لەبارتر دەبوو، هـەم مێژووی ئەدەبیش نەدەبووە لقێکی گرنگ و بناخەیی لە زانستی ئەدەبدا.

مـێـژووی ئەدەبی کـوردی بەو شـێـوەیەی کـە دەبوو بنووسـرێت و پێـشکەش بکرێت، نەنووسـراوە. ئێستا، ئەم دەرفـەتە بۆ ئەوە نابێت خـۆمـان بە پاشـخـان و هۆکارەکـانی ڕاستییەکەوە خەریک بکەین، کە هەر کەسێک لەو بوارەدا کاری کردبێت، دەیزانێت و تێـی گـەیشـتـووە. لەگـەڵ ئەوەیشـدا، پێم وایە، لەنـاو ئەو کـارانەدا کـە ئـەمـڕۆ لە بەردەسـتـی خـوێنەری کـورددان، بەرهـەمی دوو نـووسـەر و لێکۆڵەرەوە تا ڕادەیـەکی یەکـجـار زۆر، بۆ ئەمـڕۆیش، سـەرنجـڕاکـێـشن و شـایانی خـوێندنەوەن؛ شـیـعـر و ئەدەبییـاتی کـوردی (بـەتایبـەتی بەرگی دووەم)ی ڕەفـیـق حـیلـمی (١٨٩٨-١٩٦٠) و چەپکێک لە گوڵزاری نالی و حاجی قادری کۆیی ـ ی مـەسـعـوود محـەمـەد (١٩١٩-

٢٠٠٢). مـێژووەکـانی دیکەیش، بێگومـان، بـایەخ و گـرانیـی خـۆیان هـەیە. کەسـێک بیەوێت ئەدەبی کوردی لە چوارچێوەیەکی مێـژوویيدا تەماشا بکات پێـویستی بەو کارانەیە و دەبێ زۆر جار بگەڕێتەوە بۆ لایان.

کارەکانی ڕەفیق حیلمی و مەسعوود محەمەد مێژووی ئەدەب، بە مـانای ئەکادێمی و فـەرهـەنگیی وشـەکە، نین، بەڵکە خـوێندنەوەی ژیان و بەرهـەمی کۆمەڵە شـاعیرێکن لە چوارچێوەی تیـۆرییەکانی ئەدەب و کـۆمـەڵناسی و مێژووی فـەرهـەنگیدا. ڕەنگە هیچ یەکـێکیـان بەڕاسـتی شــارەزای ئەو بـوارە زانسـتـیـیـانە نەبـووبێت، بەڵام هـێـڵـە گشـتییەکان و دەرئەنجامـەکان لـە بازنەیەکدا دەجـووڵێنەوە کە لەگەڵ بنەماکانی ئەو زانستانەدا هـاوئـاهـەنگ و هـاوشێوەن. دەتوانین بڵێین ئەوان مێتۆدێکیان بە کار بردووە کـە لەسـەر زەوینـەی ئەو زانسـتـانە دامـەزراوە. ئەوان لەدایکبـوون و گـەشـەکـردنی تێکستیان گرێ داوە بە کۆمەڵێ هۆکاری مێژوویی و کۆمـەڵایەتی و فەرهـەنگییەوە، بۆ ئەوەی دەرئەنجامەکان لە پێوەستی چەمک و مەنتیقی کوردەوارییەوە دوور نەبن.

من ئەو پێشەکییە تیۆرییەم بۆیە هێنایەوە تا پاساوێک بۆ کەمتوانابوونی خۆم بەرانبەر لێکۆڵینـەوەی شـیـعـرەکانی شـاعـیری خـوالێخـۆشـبـوو مـحـەمـەدسـەدیقی مـەحـمـوودی (١٩٣٧–١٩٨٤) بدۆزمـەوە. کە باسی کـەمـتـوانستی دەکـەم مـەبەسـتم ئەوە نییـە ئەم تێکستـانە لەو بابەتەن کە خوێنەر ناتوانێت پەی بە ناوەڕۆک و پێکهاتەیان ببات، بەڵکە دەمەوێت ئەو ڕاستییە جەخت بکەم کە ژینگەی پەیدابوون و گەشەکردنی تێکستەکان و جــووڵانـەوەی فکری و هـونەریـی خــاوەنەکــەیان لە بـازنەیەکی، یا چـوارچێــوەیـەکی، مێژوویی و فەرهـەنگیی وەهادایە کە مەودا و دوورییەکانی بۆ من زۆر ڕوون نین.

مـەحـمـوودی یەکـێکە لە شـاعـیـرانی کـوردسـتـانی ڕۆژهـەڵات و ئـەگـەر پێناسـەکـە نزیکتریش بکەینەوە دەبێ بڵێین یەکێکە لە شاعیرانی موکریان و بەشێکە لە ژیانی فـەرهـەنگیی شـەسـتەکان و حـەفتاکان و سـەرەتای هـەشتـاکانی سەدەی بیستـەم لەو ناوچەیەی کـوردسـتـانـدا. هێندەی من ئاگـادار بم لە کـوردسـتـانی ڕۆژهـەڵاتدا چەند ناوەندێکی جیـاوازی ئەدەبی و شیعری سـەریان هەڵداوە کـە ڕەنگە نەتوانین دەزووی ڕەنگداری پێـوەنـدییــان بە یەکـتــرەوە و کــارکــردیان لـەســەر یـەکـدی بدۆزینەوە. ناوەندەکانی شـاعیرانی گۆران، ئەردەڵان، موکریان، کرماشـان و ڕەنگە ئیلام، ناوە گـرشــەدارەکـانی کـوردسـتـانی ڕۆژهـەڵاتن. مـێـژووی ئەدەبیی ئەم ناوەندانـە هـەتا ئێستایش، بە شێوەیەکی زانستی و تەنانەت نازانستییش تۆمار نەکراوە.

له موکریاندا فێرگە شیعرییەکان، نەوە شیعرییەکان و ڕێچکە شیعرییەکان هێندە جۆراوجۆرن و هێندە تێکەڵاوی یەکدین، کە جاروبار وا هەست دەکەیت ئەمانە لەناو چەند هەرێمێکی جیاوازی مێژوویی و جیۆگرافیدا ژیاون و هەناسەیان داوە. ئەم داوەرییە ئەدەبییەی من لە سەرەتادا وەک چەمکێکی ناکۆک و دژگۆ دەکەوێتە بەرچاو و بەرگوێ. بەڵام کە بیر لەو پاشخانە سیاسی و فەرهەنگییەی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دەکەیتەوە، بۆت دەردەکەوێت لە ڕاستی، بەڵام ڕاستییەکی ناخۆشەویست و نەویستراو، دوور نەکەوتوومەتەوە.

له شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا سێ ڕێچکەی لەیەکنەچووی شیعری کوردی لە کوردستانی موکریاندا هاوکات ژیاون و گەشەیان کردووە: ڕێچکەیەکی بەتەواوی کلاسیک (سەیید کامیلی ئیمامی: ئاوات، عەبباسی حەقیقی و سەیید تاهیری هاشمی)، یەکێکی نیوەکلاسیک و نیوەڕۆمانتیک و نیوە ڕیالیستی شۆڕشگێرانە (هێمن و هەژار و هێدی) و یەکێکی نوێخواز و نیوەچەنوێخواز (سوارەی ئێلخانیزادە، عومەری سوڵتانی: وەفا، قاسمی موئەییەدزادە و جەلالی مەڵەکشا). محەمەدسەدیقی مەحموودی یەکێکە لە ئەندامانی گرۆی سێیەم. ئەم ناڕوونی و تێکەڵاوییە ئەنجامێکی ئاشکرای ئەو بارە سیاسی و فەرهەنگییە پڕ لە سەرکوتکردن و داپڵۆسین و شێواندنەیە کە حوکمی بنەماڵەی پەهلەوی دروستی کردبوو. ئەگەر ژینگەیەکی فەرهەنگیی تەندروست و ئاشکرا هەبووایە، جیاکردنەوەی ڕێچکە شیعرییەکان و دۆزینەوەی پردیش لەنێوانیاندا ئاسانتر دەبوو. ئێمە دەبینین شاعیرانی وەک هەژار و هێمن کە دێنە کوردستانی عیراق و دەبنە بەشێک لە ژیانی ئەدەبیی ئەو بەشەی کوردستان، کە بنەما فەرهەنگییەکانی چەسپاوتر و دامەزراوترن، دیاریکردنی جێگە و پلە و پایەیان بەپێی زاراوە و چەمکەکانی مێژووی ئەدەب ئاسانتر دەبێت.

محەمەدسەدیقی مەحموودی وەک شاعیرێکی شەستەکان هەوڵی داوە، لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوەوە، شیعرێکی نوێ بنووسێت؛ شیعرێک کە هاوکات لەگەڵ نەریتی شیعرییەتی کوردیدا جیاواز بێت، بەڵام بەردەوامییەکی ئەو فەرهەنگەیش بێت. ئەمە هاوکێشەیەکی ئاسان نییە و تەنیا نیازی نوێکردنەوە بە هانای شاعیرەوە نایێت تا ئەم خەونە هونەرییەی خۆی بێنێتە دی. پرۆژەیەکی وەها ژینگەیەکی لەبار و پێوەندییەکی گشتلایەنەیشی پێویستە، کە ئاشکرایە ئەمە بۆ مەحموودی

هەڵنەکەوتووە. ئەو هەندێ جار هێندە لە پێوەرە نەریتانە و کلاسیکەکان نزیک دەبێتەوە کە لەپێناوی بنەما تەکنیکی و هونەرییەکانی ژانرەکەدا، مەبەستی خۆی لە بیر دەچێتەوە و "سازشێکی هونەری" دەکات. جاری وایش هەیە بە "سەرسەختییەکی هونەرمەندانە"وە بەرهەمەکەی خۆی دەئافرێنێت و پەیامی هونەری و ئەخلاقیی خۆی ڕادەگەیێنێت. نموونەی هەردوو هەڵوێستەکە لەم بەرهەمانەدا بە ئاسانی بەرچاو دەکەون.

من ئەگەر بمەوێ ناوی شیعرە جوان و هونەرمەندانە و سەرکەوتووەکان بێنم، دەتوانم چەند دانەیەکی یەکجار کەم هەڵبژێرم. بەڵام ئەگەریش بمەوێ شیعرە کەمترسەرکەوتوو، یا تەنانەت ناهونەرمەندانەکان دیاری بکەم، دیسان هەر دەکرێ چەند دانەیەک جیا بکەمەوە. ئەم ئاڵۆزییە ئەو ئەنجامگرییەی سەرەوەم جەخت دەکاتەوە، کە ئەگەر شاعیر لە ژینگەیەکی ئەدەبی و فەرهەنگیی دامەزراو و تەندروست و ئازاددا بژیایە، بەرهەمەکانی وەک ئێستا نەدەبوون.

من کە نایێم لە گۆشەنیگایەکی ڕەخنەگرانەوە ئەم شیعرانە بخوێنمەوە هۆیەکی تەکنیکی و هۆیەکی ئەخلاقی ڕێگەم لێ دەگرن. ئەم نووسینەی من لێکۆڵینەوەیەک نییە لەسەر بەرهەمەکانی مەحموودی، بەڵکە پێشکەشکردنێکی سەرەتایی و سادەیە. لەوەیش بترازێت شاعیر کۆچی کردووە و تازە ئیدی بەشێک نییە لە بزووتنەوەی ئەدەبی و فەرهەنگیی ئەمڕۆ. ئەگەر ئەرکێکی ڕەخنەی ئەدەبی ئەوە بێت کە پردێک لە نێوان بەرهەمهێن و خوێنەردا هەڵبەستێت، ئەرکێکی دیکەیشی بێگومان ئەوەیە کە بەرهەمهێن، شاعیر، هۆشیار بکاتەوە، لە هەڵە و ناتەواوییەکانی بەرهەمەکەی ئاگاداری بکات و کۆمەکی بکات بۆ پێشخستنی کەرەستە هونەری و زمانەوانییەکانی. بە کۆچی شاعیر ئەم ئەرکەی ڕەخنە ئیدی نەخشێکی نامێنێت و کار ناکاتە سەر تێکستەکەی، مەگەر تەنیا ئەوەی کە ڕەخنەگر بیەوێت ئەزموونەکانی شاعیر بکاتە دەرسێک بۆ تێگەیاندن و ڕێنوێنیکردنی ئەو نەوەیەی کە ئێستا هەن و چالاکن، یا بۆ گەشەپێدان و پتەوکردنی تیۆرییەکانی ئەدەب.

وا پێ دەچێت مەحموودی، بە پێچەوانەی سوارەی ئێلخانیزادەوە، پێوەندییەکی هێندە تۆکمە و گەرمی لەگەڵ ئەزموونەکانی تازەکردنەوەی شیعردا، تەنانەت ئەزموونی شاعیرانی نوێگەری فارسیشدا، نەبووبێت. لەو ساڵانەدا کە ئەو شیعری نووسیوە ئەزموونی شاعیرێکی وەک نیمایوشیج (١٨٦٩-١٩٥٩) گەیشتبووە کۆتایی

و ئەزمـوونـی شـیـعـریی ئەحـمـەدی شـاملو (١٩٢٥–٢٠٠٠) و هاوڕێیـانـی لە دوندی گەشـانەوە و کامـڵـبووندا بوو. من کـە شـیـعـرەکان دەخـوێنمـەوە هەسـتـێکی وام لا دروست دەبێت کە شـاعـیـر زیاتر هـەوڵی داوە لە ئەزمـوونی گۆران (١٩٠٤–١٩٦٢) و هێمن (١٩٢١–١٩٨٦) نزیک بکەوێتەوە. لە هەندێ لە شیـعرەکاندا کارکردی ئەو دوو شاعیرە زۆر ئاشکرایە.

شیعری ''قامووسی کورد'' تێکستێکی سەرکەوتووە، پەیامێکی سیاسی و ئەخلاقییە لە چوارچێوەیەکی سادەی هونەریدا. شیعری ''ئەی خولەپیس'' بەتەواوی کەسەکییە، بەڵام من ئەو تووڕەبوونە پڕ لە ڕاستگۆییـەم زۆر پێ خۆشـە. شـیـعـری ''شـاعـیـرێکی کوردەواری'' یەکێکە لە شـیـعـرە هەرە سـەرکەوتووەکـان، ئـەگەرچـی من تێبینییـەکی زمـانەوانیم لـەسـەری هەیە، ناکرێ دەرینەبڕم. خۆزگە مـامۆسـتـا مـحـەمـەدسـەدیقی مەحمـوودی لەجێی (تێکەڵ کران) بینووسیایە (تێکەڵ بوون و)، دێڕی دوای ئەوەیشی هەر لابـبـردایە، مــەبەســتـم ڕســتــەی (باش لێک دران)ــە، کـە هـیچ نەخـشـێکی جوانیکارانەی نییە و بگرە بووەتە بارگرانییەک بۆ تێکستەکە.

ئێمە ئەگەر بۆ میتافۆری جوان و هونەرمەندانە بگەڕێین، لە شیعری جیاوازدا هەندێ نموونەمان دەست دەکەوێت:

ــ بەتەنیا بایە، با، ئەگری و ئەناڵێ
ــ تریفەی مانگێ، حەریری بەر لەشت بوو...
ــ نێرگس، دڵۆپی شەونم لە دەوری
هەر دەڵێی چاوی دڵدارە و دەگری.

خـوێندنەوەی سـەرجـەمی بەرهـەمـەکانی شـاعـیری خـوالێخـۆشـبـوو مـحـەمـەدسـەدیقی مـەحـمـوودی ئـەو هەلەی بۆ ڕەخـسـانـدم کـە ئاشـنـایـەتی لەگـەڵ شـاعـیـرێکی دیکەی کـوردسـتــانی ڕۆژهەڵاتدا پـەیدا بکەم؛ ئاشـنایەتیـیـەکی هونـەری. ئەم خـوێندنەوەیە جارێکی دیکەیش ئەو ڕاسـتـییـەی لا جـەخت کردم کە چەنـدە گرنگە مێژووی ئەدەبی کوردی بە شـێوەیەکی زانسـتی و گشتگرانە بنووسرێت. بێ مێژوویەکی وەها ئاسان نییە شـاعیرانی کورد بناسین، یا تێکستـەکانیان لە چوارچێوەی تیـۆرییەکی ئەدەبیدا بخوێنینەوە.

گەڕەکی سۆللەنتوونا، ستۆکهۆڵم، سوێد
١٠–١٢–٢٠٠٧ (ڕۆژی نوبێل)

## فەرهەنگی کوردی

## لەنێوان گەردوونگەرایی و ناسنامەی نەتەوایەتیدا

وەرامێکە بۆ مانگنامەی هەنار و کاک محەمەد کوردۆی سەرنووسەر

پێم وایە هیچ پێویست نەبوو ئەو پرسیارانە لە خوێنەران یا لە دۆستانی گۆڤارەکە بکەن. من ئەوە نزیکەی سیودوو ساڵە لە ئەوروپا دەژیم، نەمبینیوە گۆڤارێکی جیددی داوا لە خوێنەران یا خەڵک بکات هەڵیسەنگێنن. ئەوجا بە باوەڕی من گردبوونەوەی خەڵک لە بڵاوکراوەیەک، یا یەککگرتنی زۆربەی خەڵک لەسەر ئەوەی کە فڵانە گۆڤار چاکە، هیچ نابێتە بەڵگەی چاکیی گۆڤارەکە. من بەڵێنت پێ دەدەم، لە ژمارەی داهاتوودا وێنەی ژن و پیاوێکی ڕووت لە کاتی ....کردندا لەسەر بەرگەکە بڵاو بکەرەوە، بزانە چۆن پێنجهەزار دانەی لێ دەڕوا. یا وتارێکی توندوتیژ دژی تاڵەبانی یا بارزانی بنووسە، دیسان دەبینی ژمارەیەکی باشی لێ بفرۆشرێت. بەڵام ئەمانە هیچیان ئەوە جەخت ناکەن کە گۆڤارێکی چاکە. دەزانم لە کۆمەڵی نەخۆش و دەردەداری ئەمڕۆی کوردستاندا، زۆر دیاردە و زۆر فکر بەوە دەپێورێت کە چەند خەڵکی لێ کۆ دەبێتەوە، بێ ئەوەی کەس ئەوە لە بەرچاو بگرێت ئەو خەڵکە کێیە؟ بەشێک لەم بیرکردنەوە نەزۆکە، مارکسیزمی سیاسیی حیزبی [مەبەستم جیاکردنەوەیەتی لە مارکسیزمی فەلسەفی] هێنایە وڵاتی ئێمەوە. قورئان، یا ئیسلام، چۆنایەتیی پێ گرنگترە "كم من فئة قليلة غلبت فئة كثيرة...". پێویست بە وتنیش ناکات و دەزانین کە ئەمڕۆ بە هۆی تەکنیکی پێشکەوتووەوە، لەشکری میلیۆنی هیچی پێ ناکرێت. لە گەمەی دێمۆکراسیدا، بە پێچەوانەوە، زۆرینە بڕیار دەدات. ئەمە ناڕەوا نییە. تۆ سەرنجی ئەوە بدە کە هەڵبژاردنی دێمۆکراسی زۆربەی هەرە زۆری جاران، ئەگەر نەڵێم هەمیشە، پێوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە، پێوەندیی بە پێویستییە سەرەتایی و بنەڕەتییەکانی مرۆڤەوە هەیە: کار، بژێو، خوێندن، لەشساغی، نشیمەن، ئاساییش، ژینگە و پاشەڕۆژ... لەمەیشدا مرۆڤ

یەکسانن و دەبێ یەکسان بن. بەڵام پرۆژەیەکی فەرهەنگی، بەڵام تێزێکی فەلسەفەیی، بەڵام سەکۆیەکی فکری... ئەمانە کاری زۆرینە نین. گۆڤاری چاک، ئەگەر بکرێ چەمکێکی وەها بە کار ببرێت!، ئەوەیە کە لە ژیانی فەرهەنگیی نەتەوەیەکدا، یا کۆمەڵێکدا، کارکردێکی وەها قووڵی هەبێت کە ببێتە هۆی ڕەنگرێژکردنی لایەنێکی ئەو فەرهەنگ و کۆمەڵە؛ لە مێژووی فکری و فەرهەنگیی وڵاتێکدا هێندە کاریگەر بێت، کە نەوەیەکی خوێنەوار، نەوەیەکی ڕووناکبیری بە ناوەوە ناو بنرێت. ئەمەیان وا پێ دەچێت نەخشێک بێت، تەنیا بە تێپەڕینی زەمان دەربکەوێت، چونکە تا ڕووداوەکان نەبنە مێژوو، شەکڵ و تەشکی تەواوی خۆیان وەرناگرن. بەڵام وایش نییە. هەر لە سەردەمی خۆیشیدا ئەو گەشەکردنەی بەرەو "بەمێژووبوون" دەڕوات هەستی پێ دەکرێت و دەبینرێت.

لە مێژووی فەرهەنگی کورددا گۆڤارێکی وەک "گەلاوێژ"[١٩٣٩-١٩٤٩] لەو بابەتە بوو. خۆ گەلاوێژ نە جوان بوو، نە ڕێکوپێک بوو، نە گۆڤارێکی فکری بوو، بەڵام بەشێکی لە مێژووی فەرهەنگی کورد داگیر کردووە. گەلاوێژ نەبووایە چیرۆکی کوردی لە پەنجاکان و شەستەکاندا پێش نەدەکەوت. گەلاوێژ نەبووایە زمانی کوردی ئەمڕۆ کێشەی زۆرتری دەبوو.

گۆڤاری هەنار لە ڕووی ناوەڕۆکەوە تا ڕادەیەک سەرکەوتووە. لە ڕووی هونەرییەوە، دیزاینی لاپەڕەکان، دەمێکە لە سنوورێکدا وەستاوە و نەچووەتە پێشێ. دوو لایەنی گۆڤارەکە هەن کە حەز دەکەم بوێرانە خۆتانی لێ ڕزگار بکەن و هەوڵ بدەن بەسەریاندا سەر بکەون:

١- لە هەڵبژاردنی بابەتدا زۆرجار کۆنفۆرمیستن (Conformist)، واتە دژی باوەڕی باو نین، یا با بڵێم لەگەڵ باوەڕی باودا هاوهەنگاون. کە دەڵێم باوەڕی باو مەبەستم سیاسەت نییە، بەڵکە مەبەستم ئەدەب و ئێستێتیکە. ئێوە ئەو تێکستانە هەڵدەبژێرن کە، لەبەر هۆیەکی کۆنفۆرمیستانە، پێتان وایە "دەبێ هەڵبژێردرێن". ئێوە لەبارەی کەسانێکەوە، یا لەبارەی بەرهەمی کەسانێکەوە، لێکۆڵینەوە و بابەتی ڕەخنەیی بڵاو دەکەنەوە، وا دەزانن و لەو بڕوایەدان کە "دەبێ لەبارەیانەوە بنووسرێت". ئەمە ڕەچاوکردنی بنەما و قانوونە فەرهەنگییە ژەنگگرتووەکانی ئەمڕۆی کوردستانە. ئەمە بەرهەمێکی ئەو ژینگەیەیە کە "گای پیرۆز" دروست دەکات.

٢- کـوردی، زمــانی کــوردی، ڕێزمــان و ڕێنووس، لای ئێــوەیش هەر ئەو ئاژاوە و ئاڵۆزکانەیە کە هەموو چاپەمەنییەکانی کوردستان بە دەستیەوە دەناڵێن. دەزانم من ئەم باسـەم ئەوەندە جار دووبارە و چەندبارە کـردووەتەوە کـە خۆیشم خەریکم لێی بێزار دەبم. کێشەکە لەوەدایە کە هیچ ڕوو نادات، هیچ چاکبوون و ڕاستکردنەوەیەک بە دی ناکەم. دەزانم ئەمەیان بە ئێوە چارەسەر ناکرێت. ئەمە کارێکی جیددی و بوێرانە و درێژخایەن و زانسـتی و چی و چیی دەوێت. بەڵام لە پێش ئەوانەیشـدا بیرکردنەوەیەکی ڕاست و زانستییانەی دەوێت. ئەو بیرکردنەوەیە، ئەو ئاوەزە، ئەو هۆشـیارییە لای دەسـتگا زەبەلاحـەکـانیش، لای دامـەزراوە بەناو فـەرهەنگی و زانستییەکانیش(!!!) نییە. نە کۆڕی زانیاری، نە زانستگەکان، نە وەزارەتەکانی پەروەردە و ڕۆشنبیری و خوێندنی باڵا و نە دەستگاکانی ڕاگەیاندنی دوو زلهێزەکە، کەسیان بیر و ئاوەز و هۆشێکی وەهایان لا دەست ناکەوێ و هەر تێیشی ناگەن.

وەک پێشنیاز، زۆر بە پێویستی دەزانم ڕانانی کتێب (Review) بکەنە کۆڵەکەی ناوەڕۆکی هەنار. با لە هەر ژمارەیەکدا پێنج کتێب بە درێژی ڕابنرێن (هەر کتێبێک سێ لاپەڕە)، دە کتێب بە شێوەیەکی ناونجی ڕابنرێن (هەر کتێبێک یەک لاپەڕە) و ١٢ کتێب بە کورتی (هەر کتێبێک نیو لاپەڕە)، واتە ٢٧ کتێب لە ٣١ لاپەڕەدا ڕادەنێن. کارێکی وەها دەیان جار لە بڵاوکردنەوەی حەفتا شیعری بێتام و پەنجا چیرۆکی گێڕ و گەواڕ پێویستتر و کاریگەرترە.

بەڕاستی پێم خۆش بوو بمتوانیایە بۆ هەموو ژمارەیەک بابەتێک بنێرم، بەڵام، لێتی ناشێرمەوە، لەلایەکەوە لەبەر ئەوەی زۆر سەرقاڵم، لە لایەکی دیکەیشەوە زۆر دەترسم دەسـتکاریی ڕێنووس بکەن، ئەنجـامـەکـە ئەوەیە کـە نەمـتـوانیـوە بـە دڵی خـۆم هاوکاریتان بکەم. کێشەی من لەگەڵ هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ئەوەیە. پێشەکی بۆیان دەنوسم، پێیان دەڵێم: برای خۆشەویست، هەڤاڵی هێژا، هاوڕێی بەڕێز، من نامەوێ بە هیچ جۆرێک دەسـتکاریی ڕێزمان و ڕێنووس و ناوەڕۆکی تێکستەکەم بکەن. بەڵێن دەدەن، بەڵام هەر زوو دەردەکەوێ کـە پەیمانشکێنن. ئەوان مەسـەلەی زمان زۆر بە سادەیی تێگەیشتوون، یا ڕەنگە هەر تێنەگەیشتوون. ئەزموونم لەگەڵ زۆریاندا هەیە؛ ئاسۆ، هاوولاتی، ڕامان، هەنار، بەدرخان، بارزان، گولان... تەنیا و تەنیا ڕۆژنامەی "هەولێر"ە کـە تا ئەمڕۆ بەڵێنەکەیان بردووەتە سەر و ڕێزی وشە

دەگرن. "زەنگ" و "کەنار" و "کۆمەڵ" ئەزموونێکی ئەوتۆم لەگەڵیاندا نییە، بەڵام ئەو یەک دوو جــارەی دیمانـەیان لـەگــەڵ کــردووم، ئەوانیش، ئەگــەرچی هـیچ لـەبارەی ڕێنووسـەوە نازانن، سـەرڕاست بوون. جارێکیان لە پـەیامێکی ئـەلیکترۆنیدا بۆ کاک "سـتران عەبدوڵلا"م نووسیبـوو. نووسـیبووم ئەگەر لە جێی ناوەکەی خـۆم، لە جێی "فـەرهاد شاکەلی"، نووسیبـووم "ستران شـاکەلی"، دەستکاریی مـەکەن. من کـە ئـەم مـافـە فێدەراڵـئاسـایە بە خـۆم ڕەوا دەبینـم تەنیـا لـەبەر ئەوەیە کـە دەتـوانم بە بەڵگەی زانسـتی و زمـانەوانی بۆ کـەسی بەرانبـەری ڕوون بکەمـەوە کـە ئەمـە ڕاسـتـە و ئەوە هەڵەیە. ئەگـەر کـەسی بەرانبــەر بە شـێــوەیەکی زانســتی و زمــانەوانی دەتوانێت قەناعـەتم پێ بکات کە مـن هەڵەم، بەڵێن دەدەم کـە من واز لە باوەڕەکەی خـۆم بێنم، بەڵام ئەگەر من قەناعەتم بەو کرد، با ئەویش بەڵێنێکی وەهـام پێ بدات.

دڵتان لە خۆتان دانەمێنێت! مەبەستم تەنیـا ئێوە نییە. ئێوە لە زۆری تر ئەهۆنترن. وا دیارە من ئەم دەرفـەتەم بۆ ئەوە بە کار هێنا کۆمـەڵێ لە بۆچوون و باوەڕە زمـانەوانی و نازمــانەوانیــیــەکــانی خــۆم لە ڕێگای ئێــوەوە بڵاو بکەمــەوە، بـەو هیــوایەی دەرودەراوسێیش گوێیـان لێ بێت. باوەڕ ناکەم کـارێکی خراپم کردبێت. ئەرکەکانی، هـەروەهـایش شـێوەکانی کارکـردنی، دەستگایەکی فـەرهەنگی لە کوردسـتـاندا، کە گۆڤـاریش دەگرێتەوە، هێندە پێچاوپێچ و ئاڵۆزکاو و تێکئـاڵاون کە ناکرێت ئێمە بێین یەک بە یەکیان بدوێنین و ڕەخنەیان لێ بگرین و وەک بەرپرسیاری هەموو ناتەواوی و کەموکووڕییـەکان بیاندەینە دادگـا. ئەگەرچی بە وردبوونەوە لە هـەر دەستگایەک و هـەر گۆڤـارێک دەتوانین بـەشـێکی زۆری ئەو ناڕێکییـانە دەسنیشـان بکەین، بەڵام بۆ وەدەسـتـهێنانی وێنەیەکی گشـتگر دەبێ ئێمـە باسـی سـەرجـەمی فـەرهەنگی کوردی بکەین. ئەودەم ئەوەمـان بۆ ڕوون دەبێتـەوە کـە چ کارەسـاتێک، چ تراژیدیایەک، ڕووی تێ کردووین.

فەرهەنگی کورد، لەم سـەردەمی بەناو جیهانگەرایی (گلۆباڵیزم) و شۆڕشـی تەکنیکی زانیــارییــەدا، فــەرهـەنگێکی بێناوەڕۆک و بێکاکــڵــە. فــەرهـەنگێکە لە نێــوان گـەردوونگەرایی و ناسنامـەی نەتـەوایەتی (یا نیـشـتـمـانی)دا وێڵ بووە و سـەری لێ شـێواوە و ڕێ دەرناکات. فەرهەنگێکە، نە بنەما و قـانوونەکانی گەردوونگەرایی فێر بووە و نە ڕێوشـوێنەکانی شـارسـتانەتییـەکەی خۆی، واتـە کوردەواری، لە بیر مـاوە.

ئەمە هێندەی لەبارەی دەستگا و دامەزراوە فەرهەنگییەکانەوە ڕاستە، ئەوەندەیش و ڕەنگە زیاتریش لەبارەی (بەشی هەرە زۆری) ڕووناکبیرانیشەوە، وەک تاکەکەس، ڕاستە. ڕووناکبیران دەکرێ بە شێوەی جۆراوجۆر چاویان لێ بکرێت، چونکە ڕۆڵی ئەوان لە کۆمەڵگەدا لەگەڵ دەستگا فەرهەنگی و سیاسییەکاندا تێکهەڵکێشە. ئەوان خـــۆیان دەتوانن، تا ڕادەیەکی باش، ئەو نەخـــشـــەی خـــۆیان ڕەنگرێژ بکەن و ناونیـشـانێکی بۆ بدۆزنەوە، بەڵام پێـشـمـەرجـێکی گـرنگ بۆ تـوانسـتـێکی وەها پێوەندییەکی زۆریشی بە پلەی هۆشیاری و ناوەڕۆکی ئەو ناسنامە فەرهەنگییەوە هەیە کە خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن. بیریاری گەورەی ئەمەریکی ــ فەلەستینی ئیدوارد سەعید (١٩٣٥-٢٠٠٣) لە زنجیرە نووسینێکیدا لەسەر ڕووناکبیر ئەم لایەنانەی زۆر جوان ڕوون کردوونەتەوە. ئەوەی سەعید لەو ڕووەوە دەینووسێت، تا ڕادەیەکی سەرنجڕاکێش باس لە ئەمڕۆی فەرهەنگی کورد و ڕووناکبیری کوردیش دەکات.

ئەمەی لەم نامەیەدا نووسیومە، بە ڕواڵەت، تەنیا لایەنە کێشەئامێزەکانی فەرهەنگی کوردی بە سەر کردووەتەوە، بەڵام خوێنەرێکی هۆشیار و تیژبیر پێویستی بەوەیش نییە کاغەزی سپی بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی کۆمەڵێک دەزووی ڕەنگاوڕەنگیش لەناو ڕستەکاندا بدۆزێتەوە، کە ڕەنگە بیگەیێننە سەر ئەو ڕێگایانەی بەرەو چارەسەر و بەرەو ئاسۆیەکی فراوانتر دەڕۆن. دەکرا لە باسێکی وەهادا جێگەیەکی بەرین بدرێتە ڕوویەکی دیکەی کێشەکانی فەرهەنگ، مەبەستم پێوەندیی فەرهەنگ و دەستەڵاتی سـیـاسـیـیـە. ئەوەیان لە زۆر بۆنە و لە زۆر نووسـینی دیکەیشـمـدا لێی نزیک کـەوتوومـەتەوە و بە پێـویسـتـم نەزانی لە بوارێکی وەها تایبـەت و سنووردارد ا بە جۆرێک تێکهەڵکێشی بکەم کە ڕەنگە لە پلە و بایەخی کەم بکاتەوە.

سوێد، ستۆکهۆڵم، گەڕەکی سۆللەنتوونا

ئێوارەی ٢٣-١-٢٠٠٩

# برێک ڕومووزی دەردی دڵ

برای شیرینم کاکە محەمەد کوردۆ (سەرنووسەری گۆڤاری هەنار)!

سەڵاوی گەرموگوڕی برایانە، هیوام خۆشیتانە.

کاکەبرا: لەم ڕۆژانەدا ژمارە ٤٣ی هەنارم لە ئینتەرنێتدا چاو پێ کەوت، بەڵام بریا چاوم پێ نەکەوتایە. بەڕاستی تووشی بێهومێدییەکی قووڵی کردم. ئەمە گۆڤارێکە کە دۆستێکی زۆر نزیک و خۆشەویستم دەریدەکات و هەموو جارێکیش لە نامەکانیدا پێم دەڵێ هەنار گۆڤاری خۆتە، دڵنیایشم ئەو قسەیەی لە دڵەوەیە. ئەمە گۆڤارێکە کە شاعیرێک دەریدەکات و زمان بە لایەوە پیرۆزی و سەنگ و گرانیی خۆی هەیە. ئەمە گۆڤارێکە کاک محەمەد کوردۆیەک دەریدەکات کە چاک دەزانێت من چەندە بە پەرۆشی زمانەوەم و هەڵەی ڕێنووس و ڕێزمانم بە لاوە وەک کفر وایە، ئەگەر خراپتریش نەبێت.

لەو ژمارەیەدا من شتێکی ڕاستەوخۆم نەنووسیبوو، بەڵام لە دوو نووسیندا بەشداریم کردبوو: وتارەکەی کاک سەلام محەمەد نامەیەکی منی تێدایە و گەشتەچیرۆکەکەی دۆکتۆر ئەمین موتابچییش، هەم پێشەکیم بۆی نووسیوە و هەمیش خۆم هەموویم تایپ کردووە و بە زمانەکەیدا چوومەتەوە. بەڵام هەردوو نووسینەکە بە دەردێک براون مەگەر بەعسی سەددامی ئەوەی بەسەر کوردی هەڵەبجە و گەرمیاندا هێنابێت. ئەوەی بەو نووسینانە کراوە، نە با بە دەواری شڕی دەکات و نە سەرما بە هەتیو.

ئەرێ کاکە گیان، تۆ کە سەرنووسەریت و بە دڵگەرمییەوە پێشوازی لە بەرهەمەکانی ئێمە دەکەیت، بۆچی ڕێگە دەدەیت کەسانێکی نەخوێندەوار نووسینەکانمان بەو جۆرە ئەتک بکەن؟ تۆیش وەک سەرکردە و سیاسەتمەدارەکانت لێ هاتووە، ئاگات لە مەملەکەتەکەی خۆت نییە و نازانیت "دەستوپێ" چی دەکەن و چۆن گاڵتە بە هەموو شتە پیرۆزەکانمان دەکەن. دەڵێم "هەموو شتە پیرۆزەکانمان"، بەڵام بەڕاستی لە زمان بترازێت چیی دیکەمان هەیە؟ من بەش بە حاڵی خۆم سەرمایەی ئەوەڵ و

ئاخرم زمانە. هەموو شتەکانم بەرهەمی زمانن. چۆن لە شیر، ماست و دۆ و کەرە و پەنیر و فرۆ و تۆراخ بەرهەم دەهێنرێن، ئێمەیش لە زمان، شیعر و چیرۆک و وتار و لێکۆڵینەوە و رەخنە و دەیان شتی جوان و بۆنخۆش دەخوڵقێنین. بەڕاستی تاوانە تۆ رێگە بدەیت کـارمـەندێکی ناشـارەزا بێت بە ئارەزووی خـۆی یاری بە رێزمـان و رێنووسـی بەرهەمی من بکات. بەڕاسـتی گـوناهـە کـابرایەکی نەزان ئاوەها زمـان و نووسین ئـەتک بکات و دەست لە شـتـێک وەر بدات کـە کـاری ئەو نییـە و هیـچی لێ نازانێت. تۆ کە دوای دەرچوونی هەر ژمارەیەک چاوێک بە بابەتەکاندا دەگێڕیتەوە، ئایا رێنووسی تێکەڵ و پێکەڵی گۆڤارەکە سەرنجت ڕاناکێشێت؟ ئایا جارێک بیرت لەوە نەکردەوە کە ئەم نووسینانە بۆچی بەم شێوەیە نووسراون؟ ئایا هەرگیز ئەوەت بە بیـردا نەهات بزانی بەرهـەمی فلانە نووسـەر، هەر خۆی وای نـووسیبـوو، یا لای ئێـوە وای بەسـەر هـاتووە؟ با هـەمـوو ئـەوانەیش واز لـێ بێنـین، ئەی تۆ هەست بەوە ناکەیت کـە ئێـوە رێنووسـێکی هەڵە بە کار دەبەن؟ ئەی بۆچی بێدەنگیت؟ خـۆ ئەمـە کاری ئەمڕۆ نییە و تەنیا کاری ئێوەیش نییـە. لەوەتی هەنار دەردەچێت و لەوەتی ئەم بازاڕی گۆڤار و رۆژنامەی کوردییە وا برەوی درۆینەی پەیدا کردووە، هەر هەموویان هەڵە دەنووسن، هەر هەموویان زمان تێک دەدەن، هەر هەموویان رێزمان دەشێوێنن و هەر هـەمـوویان زمـانی کـوردی ئـەتک دەکـەن، کـەچی هەر بـەردەوامـیـشن. سەرنووسەرە بەڕێزەکانی کوردستان پێیان وایە، کوردی هەرچۆنێکی بنووسیت هەر راستە، گرنگ ئەوەیە خەڵک بیخوێنێتەوە، ئیدی رێزمان و رێنووس ڕاستن یا چەوتن، با چاویان دەربێت و ملیان بشکێت.

باوەڕ بکە لە دڵەوە حەزم دەکرد تۆ خاوەن و سەرنووسەری ئەو گۆڤارە نەبوویتایە و کـەسـێکی دیکە سـەرنووسـەری ببـووایە، بۆ ئەوەی پڕ بە دڵی خـۆم ئەو کـەسـەم نەفرینباران بکردایە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کەسەدا زمانێکی تیژ و دڕکاویم بە کار ببردایە، بۆ ئەوەی ناچارم بکردایە سەرلەنوێ هەموو نووسینە ئەتککراوەکان لە ژمارەی داهاتوودا بڵاو بکاتەوە، بۆ ئەوەی پێم بگوتایە جاری پێشەکی دوو مانگ مووچە لە خۆت ببڕە، چونکە تاوانت بەرانبەر زمانی کوردی کردووە و دواتریش ئەو کـارمـەندە نەخـوێندەوارەی نووسینەکـانی شـێـواندووە، بە بەرچاوی هەمـوو دەستگاکەتانەوە ڕابگرە و ناچاری بکە داوای لێبووردن لە جەزیری و خانی و نالی و گۆران بکات و بۆ گیانی هەر یەکێکیان چل جار (فاتیحە) بخوێنێت و ئەوجاریش

بینێرەوە بۆ ماڵ با سێ مانگی بێمووچە بباتە سەر و لەو ماوەیەدا سی کتێبی چاکی کوردی بخوێنێتەوە و دوای ئەوسا بگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکەی.

ئەگەر تۆ خاوەن و سەرنووسەری هەنار نەبوویتایە، لەباتیی ئەم نامەیە وتارێکی توندوتیژ و پڕ لە نەفرەتم دژی گۆڤارەکە دەنووسی و لە گۆڤار یا ڕۆژنامەیەکی دیکەدا بڵاوم دەکردەوە. ناکرێ؟ بۆ ناکرێ؟ کاتێ کە دەمویست هەنار لای خوێنەری کورد خۆشەویست بکەم و ڕێزێکی بگرم هەستام ئەو نامەیەی بۆ خۆتم ناردبوو، لە ڕۆژنامەی "هەولێر"دا بڵاوم کردەوە، بۆ ئەوەی نەک تەنیا لە پێنجسەد نوسخەی هەناردا، بەڵکە لە بیستوپێنجهەزار نوسخەی ڕۆژنامەی هەولێردا بخوێنرێتەوە. ئەگەر ئەوەیان حەق بوویێت و ڕەوا بوویێت، کەواتە دەبوو ناوزڕاندنیشی ڕەوا بێت. ئەگەر پاداشتکردنی هەنار کارێکی شارستانانە و دادپەروەرانە بوویێت کە من کردم، کەواتە دەبوو سزادانیشی لە جێی خۆیدا بێت.

ئەگەر تۆ خاوەن و سەرنووسەری هەنار نەبوویتایە، سوێندێکی گەورەم بە دەمدا دەهات: بە شاهی نەقشبەند، بەو غەوزی گەیلانییە، بە هەر چوار مەزەو، بە سی جزمەی قورعان جارێکی تر من بێت و لەو هەنارەدا تاکە حەرفێک بڵاو ناکەمەوە. جارێکی تر هەر نامەوێ چاویشم پێ بکەوێت، بە هەموو دۆست و ئاشناکانیشم دەگوت دەخیلتان بم، نەکەن لە هەناردا بنووسن، ئەوانە دەستبڕ نین، بەڵام زمانبڕن. ئەو هەنارنووسانە، ڕاستە، ڕێگە لە نووسینی من و تۆ ناگرن، بەڵام کە بڵاوی دەکەنەوە، کارێکی بەسەر دەهێنن، سووک و ڕیسوای دەکەن.

ئەگەر تۆ... بەڵام چی بکەم دەستم بەستراوەتەوە. تۆ خاوەن و سەرنووسەری هەناریت و منیش لەبەر تۆ دڵم نایەت گۆڤارەکە تیرباران بکەم و ناوی بزڕێنم و ناحەزان بە تانە و تەشەرلێدانی دڵخۆش بکەم. لەبەر تۆ دڵم نایێت قەڵەمەکەم بگرمە دەستەوە و بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا جاڕ بدەم ئەوەی دەستکاریی ڕێزمان و ڕێنووسی نووسینەکانی من دەکات، یا خوا بە زستانان هەمیشە لە سەرمانا چۆقەی ددانەکانی بێت و بە گەرمای هاوینانیش سێبەرێکی دەست نەکەوێت ئارامی تێدا بگرێت. یا خوا ئەوەی نووسینی من دەشێوێنێت ماوەی حەوت ساڵی ڕێک تامی خورما و هەنجیر نەکات، چاوی بە شەوبۆ و نێرگس نەکەوێت و بۆنی گوڵەباخ و بۆنی شەمامە نەبێتە میوانی. یا خوا نە پەڕەسێلکە ڕوو بکاتە ماڵەکەی، نە چۆلەکە

له گویسەبانەی خانووەکەی بجریوێنیت و نە کۆتر لەسەر سەربانی ماڵەکەی بنیشێتەوە.

من جاری دیکەیش ئەمەم بۆ باس کردوویت و بۆیشم نووسیویت. تەنیا گۆڤاری هەنار نییە کە نووسینی کوردی دەشێوێنێت و لە ڕێزمان و ڕێنووس سەر دەرناکات. هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان، هەر هەموویان، ئەو تاوانە دەکەن. من خۆم ئەزموونم لەگەڵ زۆریاندا هەیە: پەیمانشکێن، ڕاستگۆ نین، نەزان و نەخوێندەوارن، توانستی فێربوونیان نییە، ئەوەندە بوێر نین بڵێن بە خوا ئێمە لێی نازانین، کەچی بە زۆری زۆردارەکی دەنیشنە ملی و تێکستی ئەو خەڵکە بەو دەردە دەبەن، کە بە حەوت حەکیمان چاک نەبێتەوە. سەرنووسەرێک پێی وتم: مامۆستا گیان، تۆ بەرهەممان بۆ بنێرە، من خۆم هەڵەبژێری دەکەم، ناهێڵم کەس دەستی تێ وەربدات. لە ڕووم نەهات پێی بڵێم: "کەسی مامی! ئاخر تۆ خۆیشت شارەزای ڕێنووس و ڕێزمان نییت." ئەو تەنیا یەکێکە لە دەیان و لە سەدان. جاران شێخ ڕەزای گەورە، شێخ ڕەزای تاڵەبانی و کەرکووکی، پێی وا بوو شاعیر هێندە زۆرن لەو عەسرەی ئەودا، کە لە حوجرەکەیدا حەشری نێرەکەریان بەرپا کردووە، بەڵام ئەمڕۆ لەبەر ڕۆژنامەکار (یا ڕۆژنامەباز) و سەرنووسەر، شاعیری بەستەزمان حوجرە و موجرەیان بە جێ هێشتووە، نەوەک بنێ بە ژێر پێوە.

دەزانم بەشێک لەو ناهەقییەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە تێکستی کوردیی دەکەن، تاوانی نووسەران خۆیشیانە. سەرنووسەرەکان بەوە ڕاهاتوون کە هەندێ لە نووسەران، هەر بۆ ئەوەی دوو دێڕیان بۆ بڵاو بکرێتەوە و مشتێ دیناری پاداشت وەربگرن، ئامادەن هەموو سووکایەتییەک بە خۆیان و بە بەرهەمەکانیان قەبووڵ بکەن. ئەوان هەندێ نووسەریان بینیوە کە فریان بەسەر ڕێزمان و ڕێنووسەوە نییە و تەنانەت ناوی خۆیشیان بە هەڵە دەنووسن. ئەوان ئەزموونیان لەگەڵ جۆرێک نووسەردا هەیە کە بە لایانەوە گرنگ نییە ئەگەر دەیان وشەی نووسینێکیان بگۆڕدرێن و وشەی دیکەیان لە جێگە دابنرێن، ئەگەر پۆستپۆزیشن بنووسێنرێت بە وشەیەکەوە یا بە جیا بنووسرێت، ئەگەر لە تێکستێکیاندا (قازیی سلێمانی) بکرێت بە (قازی سلێمانی). ئەوان لەگەڵ هەندێ نووسەردا هەڵسوکەوتیان کردووە کە "ناوی زل و دێی وێران"ن.

زۆرجار گوێم لێ بووە، کە باسی هەڵەی ڕێنووسم کردووە، گوتوویانە:

ــ بەڵام مامۆستا فلان وای نانووسێت.

ــ مامۆستا فلان کێیە؟

ــ چۆن؟ ئەو خاوەنی شەش ڕۆمان و حەوت دیوانی شیعر و سێ کتێبی لێکۆڵینەوەیە.

ــ برای شیرین، کەس بە نووسینی ئەوەندە ڕۆمان و دیوانی شیعر نابێتە زمانزان و کوردیزان. کوردیزانیش بێت مەعنای ئەوە نییە شارەزای ڕێزمان و ڕێنووسە. من چی لە مامۆستایەک بکەم کە ڕۆمانێکی حەوتسەد لاپەڕەیی دەنووسێت، بەڵام حەوتهەزار هەڵەی ڕێزمان و ڕێنووس لە ڕۆمانەکەیدا هەن؟ دەبێ ئەوە چ نووسەرێک بێت کە لە کتێبێکدا یەک وشەی کوردی بە سێ شێوەی جیاواز دەنووسێت؟

ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا ڕوو دەدات تەنیا دەتوانم ناوی بنێم: "زمانکوژی". ئەمەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەیکەن، ئەمەی بەشێکی زۆری بەناو نووسەران دەیکەن، ئەوەی تەلەڤیزیۆنە سەماکەر و جرپنەکان دەیکەن زمانکوژییەکی ئاشکرایە. کێ هەیە بتوانێت ڕێ لەم کوشتارە ناڕەوایە بگرێت؟ کێ دەتوانێت سنوورێک بۆ ئەم هەموو تاوانەی بەرانبەر زمانی کوردی دەکرێت، دابنێت؟

نەتەوەیەک نەتوانێت زمانەکەی خۆی بپارێزێت و پێش بخات و گەشەی پێ بدات، نازانم بۆچی باسی ئازادی و سەربەخۆیی دەکات؟ نەتەوەیەک بۆ هەموو شتێکی بێگانە سەما بکات و بای بدات و بیلەنجێنێت، بەڵام شتە جوان و پیرۆزەکانی خۆی بە چاوێکی سووک تەماشا بکات، چ کارێکی بە دەوڵەت و دەستگای مۆدێرن و پێوەندیی نێونەتەوایەتییە؟

ئەمەی بەسەر زمانی کوردی و بەسەر نووسینی کوردیدا هاتووە، من لای هیچ نەتەوە و گەلێکی دیکە نەمبینیوە و نەمبیستووە. کەس ئەوەندەی زرەڕووناکبیری کورد دژی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی نەتەوەکەی خۆی نییە. کەس ئەوەندەی فەریکەخوێندەواری کورد ئامادە نییە زیان بە زمان و فەرهەنگی خۆی بگەیێنێت و سووک و ڕیسوای بکات. کەس هێندەی ئەوانە لەبارەی ڕابوردوو، ئێستا و داهاتووی نەتەوەکەی خۆیەوە بێدەربەست و ناشارەزا و گێل و نەزان نییە.

نووسەری هیچ گەلێک و هیچ نەتەوەیەک هێندە کەمتەرخەم و بێدەستەڵات و ترسنۆک

نییە، کە هەرچییەک بەسەر نووسینەکەیدا بهێنن هەر بێدەنگ بێت و پێی وا بێت چاکەیان لەگەڵ کردووە. لای هیچ گەل و نەتەوەیەک رووی نەداوە بەناو رووناکبیر و خوێندەوارەکەی ئەوەندە گوێڕایەڵی سیاسەتمەدار و سەرکردە بێت و پێی وا بێت، هەر ئەوانن کە لە زمان دەزانن و دەتوانن کێشەکانی چارەسەر بکەن. خوێندەواری هیچ وڵاتێکی ئەم دنیایە هێندەی بەناو خوێندەواری کورد بەرانبەر بێگانەیەکی سەرتاپێ گومناوی، سووک و لاواز نییە کە ئەو بێگانەیە بکاتە داوەر، کە چی بۆ زمانە کوردییەکەی ئەم باشە و دەبێ چی بکرێت. لە کوێی ئەم جیهانەدا رووی داوە کە بەشی هەرە دواکەوتووی وڵاتێک و نەتەوەیەک ببێتە چاوساغ و رێنوێن و خاوەنقسە لەبارەی زمان و ئەدەب و فەرهەنگەوە؟

برای شیرین: دەتوانم هەتا بەیانی لەم جۆرە باسانەت بۆ بگێڕمەوە، بەڵام دەیشزانم سوودێکی نییە. ئەوە بیست ساڵ زیاترە من لەسەر ئەم باسانە دەنووسم و قسە دەکەم و توێژینەوە ئەنجام دەدەم. هەوڵ دەدەم خوێنەر و رووناکبیری کورد تێبگەیێنم کە ئەمەی ئێمە دەیکەین، خۆکوژی و زمانکوژییە. دەمەوێ بڕیاربەدەستی کورد حاڵی بکەم کە مەسەلەی زمان لە مەسەلەی کەرکووک کەمتر و بچووکتر نییە. ئەگەر ئەمڕۆیش کەرکووک وەرنەگرینەوە، کورد لەناو ناچێت، بەڵام ئەگەر زمانەکەمان لە دەست دەرچوو، تازە ئیتر هێز نییە بمانکاتە گەل و نەتەوە و خاوەنوڵات.

خۆزگە دەنگم دەگەیشتە هەرچی خوێنەوار و رووناکبیر و نووسەر و فەرهەنگکار و قەڵەمبەدەستی کورد هەیە و بۆم روون دەکردنەوە کە چ شەرمەزارییەکی گەورەیە ئەوەی بەسەر زمانی کوردیدا هاتووە. چ وێرانکارییەک لە فەرهەنگی کورددا روو دەدات و ئەنفالێکی چەند رەش و ترسناک بەرۆکی ئێستا و داهاتوویشمانی گرتووە. ئێستا لە کوردستاندا و لای کورد بووەتە باو باسی گەندەڵی بکرێت و "رەخنەی بێمزەرەت" لە دەستەڵاتدار و بڕیاربەدەست بگردرێت. تەنانەت گەندەڵکارەکان خۆیشیان باسی گەندەڵی دەکەن و رەخنەی چەواشەکارانە دەگرن. ئەودەم پرسیارێکی رەوا ئەوەیە ئەگەر ئەم هەموو خەڵکە رەخنە دەگرن، باشە دەبێ گەندەڵکار کێ بێت؟ لە مەسەلەی زمانیشدا ئێمە وەهامان بەسەر هاتووە. هەرکێ دەم دەکاتەوە دەڵێ زمانی کوردی تێک دراوە و کەس نازانێت راست بنووسێت. هەرکێیەک دەدوێنیت باسی ئەوە دەکات کە ئەم لێشاوی چاپەمەنییە، بووەتە هۆی

لەناوچوون و تێکشکانی زمانی کوردی. باشە ئەگەر ئەم هەموو خەڵکە هێندە بە پەرۆشی زمانەوەن و ئەوەندەیش لەو هەلومەرجە مەترسیدارە ئاگادارن، کەواتە ئەوانەی هەڵە دەکەن، دەبێ کێ بن؟ ئەوانەی زمانی کوردی تێک دەدەن کێن؟ ناشێ ئەم کارەیش دەستی ڕەشی بێگانەی لە پشتەوە بێت؟

بەڕاستی من لێتی ناشێرمەوە، پێم وایە گەندەڵی زۆر چاکترە لەوەی زمانی کوردی ئاوەهای بەسەر بهێنرێت. ئێشی وەرنەگرتنەوەی کەرکووک لەم ڕۆژگارەدا لە ئێشی هەڵوەشاندنەوەی زمانی کوردی کەمترە. گەندەڵی و داگیرکرانی کەرکووک مەسەلەیەکی کاتەکییە، بەڵام داڕووخانی زمانی کوردی شێرپەنجەیەکە بە دووسەد حەکیم و شێخ و مەلا چاک نابێتەوە. سەرکردەیەکی ژیر و دڵسۆز و بوێر و دووربین، ئەگەر هەبێت، دەتوانێ کێشەی گەندەڵی و کەرکووک چارەسەر بکات، بەڵام ئەگەر زمانی کوردی داڕووخا و لە دەست چوو، بە حەفتا سەرکردەی دووربین و نزیکبینیش ناتوانن جارێکی دیکە بیخەنەوە سەر پێی خۆی و بیگەڕێننەوە.

دەمەوێ جارێکی دیکەیش ئەوە جەخت بکەمەوە کە ئەم نامەیەم بۆ تۆ لەبەر ئەوە نەنووسیوە کە گۆڤارەکەت سووکایەتیی بە زمانی کوردی کردووە، بەڵکە تەنیا دەرفەتێکە بۆ ئەوەی هەموو سەرنووسەرەکانی کوردستانی پێ هۆشیار بکەمەوە. تەنیا گۆڤارەکەی تۆ نییە تاوانی بەرامبەر وشەی کوردی کردووە، هەر هەموویان، هەموو گۆڤار و حەفتەنامە و مانگنامە و وەرزنامەکانی کوردستان ئەو تاوانەیان کردووە و دەیکەن. دەردی دڵ زۆر لەمە زیاترن، نە نامە دەتوانێت دەریانببڕێت و نە کتێب، نە شیعر ڕوونیان دەکاتەوە و نە شانامە. ناچارم لەگەڵ مەلا خدری مکایەڵیی شارەزووریدا بڵێم:

کەی دەکا شەرح و بەیاناتی ڕومووزی دەردی دڵ،
ڕووڕەشی هەر وەک دەوات و دووزوبانی وەک قەڵەم؟

فەرهاد شاکەلی

سەهۆڵستانی سوێد، ١٩-٩-٢٠٠٩

# بەشی سێیەم

## شیرێکی دوودەم:
## بەسەرکردنەوەیەکی ئەزموونی ڕووناکبیرانی کورد

لە هەر لایەکەوە دەستی پێ بکەم، باسەکە هەر دەچێتەوە سەر دەردە بێدەرمانەکەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی: ئازادی. بەڵام پلەی تێگەیشتنەکە و وەرامدانەوە، چ لە جغزی بیرکردنەوەدا بێت و چ سەر بکێشێتەوە بۆ تەکاندانێک، لێرە و لەوێ جیاوازە. تەنانەت لە ئاستی تاکەکەسیشدا هەر ئەم جیاوازی و یەکنەگرتنەوەیە بە دی دەکرێت.

نامەوێ، لەم نووسینەدا، ئازادی وەک چەمکێکی ڕووت و ئابستراکت تاووتوێ بکەم. هەروەها، هەر نەبێ لەبەر ئەوەی نووسینەکەم بە کوردییە، مەودای کوردانەی باسوخواسی ئازادی تەسکتریش بکەمەوە، بەوەی لە مێژووی سیاسی و خەباتی ڕزگاریخوازانەی دوور بخەمەوە و زیاتر لە دالآنی بیر و خوێندن و ژیانی ڕووناکبیرانەدا، حەرفستان و خوێندنستان، هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەم. ئەودەم باسەکە لە چوارچێوەی عەقڵی و لۆگیکیی خۆیدا، ڕوونتر خۆ دەنوێنێت.

ڕووناکبیری (هۆشیاری!) کورد، پێم وایە، هەرگیز لەلایەن کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە، ڕاستەوخۆ، تەنگی پێ هەڵنەچنراوە. گوشارەکە هەمیشە لە لایەکی دیکەوە هاتووە؛ دەستەڵات (دەستەڵاتی دەوڵەت و دین). جاری وا هەبووە ئەم دوو دەستەڵاتە هەر یەک دەستگایان پێک هێناوە و جارانی دیکەیش هاوکار و هاوئاکار بوون. ئەگەر کۆمەڵ بە جۆرێک بووبێتە ئاستەنگ، ڕووناکبیری بەرەو گۆشەگری و خۆخواردنەوە و ئازار و ئەزموونی سایکۆلۆگی بردووە. بەڵام دین و دەوڵەت بە جۆرێکی دیکە پەلاماریان داوە؛ ئەم دووانە سەریان ویستووە، سەری ڕووناکبیر. یان دەبێ لە بەردەمیاندا سەر شۆڕ بکات، ملکەچ بێت، خۆی بە دەستەوە بدات و بۆیان بخوێنێ، ئەودەم دەیژێنن و تێری دەکەن و هەموو خێر و خۆشییەکی بەسەردا دەبارێنن، یانیش دەبێ هەڵکەندرێ و بکرێ بە سەرەنێزەوە.

ئەمە تەنیا لە سنووری دنیای کوردەواری خۆیدا، دەنا دەستەڵاتی داگیرکەری بێگانە، بەتایبەتی لە سەردەمی تازەدا، پێویستی بەو زڕەبەڵگەیەیش نەبووە. ئاستی تاوانبارکردنەکەیش لە بیر و هونەرەوە هاتووەتە سەر هەڵسوکەوتی سیاسیی ڕووت و ڕۆژانە.

بۆ ئەوەی پێوەندییەکە هێندە کرژ و ئاڵۆزکاو نەیێتە پێش چاوان، دەبێ ئەوەیشی لێ زیاد بکەین کە هەموو ڕووناکبیر و خوێندەوارێکی کورد، بە پێویست، نەکەوتووەتە بەردەم دووڕێیانی ئەم هەڵبژاردنەوە. ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر ئەو مێشک و ئاوەزانەی دەگرتەوە (و دەگرێتەوە) کە لە سنووری هۆشیاریی هونەری و ئێستێتیکی دەپەڕینەوە و دەچوونە نێو هەرێمی گۆڕین و گۆڕانکارییەوە، با هێشتایش دەستاوێژەکە بیر و بیرکردنەوە بووبێت. ئەمە ئیدی لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە، دینی و سیاسی، چاوپۆشیی لێ نەکراوە. بۆ ناوزڕاندن و دزێوکردن و دابڕینیش (لە خەڵکەکە)، تاوان و تاوانبارکردن هەمیشە ئاسان بووە: زەندیق، گومڕێ، خوانەناس، یاخی، تێرۆریست، خۆفرۆش، دز، جاش، خائین، ناپاک... هتد.

لە بەردەم ئەم شاڵاوەدا خوێنەوارە کوردەکە چەکی هونەری بەرز کردۆتەوە، پەنای بردووەتە بەر بەرهەمی ئاوەز و بیر. هێندێ جاریش دوورکەوتنەوەی جیۆگرافیی هەڵبژاردووە و سەری خۆی لە لیس و تێڵای ئەوان دوور خستۆتەوە. لە سەدەکانی ڕابوردوودا خانی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی و حاجی قادری کۆیی ئەزموونی بەرچاون.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە و تا ئەمڕۆ، کوردایەتی شێوەیەکی دیکەی وەرگرت و زیاتر ڕەنگ و ڕووی سیاسەتی لێ نیشت. کۆمەڵگەی کوردەوارییش تووشی کۆمەڵێ گۆڕانی جۆراوجۆر هات. لەم بارە تازەیەدا ڕووناکبیری کورد لەنێوان دوو ئەرکدا دابەش بووبوو. دوو ئەرکەکەیش مەرج نەبوو/ مەرج نییە هەموو جارێ یەک بگرنەوە و یەکدی تەواو بکەن: لە لایێکەوە وەک ئەندامێکی نەتەوە و نیشتمانەکەی و بەشێکی وریا و هۆشیاری دەستگای کوردایەتی بە ڕووی داگیرکەراندا دەتەقییەوە، لە ڕووی سیاسەت و دەستەڵاتی سیاسیی بێگانەدا ڕادەوەستا. لە لایێکی دیکەیشەوە وەک تاکێکی کۆمەڵگەی کوردەواری، وەک هونەرمەندێک، ڕووناکبیرێک، خاوەنبیرێک دەبوو/ دەبێ ڕاستگۆ بێت و نەکەوێتە داوی ئەوینی سیاسەتەوە، ڕێگە نەدات

سیاسەتکار و دەستەلاّتدارانی "خۆمانە" دەستبازی لەگەڵ خۆی و هونەرەکەیدا بکەن و فریوی بدەن و لە هەمووویش گرنگتر زریقوباقی ناو و ناوبانگی ڕۆژانە، مێدالیای سیاسی و سیاسەتبازان کوێری نەکات و ئامادەی سەنگ و سووک و سازش نەبێت. هونەرمەند و ڕووناکبیر دەبوو/ دەبێ چەکێکی دوودەمیان بە دەستەوە بێ و وەک یەکێک کە "کاراتێ" بکات، بە هەموو لایەکدا لە هەڵبەز و دابەزدا بن و خۆیان بپارێزن.

گەلێ جار ئەزموونی جەمیل سائیب لەگەڵ شێخ مەحموودا لە چوارچێوەی ئەم پێوەندییەدا پێشان دەدرێت و باس دەکرێت، بەلاّم لێکۆڵینەوەی دیکەیش هەیە کە تەکانەکەی سائیب بە کارێکی سیاسی تەرجەمە دەکات، تەنانەت لەوە بەولاوەتریش دەچێت و جەمیل سائیبی چیرۆکنووس ئاوەڕووت دەکات و دەیکاتە داردەستی داگیرکارانی ئەو سەردەمە؛ کۆلۆنیالیستانی ئینگلیز. من بۆ خۆم، هەتا ئێستایش، ئەو باسەم لا ڕوون نییە و ناتوانم هەڵوێستی یەکلایەنەی لەسەر وەربگرم. هۆیەکەیش ئاشکرایە، چونکە سەرچاوەکانی ئەدەب و سیاسەت و مێژووی کورد هێندە ناتەواو و پەرت و بڵاون، ناکرێ وێنەیەکی ڕوون و ڕەوانی ئەو کاتەمان دەست بکەوێ. کە ئەو هەلومەرجەیشم هەر وا تەماوی بێتە پێش چاو، دیارە هەڵوێستەکەیشم لە تێرامان بەولاوە ناڕوات. بێگومان ڕێز و خۆشەویستیم بۆ شێخ مەحموودی حەفید، وەک سەرکردەیەکی دڵسۆز و دڵپاک و جوامێر، هەرگیز لایەنی هونەرمەندانەی هەڵوێستەکەی جەمیل سائیبم لە بەرچاو ناخات و لە نرخی داناشکێنێت.

لە سەرەتادا وتم کۆمەڵ ڕاستەوخۆ تەنگی بە ڕووناکبیر هەڵنەچنیوە. بەلاّم دیارە زۆرجاریش ڕووی داوە پاشکەوتوویی و نەزانیی کۆمەڵ ڕێگەی بۆ دەستەلاّتداران، بۆ سیاسەتمەداران، خۆش کردووە دەست بنێنە بینی ڕووناکبیر و بیتاسێنن و ئەم کارەیش بە ناوی خزمەتی کۆمەڵەوە، بە ناوی بەرژەوەندیی بەرزی نیشتمانەوە بکەن. پاشکەوتوویی و نەزانیی کۆمەڵ ئەگەر تاوانیش بێت، ئەوا تاوانی سیاسەتمەداران و دەستەلاّتدارانە، بەلاّم ڕەنگە تا ڕادەیەکیش گوناهەکەی بکەوێتە ئەستۆی ڕووناکبیران خۆیشیان. ئەحمەدی خانی چەند جوان باسی ئەم هاوکێشەیە دەکات و دەڵێت:

تەبەعییەتی وان ئەگەرچی عارە        ئەو عارە ل خەلـــقێ نامدارە
ناموسە ل حاکـــــم و ئەمیران        تاوان چییە شاعیر و فەقیران؟

ئەگەر ڕووناکبیران خۆیان بە پێشەنگ و ڕێبەری گۆڕین دەزانن، دەبێ هەڵوێستی ئاشکرایشیان بەرانبەر دەستەڵاتداران هەبێت، تا ئەو ڕادەیەی بتوانن کار بکەنە سەر ڕێڕەوی بیر و بزووتنەوەی کۆمەڵ. ڕاستییەکەی هاوکێشەکە زۆر لەمەیش قووڵتر و ئاڵۆزکاوترە. تەنیا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە ئەم دوو پرسیارە دەهێنمە پێشەوە: ئایا ڕووناکبیران ببنە پردێک بۆ ئەوەی کۆمەڵ یا گەل (لە ڕێگەی نوێنەرانی خۆیانەوە، یا لە ڕێگەی هەندێک کوتەک بەدەستەوە کە بەزۆر دەبنە نوێنەری گەل) بەسەریدا بپەڕنەوە و دەستەڵات بگرنە دەست؟ یا ڕووناکبیران گەل و کۆمەڵ بکەنە پردێک بۆ ئەوەی خۆیان بگەنە دەستەڵات؟

پرسیارێکی وەها لەو جۆرە پرسیارانە نییە کە بە "ئا" یا "نە" وەرام بدرێتەوە. بێجگە لەوەیش شێوەی داڕشتنەکەی وێنەیەکی وا بە بیری خوێنەردا دەهێنێت وەک بڵێی ڕووناکبیر ئەو ئافەریدە پاک و خاوێن و هەمیشە بێتاوان و سۆفیئاسایە بێت کە لە سەرووی هەموو گوناهەکانەوەیە و تاکە نیگەرانی و خەمی ئەو، کۆمەڵ و گەل و نیشتمانە؛ کە دیارە ئەم وێنەیە هەموو جارێک لەگەڵ نموونە جیاوازەکانی بەردەستدا یەک ناگرێتەوە.

لە مێژووی تازەی سیاسی و فکریی کوردستاندا کۆمەڵێ ڕووناکبیر هەن کە بەڕاستی شایانی ئەوەن خۆیان و ژیان و بەرهەم و ئەزموونەکانیان بکرێنە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی. دیارە من چاوەڕوانی ئەوە نیم ئەزموونی ئەم پیاوانە بە پلەکانەی هەست و هەڵچوونی ناسیۆنالیستیدا بە جۆرێک سەر بخرێن کە لە ئەندازەی مێژوویی و فکریی خۆیان زیاتر بنوێن. ڕەنگە، بە پێچەوانەی ئەو ناچاوەڕوانییەوە، جێگە و پایەی سیاسیی کورد نەخشێکی گەورەی لەوەدا هەبووبێت کە ئەزموونی ئەم ڕووناکبیرانەی کورد نەبووبێتە بەشێک لە گەنجینەی فکری و سیاسیی دنیای ئەمڕۆ. ئەمەیان تازە ئیدی بە شێوەیەکی ڕابوردووبینانەیش (Retrospectively) ناکرێ ڕاست بکرێتەوە و لە مێژوویەکی بەسەرچوودا جێگایەکی فکری یا سیاسییان بۆ دابین بکرێت. بەڵام خوێندنەوەیەکی دوور لە هەست و هەڵوێستی پێشبڕیارانە (Prejudiced) لەوانەیە وێنەیەکی ڕاستتر و لە ڕاستییەوە

نزیکتریان بکێشێت و بیکاتە بەشێک لە نەخشەی مێژووی فکری و سیاسیی کوردستان.

لەناو لیستێکی درێژی ڕووناکبیرانی کورددا کە لە سەدەی بیستەمدا ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبووە چواریان، بۆ من، تا ئەو ڕادەیە سەرنجڕاکێشن کە هەمیشە پێم خۆش بووە لە ڕچەی ژیان و بیر و کرداریان ورد ببمەوە و لە چوارچێوەیەکی عەقڵانیدا بیانخوێنمەوە. ئەو چوارە ئەم مامۆستایانەن: ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨-١٩٦٠)، عەلائوددین سەججادی (١٩١٦؟-١٩٨٤)، ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤-٢٠٠١) و مەسعوود محەمەد (١٩١٩-٢٠٠٢). سێ لەمانە، چ ئەو سەردەمەی خۆیان ژیاون و چ دواتریش، لەو جۆرە کەسانە بوون کە بە ئینگلیزی پێیان دەگوترێت (Controversial) و من بە کوردی وشەی (دەمەتەقێهەڵسێن)ی بۆ بە کار دەهێنم. دیارە ئەوەیش دەزانم کە وشە کوردییەکە تا ڕادەیەکی زۆریش لە جوانی و ئاهەنگ بێبەشە، بێجگە لەوەیش کە ڕێک بەرانبەر وشە ئینگلیزییەکە ناوەستێتەوە. سەججادی، بە پێچەوانەی سێیەکەی دیکەوە، کەسێکی "کۆنترۆڤێرشیەڵ" نەبوو. هۆیەکەیشی ڕوون و ئاشکرایە؛ چونکە سەججادی تێکەڵی سیاسەت نەدەبوو، یا ڕەنگە ڕاستتر ئەوە بێت بڵێم ڕاستەوخۆ تێکەڵ نەدەبوو.

لایەنێکی یەکجار ناوکۆ و هاوبەشی ئەم چوار پیاوە ئەوەیە کە کەسانێکی پڕ لە وزە بوون، بەو مەعنایەی کە هەر زوو کەوتنە ناو ڕووداوەکانی ژیانەوە و بە وزە و ویستێکی نائاسایی و پتەوەوە کاریان کردووە، بەرهەمیان پێشکەش کردووە و هەڵوێستیان هەبووە و لە دروستکردنی نەخشەی فکری و فەرهەنگی و سیاسیدا دەستیان هەبووە. ڕۆڵی ئەوان هەر ئەوە نەبووە کە بەشێک بن لە ڕووداوەکان و سواری شەپۆلی ڕۆژگار بووبێتن، بەڵکە زۆرجار وەک پێشەنگ و وەک کەسانێکی داهێنەر و بڕیاربەدەست بیریان کردووەتەوە، ژیاون و بەشدارییان کردووە.

جێگەی داخە کە مامۆستایان سەججادی و ئیبراهیم ئەحمەد، هێندەی من ئاگادار بم، ئەزموونی خۆیانیان بە شێوەیەکی نووسراو بۆ بە جێ نەهێشتووین. بەڵام دیسانیش دەکرێ بە لێکۆڵینەوەیەکی جیددی و زانستییانە ئەزموونی ئەوان بە جۆرێک دابڕێژرێتەوە کە ببێتە بەشێکی بەنرخی گەنجینەی فکر و فەرهەنگی کورد.

ڕەفیق حیلمی لە یادداشتەکانیدا زۆر داهێنەرانە سەردەمێکی گرنگ و بنەڕەتانەی

مێژووی کوردی تۆمار کردووه: سەردەمی حوکمڕانیی شێخ مەحموودی حەفید. حیلمی لەگەڵ ئەو هەموو دڵسۆزییەیدا بۆ مەسەلەی نەتەوەکەی و لەگەڵ ئەو هەموو خۆشەویستییەی بەرانبەر شێخ مەحموود هەیبووە، هەرگیز لەوە نەپرینگاوەتەوە کە ڕاستییەکان وەک خۆیان بنووسێتەوە و ڕەخنەگرانە بڕوانێتە مێژوو. ئەم خوێندنەوە ڕەخنەگرانەیەی رەفیق حیلمی، بێجگە لەوەی نرخێکی بالاتر و زانستییانەتر دەداتە کارەکەی، دەکرێ وەک سەرمەشقێکی فکری و مێتۆدۆلۆگی و فەرهەنگییش چاوی لێ بکرێت، کە بۆ ئەمڕۆی ڕووناکبیری کورد نموونەیەکی بەرز و شایانی ڕێزە.

# لاپەڕەیەک لە ئەزموونی ڕووناکبیرانی کورد:
# ڕەفیق حیلمی

١

لەناو ڕووناکبیرانی سەرەتای سەدەی بیستەمی کوردستاندا، ڕەفیق حیلمی یەکێکە لە هەرە هۆشیار و وردبین و بوێر و ڕاستگۆ و دووربین و ڕەوشتبەرزەکان. من کە ئەم لایەنە چاکانە دەدەمە پاڵ کەسایەتیی ئەو پیاوە، هەر لەبەر ئەوە نییە کە خۆشم دەوێ و وەک نیشانەیەکی گەورەی مێژووی فەرهەنگی و سیاسی تەماشای دەکەم، بەڵکە بەرهەمەکانی، ئاکارە سیاسی و فکرییەکانی، هەڵوێستە ئەخلاقییەکانی پێم دەڵێن چ جۆرە کەسێک بووە.

ئێمە کە ئەمڕۆ ژیان و بیر و هەڵوێستەکانی ڕەفیق حیلمی دەخوێنینەوە نموونەی ڕووناکبیرێک لە بیرماندا دروست دەبێت کە بە ئەوپەڕی دڵسۆزییەوە هەوڵی داوە بۆ بەرزی و پێشکەوتنی نەتەوەکەی و سەربەخۆیی و ئازادیی نیشتمانەکەی. حیلمی، وەک زۆر ڕووناکبیری ئەوسا و ئێستایش، ناچار بووە هەموو ڕێگاکان و هەموو بوارەکان تاقی بکاتەوە. چەند جارێک وا ڕووی داوە لە ژیانی حیلمیدا کە بگاتە بەردەم دووڕێیانێک. لەو جارانەدا خۆیشی گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە ئەو پیاوی سیاسەت نەبووە، بەو مەعنایەی ئەو بەهرە و توانستانەی هەیبوون و ئەو نرخە ئەخلاقییانەی ئەو خۆی پێیانەوە بەستبوو، زیاتر بۆ ئەوە دەستیان دەدا کەسێک بێت خۆی بۆ فەرهەنگ، بۆ شیعر و لێکۆڵینەوە و تەرجەمە، تەرخان بکات، نەک بۆ سیاسەت.

ڕەفیق حیلمی هەر لە سەرەتای ژیانیدا دەکەوێتە ناو ڕووداوە گەورەکانەوە. لە تەمەنی بیست ساڵاندا بۆ یەکەم جار دەگاتە لای شێخ مەحموودی حەفید، کە ئینگلیزەکان لەو ڕۆژانەدا کردبوویان بە حوکمداری سلێمانی، و لەوە بەدوایش دەبێتە جێگەی باوەڕی شێخ. لەو سەردەمەدا دەستەڵاتدارانی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز

له عـیراق و له کـوردسـتـاندا زۆر چالاکـانه کـاریـان دەکرد، له لایەکـەوە بۆ ناسـینی وڵاتەکە و خەڵکەکەی، له لایەکی دیکەیشـەوە بۆ کڕینی خەڵک، بەتایبەت کەسانێک کە بەهرەیەکیان هەبێت و بتوانن کار بکەنە سەر خەڵک و سەر ڕووداوەکان. لە کاتێکی ئاوادا یەکێک لە پیاوە گەورەکانی ئینگلیز، مێجەر نۆئێل، داوای لێ دەکات ببێتە مامۆسـتای و فێری زمانی کوردیی بکات. بۆ لاوێکی وریا و بەهرەداری وەک حیلمی، ئەمە هەلێکی کەموێنە بووە بۆ پێشکەوتن و بەدەسـتهێنانی دەسـتکەوتی ماددی و پایەی دەسـتەڵات. ئەو دەیتوانی زۆر بەئاسـانی خۆی لە ئینگلیزەکان نزیک بکاتەوە و ببێتە بەشێک، بەشێکی گرنگیش، لە دەستەڵات. دواتریش دەبێتە مامۆستای کاپتێن بیڵ، فـێری زمـانی فـارسـیی دەکـات. بەڵام هەردوو جـارەکەیش بە فـەرمـانی شـێخ مەحموود هاوکارییان دەکات. بە هۆی ئەم نزیکییەوە لە دەستەڵاتدارانی ئینگلیزەوە، ڕەفیق حیلمی ناوەڕۆکی عەقڵ و شێوەی بیرکردنەوەی کۆڵۆنیالیستانی ئینگلیز چاک تێدەگات.

حیلمی کە باسی سەرەتاکانی حوکمدارێتیی شێخ مەحموود دەکات، ئەگەرچی بە ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستییەوە، پەسنی شێخ دەدات، بەڵام ناتوانێت چاو لە هەڵە و کەموکوورییەکانی شێخ خۆی ـ وەک ڕێبەری نەتەوەیەک ـ و دەستگاکانی ڕێبەرایەتی و کارگێڕی بپۆشێت. هەر لە یەکەم ڕستەدا سەبارەت ژیانی سیاسیی شێخ دەڵێت: "شـێخ مـەحـموود دوای ئەوە کە بوو بە حـوکمداری کـوردسـتـان، کەوتە وەسـتـاوێکی گرنگەوە. لە کـاروباری حکوومـەتدا کـەمـتـەجرەبە و لە مـەیدانی سـیاسـەتدا بێکەس بوو". لە باسی بازنەکانی دەستەڵاتدا ڕەفیق حیلمی دوو تاقم دەستنیشـان دەکات: دەسـوپێـوەندی نـەفـام و نەخـوێندەوار، دەوروپشـتـی چاوبرسی و دوای تاڵانکەوتوو، نۆکـەری خـەنجـەرلەپشـت و عـەشـایەری تفـەنگلەشـان، ئەمـانە لە لایەک و لـە لایەکی دیکەیشـەوە خـوێنەواری باش و نیشـتـمـانپەروەر و ئەفسـەرانی کورد کـە لە بەغدا و ئەسـتـەمـووڵەوە گـەڕابوونەوە بۆ کـوردسـتـان و دەیانـویست تێـبکۆشـن و یارمـەتیی حوکمدار بدەن. بەڵام هەر زوویش دەردەکەوێت کە "تاقمی یەکەم لە بەینی حوکمدار و تاقمی دووەمدا لە خـەنجـەر و دەمانچـە دیوارێکی دروست کردبوو." ڕەفیق حیلمی ئەوەیش چاک دەزانێت کە شێخ بۆ ئەوەی سـەر بکەوتایە دەبـوو "شـەقێک لە دیواری خەنجەر و دەمانچەکە هەڵدا و بیرووخێنێ و خۆی بگەیێنێتە خوێنەوارە باشەکان."

سەرنجڕاکێش بۆ خوێنەرێکی ئەمڕۆ ئەو لەیەکچوونە یەکجار زۆر و سەرسووڕهێنەیە لەنێوان دەسەڵاتی شێخ مەحموود و دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستاندا؛ لەو ڕووەوە کە دەسەڵاتی کوردی، ئەوسایش و ئەمڕۆیش، بە هەزاران دز و جەردە و خوێڕی و بەرتیلخۆر و دەست و دەم و داوێنپیس لە خۆی کۆ دەکاتەوە، بەڵام دەست دەنێت بە ڕووی کەسانی خاوەنبەهرە و دڵسۆز و ڕاستگۆ و ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەرەوە و دووریان دەخاتەوە.

هاوکاریی ڕەفیق حیلمی لەگەڵ دوو دەسەڵاتداری گەورەی ئینگلیزدا ئاسان نەبووە، ئەگەرچی ئەو دوو پیاوە، نۆئێل و بیل، لە ڕووی کەسایەتییەوە بەتەواوی لە یەکدی جیاواز بوونە. لەو تەمەنەی لاوێنیدا حیلمی زۆر سەربەرزانە هەڵسوکەوت دەکات و بە هیچ جۆرێک خۆی لەوان بە کەمتر نابینێت، بەڵکە هەندێ جار خۆی بە گەورەتریش دادەنێت، چونکە ئەم مامۆستایە و ئەوان قوتابی. ڕەوشتبەرزیی ڕەفیق حیلمی بەوەدا دەردەکەوێت کە بەرانبەر پارە، بەرانبەر فریوی دەسەڵات و بەرانبەر زۆرداری، سەر شۆڕ ناکات. وا دیارە ئەم ئەزموونەی سەرەتای ژیانی دەبێتە گەنجینەیەکی ئەخلاقیی هێندە بەنرخ کە هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرێت، سوودی لێ وەردەگرێت و گەلێ ڕۆژگاری دیکەیش دێت بە هانایەوە.

هەر بە هۆی ئەم هاوکارییەوە حیلمی وای بۆ هەڵدەکەوێت بە گەلێ ناوچەی کوردستاندا بگەڕێت و ئاشنایەتی لەگەڵ بەشێکی زۆری خێڵ و تیرە و عەشیرەتەکانی کوردستاندا و لەگەڵ سەرکردە و گەورەپیاوان و کەسانی دەسەڵاتدار و دەستڕۆیشتوودا پەیدا بکات. ئەم ئەزموونەیش، ناسینی نیشتمانەکەی و خەڵکەکەی، دەبێتە بناخەیەکی چاکی زانیاری و هۆشیاری بۆ ئەزموونە سیاسییەکەی، کاتێک دەبێتە سەرۆکی حیزبی هیوا.

ئێمە کە ئێستا ژیان و بەرهەم و سەردەمی کەسێکی وەک ڕەفیق حیلمی دەخوێنینەوە، دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگرین کە باسی تەمەنێکی سیاسی و فەرهەنگی دەکەین نزیکەی چلودوو ساڵ دەگرێتەوە. ئەم ماوە دوورودرێژە لە ژیانی مرۆڤێکی ڕووناکبیر و هەستناسک و نیشتمانپەروەردا جێگەی زۆر گۆڕان و گەشەکردنی فکری و فەرهەنگیی تێدا دەبێتەوە. لەوەیە ئەگەر تەنیا لە ڕوانگەیەکی تیۆرییەوە سەرنجی ئەو تەمەنە بدەین هەندێ لەو هەڵوێست و جیهانبینییانەی ڕەفیق حیلمی

وەک ناکۆک و دژبەیەک تێبگەین، بەڵام بە جێکردنەوەی سەرجەمی بیر و هەڵوێست و ئاکارەکانی لە چوارچێوەیەکی مێژووییدا، دەتوانین وێنەیەکی ڕوونتر و تەباترمان دەست بکەوێت. من پێم وایە تەنانەت بیر و هەڵوێستە بە ڕواڵەت جیاوازەکانیش ڕەنگدانەوەی کۆمەڵە بنەمایەکی فکری و سیاسین کە گۆڕانێکی بنەڕەتییان بەسەردا نەهاتووە.

ئەم بۆچوونە لەو پرسیارە نزیکمان دەخاتەوە کە ئایا ڕەفیق حیلمی پرۆژەیەکی دیاریکراوی هەبووە؟ پرۆژەیەک کە بەرهەمی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و وردبوونەوەیەکی درێژخایەن بووبێت لە کۆمەڵی کوردەواری و تایبەتمەندییە سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگییەکانی ئەو کۆمەڵە؟ ئەم پرسیارە تەنیا لەبارەی ژیانی ڕەفیق حیلمییەوە ناکرێت، بەڵکە پرسیارێکە دەبێ لە کاتی لێکۆڵینەوەی ژیان و بەرهەمی هەموو ڕووناکبیرە گەورەکاندا بکرێت. گرنگیی پرسیارەکە زیاتریش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە زۆربەی ڕووناکبیرانی کورد تەنیا لە بواری فەرهەنگ و فکردا کاریان نەکردووە، بەڵکە هەمیشە سیاسەت و بیری سیاسی بەشێک بووە لە جیهانبینی و پرۆژەکانیان بۆ چاکسازیی کۆمەڵ و ڕزگاریی نیشتمانی و نەتەوایەتی.

من لەبەر هۆیەکی تەکنیکی، مەبەستم تەکنیکی نووسین و داڕشتنە، وەرامی ئەم پرسیارە هەڵدەگرم بۆ دەرفەتێکی تر، بەڵام هاوکاتیش هەوڵ دەدەم بە پێداچوونەوەی نیشانە گرنگەکانی ژیانی ڕەفیق حیلمی و بە ڕیزکردنێکی کرۆنۆلۆگییانە ڕووناکی بخەمە سەر بڕگە جیاوازەکانی بیر و بۆچوون و هەڵوێستەکانی ئەو پیاوە. لەوەیە لە ئەنجامی پێکەوە گرێدانی ئەو بڕگە جۆراوجۆرانەدا گەڵاڵەی پێکهاتەیەکمان لا پەیدا ببێت کە بکرێت ناوی بنێین پرۆژەی ژیانی حیلمی.

سادەترین پێناسەی سیستەمی فکری و ئیدیۆلۆگیی ڕەفیق حیلمی ئەوەیە کە بڵێین کوردێکی ناسیۆنالیست بووە، ئەگەرچی بە هۆی ئەو هەموو نموونە ڕەشانەی ناسیۆنالیزمەوە لەم سەردەمەدا، زۆرجار زاراوەی "نیشتمانپەروەر" باشتر نوێنەرایەتیی ئەو بیرە دەکات. ڕەفیق حیلمی بۆ ئەوە خەباتی دەکرد کە نەتەوەی کورد ببێتە خاوەنی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی، دەوڵەتی نەتەوایەتیی خۆی دروست بکات لەسەر خاکی نیشتمانەکەی خۆی؛ کوردستان. ئەو لە سەردەمێکدا دەستی بە خەباتێکی وەها کردبوو کە پارچەپارچەبوونی کوردستان هێشتا

نەبووبووە ڕاستییەکی فیزیکی و سیاسی و جیۆگرافی، بەڵام کاتێکیش ئەمە ڕووی دا، زۆر ڕاستبینانە تێی گەیشت و وەک بڕگەیەکی مێژوویی خوێندییەوە.

ڕەفیق حیلمی تا ڕادەی عەشق و تا ڕادەی دەروێشی، شێخ مەحموودی حەفیدی خۆش دەویست و وەک ڕێبەر و سەرکردەیەک دەیبینی کە بتوانێت نەتەوەکەی بگەیێنێتە ئامانجە سیاسییە بەرزەکانی. بە خۆشویستنی شێخ مەحموود، ڕەفیق حیلمی بەرجەستەبوونی پرۆژەیەکی سیاسی و نەتەوایەتیی لە ئاستێکی تاکەکەسییەوە بەرز دەکردەوە بۆ ئاستێکی فکری و مێژوویی. سەرەتای سەدەی بیستەم هێشتا سەردەمی پاڵەوانە نەتەوایەتی و سەرکردە مێژووکردەکان (یا مێژووسازەکان) بوو، ئەوانەی بە وردەکارییەکانی کاریزمایەکی ورشەدار و تیشکهاوێژ دەبوونە جێگرەوەی فەلسەفە و ئیدیۆلۆگی و بەرنامەی سیاسی.

ئەو خۆتەرخانکردنە ویژدانی و هۆشیارییەی ڕەفیق حیلمی ڕێگەی بە بچووکترین شێوەی گومان و دوودڵی نەدەدا لە چوارچێوەی دۆزێکدا کە لای ئەو نەک هەر گرنگ و گەوهەری، بەڵکە پیرۆزیش بوو. هەر بەپێی ئەو تێگەیشتنەیش لە چەمکی ناسیۆنالیزم، حیلمی سنووری لەنێوان "خۆ" و "ئەوانی دیکە"دا دەکێشا. هاوکێشە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی کوردایەتیی سەردەمی شێخ مەحموود ئاسان نەبوون. ڕەنگە ئەگەر بە شێوەیەکی میکانیکی هێز و قەوارەکانی ئەو کاتە سەرنج بدەین، بە ژمارە زۆر نەبووبێتن، بەڵام کاتێ لە چوارچێوەی ئەو بڕگە مێژوویی و سیاسییەدا هەڵیانسەنگێنین، دەبینین هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو چوارچێوە و ئەو قەوارانەدا یەکجار ئاڵۆزکاو و پێچەڵپێچ بووە.


ئێمە ئەگەر بەراوردێکی ستراتێگیی بزووتنەوەی کوردایەتیی سەردەمی شێخ مەحموود و سەردەمی ئەمڕۆ بکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامگرییەی کە ئەرکە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە زۆر لەوانەی ئەمڕۆ زەحمەتتر بوون. ئیمپراتۆریای عوسمانی لەو ڕۆژانەدا هەڵدەوەشایەوە و ناسیۆنالیزمی تورک بە سەرۆکایەتیی مستەفا کەمال (ئەتاتورک) شەڕی مان و نەمانی دەکرد بۆ بە زیندووهێشتنەوەی نەتەوەی تورک و بووژاندنەوەی. کۆلۆنیالیستانی ئینگلیز و فرانسی وەک دوو دڕندەی هار و خوێنڕێژ ڕوویان کردبووە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە پشت کۆمەڵێ دروشمی مرۆڤانە، بەڵام درۆزنانەوە مرخیان لە سەرزەوی و ژێرزەوی و ئاسمان و مرۆڤ و هەموو شتێکی ئەو ناوچەیە خۆش کردبوو. نە سەرکرایەتیی

ســیــاســی کــورد و نـە هیی نـەتەوەکــانـی دیکەیش ئەزمــوونێکیــان لەگــەڵ ئەم کۆلۆنیـالیستانەدا نـەبوو. ڕەفیق حیلمی لە هەلومـەرجێکی ئاوەهادا و لە تەمـەنێکی زۆر بچـووکدا دەکـەوێتە نـاو ڕووداوە سیـاسیـیـەکـانەوە. لەبەر ئەوە زۆر ئاسـایی و عەقڵگرە کە دەروێشانە بکەوێتە دوای ڕێبازێکی سیاسی کە شێخ مـەحمـوود بە نوێنەر و ڕێبەر و سـەرچاوەی ڕووناکییەکەی دادەنرا. بەڵام ئەم دڵسۆزییە دینئاسایە ڕێگەی لەوە نـەگرتووە کـە ڕەفـیق حیلمی بە بیـرێکی ڕەخنەگـرانەوە گـەشـەکـردن و گۆڕانە ڕۆژانەکان هـەڵسەنگێنێت. بیـرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی حیلمی لە شێوە و ناوەڕۆکی بزووتنەوەی کـوردایـەتیی ئـەو سـەردەمــە لـە "یادداشت"ەکـانیـدا بەرچاو دەکەوێت. ئێمە نازانین ئایا ئەم هەڵوێستە فکرییە ئەنجامی بیرکردنەوەی ساڵانێکی دوورودرێژی دوای شکانی ئەو ئەزموونەیە، یان گەرمـاوگەرمیش هەر لە کاتی خۆیدا وای بیـر کـردووەتەوە؟ ڕەنگە لەمـەیاندا نـەتوانین ئەنجـامگرییــەکی ڕوون وە دەست بهێنین، بەڵام لە بوارێکی دیکەدا، وەک هـەڵوێست بەرانبـەر کۆلۆنیـالیزمی بریتـانی و نوێنەرەکــانـی، دەبینـین حــیلمی لە پلەیەکی بەرزی هـۆشــیــارییــەوە دەڕوانێــتــە وردەکارییەکانی سیاسەت و کارگێڕی و پێوەندییەکان.

٢

لە سـەردەمی یەکـەمی حوکمـڕانیی شێخ مـەحمـووددا (١-١١-١٩١٨ تا ناوەڕاسـتی حوزەیرانی ١٩١٩)، ڕەفیق حیلمی بەشدارییەکی ئەوتۆی نەکردووە، چونکە ماوەیەک مـامۆستا و تەرجومانی مـەیجەر نۆئێل بووە و دواتر بووەتە مامۆستـا و تەرجومـانی کـاپتـێن بیلْ. بەڵام ئـەوەیش دەزانین کــە بۆ زۆر کــاروباری نـهـێنی و نـاسک شــێخ بـاوەڕێکی زۆری پێی هـەبـووە و هـەندێ ئـەرکی پـێ ســــپـــــاردووە. بـۆ نموونـە ئـەو "مـەزبەتە"یەی کـە شـێخ بە ناوی کوردەوە بۆ کـۆنگرەی ئاشـتیی نـووسیـوە و شـەریف پاشـای خـەندانی وەک نوێنەری کورد لەو کۆنگرەیەدا دیاری کردووە، ڕەفیق حـیلمی نووسـیـویەتی. هاوکـاتیش شـێخ نامـەیەکی تایبـەتیی بۆ شـەریف پاشـا نـووسیـوە، ئەمیش هـەر حیلمی بۆی نووسیوە.

کـاپتێن بیلْ لە ٢٠-٢-١٩١٩دا بە نیـازی شـارەزابوون لە پێکهاتـەی کۆمـەڵایەتی و ناسینی خێڵ و سـەرکـردە و کەسـایەتییـەکـانی ناوچەکانی کـۆیە و دواتر ڕەواندز، هـەروەهـایش بۆ کـۆکـردنەوەی زانیــاری و هـاندانی خــەڵکی ئـەو ناوچانە دژی شــێخ



شێخ مەحموودی بەرزنجی (حەفید) ١٨٨١–١٩٥٦
مەلیکی کوردستان: ١٩١٨–١٩١٩، ١٩٢٢–١٩٢٤

مەحموود، دەست بە گەشتێک دەکات و ڕەفیق حیلمی لەگەڵ خۆی دەبات. حیلمی هەر زوو لە سروشتی لووتبەرزی کۆڵۆنیالیستانەی بیڵ دەگات، بەڵام بە هیچ جۆرێک سازشی لەگەڵ ناکات. هەر کاتێکیش ناکۆکی و ناخۆشییەک کەوتبێتە نێوانیانەوە، ئەم خۆی تووڕە کردووە و ویستوویەتی بیڵ بە جێ بهێڵێت و بیڵ هەوڵی داوە ئاشتی بکاتەوە و داوای لێبووردنی لێ کردووە.

ڕەفیق حیلمی هەندێ بەراورد لەنێوان نۆئێل و بیڵدا دەکات. یەکەمیان بە دۆستی کورد و بە مرۆڤێکی نەرم و بێفیز دادەنێت، بەڵام بیڵ وەک نموونەیەکی تەواوی ئینگلیزی کۆڵۆنیالیست و داگیرکەر و لووتبەرز دەبینێت. پێم وایە لەم قۆناغەدا، حیلمی هێشتا بە وردی ڕاستیی ئینگلیز، وەک دەستەڵات و هێزێکی کۆڵۆنیالیست، تێنەگەیشتووە، چونکە ڕووداوەکان دەبەستێتەوە بە هەڵوێستی تاکەکەسەوە و پێی وایە ئەم کەسانەن کە وەها بیر دەکەنەوە یا وا هەڵسوکەوت دەکەن. واتە حیلمی هێشتا ئەوەی بۆ ڕوون نەبووەتەوە کە کۆڵۆنیالیزم سیستەمێکی سیاسی و عەسکەری و ئابوورییە و ئامانجێکی ئاشکرا و دیاریکراوی هەیە و لە سیستەمێکی وەهادا جێگەی حەز و بۆچوون و ئارەزووی تاکەکەس نابێتەوە. ئەگەر جیاوازییەکیش

لەناو تاکەکەسەکاندا، واتە فەرمانبەر و دەستەڵاتدارانی کۆڵۆنیالیستدا، هەبێت ئەوە تەنیا دابەشکردنی نەخش و ئەرکە، نەک جیاوازی لە ناوەڕۆکی سیاسیدا. ئەم ناڕوونی و سادەکردنەوەیە (Simplification) تەنیا دەردی ڕەفیق حیلمی نییە، بەڵکە دیاردەیەکە لای تێکڕای سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، بە شێخ مەحموودیشەوە، بە دی دەکرێت. ئەمە بەڕاستی پلەیەکی تێگەیشتنی سیاسی و شارستانەتییە. دیارە ئێمە دەتوانین ئەوە تێبگەین کە بەشێکی زۆری ئەم ناڕوونییە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ: کورد و گەلانی دیکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش پێشتر ئەزموونێکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئەو هێزە کۆڵۆنیالیستانەدا نەبووە، دووەمیش ئەوەیە کە گۆڕەپانی سیاسیی ئەو ساڵانە هێندە تەسک و سنووردار بوو کە بوارێکی ئەوتۆی بۆ مانووڤر (Manoeuvre) و وازیی تاکتیکی نەهێشتبووەوە.

ئێمە بۆ گلەیی لە کەسێکی وەک ڕەفیق حیلمی بکەین کە لەو کاتەدا گەنجێکی بیستویەک ساڵانی کەمئەزموون، یا بێئەزموون، بووە؟ تەنانەت بۆ گلەیی لە ڕێبەرایەتیی سیاسیی ئەوسای کورد بکەین؟ ئێمە دەبینین تەنانەت ئەمڕۆیش، دوای یەک سەدەی پڕ لە ئەزموونی تاڵ، سەرکردایەتیی سیاسیی کورد هێشتا ئەوەندە هۆش و ئاوەز و ئەزموون فێر نەبووە کە نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆی بگەیێنێتە کەناری ئازادی و ڕزگاری و خۆی لە داو و فێڵ و تەڵەکەبازیی ئیمپەریالیزم و ڕێژیمە داگیرکارەکانی کوردستان بپارێزێت. ئێستایش هەزاران سیاسەتباز و بەناو "ڕووناکبیر"ی کورد هەن کە بە دروشمە درۆیینەکانی هێزێکی دزێو و دڕندەی وەک ئیمپەریالیزمی ئەمەریکی هەڵدەخەڵەتێن و بە هۆشیارییەوە ملکەچی ئەو هێزەن.


ڕەفیق حیلمی وەک هاوکار و تەرجومانی کاپتێن بیل، چەند جارێک تووشی ڕووبەڕووبوونەوەی توند و سەخت دەبێت، بەڵام ئامادە نابێت سازشی لەگەڵ بکات. لە یادداشتەکانیدا خۆی چەند ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە (سەردانی میرانی خۆشناو و وەرنەگرتنی پیاڵەچایەکان لە دەستیان، تەرجەمەنەکردنی قسەکانی باویل ئاغا لە ڕەواندز و سەرپێچیکردنی بیل، و دواتریش وتارە سیاسییەکانی لە ڕۆژنامەی (نەجمە)ی کەرکووکدا و هەراسانبوونی ئینگلیزەکان و هەوڵدانیان بۆ کڕینی حیلمی).

هەر لەم گەشتەدا ڕەفیق حیلمی ناوەڕۆک و هەڵوێستی مرۆڤانە و نامرۆڤانەی زۆر سەرکردە و سەرخێڵی کوردی بۆ دەردەکەوێت و وەک ئەزموونێکی سیاسی و

کۆمەڵایەتی تۆماریان دەکات. زۆر بە شانازییەوە باسی هەڵوێستی هۆشیارانە و کوردپەروەرانەی پیاوێکی وەک (غەفوورخانی ناودەشت) دەگێڕێتەوە و بە بێزهاتنیشەوە باسی هەڵوێستی ترسنۆکانەی کەسێکی وەک (باویل ئاغا)ی ڕەواندز دەکات.

بەپێی ئەوەی ڕەفیق حیلمی خۆی لە سەرەتای بەرگی یەکەمی یادداشتەکانیدا نووسیویەتی دەبێ ساڵی ١٩٣٤ دەستی کردبێتە نووسینی بیرەوەرییەکانی، بەڵام ئایا هەموویانی بەسەر یەکەوە نووسیون، یا لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا، کە دەستی بە چاپکردنیان کرد، تەواوی کردوون؟ ئەوەمان لا ڕوون نییە. ئەم زانیارییە تەنیا ڕەنگە لە یەک ڕووەوە بۆ ئێستای ئێمە گرنگ بێت: ئایا ئەو باوەڕانەی لەبارەی سیاسەت و ڕووداوە سیاسییەکانەوە دەریاندەبڕێت هیی ساڵی ١٩٣٤ن، کە نزیکەی دە ساڵ بەسەر تێکچوونی حکوومەتی شێخ مەحموودا تێپەڕیوە، یا هیی ناوەڕاستی پەنجاکانە؟، کە ئیتر مەودایەکی هێندە زۆر کەوتووەتە نێوانەوە، ڕەنگە بەشی ئەوە بکات ڕەفیق حیلمی بە ڕابوردووی خۆی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا بچێتەوە و زیاتر لە هەڵوێستێکی ئاوەزکارانە و ئەزموونداریيەوە قسە بکات و بیر بکاتەوە و بنووسێت. وەک دەیشزانین لە کاتی ئامادەکردنی بەرگی دووەمدا شێخ مەحموود کۆچی دوایی کردووە (سێشەممەی ٩-١٠-١٩٥٦). دیارە ئەمەیش هاندەرێکی ترە بۆ ئەوەی حیلمی ئەزموونە سیاسییەکانی خۆی پوختتر و زانستانەتر گەڵاڵە بکات، کاتێ کە دەزانێت بە کۆچی شێخ مەحموود ئەزموونە سیاسییەکەیشی تەواو دەبێت و دەبێ وەک بەشێک لە مێژووی کوردستان تەماشا بکرێت.

ئەم گەشتەی ڕەفیق حیلمی لەگەڵ کاپتێن بیلدا بەوە دەبڕێتەوە کە بیل لە ڕەواندز بە جێی دەهێڵێت و دواتر فەرمانی بەندکردنی حیلمی دەردەکات. حیلمی ماوەیەک لە سەرای کۆیە زیندانی دەبێت و کاتێ ئازاد دەکرێت کە حوکمڕانیی یەکەمی شێخ مەحموود پێچراوەتەوە و شێخ لە شەڕی دەربەندی بازیاندا بە دیل گیراوە. باسی ئەم ئەزموونەی بەندیخانەیش یەکێکە لە تێکستە جوان و بەهێزەکانی حیلمی. ئەو ماوەیەی زیندان دەبێتە دەرفەتێکی باش بۆ ڕەفیق حیلمی، کە زیاتر بەرەو ناوەوەی خۆی شۆڕ ببێتەوە و بیر لە نهێنییەکانی مرۆڤ و ژیان بکاتەوە. سەیریش نییە کە لە دوارۆژەکانی ئەو ماوەیەدا لە "ستایشی یەزدان"دا قەسیدەیەکی بە تورکی داناوە.



ڕەفیق حیلمی

٣

هەڵوەشانەوەی حوکوومەتی یەکەمی شێخ مەحموود و گیرانی لە شەڕەکەی دەربەندی بازیاندا و ئەو ڕووداوانەی بە دوایاندا هاتن هەژەندێکی گەورەی دەروونی بوو بۆ کەسێکی وەک ڕەفیق حیلمی کە هیوایەکی یەکجار گەورەی هەبوو، وای دەزانی ئەم جارە ئیدی مێژوو لای لە کورد کردووەتەوە و دەیگەیێنێتە هەموو ئاواتەکانی و شێخ مەحموودی بۆ ئەوە داناوە ببێتە ئەو سەرکردەیەی نەتەوە و نیشتمان ڕزگار دەکات.

دوورخستنەوەی شێخ مەحموود بۆ دوڕگەکانی ئەندامانی[*] سەر بە هندستان

(*) ئەندامان: کۆمەڵە دوڕگەیەکە دەکەوێتە کەنداوی بەنگاڵ و سەر بە دەوڵەتی هندستانە. لە ساڵانی ١٧٨٨–٨٩ دا ئینگلیزەکان بە نیازی دامەزراندنی ئۆردوگایەکی سزادان، دوو ئەفسەری خۆیان دەنێرن بۆ ئەو کۆمەڵەدوڕگەیە. ئەمانە لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەندامان کۆمەڵگایەک دادەمەزرێنن کە دواتر دەبێتە پێتەخت و ناوی دەبێتە پۆرت بلەیر (بەندەری بلەیر). بەڵام بە هۆی بەرگریی توندوتیژی دانیشتووانی دوڕگەکەوە داگیرکردن و ئاوەدانکردنەوەی ساڵانێکی دوورودرێژ دوا کەوت. =

بۆشـاییـەکی گـەورەی سـیـاسـیی لە کـوردسـتـانی عـیـراقـدا دروست کـرد، کـە نە ئینگلیزەکان دەیانتوانی پڕی بکەنەوە، یا چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە، نە هیچ سەرکردە و ناوداریکی دیکەی ئەو کـاتـەی کـورد. هـەر ئەم بـارە خـۆی بوو بە هـۆی ئەوەی کـە ئینگلیزەکان بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵ بدەن دەست بەسەر کوردستانێکی بێ شێخ مـەحـمووددا بگرن و دەسـتـەڵاتی خـۆیانی تێدا بچەسپێنن. ئەم ئەزمـوونکارییـە، وەک چۆن لای ئینگلیزەکـان ئاشکرا بوو، لە هەڵوێست و هـەڵسوکەوتی هـەندێک ڕووناکبیر و سـیـاسـەتمـەدار و ناوداری کوردیشـدا هـەر دەبینرێت. ڕەفـیق حـیلمـیـیش یەکـێکە لەوانە.

لەو مـاوەیەدا کـە شـێخ دوور خـرابووەوە بۆ زینـدانەکـانی دوورگـەی ئەندامـان، ڕەفـیق حـیلمی تووشی دوو هـەڵوێسـت دەبێت کە نیشـانەی ڕاڕایی و دوودڵـیـیـان پێوە دیارە. ئینگلیزەکان دەیانەوێ کەسێکیان دەست بکەوێت لە جێگەی شێخ مەحموودی دابنێن و بتـوانن بـە هـۆی ئـەوەوە کـوردسـتـان ببـەن بە ڕێوە، بـەڵام، هـاوکـاتیش، ئەوان نەیاندەویست شـێخ مـەحـموودێکی دیکە بۆ خـۆیان دروست بکەن. ئینگلیـز کـەسێکی دەویست خزمەتی ئامانجەکانی ئەوان بکات، نەک خزمەتی کورد. یەکەم کەس بۆ ئەم نەخشە هـەڵیـانبژارد حەمدی بەگی بابان بوو (١٨٧٠–١٩٥٤). ئەم پیـاوە لە بنەماڵەی

---

= سـاڵی ١٨٥٧، ڕاپەڕینی هند ڕوو دەدات و بە سـەرکوتکردنی ئەو ڕاپەڕینە، بیری دامـەزراندنی کۆمەڵگەیەکی گەورەی سزادان، واتە بەندیخانەیەکی فراوان، لای ئینگلیزەکان سەرلەنوێ سەر هەڵدەداتەوە، بەتایبەت چونکە خـەڵکێکی زۆریـان بە دیل گرتبوو. بەندیخـانەی شـانەشـانە -Cel lular Jail کە لە ساڵی ١٩١٠ دا بە تەواوی دامەزرا و کرا بە جێگەی زینداننییانی سیاسی، لە ٦٩٨ زینداني تاکەکەسی پێک هاتبوو، ئەندازەی هەر یەکێکیـان ٤.٥ مـەتر بە ٢.٧ مـەتر بوو، تەنیـا یەک پەنجـەرەی تێـدا بـوو کـە سێ مـەتر لـە زەوییـەوە بەرز بـوو. ئەم زیندانـە دووەمین ئۆردوگـای خـڕکـردنەوە بوو لـە دنیـادا. یەکـەمـیـان ئەو زیندانـە بوو کـە هەر ئینگلیـزەکـان لە خـوارووی ئەفـریقـا، دوای شـەڕی بۆیێـر، دروسـتـیـان کـردبوو. یەکـێک لـە زیندانیـیـە هەرە ناودارەکانی ئەم بەندیخـانەیە ڤینایاک دامۆدار سـەڤـەرکار Vinayak Damodar Savarkar بوو (١٨٨٣–١٩٦٦)، کە یەکێکە لە ڕێبەرە هەرە پێشینەکانی ناسیۆنالیزمی هیندی.

من بۆ پەیداکردنی زانیـاری لەسـەر کـۆمـەڵەدوورگـەی ئەندامـان و بەنـدیخـانە بەدنـاوەکەی، زۆر سـەرچاوەم تەماشـا کرد، بەڵام بەداخـەوە لە هیچیـاندا باسی ئەوە نەکراوە کە شێخ مـەحـموود لەوێ بەند کراوە. وایش پێ ناچێت، شێخ مەحموود خۆی، یا کەسێکی نزیکی هیچیان لەبارەی ئەو ماوەیەی کۆمەڵەدوورگەی ئەندامانەوە نووسیبێت.

بابانەکـان و پاشـازادە بـوو، زیاتر لـە ئیـسـتـانبـووڵ خـوێندبـووی و ژیابـوو، نە کوردسـتانی بینیبوو، نە زمـانی کوردییـشی دەزانی. ئینگلیزەکـان خسـتبوویـانە سـەر سـەودای زیندووکردنەوەی ڕابوردووی زێڕینی بنەماڵەکەی.

ڕەفـیق حیلمـی بە شـێوەیەکی زۆر جوان و ورد و ژیرانە لـە (یادداشت)ەکانیـدا وێنەی حەمدی بەگی بابان دەکێشێت و دەیسەلمێنێت کە پیاوی ئەوە نەبوو ببێتە سەرکردەی کورد. لایەنە لاوازەکانی کەسـایەتیی حەمـدی بەگ زۆر لەوەیش زیاتر بوون کـە بکرێ لەگەڵ شـێخ مەحمـوودا تەنانەت بەراوردیش بکرێت. حیلمـی دەڵێت: "لە پێش هـەموو شـتـێکا زمـانی مـیللیی نەئەزانـی. شـارەزای وڵاتەکـەی بـاوباپیـری خـۆی نـەبوو. جگە لەمانە پیاوی سواری و شەڕ و لەشکرگێڕی نەبوو. ئەو بە شەکرلەمە بەخێو کرابوو و لە ئاوریشم و لۆکـەدا ئەنووست. بە چەن زمـانێکی خۆراوایـی قـسـەی ئەکـرد بەڵام لەگەڵ لادێییـەکی کوردا و یا لەگەڵ سـەرۆک عـەشیـرەتێکا تەرجـەمـانی پێ ئەویست".
لەگـەڵ ئەم لایەنە لاوازانەیشـدا، حـیلمی پێی وایە حـەمـدی بەگ کـەسـێکی بێبـەهرە نەبووە و "ئـەگـەر کـوردسـتـانێک هەبووایە حـەمـدی بەگ بە یارمـەتیی ئینگلیـز پێی هەڵئـەسـوورا، بەڵام ئەو کـوردسـتـانە بـە حـەمـدی بەگ دروست نـەئەکـرا". ئەم هەڵسـەنگاندنە نیشـانەی هۆشـیـارییـەکی بەرزی سـیـاسـییـە لای ڕەفـیق حیلمی. ئەو دەیزانی نە حـەمدی بـەگ و نە هیچ کەسـێکی دیکە ناتوانێت جێگەی شـێخ مـەحمـوود بگرێتـەوە، بەڵام ئەویش و زۆری تریش لە هـاوکاران و نزیکەکانی شێخ، گەیشـتبوونە بێئومێدی و پێیان وا بوو ئینگلیز ناهێڵێت جارێکی تر شێخ مەحمـوود بگەڕێتەوە بۆ کوردسـتان. حیلمی دەڵێت "لەبەر ئەمە ویسـتمان کـە خۆشـەویستیی شـێخ مەحـموود نەکەین بە بەرهەڵستی خزمەتی مەسـەلەی کورد."

لە ئەنجامدا حـیلمی و هـاوەڵەکانی (کۆمـەڵەی سـەربەخۆییی کوردسـتـان) دادەمەزرێنن و هـەر زوویش، بەتایبـەت بە هۆی چالاکی و خۆشـەویسـتیی حیلمییـەوە، لەناو توێژ و چین و خێڵ و تیرە جیاوازەکانی کوردستاندا تەشـەنە دەکات. دامەزرێنەرانی کۆمەڵە پێویسـتیـان بە کـەسـێکی ناودار، بە (براگـەورە)یەک بـوو، بیکەنە سـەرۆکی خۆیان. بڕیار دەدەن داوا لە حـەمدی بەگ بکەن ببێتـە سـەرۆکیان. لەو دەمـانەدا حەمدی بەگ دێتە سلێمـانی، بەڵام مەیجەر ئێلی بانیستـەر سۆن، کە لەناو کورددا بە مێجەر سۆن ناسراوە، حاکمی ئەو کاتەی سلێمانی، بە جۆرێک دەیخـاتە ژێر چاوەوە کە حیلمی و

هاوڕێیانی ناتوانن لێی نزیک ببنەوە. ئینگلیزەکان دەیانویست حەمدی بەگ بە کار بهێنن، بەڵام نەیاندەویست ئەو خەڵکە نیشتمانپەروەر و خوێنەوارەی لێ بئاڵێن. ئەوان هەرگیز نەیاندەویست بەڕاستی کورد سەربەخۆیی وەربگرێت، ئەوان یەک مەبەستی ناوەندی و گەورەیان هەبوو: ئارامکردنەوەی کوردستان بۆ ئەوەی حوکمی خۆیان لە عیراقدا بچەسپێنن. بۆ ڕاگرتنی کوردستانیش بۆ ئەوان گرنگ نەبوو کێ حوکم دەکات، تەنیا ئەوەیان بە لاوە گرنگ بوو کەسێک بێت ببێتە داردەستیان و وەک فەرمانبەرێکی خۆیان کاریان بۆ بکات و ملکەچیان بێت. ئێمە دەبینین، لە سەرەتادا دەیانەوێ بە هۆی شێخەوە ئەم کارە بکەن، کە ئەمە ناکرێ، ئەمجا حەمدی بەگی بابان قوت دەکەنەوە و دواتریش مستەفا پاشای یامولکی.

ئەم ئەزموونەی حەمدی بەگ هەر زوو دەپووچێتەوە و حیلمی و هاوەڵەکانیشی سارد دەبنەوە. وا پێ دەچێت ئینگلیزەکان متمانەیان تەنانەت بە حەمدی بەگیش نەبووبێت. ڕەفیق حیلمی چیرۆکێکی دوورودرێژ لەسەر هۆی ئەم گومانەی ئینگلیزەکان دەگێڕێتەوە کە، ئەگەر وایش نەبێت، هەر ئەوە پێشان دەدات کە چۆن لە کاتی نەبوونی سەرکردەیەکی گەورە و شکۆداردا، تەنانەت خەڵکە خوێنەوار و شۆڕشگێڕەکەیش توانستی هەنگاونان و بڕیاردان لە دەست دەدەن. حیلمی لە شیکردنەوەی ئەم باسەدا زۆر بە ڕوونی باسی ئەو سەرلێشێوانەی خۆیان دەکات. حیلمی لەو تێکستەدا زۆر جار وشەکانی (سەرۆک و زەعیم و متمانەپێکراو) دووبارە دەکاتەوە و چەمکەکانی (هەستی قەومی و شعووری کوردایەتی) جەخت دەکات. لەڕاستیدا ئەمە سەرەتایەکی ئەو بیرانەیە کە وردەوردە لای حیلمی دەبنە کرۆکی ئەو پرۆژە سیاسی و ڕۆشنگەرییەی کە هەتا لە ژیاندا بوو لەگەڵی دەژیا و خەونی پێوە دەبینی.

٤

ئینگلیزەکان بە سەرنەکەوتنی هەوڵەکەی حەمدی بەگی بابان کۆڵیان نەدا و ئەمجار موستەفا پاشای یامولکییان هێنایە پێشەوە. یامولکی کەسایەتییەکی زۆر تایبەت بوو. لە سوپای عوسمانیدا گەیشتبووە پلەیەکی بەرز (میرلیوا، یا شتێکی لەو بابەتە!) و لە کاتی داڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و شەڕی ڕزگاریخوازانەی مستەفا کەمالدا، بە فەرمانی فەرید پاشای دامادی سەرۆوەزیرانی ئەو کاتەی تورکیا

(پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی لە ئیستانبووڵ) کرابوو بە حاکمی دادگایەک بۆ دادگاییکردنی ئەتاتورک و ئەفسەرانی هاوەڵی بە نائامادەبوونی خۆیان. ئەمیش سووک و ئاسان بڕیاری خنکاندنی کەمال و زۆری دیکەیشی دابوو. دیارە لە زۆر بۆنەی تریشدا توندوتیژیی نواندووە و لەوەوە ناو نرابوو مستەفا پاشای "نەمروود". یامولکی پیاوێکی سەرەڕۆ و ڕۆمانتیک و تا ڕادەیەکیش "دۆنکیخۆتانە" بووە. باوەڕ ناکەم لە باسوخواسی ناسیۆنالیزم و هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی، لە ڕووی تیۆرییەوە، هیچ تێگەیشتبێت. لەبارەی یامولکییەوە زۆر چیرۆکی سەیر و سەمەرەم بیستووە و خوێندووەتەوە. ئەو ئەگەرچی بە پیاوی ئینگلیز دادەنرا، بەڵام ئەوانەی ناسیویانە و لەسەریان نووسیوە، گومانیان لەوە نییە تا سەر ئێسک کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر بووە، بێ ئەوەی سیاسەتی زانیبێت یا هەر بە کەڵکی سیاسەت هاتبێت.

من پێم وایە گەڕانەوەی یامولکی بۆ کوردستان نە بەشێک لە پرۆژەی ئینگلیزەکان و نە بە هاندانی ئەوانیش بوو. ئەو کە دوژمنی سەرسەختی مستەفا کەمال بوو، لەو ماوەیەیشدا کەمال ڕۆژ بە ڕۆژ سەرکەوتنی زیاتری بە دەست دەهێنا و حوکوومەتی عوسمانیی ئیستانبووڵ لاوازتر دەبوو، یامولکی دەیزانی کارگێڕیی ئیستانبووڵ تازە هیچ هیوایەکی لێ ناکرێت و مستەفا کەمالیش دەبێتە خاوەنی تورکیا. هەر لەو کاتەیشدا ئۆێزدەمیر پاشا (عەلی شەفیق) وەک نوێنەری مستەفا کەمال ڕەواندزی داگیر کردبوو، بەشێکی زۆری عەشیرەت و خێڵ و تیرەی کوردی بە لای خۆیدا ڕاکێشابوو، ئینگلیزیشی لە زۆر شار و ناوچەی کوردستان دەرپەڕاندبوو. لەبەر ئەوە گەڕانەوەی یامولکی بۆ کوردستان بڕیارێکی زۆر ئاسایی بوو. هەر بزووتنەوەیەکی سیاسییش ئەو سەرکردایەتیی بکردایە، ئینگلیزەکان پێیان خۆش بوو، چونکە دەبووە هۆی لاوازبوونی تورکخوازی.

موستەفا پاشای یامولکی ڕۆژی ٢١-٧-١٩٢٢ "جەمعییەتی کوردستان" دادەمەزرێنێت و بە دەنگدان حەوت کەس بۆ دەستەی بەڕێوەبەر هەڵدەبژێردرێن، کە ڕەفیق حیلمی زۆرترین دەنگ دەهێنێت (٦٥ دەنگ) و یامولکی دەکرێ بە سەرۆکی کۆمەڵەکە. یەکەمین کاری گرنگی کۆمەڵەکە بڵاوکردنەوەی حەفتەنامەی (بانگی کوردستان) بوو بە سێ زمانی کوردی و فارسی و تورکی و یەکەمین ژمارەی، ڕۆژی



موستەفا پاشای یامولکی (١٨٦٦-١٩٣٦)

ئەترسم ئەی وەتەن بمرم، نەبینم بەختیاریی تۆ
بنووسن با لەسەر قەبرم: وەتەن غەمگین و من غەمگین

٢-٨-١٩٢٢ (دوانزدە ڕۆژ دوای دامەزرانی کۆمەڵە!) بڵاو دەکرێتەوە. لەم حەفتەنامەیەدا سێ ڕووناکبیری ناسراوی ئەو سەردەمە، نووری شێخ ساڵەح، عەلی کەمال باپیر ئاغا و ڕەفیق حیلمی، کار دەکەن.

حیلمی لە هەڵسەنگاندنی "جەمعییەتی کوردستان" و موستەفا پاشای سەرۆکیدا کۆمەڵێ بۆچوونی زۆر ژیرانەی دەربڕیوە و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەر لە سەرەتاوە دەیزانی ئینگلیزەکان ناڕاستەوخۆ دەستیان لە جەمعییەتدا هەبووە. زۆر لایەنی کەسایەتیی یامولکیی بە دڵ نییە و پێی وایە بە هۆی زۆر هەڵسوکەوتی ناهاوسەنگەوە "لەو ڕۆژەوە کە گەڕابووەوە سلێمانی، ناو و شۆرەتێ کە لە دوورەوە هەیبوو ڕووی کردبووە کزی". لەپاڵ باسکردنی کۆمەڵێ لایەنی لاوازی موستەفا پاشادا، ئەوەیش دەڵێ کە: "تەنیا ڕەوشتێکی هەرەباشی هەبوو کە کوردێکی پەتی بوو". بەڵام حیلمی پێی وا بووە بە هاوکاریکردنی کۆمەڵەکە و بەشداریکردن لە بڵاوکردنەوەی (بانگی کوردستان)دا دەتوانێت خزمەتی نەتەوەکەی بکات. لەم

ئەزموونەیشدا، هەر وەک ئەزموونی هاوکارییەکەی لەگەڵ حەمدی بەگی باباندا، بزوێنەری رەفیق حیلمی دڵسۆزی و وزەی کارکردنەکەی بوو.

هەر لەو ماوەیەدا کە شێخ مەحموود لە بەندیخانەی ئەندامان بەند کرابوو، ئینگلیزەکان هەوڵی ئەوەیشیان دا کە سەیید تاهای شەمزینی ڕابکێشنە ناو یارییەکانی خۆیانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەویش ڕێک نەکەوتن چونکە سەیید تاها وەک نوێنەری کورد قسەی دەکرد و داوای مافی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی دەکرد بە مەرجێ کوردستانی ئێرانیش بگرێتەوە. بەڵام دواتر سەیید تاهایان کرد بە قایمقامی رەواندز. من لێرەدا باسی ئەو ڕووداوە ناکەم چونکە پێوەندییەکەی بە ڕەفیق حیلمییەوە نەبووە.

لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا کە شێخ مەحموود لە کوردستان دوور خرابووەوە، دوو گۆڕان یا دوو گەشەکردن لە فکر و بیرکردنەوەی سیاسیی ڕەفیق حیلمیدا ڕوو دەدەن؛ پشتگریی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی تورکیا بە سەرکردایەتیی مستەفا کەمال و هاودەردییەکی تەواو لەگەڵ شۆڕشی بیستی گەلی عێراقدا دژی ئینگلیزەکان.

ڕەفیق حیلمی دوای ئەوەی لە بەندیخانەی ئینگلیزەکان لە کۆیە ئازاد دەبێت، ماوەیەک لە سلێمانی دەبێت و پاشان ڕوو دەکاتە بەغدا. کە شۆڕشی بیست هەڵدەگیرسێت، ئەو لە زۆربەی کۆبوونەوە سیاسی و ئەدەبییەکانی بەغدادا ئامادە دەبێت. ئەم کۆبوونەوانە و وتاری گەرم و ئاگرینی ڕێبەرە سیاسییەکان و شیعری شۆڕشگێرانەی شاعیران هەستی نەتەوایەتیی حیلمی بە قووڵی دەبزوێنن و هۆشیارییەکی سیاسیی فراوانتری پێ دەبەخشن. بیری هاوکاریی نێوان شۆڕشگێڕ و ڕووناکبیر و ئازادیخوازانی کورد و عەرەب بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئینگلیزی داگیرکار، بەرهەمێکی ئاشکرای ئەم ئەزموونەی حیلمییە.

ڕەفیق حیلمی لە بەهاری ساڵی ١٩٢١دا دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک و دەبێتە مامۆستای ماتماتیک و زمانی تورکی. هەر لەو ماوەیەدا لە ڕۆژنامەی (نەجمە)ی کەرکووکدا دەست دەکاتە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێ وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئینگلیزەکان بە بیروباوەڕەکانی حیلمی کە زۆر دژەئینگلیز بوون، توورە دەبن. لە بەهاری ١٩٢١دا موستەفا کەمال لە بەرەکانی شەڕدا دژی یۆنانییەکان سەرکەوتنی

گەورە بە دەست دەهێنێت. حیلمی لە نووسینەکانیدا پشتگریی مستەفا کەمال و خەباتی ئازادیخوازانەی تورکەکان دەکات و پێی وایە دوای بڕانەوەی شەڕ کورد و تورک دەتوانن پێکەوە تورکیای تازە ببەن بە ڕێوە و ئەگەر سەرکردەکانی کورد بیانەوێ دەتوانن وڵاتی سەربەخۆی کودستانیش دابمەزرێنن. دیارە لەم ڕووەوە بانگەشەی فراوانی مستەفا کەمال کاری کردووەتە سەر حیلمی و هەزاران کورد لە خوارووی کوردستان. نەبوونی پێوەندییەکی ڕێکوپێکی سیاسی لەنێوان ئازادیخوازانی کوردستانی عیراق و کوردستانی تورکیادا لەو کاتەدا، نەخشێکی زۆر خراپی هەبووە. کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردی تورکیا لەم ڕووەوە زۆر کەمتەرخەم و بێدەربەست بوونە و تەنانەت نوێنەرێکی خۆیان بۆ لای شێخ مەحموودیش نەناردبوو.

ڕەفیق حیلمی ئەوە ناشارێتەوە کە ئەو وەک پاڵەوانێکی ڕزگاریخواز و سەرکردەیەکی ژیر و لێهاتوو تەماشای مستەفا کەمالی کردووە. لە بارەی تەکتیک و فێڵەکانی مستەفا کەمالەوە دەنووسێت: " گورگەبۆر (مستەفا کەمال) هەر وەکو لە ناوچەی شەڕی سەربەخۆییی وڵاتا یاریی بە کەللەی دوژمن ئەکرد، لە ناوچەی سیاسەتیش توانیی کە یاری بە عەقڵی کورد بکا". ئەم بیری سەرکردەیە تا ماوەیەکی دووورودرێژ لە ژیان و فکر و بیرکردنەوەی ڕەفیق حیلمیدا کارکردێکی زۆری هەبووە. بەڵام ڕەفیق حیلمی دواتر زۆر ژیرانە و بوێرانە پێ لەوە دەنێ کە ئەو هەڵوێستەی هەڵە بووە. لە نووسینێکدا بە ناوی (بە هەڵە چووبووم) باسی ئەو هەڵوێستە و ئەو بیرەی خۆی دەکات و هۆیەکانی ڕوون دەکاتەوە و وەک ڕووناکبیرێکی ئازادەبیر و پێشەنگ پی لەوە دەنێ کە بە هەڵە چووبوو.

کەسایەتیی مستەفا پاشای یامولکی ئەوە دەهێنێت کە لێی بکۆڵرێتەوە و بکرێتە بابەتی توێژینەوەیەکی زانستی، بەڵام نەک تەنیا لە بواری سیاسیدا، بەڵکە لە بواری دەروونناسییشدا (سایکۆلۆگی). ئەم پیاوە زۆربەی هەڵسوکەوتەکانی بەرهەمی هەست و هەڵچوون و وورووژانی دەروونی و بڕیاری دەمودەست و بیرکردنەوەی سەراوی بوون. کارەکانی پڕن لە نموونەی ناکۆکی و شتی چاوەڕواننەکراو. تەنانەت لە پلەیەکی تریشدا، وەک تاکەکەس، هەندێ سروشتی وای هەبووە کە هەمیشە بە زیانی خۆی و کەسایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی شکاوەتەوە.

ڕەفیق حیلمی لەبەر ئەوەی لە نزیکەوە مستەفا پاشای ناسیوە و هاوکاری بووە و دیارە زۆریش ورد و قووڵ سەرنجی ئاکار و ئاخاوتە و ڕەوتاری ئەوی داوە، باش لێی گەیشتووە. لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا، حیلمی هەوڵی داوە وێنەیەکی ڕاستەقینەی یامولکیمان بۆ بکێشێت. ئەمە ئەرکێکی ئاسان نەبووە بۆ کەسێکی وەک حیلمی کە دەزانێت هەر وشەیەک سەنگ و نرخی تایبەتی خۆی هەیە و ناکرێ هەر وەها، بێ هیچ پێوەرێکی ئێستەتیکی و ئەخلاقی و زانستی، وشەیەک هەڵبژێریت بۆ باسکردنی مرۆڤێک، بەتایبەتیش ئەگەر ئەم هەڵسەنگاندنە پێوەندیی بە کەسێکەوە هەبێت کە لە مێژووی نەتەوەدا نەخشێکی هەبووە و خۆی لە ژیاندا نەماوە. ئەمانە هەموو کۆمەڵە مەودایەکن کە کاری مێژوونووس و ڕووناکبیری جیددی سەختتر و ئاڵۆزتر دەکەن. حیلمی لە هەردوو بواری سیاسی و کەسێتیدا مستەفا پاشامان پێ دەناسێنێت، بەڵام هەرگیز نرخاندنەکەی ناگاتە ڕادەی ڕووشاندن و بریندارکردنی کەسایەتیی ئەو پیاوە. ئەو دەیەوێ ئەو لایەنانەی یامولکی، کە دەزانێت زیان لە خەباتی سیاسی و تێکۆشانی نەتەوایەتی دەدەن، ڕوونتر پێشان بدات. لەمەیشدا حیلمی مەبەستێکی سیاسی و پەروەردەکارانە (Pedagogical)ی هەیە، چونکە دەزانێت چەند گرنگە نەوەی تازە ئاشنای مێژووی نەتەوەی خۆیان بن؛ هەم شانازیی پێوە بکەن و هەمیش ڕەخنەگرانە بیخوێننەوە. ئەم هەڵوێستە زانستی و ژیرانەیەی حیلمی تەنیا لە هەڵسەنگاندنی مستەفا پاشای یامولکیدا دەرناکەوێت، بەڵکە بەشێکە لە سیستەمی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن لای ئەو پیاوە. تەنانەت لە باسکردنی گەورەترین و خۆشەویستترین کەسیشدا بە لای ئەوەوە، کە شێخ مەحموودی حەفیدە، دیسان دەستبەرداری پێوەرە زانستی و ئەخلاقییەکانی خۆی نابێت. هەروەهایش کاتێ باسی دوژمنە سیاسییەکانی خۆی دەکات، بۆ نموونە کاپتێن بیڵ یا نۆئێل، ئەوەی لە بیر ناچێت ئەگەر لایەنێکی باشی تێیاندا بە دی کردبێت باسی بکات.

حیلمی لە باسی یامولکیدا، ئەو ڕۆژانەی کە تازە گەڕابووەوە بۆ کوردستان و خەریکی دامەزراندنی جەمعییەت بوون، دەنووسێت: "مستەفا پاشا، داخەکەم، زیاد لە پێویست سڵی لە ئینگلیزەکان ئەکردەوە. لەبەر ئەمە لای کوردە خوێنگەرمەکان و نیشتمانپەروەرەکان ئەوەندە جێی متمانە نەبوو. جلخوارەکان بە پیاوی ئینگلیزیان ئەزانی و زۆریان ئەبوغزاند. لەمانە جێی داختر زمانی ناڕەحەتی خۆی بوو... لە

بیروباوەڕیشا لەگەڵ کەس ڕێ نەئەکەوت. بە شتی ئەوتۆوە ئەنووسا کە بۆ مناڵیش نەئەشیا پێوە بنووسێ... خۆی وا نەئەنواند خاوەنی زانستێکی بەرز بێ، بە تەنگ لاساییەکانی [مەبەستی نەریتەکانی] کۆمەڵایەتییەوە نەبوو."

ئەم نرخاندنە هەرچەندە بە ڕواڵەت ڕەخنە لە هەندێ لایەنی کەسایەتیی یامولکی دەگرێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هاوکاتیش دەرسێکە بۆ سیاسەتمەداران و بۆ نەوەی تازەی چالاکانی کوردایەتی. تەنانەت بابەتێکی گرنگی وەک پێوەندیی یامولکی و ئینگلیزەکان بە جۆرێک دەگێڕێتەوە کە نایەوێ پاشای پێ تاوانبار بکات، بەڵکە دەیخاتە چوارچێوەیەکی وەهاوە کە یامولکی حیسابێکی یەکجار زۆری بۆ ئینگلیزەکان کردووە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەیش هەڵوێستی لاوە خوێنگەرمەکان و نیشتمانپەروەرەکان وا باس دەکات کە بە لای ئەوانەوە یامولکی "ئەوەندە" جێی متمانە نەبووە، کەچی تاوانبارکردنەکە دەداتە پاڵ جلخوارەکان (واتە تورکخوازەکان).

ڕەخنەیەکی زۆر گەورەی حیلمی لە یامولکی لەسەر کەمتەرخەمیی مستەفا پاشایە لە کاری "جەمعییەتی کوردستان" و بڵاوبوونەوەی "بانگی کوردستان"دا لەو ڕۆژانەدا کە شێخ مەحموود دەگەڕایەوە بۆ کوردستان؛ مانگی ئەیلوولی ۱۹۲۲. ڕەفیق حیلمی ویستوویەتی (جەمعییەت) ڕۆڵیکی گەورەی هەبێت و خۆی بۆ پێشوازیی شێخ و بەڕێوەبردنی شار ئامادە بکات و بە هۆی ڕۆژنامەکەیشەوە هەستی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بەهێز بکەن، کەچی بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی ئەمەوە، مستەفا پاشا "بە چەشنی کوێخا و ئاغاکان شوێن شێخ قادری حەفید کەوتبوو"، و ڕۆژنامەی بانگی کوردستانیش، وەک یامولکیی خاوەنی، "لە پێویستترین کاتا لە مەیدان کشایەوە".

موستەفا پاشای یامولکی، دیسان هەر لە ڕوانگەی ڕەفیق حیلمییەوە، کەسێکی ئەوەندە بێئاگا و ناشارەزا نەبووە کە نەزانێت چیی دەوێت و چۆن بۆ باوەڕەکانی خۆی کار بکات. ئەو دوژمنی سەرسەختی تورکە کەمالیستەکان بوو، دەیویست هەستی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی لەناو کوردی تورکیادا بڵاو بکاتەوە و بیانکا بە گژ تورکیای کەمالیدا. دەیویست سوود لە ئینگلیزەکان وەربگرێت بۆ دژایەتیکردنی تورکیای مستەفا کەمال. پێی خۆش بوو شێخ مەحموود ڕوو بکاتە

ئینگلیزەکان و هاوکارییان بکات و بە هیچ شێوەیەک باوەڕ بە تورک نەکات و دژیان ڕابوەستێت. حەزی دەکرد و هەوڵی دەدا سمکۆی شکاک لە دۆستایەتیی تورک دوور بخاتەوە و شۆڕشەکەی بگوێزێتەوە بۆ ناو کوردستانی تورکیا. زۆری بە لاوە گرنگ بوو کە شێخ مەحموود و سمکۆ لە یەکدی نزیک بکەونەوە و پشت بە ئینگلیز ببەستن و دژی تورک خەبات بکەن. ئەم بۆچوونە سیاسییەی مستەفا پاشای یامولکی ئەگەر بەرنامە و پرۆژەیەکی ڕوون و ئاشکرایش نەبووبێت، بەڵام بیرێک بووە کە یامولکی باوەڕی پێی هەبووە و کاری بۆ کردووە.

لەم بواردا دەبینین، هەر دوای دامەزراندنی "جەمعییەتی کوردستان"، لە دوامانگی ساڵی ١٩٢٢دا مستەفا پاشا دەچێت بۆ سەردانی سمکۆی شکاک، کە سەرکردایەتیی ڕاپەڕینێکی لە سەرووی کوردستانی ئێراندا دەکرد. ئەو کاتە سمکۆ کەوتبووە ناو داوی تورکە کەمالیستەکانەوە. ئەوان کە دەرگیری شەڕێکی خوێناوی بوون لە ڕۆژاوای تورکیا، لەگەڵ یۆنانییەکان و لە چەند بەرەیەکی تریشدا، نەیاندەویست بەرەی شەڕێکی تازە لەگەڵ سمکۆیشدا بکەنەوە. بۆ ئەوان چاکتر بوو سمکۆ بچێت بە گژ ئێراندا و شەڕی خۆی لە تورکیا دوور بخاتەوە. لەبەر ئەوە بە ناردنی هەندێ چەک و یارمەتی دەمی سمکۆیان شیرین کردبوو. مستەفا پاشای یامولکی دەیویست ئەو هاوکارییە نارەسمییە تێک بدات. کە سەردانی سمکۆیش دەکات "هەندێ پارە و جەواهێری بۆ بردبوو". ئەم دیاری و کۆمەکە ماددییەی یامولکی، هیی خۆی بووبێت یا ئینگلیزەکان بۆیان ڕێک خستبێت، تەکتیکێکی زیرەکانە بووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی سیاسی.

هەنگاوێکی دیکەی مستەفا پاشا، کە بە زیرەکیی سیاسی بۆی دەژمێردرێت، ئەوەیە کە دەستەیەک ئەفسەر و لاوی نیشتمانپەروەری کوردی ناردبوو بۆ سەقزی کوردستانی ئێران بۆ یارمەتیدانی سمکۆ، بەو ئامانجەی کە شۆڕشەکەی سمکۆ ڕێک بخەن و بیگۆڕن بە شۆڕشێکی کوردی و سیاسی. کەواتە یامولکی لەوەیش باش گەیشتووە کە ناوەڕۆکی ڕاپەڕینەکەی سمکۆ، تا ڕادەیەک، خێڵایەتی و ناسیاسی بووە. ئەمە ڕێک ئەو هەڵسەنگاندنەیە کە نزیکەی شەست ساڵ دواتر کوردناسی ناوداری هۆڵاندی مارتین ڤان برونەسێن، لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا لەسەر سمکۆ و ڕاپەڕینەکەی نووسیویەتی.

وێنەیەکی جوانی کەسایەتیی خاکیی موستەفا پاشای یامولکی ئەوەیە کە ڕەفیق حیلمی لەبارەی کاری مامۆستایەتییەوە دەیگێڕێتەوە. لەو ڕۆژانەدا ئەفسەرە کوردەکان بە دڵگەرمی بەشداریيان کردووە و دەرسیان بە خوێندکارانی خوێندگەکانی ئامادەیی وتووەتەوە. تەنانەت کە یەکێک لە مامۆستاکان واز لە دەرسوتنەوە دەهێنێت، مستەفا پاشا، کە لەو کاتەدا وەزیری پەروەردەی کوردستانە، خۆی دەچێتە جێگەکەی و لە پۆلەکانی ئامادەییدا دەرسی جەبر دەگرێتە ئەستۆی خۆی. ئەم گێڕانەوانە چەندە وێنەی کەسایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی یامولکی دەکێشن، لەوەیش زیاتر وێنەی بیرکردنەوەی زانستی و ڕووناکبیرانەی ڕەفیق حیلمیمان پێشان دەدەن.

٥

ئینگلیزەکان دوای تاقیکردنەوەی هەموو ڕێگایەک بۆیان دەرکەوت کە کوردستان بەوان نابڕێ بە ڕێوە و تەنیا شێخ مەحموودی حەفیدە کە خەڵک باوەڕی پێیەتی و دەتوانێت نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان و داواکانیان بکات. لەبەر ئەوە بڕیاریان دا شێخ ئازاد بکەن و بیهێننەوە بۆ کوردستان. بەڵام، بەڕاستی ئەوان لەبەر کورددۆستی و نیازپاکییان نەبوو کە دەیانویست شێخ بگەڕێننەوە، بەڵکە پێویستیان بە شێخ هەبوو بیکەن بە گژ تورکەکاندا و بەو جۆرە ویلایەتی مووسڵیان دەست بکەوێت. تورک لە بەرەکانی ڕۆژاوادا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرکەوتنیان بە دەست دەهێنا. مستەفا کەمال (ئەتاتورک) و عیسمەت ئینۆنو لە هەردوو بواری شەڕی چەکداری و دیپلۆماسیدا کارامە و لێهاتوو بوون. لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٢٢دا ڕەواندزیان داگیر کرد و ئۆزدەمیر پاشا بوو بە قایمقام و سەرکردەی لەشکری تورکیا لە کوردستانی عیراق. هەر زوو هەموو ئەو کەسایەتی و خێڵ و تیرانەی دژی ئینگلیز بوون لە دەوری خۆی کۆ کردنەوە. لە ٣١-٨-١٩٢٢دا خێڵی کورد هێزەکانی ئینگلیزیان لە دەربەندی ڕانییە تێکشکاند و تا کۆیە ڕاویان نان. لە ٥-٩-١٩٢٢دا ئینگلیز بە فرۆکە و لەناکاودا سلێمانییان بە جێ هێشت و ڕایان کردە بەغدا.

بە دەرچوونی ئینگلیز، لە سلێمانی "مەجلیسی میللی" دامەزرێنرا و شێخ قادری حەفید کرا بە سەرۆکی، بەڵام ئەندامی هەرە چالاک مستەفا پاشای یامولکی بوو. لە ناوەڕاستی ئەیلوولدا کۆنگرەیەکی گشتی لە مزگەوتی گەورە ڕێک خرا بۆ ئەوەی

ئالاّی کوردستـــان به ڕەسـمـی هەڵبکرێت. لەم کۆنگرەیەدا دەهەزار کـەس ئامـادە بـووبوون. ڕەفـــیق حـــیلمـی گــوتـارێکی دوورودرێژ و ئاگـــرینـی پڕ لـە هەســـتی نیـشـتـمـانـەپەروەری، "لە بەر نـەک لەسـەر کـاغـەز"، وەک خـۆی دواتر دەنووسـێت، پێشکەش دەکـات. ئەرکی ناوەندیی ئەم ئەنجـومـەنە پـاراسـتنی ئاسـاییشی شـاری سلێمانی و خۆئامادەکردن بۆ پێشوازیی شێخ مەحموود بوو.

ڕۆژی ٣٠-٩-١٩٢٢ شێخ لە ڕێگای (کفری)یەوە دەگاتەوە سلێمانی و پێشوازییەکی گەورەی پاشایانە دەکرێت. ڕەفیق حیلمی لەم بەرنامەیەدا "ڕەئیسی تەشریفات"ـە. لەو ڕۆژەیشدا، بەرانبەر شێخ مەحموود و مێجەر نۆئێلی نوێنەری ئینگلیز، گوتارێکی سـیـاسـیی گـرنگ پێشکەش دەکـات و هـێرشـێکی توند دەکـاتە سـەر سـیـاسـەتی خۆپەرستانەی بریتانیا. حیلمی دەیگێڕێتەوە کە نۆئێل بە قسەکانی ئەم زۆر پەست و تووڕە دەبێت. دوای تەواوبوونی گـوتارخـوێندنەوە، شـێخ و نۆئێل و حـیلمـی دەچنە ژوورەوە و بەرنامــەی پێـشـوازیکردنی خـەڵک دەست پێ دەکـات. ئـەم بەرنامــەیە تا ئێوارەیەکی درەنگ درێژە دەکێشێت. حیلمی دەستە دەستەی خەڵک پێشکەشی شێخ دەکات. ڕەفـیق حـیلمی لەبارەی نـۆئێلەوە دەڵێ: "ڕەسـمـی تەشـریفـات زۆری کێشـا و ئەو ڕۆژە تا ئێـوارەیەکی درەنگ مێـجـەر نـۆئێل، کـە نزیک دەرگـای ژوورەکە لەســەر کـورسـیـیـەکی ڕەق هەڵتـووتابـوو، لە هەسـتـان و دانیـشـتنەوە بەولاوە شـتێکی پێ نەبڕا...". تـەنیـا وشـەی "هەڵتـووتابوو" بەسـە بـۆ ئەوەی تێـبگـەین کـە حـیلمـی بە چ چاوێک تەماشای ئینگلیزی کردووە.

دوای دامەزرانی حـوکوومەتی تازەی شێخ مـەحموود، ١٠-١٠-١٩٢٢، ڕەفیق حیلمی دەبێ بە ڕاوێژکـــاری وەزیری مـــەعـــاریف (پـەروەردە، خـــوێندن) و هـاوکـــاتیش لەخــوێندنگەیەکی ئامــادەییــدا مـامــۆسـتـایـەتی دەکـات و لـە ڕۆژنامــەی "بانـگی کـوردسـتـــان"دا کـــار دەکـات و کـە ئەو ڕادەوەســتێت، لە ڕۆژنامــەی "ئومـێـدی ئیستیقلال"دا کاردەکات و دواتر دەبێتە بەڕیوەبەر و سەرنووسەری ڕۆژنامەکە.

ڕەفـیق حـیلمی لەم مـاوەیەدا زۆر لـە شـێخـەوە نـزیک بـوو. دەڵێ: "هـەمـوو ڕۆژێک دوای نیـوەڕۆ بەبێ پرس و ڕا ئەچوومـە لای. ئەمـە بۆ ئەو ڕۆژە ئیـمـتـیـازێک بوو کـە باوەڕ ناکـەم بە هـەمـوو کـەسـێک درابێ". حـیلمـی بێـجگە لـەوەی لە ڕووی سـیـاسـیـیـەوە سـەرنجی وردی لەســەر شـێخ مـەحـمـوود بۆ تۆمـار کـردووین، زۆر بـە وردییش وێنەی

باری سایکۆلۆگیی شێخ دەکێشێت. ئەمە بۆ ناسینی کەسایەتیی شێخ و بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو سەردەمە گرنگیی خۆی هەیە.

لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕێزبەندیی بیروباوەڕە سیاسییەکانەوە ڕەفیق حیلمی باسی سێ گرۆ دەکات کە لەو ڕۆژگارەدا کارکردیان لەسەر کۆمەڵی کوردەواری هەبووە: یەکەم: دەستەیەک لە لاوەکان کە باوەڕیان بە ئینگلیز پەیدا کردبوو. ئەمانە گاڵتەیان بە کەسانی نیشتمانپەروەر دەهات و پێیان وا بوو "ئاسنی سارد دەکوتن" یا "دوای کڵاوی بابردوو کەوتوون". لەناو ئەمانەدا بێگومان کەسانێکی سەر بە ئینگلیز هەبوون، بەڵام پێم وایە زۆربەیان لەوانە بوون کە ئەو هەموو شەڕ و شۆڕ و وێرانی و ئەزموونی ڕاپەڕین و سەرنەکەوتنە کاری کردبێتە سەر ورە و باوەڕیان و بەرانبەر هێز و دەستەڵاتی ئینگلیز هەرەسیان هێنابێت و خۆیان دابێتە دەستەوە؛ دووەم: تورکخوازەکان، کە لەناو خەڵکدا بە "جلخوار" ناو دەبران. ئەمانە هەندێکیان هێشتا لەسەر نۆستاڵژیای سەردەمی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەژیان و خەونیان بەوەوە دەبینی کە جارێکی دیکە هەموو گەلانی ناوچەکە پێکەوە لە سێبەری سوڵتانێکی موسڵماندا بژین. هەندێکی دیکەیان ئەوانە بوون کە ئۆێزدەمیر بە پارە و بە چەک و بە بانگەشەی ئیسلامەتی فریوی دابوون. بەشێکی زۆری سەرۆکخێڵەکانی کوردستان لەگەڵ ئەمانەدا بوون؛ سێیەم: نیشتمانپەروەران، کە بەشی هەرە زۆریان لاوان و ئەفسەران و ڕووناکبیران بوون، بەڵام کەمایەتییەکی بێدەستەڵات بوون، ئەگەرچی، وەک حیلمی دەیگێڕێتەوە، "گیانی میللییان ئێجگار بەهێز بوو، زۆربەی دەستەی ئەهالی و ڕەشۆکی، زیاتر بەوانەوە ئەلکا و لێیان نزیک ئەکەوتنەوە".

شێخ مەحموود لەناو ئەم گێژاوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەدا "تووشی واقورمان هاتبوو...[...]... بێئۆقرە و کەمباوەڕ ئەهاتە بەرچاو. لەسەر قەرارێ نەئەوەستا. شتی زۆری لە دڵا هەبوو، نەیئەزانی لە کوێوە دەس پێ بکا و چۆنی دەر بخا". ئەگەرچی شێخ مەحموود وەک سەرکردەیەک سەر بە هیچ کام لەو گرۆیانە نەبوو، چونکە بۆ ئەو هەموویان هەر بەشێک بوون لە گەل و نەتەوەکەی و دەبوو سەرکردە و ڕێبەریان بێت، نەک لایەنگری لایەکیان، بەڵام لە ناخی خۆیدا بێگومان نیشتمانپەروەر بوو. حیلمی ئەوەی لا ڕوونە کە شێخ "لە پێش هەموو شتێکا کورد بوو، لەپێناوی کوردا خۆی تەرخان کردبوو...[...]... شێخ مەحموود، وەک

ئینگلیزەکان بە هەڵە چووبوون، لە هەستی میللی بێبەش نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەی زانی ناڕاستی ئەوان خاوەنی هەستێکی هەرەبەرزی میللی بوو. لە گێتییا تەنیا ئامانجێکی هەبوو: سەربەخۆیی کوردستان".

شێخ مەحموود کە کوردایەتیی دەکرد، نە ڕێبەری تەریقەت بوو، نە سەرۆکهۆز، بەڵکە سیاسەتی دەکرد و دەیویست ببێتە ئەو سەرۆکەی نەتەوەکەی دەگەیێنێتە بەندەری ڕزگاری. ڕەفیق حیلمی دەڵێ: "جێی شک نییە کە حەزی لە حوکمداری ئەکرد و بەڵکو ئەیویست ببێ بە مەلیک. حەزی بەوەش ئەکرد کە خزمەتی کورد بکا و لە ڕێی کوردستانا خۆبەختکردنی خستبووە بەرچاو، بەڵام هیوای نەمابوو بە ئامانج بگا". شێخ شارەزای هێز و دەستەڵاتی ئینگلیز بوو، بەڵام ئەوەندە ئەزموونی تاڵی لەگەڵیان هەبوو کە بە هیچ جۆرێک باوەڕی پێیان نەمابوو. دیسانیش ئەم بێباوەڕییە نەبووە هۆی ئەوەی پردی نێوان خۆی و ئینگلیز بڕووخێنێت. ئەو وەک سیاسەتمەدارێکی شارەزا و وەک سەرکردەیەکی دووربین، هەوڵی دەدا لەنێوان ئینگلیز و تورکدا یاری بکات و چەندی پێ بکرێت بۆ بەرژەوەندیی کورد بە کاریان بهێنێت. ئێمە ئێستا کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەینەوە دەبینین شێخ مەحموود وەک هەر ڕێبەرێکی کارامە توانیویەتی لەنێوان هێز و دەستەڵات و ناوەندەکاندا مانووڤر بکات و تەکتیک بە کار بهێنێت. میوانداریکردنی سمایل ئاغای شکاک (١٨٨٧-١٩٣٠) و نامەکانی بۆ ئۆیزدەمیر پاشا و گفتوگۆیەکانی لەگەڵ ئینگلیز و لەگەڵ مەلیک فەیسەڵی یەکەمی عیراق و ناردنی دوو وەفدی جیاواز، لە یەک کاتدا، بۆ لای ئینگلیزەکان و بۆ لای مستەفا کەمال، ئەمانە هەموو نیشانەن کە شێخ مەحموود لە مەیدانی سیاسەتدا ناتوانا و ناشارەزا نەبووە. لە بەشێکی زۆری ئەم ڕووداوانەدا ڕەفیق حیلمی لە نزیکەوە ئاگادار بووە و بەشداریی تێدا کردوون. لە بیرەوەرییەکانیشدا بە ویژدانەوە و ڕەخنەگرانەیش ئەو باسانە دەگێڕێتەوە.

نەخشەی سیاسی و عەسکەریی ئەو سەردەمە، زۆر ئاڵۆزکاو و تێکچڕژاو بوو، هەمیشەیش لە گۆڕاندا بوو. بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی کورد و بۆ شێخ مەحموودی پادشای کوردستان ئاسان نەبوو بە جۆرێک سیاسەت ببا بە ڕێوە کە زوو بەرهەمێکی بەرچاو ببەخشێت. لەناو نەتەوەیەکی دواکەوتوودا بیری دەستکەوت، ماددی بێت یا سیاسی، قورسایی و بایەخێکی زۆری هەیە. ناوەندەکانی بەرژەوەندی

و بڕیار بەسەر کۆمەڵێک قەوارەی جیاواز و ناهاوئاهەنگدا دابەش کراون. نە دۆستایەتی و نە دوژمنایەتی، هیچیان بەرهەمی هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەرستی نین، بەڵکە ڕێگایەکن بۆ گەیشتن بە قازانجە تەسک و سنووردارەکانی خێڵ و تیرە و هۆز و بنەماڵە. ئەمە، بە گشتی، سروشتی کۆمەڵی خێڵایەتییە کە کەمتر جێگەی بیر و هۆشی نەتەوایەتیی تێدا دەبێتەوە. نەبوونی پارتیی سیاسی کە ببێتە چوارچێوەیەکی ڕێکخراو بۆ ئیدیۆلۆگی و بەرنامەیەکی درێژخایەنی هەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلێک و نیشتمانێک، یەکێکە لە دیاردە و ئەنجامەکانی کۆمەڵی خێڵایەتی.

ئەگەرچی لە سەردەمی حوکمڕانیی شێخ مەحموددا سنوورە چینایەتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر ئاشکرا بوون، بەڵام تێگەیشتنی سیاسی و هۆشیاریی نەتەوایەتی نەگەیشتبووە ئاستێک کە بەرژەوەندی و ئیدیۆلۆگیی ئەم چینانە لە قاڵبی پارتی و ڕێکخراوی سیاسیدا دابڕێژرێن. ئەم وێنە سیاسی و کۆمەڵایەتییە تەنیا هیی کوردستان نییە، بەڵکە عیراقی عەرەبی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەر بارێکی هاوشێوەی ئەمەیان هەبوو. شێخ مەحموود خۆیشی لەم دابەشبوونە چینایەتی و کۆمەڵایەتییە بە دەر نەبوو. بەڵام لە ڕووی هۆشیاریی سیاسی و نەتەوایەتییەوە، بێگومان وەک تاکەکەس، بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی کوردی ئەو ڕۆژگارەدا، شێخ خاوەنی هۆشیارییەکی بالاتری نەتەوایەتی بوو، وەک سەرکردەیەکیش لە بواری هەڵسوکەوتی سیاسی و دووربینی و بەکارهێنانی تاکتیکدا، کەسێکی بێبەهرە و ناشارەزا نەبوو.

کە شێخ مەحموود گەڕایەوە بۆ کوردستان و دەستگای دووەمی حوکمڕانیی دامەزراند، دوو زلهێز، بە پێوەری ئەو سەردەمە، لەسەر دەستگرتن بەسەر ناوچەکەدا ناکۆکی و ململانێیەکی سیاسی و عەسکەریشیان هەبوو: ئینگلیز و تورک. شێخ ئەو دوو هێزەی باش دەناسی و لەوەیش ئاگادار بوو کە هیچ یەکێکیان دۆستی کورد نییە و هیچ بەرنامە و پرۆژەیەکیان پێ نییە و تەنیا دەیانەوێ کورد (و شێخ خۆیشی) بۆ سوودی خۆیان بە کار بهێنن. بەڵام شێخ، ئەگەر ویستبێتی شەترەنجی سیاسی بکات، چارەیەکی دیکەی نەبوو، لەوە بەولاوە کە لەگەڵ ئەو دوو شەترەنجزان و سیاسەتبازانەدا یاری بکات. لەناو نووسەرانی نەوەی ڕابوردوودا

کەس هێندەی ڕەفیق حیلمی بە ویژدان و زانستانە ئەو هەلومەرجەی شێخی هەڵنەسەنگاندووە. لەناو نووسەرانی دواتریشدا مامۆستا محەمەد ڕەسووڵ هاوار (١٩٢٤–٢٠٠٦) زۆر بە قووڵی و ڕاستگۆیانە مێژووی "شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان"ی نووسیوەتەوە.

تورکەکان شەڕی مانونەمانیان دەکرد بۆ دروستکردنەوەی تورکیا و ڕزگاریی نەتەوایەتی. مستەفا کەمال (ئەتاتورک) لە هەردوو بواری سەربازی و سیاسیدا سەرکردەیەکی گەورە و دووربین و لێزان بوو. لە لایەکەوە شەڕی یۆنان و ئینگلیز و فرانسای دەکرد و لە ناوخۆی تورکیایشدا دەبوو هەمیشە چاوێکی بەسەر ئەرمەن و ئاسووری و کوردەوە بێت و نەهێڵێت سەر بەرز بکەنەوە. لێدانی سمکۆی شکاک نموونەیەکی ئاشکرای دووربینیی ئەتاتورکە، چونکە دەیزانی پێش ئەوەی سمکۆ سەرێشە بۆ ئەو دروست بکات، دەبێ ئەم یاری بە سەری سمکۆ بکات. ئەگەرچی سمکۆ خۆی و هەندێ لە دەستوپێوەندەکانی لەو شەوەیخوونەدا نەکوژران و ڕزگاریان بوو، بەڵام ئەوە، بوو بە سەرەتای دارمان و هەڵوەشانەوەی بزووتنەوەکەی سمکۆ و لەناوچوونی خۆیشی.

سمکۆ پێشتر زۆر باوەڕی بە تورک هەبوو، زۆریش خۆی لێ نزیک دەکردنەوە. ئەو کاتانە نە بیری لە کوردستانی خواروو دەکردەوە و نە دەیویست بزانێت شێخ مەحموود خەریکی چییە. بەڵام کاتێ کە لێی قەوما و بستێ جێگەی بە دەستەوە نەما، ڕووی کردە کوردستانی باشوور و ئەم جارە دەیویست ئامۆژگاریی شێخ مەحموود بکات کە هاوکاریی ئینگلیز بکات و باوەڕی زیاتری پێیان هەبێت. شێخ مەحموود سمکۆی بانگ کرد بۆ سلێمانی و پێشوازییەکی مێژوویی و پادشایانە کرا. شێخ ئەو چاکەیەی سمکۆی لە بەرچاو بوو کە کاتێ ئینگلیزەکان ناردیان بۆ بەندیخانەی ئەندامان لە کەنداوی بەنگاڵی هیندستان، سمکۆ باڵی باوکایەتی و خۆشەویستیی کێشا بەسەر ماڵ و منداڵی شێخدا. شێخ دەیویست ئەو چاکەیەی سمکۆ زۆر بە زیادیشەوە بداتەوە. بەڵام ئەگەر تەنیا لەم گۆشەنیگایەوە تەماشای پێوەندیی شێخ مەحموود و سمایل ئاغای شکاک بکەین، دیارە ئەمە دەبێتە سادەکردنەوەی مێژوو، هەروەک شێواندنی ڕاستیی بیرکردنەوە و ڕەوتاری ئەو دوو سەرکردەیەشە. شێخ مەحموود دەیویست وەک سەرکردەیەکی سیاسیی کورد لەگەڵ



سمکۆ (سمایل ئاغای شکاک) ١٨٨٧-١٩٣٠

سمکۆدا هاوکاری و هاوپرسەکی بکات. هەروەهایش بە لایەوە گرنگ بوو سمکۆ بۆ ناو یارییەکی سیاسیی فراوانتر ڕابکێشێت؛ یاریی سیاسەتێکی نەتەوایەتی.
کەسایەتیی سمکۆ لە مێژووی کوردستاندا قسەیەکی زۆری لەسەر کراوە و هەڵدەگرێت زۆریشی لەسەر بگوترێت و بنووسرێت. ئەوانەی کە مەبەستیانە ناوبانگ و مێژووی ئەو پیاوە ڕەش بکەنەوە هەمیشە سمکۆ وەک چەتە و ڕێگر و پیاوکوژ، وەک سەرۆکخێڵێکی توندڕۆ و دواکەوتوو وێنا دەکەن. نەتەوەپەرستانی کوردیش وەک قارەمانێکی نەتەوایەتی کە شەڕی ئازادیخوازانەی بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی کردبێت وێنەی دەکێشن. هەردوو وێنەکە هەم بەشێکی ڕاستییان تێدایە و هەمیش بەشێکی گرنگی ڕاستی دەشێرنەوە. هۆیەکی ئاشکرای ئەوەی کە نووسەر و مێژوونووسانی ڕۆژاوا زۆر بە نارەوا کەسایەتیی سمکۆ دەشێوێنن، لەبەر ئەوەیە کە سمکۆ (مار شەمعوون)ی سەرۆکی ئاسوورییەکانی کوشتبوو. ئەم هەڵوێستەی هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسانی ئەورۆپایی بەشێکە لەو شەڕەی دژ بە هەموو شتێکی

ئیسلام کردوویانە و دەیکەن. کوردناسی ناسراوی هۆڵاندی مارتین ڤان برونەسێن (Martin van Bruinessen) لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی باشی لەسەر سمکۆ نووسیوە و بە درێژی هەردوو لایەنی کەسایەتیی ئەو پیاوە شی دەکاتەوە: سەرۆکخێڵێکی ژیر و وریا و بەرزوویست و نەترس، نەتەوەپەرستێکی پراگماتیک بەڵام ناشارەزا.

ڕەفیق حیلمی لەبەر ئەوەی جێی بڕوا و متمانەی شێخ مەحموود بوو، لە کاتی سەردانەکەی سمکۆدا بۆ سلێمانی، لە نزیکەوە ئەو پیاوەی بینیوە و سەرنجی بیر و ڕەوتاری ئەوی داوە. حیلمی لە یادداشتەکانیدا بێجگە لە گێڕانەوەیەکی ڕۆمانتیکانەی ڕێوڕەسمی پێشوازیکردنەکەی سمکۆ، باسی ئەو کۆبوونەوە داخراوەیشی تۆمار کردووە کە تەنیا شێخ مەحموود و سمکۆ و حیلمی تێیدا بەشدار بوونە. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارێکی زۆر ناسک و دووربینانەیان داوە، کە ئاشکرایە هەم بیرکردنەوەیەکی ستراتێگی و هەم هۆشێکی تەکتیکزانانەی لە پشتەوە بووە.

٦

بەشداریی ڕەفیق حیلمی لە ڕووداوەکانی سەردەمی دووەمی حوکمڕانیی شێخ مەحمووددا لە پلەی جیاواز و بەرەی جۆراوجۆردا بوو. ئەو لە کاتێکدا بە ڕەسمی جێگری وەزیری پەروەردە بوو، بەڵام سەرنووسەری ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان" و دواتریش "ئومێدی ئیستیقلال" بوو. لە ژیانی ڕۆژانەیشدا مامۆستای ماتماتیک و ئەدەبی تورکی بوو لە خوێندنگەی ئامادەییدا و هاوکاتیش شێخ مەحموود کردبووی بە ڕاوێژکاری خۆی و بەشێکی زۆری ئەو نامانەی دەیناردن، ڕەفیق حیلمی دەینووسین.

حیلمی ئەگەرچی لە سەرەتای گەڕانەوەی شێخدا زۆر بە گەرمی چووە پێشەوە و بە دڵ و بە گیان دەیویست لە خزمەتی شێخ و مەسەلەی نەتەوایەتیی کورددا بێت، بەڵام ئەوەیشی نەشاردووەتەوە کە تووشی جۆرێک بێئومێدی و ڕەشبینی بووە. جارێ هەر پێش ئەوەی شێخ بگاتەوە کوردستان لە هەڵسوکەوتی شێخ قادری حەفیدی برای شێخ مەحموود و مستەفا پاشای یاموڵکی زۆر نیگەران و دڕدۆنگ بووە. ئەم بیری لەوە دەکردەوە کە دەبوو ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان" بکرێتە کەرەستەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوایەتی و "... لاپەڕەکانی زۆر بکرێ و هیچ نەبێ لەو

سـەرودەمـەدا ببێ بـە ڕۆژانە، وتاری قـەومی و نیشـتـمـانیـی جوانی سـیاسـیی تیـا بنووسرێ، گیانی میللی و بیری کوردایەتیی تیا بڵاو بکرێتەوە..''، بەڵام یامولّکی هەر خۆیشی تێنەگەیاندبوو و ڕۆژنامەکەیشی ڕاگرتبوو.

ئەم هەوڵدانەی حیلمی هەر لەبەر ئەوە نەبوو کە خۆی نووسەرێکی ڕۆژنامەکە بوو، بەڵکە ئەوێک کە لە سەرەتای سـەدەی بیستەمدا لە ئەستەمبووڵ خوێندبێتی و ژیابێ، دیارە ئەوە باش تێگەیشتووە کە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان پێویستیان بە فکر و هۆشیارییە، پێویستیان بە دووربینی و ژیری و هۆشیارکردنەوەیە، بەڵام، حیلمی دەڵی، ''سـوودی نەبوو و کـەس وەڵامی نەئەدامـەوە...[...]... بەم حـاڵەدا وام بۆ دەرئەکـەوت کـە ئەم جـارەش هەڵمان لـە دەس ئەچێ و مـایەپووچ ئەبین، واتە بـارێک نەئەخـرایە سـەر شـانی کـورد کە پێی هەڵگیـرێ و بیبـا بە ڕێوە...[...]... بناغـە بۆ حکوومەتی کورد دانەئەڕێژرا، بەڵکو لەسەر حیسابی کورد و کوردستـان تەمسیلێکی تازە بە دەسەوە بوو''.

ڕەفیق حیلمی یەکێکە لەو ڕووناکبیرانەی کـە بە ئاشکرا لایەنگری تیـۆریی ڕۆڵی تاکەکەسە لە مـێژوودا؛ تاکەکەسی ڕێبەر و سەرکردە. ئەو کـە بیری لە سـەرکردە کردووەتەوە، هەمیشە جێگە و پلەیەکی بۆی داناوە کە لە ناوەندی ڕووداوەکاندا و لە ناوەندی مێژوودا بێت و هۆشیارانە مێژوو دروست بکات. ئەم بیرکردنەوەیەی حیلمی هەرگیز بەو مـەعنایە نەبوو کە ڕێبەر و سەرکردە لە دیکتاتۆر جیا نەکاتەوە، بەڵکە هەمـیشـەیش ئەوەی بـە لاوە گرنگ بـووە کە ڕێبـەر دەبێ کـۆمـەڵەیەکی هەڵبـژاردەی ڕووناکـبیـر و خـوێنەوار و ئەفسـەری ئازا و لێـهـاتوویش لە خـۆی کـۆ بکاتەوە و هاوپرسـەکی و ڕاوێژیان لەگـەڵ بکات. ڕەفـیق حـیلمی بەڕاسـتی پێی وا بووە، لەو سـەردەمـەدا لەناو کورددا لـە شـێخ مـەحـموودی حـەفید بەولاوە هیچ کـەسێکی دیکە شایانی ئەوە نەبووە ڕێبەر و سەرکردەی نەتەوەی کورد بێت.

حـیلمی بە دڵ و بـە گیـان شـێخ مـەحـموودی خـۆش دەویست و خـزمـەتی دەکـرد و هیوادار بوو کە شێخ ببێتە ئەو ڕێبەرەی کورد ڕزگـار دەکات، بەڵام ئەوەیشی دەزانی کـە شـێخ مـرۆڤـە و هەڵەیش دەکـات و کـەمـوکـوڕییـشی هەیە. بەشـێکی کەموکووڕییەکانی شێخی لەوەدا دەبینی کە هەڵبژاردەیەکی وریا و هۆشیار و لێزانی لە خـۆی کـۆ نەدەکـردەوە. ئەم بیـرەی لە زۆر جـێگەی یادداشـتـەکـانیـدا دوبارە

کردووەتەوە: "موستەشارێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری نەبوو"، "لەم ئێستگە مێژووییەدا شێخ مەحموود بە تاقی تەنیا مابووەوە، نە ڕێپێشاندەرێکی وریا و نە یارمەتیدەرێکی بەهێز و نیشتمانپەروەر"، "... بەڵام داخەکەم لە تەگبیر و ڕادا یارمەتیدەری باش و دڵسۆزی نەبوو".

نەخشەی ئینگلیزەکان لە هێنانەوەی شێخ مەحمووددا ئاشکرا بوو؛ ئەوان هەر لەسەرەتاوە بەو نیازە شێخیان دەهێنایەوە کە شەڕی تورکیان بۆ بکات، بەتایبەت شەڕی ئۆێزدەمیرێک کە دیارە ئەوانیش دەیانزانی کە سەرکردەیەکی وریا، لێهاتوو، ژیر و وردبینە و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا خەڵکێکی یەکجار زۆری بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە و کردوونی بە دوژمنی ئینگلیز. ئەم دوژمنایەتیکردنەی ئینگلیز، ئەنجامی زیرەکیی ئۆێزدەمیر نەبوو، هێندەی بەری هەڵسوکەوتی لووتبەرزانە و دوژمنکارانەی ئینگلیز خۆیان بوو.

ڕەفیق حیلمی زۆرجار ئەوە جەخت دەکاتەوە کە شێخ مەحموود لەنێوان دوو هێزی ناڕاست و نەیاری وەک تورک و ئینگلیزدا سەری لێ شێوابوو، نەیدەزانی ڕوو لە کام لا بکات و چی هەڵبـژێرێت. شـێخ هەردوویانی باش دەناسی و زۆر چاکیش لەوە گەیشتبوو کە هەم تورک و هەم ئینگلیزیش درۆی لەگەڵ دەکەن و تەنیا دەیانەوێ بۆ مەبەستی سیاسیی خۆیان بە کاری ببەن. شێخ دەیویست تەکتیکێکی ژیرانە بخاتە کارەوە و بە شێوەیەکی سیکۆلۆگی و سیاسی گوشار بخاتە سەریان و ناچاریان بکات داخوازییەکانی کورد بهێننە جێ. حیلمی زۆرجار کە ڕەخنە لە شێخ دەگرێ، ئەوەیشمان بیر دەخاتەوە کە دەوروبەری شێخ بە خەڵکی نەفام و خێڵەکی و هەلپەرست گیرابوو، کە پیاوەکانی تورک بەتەواوی لێی نزیک کەوتبوونەوە و دەستیان وەردەدایە هەموو کاروبارەکانی، کە ڕاوێژکاری دڵسۆز و نیشتمانپەروەری نەبوو. لێرەدا ڕەنگە زۆر ڕەوا بێت پرسیارێکی وەها بکەین: تۆ بڵێی ئەگەر شێخ، کۆمەڵێ ڕاوێژکاری وریا و دڵسۆز و نیشتمانپەروەری هەبووایە، ئەنجامێکی دیکەی دەستگیر ببووایە و سەرکەوتنی بە دەست بهێنایە؟ پێم وایە زۆر زەحمەتە مێژوو بەو جۆرە لێک بدرێتەوە. ئێمە ئێستاکە تەنیا دەتوانین تەماشای ئەزموونەکانی مێژوو بکەین و لێیان ورد ببینەوە و لەگەڵ ئەزموونی کورددا بەراوردیان بکەین. کە مێژوویش دەخوێنینەوە، هەرگیز ناکرێ بە نیازی ئەوە بێت ئەو مێژووە سەرلەنوێ

بنووسـینەوە و دایبـڕێژینـەوە. مـێـژوو نە دەنووسـرێتـەوە و نە دادەڕێژرێتـەوە، بەڵام دەکرێ بە جـۆرێکی دیکە، بە شێوەیەکی جیاواز بخوێنرێتـەوە. ڕەفیق حیلمـییش هـەر وای کـردووە. ئەو نـەهـاتووە دادگـایەک بـۆ شـێخ مـەحـمـوود دامـەزرێنێت و هـەرچی تێکشکان و ژێرکەوتنەکانی ئەو سـەردەمەی مـێژووی کوردسـتـانە، بخـاتە ئەسـتۆی ئەو، بەڵکە هـەوڵی داوە ڕاستییەکانی مێژوو، وەک هـەبوون، تۆمار بکات.

هەڵوێسـتیکی گرنگـی ڕەفیق حیلمی بـەرانبـەر مێژوو و بـەرانبـەر کـەسـانی ناو مـێژوو، ئەوەیە کە هـەمیشـە هـەوڵی داوە بە ئـەوپـەڕی ویژدانەوە ڕووداو و کەسـەکان بنرخـێنێت. ئەوانەی کە زۆریش خۆشـی ویسـتوون، نەیتوانیوە لە هـەڵە و کەموکووڕییەکانیان چاو بپـۆشـێت، ئـەوانەیش کـە زۆر دژی بـوون و زۆر دژیان بووە، نەیتـوانیـوە بـاسـی لایەنە چاک و ڕووناکەکانیان، ئەگەر لایەنی وەهـایان هـەبووبێت، نەکات.

٧

لە ئەنجـامی ئەو دانیشـتنە نهێنییـەی نێـوان شـێخ مـەحـمـوود و سـمکۆی شکاک و ڕەفیق حیلمیدا، بڕیار دەدەن کە دوو وەفد بنێرن؛ یەکێکیـان بۆ کەرکووک و بەغداد، بۆ لای ئینگلیـزەکـان و ئەوی تریش بـۆ تورکـیـا، بۆ لای ئـەتاتورک. شـێخ دەیویست لەنێـوان ئینگلیـز و تورکـدا یارییـەکی دیپلۆمـاسی بکات و سـوود لەو بـارە ئاڵۆزەی ناوچەکـە وەربگرێت بۆ ئەوەی لایەکیـان پەیمانێکی تەواوی پێ بدەن. ئینگلیـزەکـان دەیانویست شـێخ شـەڕی تورک بکات و ئۆیزدەمـیـر لە کـوردسـتـان دەربکات و ئەو ناوچانەی کە خـۆیان نەیاندەتوانی ڕزگاری بکەن بە هێزی کورد و شـێخ مـەحـمـوود ڕزگـاریان بکەن، بەڵام نـەیاندەویست شـێخ لـە سلێـمـانـی و دەوروبەری زیاتـری بە دەسـتــەوە بێت. تورکـیش دەیانویست شـێخ مـەحـمـوود بە ئاشکرا دژی ئینگلیـز ڕابوەستێت و بە هـەموو هێزی خـۆیەوە بداتە پاڵ تورک و دەستـەڵاتی تازەی تورکیا بچـەسـپێـنن و ویلایەتی مـووسڵیش بگەڕێنرێتەوە سـەر تورکیـا، بەڵام ئامـادە نەبوون ڕێگە بە کـورد بـدەن دەوڵەتی سـەربەخـۆی خـۆی هەبێت. دەیانویست بە دروشـمی برایەتی و ئیسلامەتی و دوژمنایەتیی ئینگلیز، کوردیش و شێخیش فریو بدەن.

گوتوبێژی ئەو شـەوەی نێوان شیخ مـەحـموود و ڕەفیق حیلمـی (و سـمکۆیش)، بەو شـێـوەیەی کـە حـیلمی لە یادداشـتـەکـانیـدا دەیگێـڕێتـەوە، نموونەیەکی بـاشی بیرکردنەوەی سیـاسـی و زمانی دیپلۆماسیی کوردییە لەو سـەردەمەدا. حیلمی زۆر بە

وردی بیر و بۆچوونەکانی خۆی و ئەو بەڵگە لۆگیکی (مەنتیقی) و سیاسییانەی بەرانبەر بۆچوون و بەڵگەکانی شێخ بە کاری هێناون، لە بیرەوەرییەکانیدا تۆمار دەکات. لایەنێکی سەرنجڕاکێشی ئەم دانیشتنە ئەوەیە کە دوو سەرکردەی گەورەی کورد، لە مەسەلەیەکی وەها گرنگ و چارەنووسسازدا هاوپرسەکی لەگەڵ لاوێکی بیستوچوار ساڵانی وەک ڕەفیق حیلمیدا دەکەن. ئەمە ئەگەرچی پلەی هۆشیاری و وریایی و ژیری و دڵسۆزیی حیلمی دەردەخات، بەڵام وێنەیەکی شێوەی حوکمڕانی و کارگێڕی و بەڕێوەبردنیشە لەو سەردەمەدا، کە هیچ بناخەیەکی دیمۆکراسی و کۆمکاریی تێدا لە بەرچاو نەگیراوە و هیچ دەستگا و دامەزراوێکی قانوونی و قانوونسازی لە ئارادا نەبووە.

لەم دانیشتنە سێکەسییەدا ئێمە ڕێچکەی سێ بیرکردنەوەی جیاواز بە دی دەکەین، کە هەر سێیشیان بەرهەمی ئەزموونی تاکەکەسی و ئەزموونی گشتیی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردیشن:

١- ڕەفیق حیلمی پێی وایە کە شێخ کەوتووەتە نێوان تورک و ئینگلیزەوە و لە پێش هەموو شتێکدا دەبێ بەرنامە و ئامانجی سیاسیی خۆی ڕوون بێت و بزانێت چیی دەوێ. جیاوازیی تورک و ئینگلیز ئەوەیە کە تورک هێزێکی عەسکەرین و ڕوو بکەنە هەر جێیەک داگیری دەکەن و ناهێڵن کەس سەر بەرز بکاتەوە یا بیر لە سەربەخۆیی بکاتەوە، بەڵام ئینگلیز سیستەمێک و دەسگایەکی دیمۆکراتی هەیە، ئەگەر وڵاتێکیش داگیر بکات، هەر ئەوەندەی بەرژەوەندیی ئابووریی خۆی دابین بکات، ئامادەیە بەڕێوەبردنی وڵاتی داگیرکراو بدا بە دەست گەلی ئەو وڵاتەوە، چونکە ئەمە لە ڕووی ئابوورییەوە کەمتری تێ دەچێت و باری باجدەری ئینگلیز قورس ناکات. حیلمی پێی وایە کە شێخ بە هیچ جۆرێک نابێ باوەڕ بە تورک بکات، بەڵام لەگەڵ ئینگلیزیشدا بە سیاسەت بجووڵێتەوە.

٢- سمکۆ، لەبەر ئەوەی تورک لێیان داوە و ئینگلیز ڕوویەکی خۆشیان پێشان داوە، دەیەوێ شێخ بخاتە سەر بیری هاوکاریکردن لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بۆ لێدانی تورک.

٣- شێخ مەحموود باوەڕی نە بە تورک و نە بە ئینگلیز نییە. ئەزموونێکی یەکجار تاڵی لەگەڵ ئینگلیزدا هەیە. پێی وایە هەتا ئینگلیز بەڵێنی نووسراو و تەواوی پێ نەدەن کە ڕێگە بە دامەزراندنی حوکوومەتی کوردستان دەدەن، شەڕی تورک ناکات.

ئەو دەزانێت تورکیش هەروا بە ئاسانی لە کوردستان دەرناکرێن و ئاسانیش نییە ئەو سەرۆکخێڵە کوردانەی دۆستی تورکن بخاتە سەر ڕێگەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری. بۆ ئەم ئامانجە دەبێ هێز و پارەی هەبێ. ترسی ئەوەیشی هەیە کە ئەگەر تورکەکان بە هێز یا بە ئاشتی ولایەتی مووسڵ وەربگرنەوە، کێ دێ بە هاواری کوردەوە؟ ئەودەم ئینگلیز چی بۆ کورد دەکات؟ وەک تەکتیکێک پێی باشە ئینگلیز بزانن کە ئەم پێوەندیی لەگەڵ تورکدا بەردەوامە، بۆ ئەوەی گوشاریان بخاتە سەر و ناچاریان بکات داوا سیاسییەکانی بپەژێرن.

لە ئەنجامدا بڕیار دەدەن دوو وەفد ئامادە بکەن؛ یەکێک بۆ لای ئینگلیزەکان و یەکێکیش بۆ لای تورکەکان. ڕەفیق حیلمی وەک سەرۆکی ئەو وەفدەی دەچێ بۆ تورکیا دیاری دەکرێت. ئەندامێکی ئەم وەفدە فەتاحی ئەمینی عەتارە، کە ژنبرای شێخ مەحمموودە و نەک هەر بە دۆستی تورک، بەڵکە بە پیاوی تورکیا ناسرابوو. شێخ ئەو ڕێگایەیش بۆ حیلمی دادەنێت کە ماوەی چەند ڕۆژێک خۆیان لە رەواندز خەریک بکەن، بۆ ئەوەی بزانن وەرامی ئینگلیزەکان چییە. هەر سێ ڕۆژ دواتر ڕەفیق حیلمی و هاوەڵەکانی دەکەونە ڕێ و دوای چەند ڕۆژێک دەگەنە ڕەواندز و دەبنە میوانی ئوێزدەمیر پاشا. وەرامی ئینگلیز ئەوە دەبێت کە لە دوارۆژەکانی مانگی شوباتدا، هەڕەشە دەکەن کە شاری سلێمانی بۆردمان دەکەن و دەبێ شێخ و دارودەستەکەی سلێمانی بەجێ بهێڵن. لە سەرەتای ئازاردا شێخ، سلێمانی بە جێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە ئەشکەوتی جاسەنە. هەواڵیش بۆ حیلمی دەنێرێت کە ڕەواندز بە جێ بهێڵێت و بچێت بۆ تورکیا.

گەشتەکەی ڕەفیق حیلمی و هاوەڵەکانی لە سلێمانییەوە تا ئەنکارا (ئەنقەرە) دوو مانگ و دوو ڕۆژی پێ دەچێت و بەسەر ئێران و گورجستان و ئەرمەنستاندا و لە ڕێگەی زەریای ڕەشەوە دەگەنە ئەستەموڵ.

ڕەفیق حیلمی لە یادداشتەکانیدا بە دوورودرێژی باسی ئەم گەشتە دەگێڕێتەوە. ئەو نەک هەر وەک دیپلۆماتێک خۆی بە باسەکانی سیاسەت و پێوەندیی دەوڵەتانەوە خەریک دەکات، بەڵکە وەک ڕووناکبیرێکی هۆشیار و مێژوونووسێکی وردبین، زۆر لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و شارستانەتیی ئەو وڵات و شارانەی پێیاندا دەڕوات، تۆمار دەکات. هەوڵ دەدات بەشێکی مێژوویش لەگەڵ باسەکانی ڕۆژدا

تێکەڵ بکات. زۆر شانازیی بەوەوە کردووە کە نوێنەری پاشای کوردستانە و بە ناوی شێخ مەحموودەوە و بە ناوی کوردستانەوە، بە ئەرکێکی سیاسی و دیپلۆماسی دەچێت بۆ بینینی مستەفا کەمال. لە ڕەواندز وەرامی قسە نابەجێکانی ئوێزدەمیر دەداتەوە و لە تەبرێز، لە شەوی میوانداریی کۆنسوڵۆسی حوکوومەتی بۆڵشەڤیکدا، کە رووسەکان لەسەر شەرەفی شێخ مەحموود و موستەفا کەمال کاسەی مەی و پێکی ڤۆدکا هەڵدەبڕن، کۆنسوڵۆسی تورکیا لەسەر شەرەفی لێنین و شێخ مەحموود کاسە لە کاسە دەدەن، ڕەفیق حیلمییش لەسەر شەرەفی لێنین و مستەفا کەمال بادە دەنۆشێت. حیلمی تەنانەت لە پلەیەکی تاکەکەسییشدا زۆر بە وردی باسی ڕابواردن و مەستبوون و شەوانی عەیش و نۆش و سەیر و سەفا دەکات و هیچیشی لێ ناشارێتەوە. پەناو پەسیوە لاوازەکانی دەروونی مرۆڤێک، کە مەبەستی خۆیەتی، وێنە دەگرێت و دەیخاتە بەردەستی خوێنەر و مێژوویش، بەڵام لووتکەکانی هێز و ڕەوشتبەرزی و خۆڕاگری و بەرپرسیارەتیش وەک خۆیان پێشان دەدات: "بەم ڕەنگە توانیم کە بەرهەڵستیی دوو هێزی گەورە بکەم؛ هێزی گرانی خواردنەوەیەکی لە سنوور بەدەر و هێزی حوسن و ئەفسوونی خانمی هاودەمم".

ڕەفیق حیلمی کە بەرەو ئەستەمبووڵ و بەرەو تورکیا دەڕۆیشت، بەڕاستی لە لایەکەوە دەگەڕایەوە بەرەو ڕابوردوو، بەرەو یادگارە کۆن و شیرینەکانی ڕۆژانی لاوێتی کە لە ئەستەمبووڵ دەیخوێند و سەرەتای هۆشیاربوونەوەی سیاسی و نەتەوایەتیی بوو، بەڵام هاوکات بەرەو داهاتوویش دەچوو؛ بەرەو تورکیایەک کە بە سەرکردایەتیی ڕێبەرێکی توانا و لێهاتووی وەک مستەفا کەمال دەژیایەوە و خۆی بۆ ژیانێکی تازە و بەهێز و ڕەنگدار ئامادە دەکرد. حیلمی دەچوو پەیامی پادشای کوردستان بگەیێنێتە ئەتاتورک و بەڵێنێک و هیوایەک بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی بهێنێتەوە.

## شوکور مستەفا... لەنێوان پرسیار و ڕەخنەدا

١

چۆڵەچرایەک ئەو شەوەزەنگەی نیشتمان
دەکاتە پەڵەیەک، پەڵەیەکی شەرمن،
بە ئاڵای یادەوەرییەوە.
ڕۆژێ کە دەنگ
لە توێکڵی خۆی دێتە دەرێ،
لە بەردەم پەیکەری لە حەرف هەڵچنراوی بیرەوەریتدا
چەپکێ فۆنێمی سەرەڕۆ و
چەپکێ نیشانەی بێڕابوردوو دادەنێ.
ئەمە دیاریی یارانە،
کە خومارن
ڕازی بەدمەستیی عەشقێکی زوڵەیخایی دەدرکێنن.
کێ بێ پاکیی دڵداران جاڕ بدات؟
کوا یووسف خەونی مرۆڤ، ڕەش و سپی،
لەم زیندانەدا لێک بداتەوە؟

ئەوە تۆی، لەودیو پەردەیەکی قەترانەوە
باسی ورشەی وڵاتانمان بۆ دەگێڕیتەوە.
ئێستاکە، تۆیش، شارەزای ئەو شارانەیەت،
ئاشنا و هاودەمی
ئەو دۆست و ئەو عاشق و ئەو یارانەیت.
ئێستا کتێبی ئاوەڵواتاکانی ڕووناکایی و

دژواتاکانی تاریکایی دەور دەکەیتەوە،
بزانی هیچت لە بیر نەکردووە.
دەزانم منەی چی دەکەیت؛
ڕستەیەک دەستی زمانزانی پێ نەگەیشتبێت،
وشەیەک گەردی دیوانی لێ نەنیشتبێت،
پرسیارێک...
ئەرێ تۆ پرسیارەکەی خۆتت کرد؟

٢

هەموو جارێ هەر وایە. نەتەوەی خۆمە و چاکی دەناسم. دەزانم کە گەورەپیاوێکی لێ مرد، چۆن هەموو کۆ دەبنەوە و هەرچی چاکە و پیاوەتی و جوامێرییە دەیدەنە پاڵی، تەنانەت ئەوانەیش کە ڕەنگە خۆی حەزی نەکردبێت پێوەی بناسرێت. لە هەموو کۆڕەکانی یادکردنەوەی کۆچکردوواندا سەری زمان و بنی زمانی ئاخێوەران ئەوەیە خوالێخۆشبوویان کەی ناسی و چەند جار پێکەوە دانیشتن و خواردیانەوە و نازانمچییان کرد و دەزانمچییان نەکرد.
ڕەنگە ئاسان نەبێت لە کۆڕی یادکردنەوەی خۆشەویستێکدا دابنیشیت و بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە، یا هەر نەبێ بابەتییانە، سەرنج لە ژیان و ئاکار و بەرهەمەکانی بدەیت. دوای چەند ساڵێک کەم تا زۆر، کە ئەو خۆشەویستە نە دەتوانێت سوودی بۆ کەس هەبێت و نە زیانیش بە کەس بگەیەیێنێت، دەکرێ بە چاوێکی دیکەوە تەماشای بەژن و باڵای مێژووکردی بکەیت و بڕوانیتە ئەو گەنجینەیەی بە جێی هێشتووە.
ئایا ئەرکی وەفا و دڵسۆزیی ئێمە ئەوەیە مامۆستا مەلا شوکور، یا هەر گەورەیەکی ئەم نیشتمانە، بکەینە پاڵەوان و قارەمان، یا ئەوەی خوانەخواستە، خەوش و چەوتی و لاوازییەکانی ئاشکرا بکەین؟ باوەڕ ناکەم ئەمانە هیچیان هەڵوێستی ڕاست بن. نە قارەمانی دەستکرد بەرگەی ڕەشەبا و لافاوی مێژوو دەگرێت و نە درۆ هەڵبەستن لە بەردەم شەپۆلی ڕووناکاییدا خۆی پێ ڕادەگیرێت. ئەی بۆچی هەوڵ نەدەین پۆرترێتێکی پێشکەش بکەین؟ پۆرترێتێکی وەها کە هەموو سیما و تەشکەکانی بخوێنێتەوە و بە بینەر بڵێت ئەو مرۆڤەی باسی دەکەین ئاوها بوو.



شوکور مستەفا

لەم ئەوروپایەی نیوەی زیاتری تەمەنمم تێدا بە سەر بردووە، کە سیاسەتمەدارێک یا نووسەرێکی گەورەیان دەمرێت، هەوڵ دەدەن سیمبۆڵە گرنگەکانی ژیان و کەسایەتی و ئاکاری بکەنە کۆمەڵە وانەیەک، کۆمەڵە دەرسێک بۆ ئەوەی زیندووەکان، بەتایبەت نەوەی نوێ، گەنجەکان، سوودی لێ وەربگرن. دەیانەوێ ئەوپەڕی سوود لە مردنەکەیشی ببینن لەپێناوی نەتەوەکەیاندا، لەپێناوی نیشتمانەکەیاندا و لەپێناوی مرۆڤایەتیدا. لایەنە گەشەکان جار لە دوای جار جەخت دەکەن و بە دەستکەوتێکی نیشتمانیی دەزانن. ئەم مرۆڤە چیی پێشکەش نیشتمانەکەی کردووە و چیی بەخشیوەتە مرۆڤایەتی.لایەنە لاوازەکانیشی باس دەکەن، نایشارنەوە، بەڵام بێ بریندارکردن. ئەگەر پاساوێک بدۆزنەوە دەیدەنە پاڵ لاوازیی مرۆڤ خۆی و ئەوەیش هەر بە دیاردەیەکی مرۆڤانە دادەنێن.

٣

دوو دەستە ڕووناکبیری کورد هەن کە جێدەستیان بە ژیانی فەرهەنگی و فکریمانەوە ئاشکرا دیارە. دەکرێ چ وەک دەستە و چ وەک تاکەکەسیش بە شێوەی جیاواز بنرخێنرێن و هەڵسەنگێنرێن، دەکرێ ڕەخنە لە کارەکانیان بگرین و زۆر هەڵوێستیان بخەینە ژێر پرسیارەوە، بەڵام ناکرێ، بە هیچ جۆرێ ناکرێ، ڕۆڵی کاریگەریان بشێردرێتەوە و کارکردیان ئینکار بکرێت.

دەستەی یەکەم: ئەو ڕووناکبیرانەن کە کاتی خۆی لە ئیستانبووڵ ژیاون و کاریان کردووە و خۆیان پێگەیاندووە و پاشان گەڕانەوە بۆ کوردستان و ئەزموونەکانی خۆیانیان لە کوردستان و لە عیراقدا خستە کار، وەک تەوفیق وەهبی، محەمەد ئەمین زەکی، ڕەفیق حیلمی و پیرەمێرد و هەندێکی دیکەیش. ئەمانە پێشەنگەکان بوون. دەیانزانی چیمان پێویستە، دەیانزانی کورد چیی پێویستە و بۆ فەرهەنگی کورد دەبێ چی بکرێ، بەڵام نەیاندەزانی چۆنی ئەنجام بدەن، نەیاندەزانی لە کوێوە دەست پێ بکەن، نەیاندەزانی کام ڕێگایە کورتترە و باشتر دەیانگەیەنێتە (یا دەمانگەیەنێتە) ئامانج. ئەوان شارەزای ئەزموونی عوسمانییەکان بوون، چ بۆ کاروباری دەوڵەت و چ بۆ گەشەپێدانی فەرهەنگ. چەمکەکانیان، زاراوەکانیان، بۆچوونەکانیان لە فەرهەنگی عوسمانییەوە هەڵدەگۆزی، هیی دواساڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو، کە ئیدی بۆن و ڕەنگی نوێخوازیی ئەوروپایشی پێوە دیار بوو. ئەمانە پرۆگرامێکی ئاشکرا و ڕوون و ڕێکخراویان نەبوو، هەستی هەرە زاڵ لای ئەمان هەستی بەراوردکاری بوو. هەموو شتێکیان بە گەزی عوسمانی دەپێوا. هەر باس و پرسیارێکیان دەهاتە پێش، پەنایان دەبردە بەر نۆستالژیا و دەگەڕانەوە بۆ سەردەمی زێڕینی ئەستەموڵ. ئەگەر بە تێرمە سیاسییەکانی ئەم سەردەمە قسە بکەین، دەتوانم بڵێم پیرەمێرد و ڕەفیق حیلمی کوردستانی بوون، وەهبی بەگ و زەکی بەگ عیراقخواز بوون. پیرەمێرد و حیلمی لە نەتەوەکەی خۆیانەوە نزیکتر بوون، وەهبی بەگ و زەکی بەگ زیاتر خانەدان و ئەریستۆکرات بوون و نەیاندەویست دڵی کورسی و دەسەڵاتیان لێ بڕەنجێ. ئەمان خاکی و خۆمانە بوون و ئەوان ئەفەندی. ئەنجامێکی سەرنجڕاکێش ئەوەیە پیرەمێرد و حیلمی بەرهەمی فەرهەنگی و فکرییان زۆرە و کارێکی زۆریان کردووە، کەچی وەهبی و زەکی کەمبەرهەمن، ئەگەرچی ژیانی ماددیی ئەوان زۆر چاکتر بووە و هەمیشە لە ناز و نیعمەتدا ژیاون. لەگەڵ ئەو جیاوازییانەیشدا، هەموویان کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر بوون. لەو چوارە من تەنیا مامۆستا تەوفیق وەهبیم دەناسی. ئەگەرچی لە زۆر شتدا، لە تەمەنەوە بگرە تا باوەڕی هونەری و فکری، لە یەکەوە دوور بووین، بەڵام زۆریش دۆست بووین. وەهبی بەگ شێخ مەحموودی حەفیدی زۆر خۆش دەویست. جارێکیان چاوی بە وێنەیەکی شێخ کەوت، هەردوو چاوی پڕ بوون لە فرمێسک. ڕێزێکی یەکجار زۆری مەلا مستەفای بارزانی دەگرت. لە دانیشتنێکدا باسی مەموزینی

خانیمان دەکرد، وتی من چاپە کۆنەکەم هەبوو، ساڵی ١٩٤٢ لە بەغدا دام بە مەلا مستەفا. من نەمزانی مەبەستی کێیە، وتم: کام مەلا مستەفا؟ وتی: مەلا مستەفای پاشای کوردستان، مەلا مستەفای بارزانی. وشەکان لە دڵیەوە دەردەچوون.

دەستەی دووەم: ئەو ڕووناکبیرانەن کە بەرهەمی تێکەڵبوونی فەرهەنگی کلاسیک و نەریتانەی کوردەواری و ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ فەرهەنگی سەردەم و مۆدێرن و ئەوروپایی بوون (لای یەکێکیان ئەم بەشەی دووەم کەمترە). ئەمانە لە چلەکانی سەدەی بیست بە دواوە دەرکەوتن. کارکرد و بەشداریی ئەمانە تا ئەمڕۆیش قووڵترین و گرنگترین و پایەدارترین جێگای هەیە لە فەرهەنگی کورددا. ئەمان بە چەندین هەنگاو کەوتنە پێش دەستەی پێشەنگەکان. بنەڕەتە بتەوەکانی خۆناسین و کوردبوون ئەمان دایانمەزراند. ئەمان بوون ڕابوردوویان بە ئەمڕۆوە بەستەوە و ئەمڕۆیان خستە سەر ڕێگای سبەینێ. نرخە فکری و فەرهەنگی و ئێستێتیکییەکانی ئەمانە نرخی کوردەواری بوون، بەڵام دەستاوێژ و پێوەری کار و لێکدانەوەیان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی زانستی ئەم سەردەمەدا هاوئاهەنگ بوو. ناوە هەرە گەشەکانی ئەم دەستەیە عەلائوددین سەججادی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، مەسعوود محەمەد، جگەرخوێن، هێمن، هەژار، شوکور مستەفا و هەندێکی دیکەیشن. شوێنی مێژوویی و هونەری بیر و بەرهەمی شوکور مستەفا لەگەڵ ئەم دەستە ڕووناکبیرەدایە. دوو لایەنی زۆر سەرنجڕاکێشی ئەم دەستەیە ئەمانەن: پڕبەرهەمن و کوردستانین. کە دەڵێم کوردستانی مەبەستم ئەوەیە کە بە بیر و هۆشیارییان و بە بەرهەمەکانیان، سنووری جیۆگرافیایان بەزاندووە و هەموو کوردستانیان بە نیشتمانی خۆیان و بە نیشتمانی بیر و وشەکانیان زانیوە. سەردەستەی ئەم ڕووناکبیرانە، بێگومان، سەججادی بوو. سەججادی تەنیا وەک نووسەرێک و ڕووناکبیرێک کاری نەکردووە، بەڵکە لەبەر نەبوونی حوکوومەتێکی کوردی، وەک حوکوومەتێک کاری کردووە. ئەگەر لە هەموو مێژووی فەرهەنگ و زمانی کوردیدا تاکە کەسێک هەبووبێت بە نەخشەیەکی هۆشیارانەوە کاری کردبێت، ئەوە مامۆستا سەججادییە. ئەگەر لە هەموو مێژووی کوردەواریدا ڕووناکبیرێک هەبووبێت لە ناوەڕۆکی سیاسەتی فەرهەنگی گەیشتبێت و کاری بۆ کردبێت، ئەوا مامۆستا سەججادییە. هیچ کەسێک نەبووە هێندەی سەججادی بە قووڵی لەوە گەیشتبێت کە دەبێ چی بکرێت. پێم وایە دەتوانم بە ویژدانێکی ئاسوودەوە، بێ

ئەوەی ستەمێکم لە مێژوو کردبێت، بڵێم هۆشیاریی فەرهەنگیی سەجادی لە هۆشیاریی فەرهەنگیی هەردوو وەزارەتە فەرهەنگییەکانی ئەمڕۆی کوردستان و هەردوو حوکوومەتەکانی ئەمڕۆی کوردستان قووڵتر و ورتر و کوردانەتر بوو. زێدەڕۆییم کردووە؟ باوەڕ ناکەم!

٤

شوکور مستەفا پەروەردەی دەشتی گەرمیان و هەردەی زەنگەنە و کووچە و کۆڵانەکانی کەرکووک بوو. ئاشنای بابان و سۆران، موکریان و بۆتان، فەیلی و ئەردەڵان و بادینان، زازا و هەورامان بوو. عاشقی هەموو بستە زەوییەکی کوردستان و دڵسۆزی هەموو وشەیەکی کوردی بوو. هێندە شارەزای زمانی کوردی بوو، دەتگوت دایکی لە باتیی شیر شەربەتی زمانی داوەتێ. لە عەرەبی و تورکی و فارسیدا مەلەوان و دەستڕۆیشتوو بوو. حەزی دەکرد هەمیشە شتی تازە فێر ببێت، سەری سەرداپۆشراو هەڵبداتەوە و دەست بۆ نهێنە قووڵەکانی گەردوون ببات. بوێر بوو، لە زانست و فێربووندا بوێر بوو، ترسی نەبوو، مەگەر لە نەزانین.
شوکور مستەفا سۆفییەکی چەپ و مارکسیستێکی ئیدیالیست بوو. مەلایەکی شەریعەتناس و سێکولێرێکی شۆڕشگێڕ بوو. سوجدەی دەبردە بەر بیروباوەڕەکانی حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندیی شارەزووری، بەڵام بە تاسە و شەوقەوە مارکس و چێ گێڤارای دەخوێندەوە. حەزی لە وشەی جوان بوو، حەزی لە ژنی جوان بوو، حەزی لە دیمەنی جوان بوو.

٥

پێم وایە کەسایەتیی ڕاستەقینەی شوکور مستەفا لەم ساڵانەی دواییدا باشتر دەرکەوت. لێرە، لە کوردستانی ئازاد، کەلەپچە و دەستبەندە فکری و سیاسییەکانی توور هەڵدا و سانسۆری ئیدیۆلۆگیی لە بیر خۆی بردەوە. بە هەموو وزە و هێز و توانستێکەوە کەوتبووە پێشبڕکێیەکی سەختەوە لەگەڵ کات و تەمەن و پێویستییەکانی فەرهەنگ و زمانی کوردیدا.
ئێستا، کە مەلا شوکور بە جێی هێشتووین، دەبێ دوو پرسیار بکەین:
◇ مەلا شوکور کێ بوو؟

◇ لەو پێشبڕکێ سەختەدا چیی بردەوە؟ چیی دەست کەوت؟

پرسیاری یەکەم هەوڵدانێکە بۆ دیاریکردنی ناسنامەی فکری و فەرهەنگیی پیاوێک کە خەڵکێکی زۆری بە خۆیەوە خەریک کردبوو، رووبەرێکی پانوپۆڕیشی لە زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەی داگیر کردبوو. بەشێکی ئەو پێناسەیە پێوەستی لایەنە تەکنیکییەکانی زانیارییە، کە لە دنیای ئەمڕۆدا ناچارین بە وردی و لە کات و جێگەی خۆیاندا بە کاریان ببەین. پرسیاری دووەمیش باس لەو میراتە فیکری و فەرهەنگییە دەکات کە بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی، بەڵام هەروەهایش بۆ مرۆڤایەتیی، بە جێ هێشت. ئەم لایەنەی کەسایەتیی شوکور مستەفا، یا هەر هونەرمەند و رووناکبیرێکی دیکە، بە قورسایی و قەبارەی کتێب و بەرهەم ناپێورێت. لێرەدا پرسیاری کارکرد و شوێندەست دەکرێت. پرسیاری ئەو نوختە و هێڵ و ڕەنگانە دەکرێت کە لەسەر نەخشەی فەرهەنگی کورد نەخشاندوونی.

شوکور مستەفا وەرگێڕ بوو، وەرگێڕێکی یەکجار توانا و دەستڕەنگین و بەسەلیقە و نەفەسدرێژ. لە ڕووبار و گۆل و زەریای هەموو ئەو زمانانەدا کە دەیزانین مەلەی دەکرد. لەمیانەوە دەچوو بۆ ئەوی دیکە و لەوێشەوە بۆ سێیەمینیان و دواتریش دەهاتەوە بۆ یەکەمیان. ئەگەرچی تەرجەمەی ڕۆمانەکانی یەشار کەمالی کوردی تورکینووس شوکور مستەفای زیاتر بە خوێنەری کورد ناساند، بەڵام بەڕاستی کارەکانی وی زۆر لەوە قووڵتر و گرنگتر و زۆرتر بوون. ئەو مێژووی کورد، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، تیۆریی زمانەوانی و سۆسیۆلۆگی و ئەنترۆپۆلۆگی، شیعر و شانۆنامە و بیرەوەری و زۆر بابەتی دیکەیشی کردنە کوردی.

ئایا مامۆستا شوکور ئەم کار و بەرهەمانەی بەپێی پلان و نەخشەیەک ئەنجام دەدا؟ وەرام دەکرێ هەم (بەڵێ) بێت و هەم (نەء). هێندەی پێوەندیی بە تاکە تاکەی بەرهەمەوە هەبێت، واتە ئەم ڕۆمان، یا ئەو لێکۆڵینەوە، بێگومان نەخشەی بۆ کارەکەی کێشاوە. بەڵام لەوە بترازێت، ئەو کەوتبووە دووی هەستێکی خۆڕسک و قووڵی ئاشنایی و ناسینی فەرهەنگی نەتەوەکەی خۆی و پێویستییەکانی ئەو فەرهەنگە. لەپێناوی بەجێهێنانی ئەم ئەرکەدا من دڵنیام تەنانەت چێژ و هەستی ئێستێتیکیی خۆیشی فەرامۆش کردووە. ئەمە ڕێک وەک هەڵوێستی باوکێک دەچێت، لەپێناوی چاکترکردنی ژیانی خێزانەکەیدا و لەپێناوی پێگەیاندنی منداڵەکانیدا، ژیان و لەشساغی و حەز و ئارەزووەکانی خۆی بخاتە لاوە و دەست بداتە هەموو

کارێکی سەخت. لەو بار و هەلومەرجەی کوردستاندا باوەڕ ناکەم کەس لەوە زیاتر و چاکتری پێ بکرایە. ئەگەر دەستەڵاتی سیاسی هۆشیار و دووربین و لێزانتر ببووایە، بێگومان، ئەنجامەکە بە جۆرێکی دیکە دەبوو. ئەو کەسانەی ئەزموونێکی قووڵی نووسینیان هەیە، ئەوە تێدەگەن و دەزانن کە تۆ کاتێ بە زمانی خۆت دەنووسیت و تێکستێک دادەهێنێت، پەنا دەبەیتە بەر ئەو گەنجینە وشە و دەربڕینەی لە بەردەستتدایە. هەر لە چوارچێوەی ئەو سامانەدا دەتوانیت بەرهەمی جوان و بەرز بئافرێنیت. تەنانەت هەستە قووڵ و وردەکانی ناوەوەی هونەرمەندیش هەر بە پێکهاتەکانی ئەو گەنجینەیە دەردەبڕدرێت. مەموزینی حەزرەتی خانی و شیعرەکانی مەولەوی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. بەڵام کاتێ دەتەوێ تیکستێک تەرجەمە بکەیت، ئەودەم بڕیار تەنیا بەدەست تۆ نییە. چونکە نووسەری تێکستەکە لە گەنجینەی سامانی زمانی خۆی و زانیارییەکانی خۆی ئەو بەرهەمەی نووسیوە. ئەو بەپێی کۆمەڵێ بنەمای نووسین، بنەماکانی مێتۆدیکی ئەکادێمی یا دیسیپلینەکانی ژانر و بابەتی جیاواز، و بە ڤۆکابولێر و تێرم و چەمک و دەربڕینی بەردەست، تێکستەکەی نووسیوە. ئەوجا کە تۆ دێیت و دەتەوێ ئەو تێکستە تەرجەمە بکەیت، بیکەی بە زمانی خۆت، بیکەیت بە کوردی، ئەوسا ئیتر گەنجینەی فەرهەنگ و زمانەکەت و ئەو زمانە باوەی کە هەموو بەکاری دەهێنن نایێت بە هاناتەوە. ئەو زمانە و ڤۆکابولێر و تێرمەکانی زمانەکە بەشت ناکات. تۆ ناچاری وشەی تازە دابهێنیت، دەربڕینی تازە و لەبار بدۆزیتەوە، تێرم و زاراوەی تازەکووره و گونجاو بێنیتە بەرهەم. ئەگەر وا نەکەیت ناتوانیت بیر و بەرهەمی خەڵک و فەرهەنگ و زمانی دیکە بێنیتە سەر زمانەکەی خۆت. شوکور مستەفا ئەم کارەی دەکرد. تۆ دەبینی کاتێ دەست دەداتە تێزە زانستییەکەی ئیسماعیل بێشیکچی، دەیکاتە عەرەبی، نەک کوردی. ڕاستە ئەو ویستوویەتی بە تیرێک دوو نیشان بشکێنێت، بەڵام دڵنیام ئەو ڕاستییەیشی لە بیر بووە، ڕەنگە لە نەستیدا، لە جێگایەکدا هەڵیگرتبێت، کە کوردی ڕەنگە بەشی ئەو هەموو تێرمە سۆسیۆلۆگی و ئەنترۆپۆلۆگییە نەکات و دەرۆستی نەیەت. بەڵام بێگومان کۆمەڵێ کاری گەورەی تەرجەمە کردوون و کردوونی بە کوردی. زمانە کوردییەکەیشی بەو کارانە دەوڵەمەند کردووە. زمانی شوکور مستەفا زمانی فەرهەنگێکی جووتیارانەی نیوەگیان نەبوو، بەڵکە ترۆپکی ئەو زمانە کوردییە بوو کە دەکرێ ئەمڕۆ لە بوارە جیاجیاکانی زانست و زانیاریدا بخرێتە گەڕ. ئەو کە یەشار

کەمال دەکاتە کوردی و باسی مەرەزە و کێڵگەی لۆکە و پێوەندیی وەرزێر و ئاغا دەکات، زمانی جووتیارانە بە جوانترین شێوە دەخاتە کار، بەڵام کاتێ لێکۆڵینەوەیەکی زمانناسی دەکاتە کوردی، یا لە چاوپێکەوتنێکدا باسی فکر و تەوژمەکانی فەلسەفە و ئیدیۆلۆگی دەکات، ئەودەم زمانێکی تازە و سفت و قووڵ دادەهێنێ و هەموو توانستی خۆی دەخاتە کار بۆ ئەوەی زمان وەرامدەرەوەی بیر و فکر و ئایدیا بێت. ئەمە قسە نابەجێ و سووکەکانی ئەو نەخوێندەوارە لووتبەرزانە بە درۆ دەخاتەوە کە نە شوکور مستەفا دەناسن، نە کوردی دەزانن و نە ئاشنای زانست و فکرن.

لە بواری زماندا، لە بواری زمانی کوردیدا، شوکور مستەفا هەرچییەکی پێشکەش کردبێت، بەرهەم و ئەنجامی ئەو وەرگێڕان و نووسینانەن کە ژیان و تەمەنی خۆی بۆ تەرخان کردبوون. ئەو کوردیزانێکی گەورە بوو. شوکور مستەفا، وەک هەژار و هێمن، کوردیزان بوو نەک زمانەوان. کە دەڵێم زمانەوان مەبەستم زانایەکە کە پسپۆڕی زمانەوانی بێت، فیلۆلۆگیست یا لینگویست. لەوەیە ئەم لە هەژار و هێمن زیاتر لە باسەکانی زمانەوانی گەیشتبێت، چونکە هەندێ لێکۆڵینەوەی لەو بوارەدا تەرجەمەی کوردی کردبوو، بەڵام پێوەندیی وی بە زمانەوە پێوەندی کوردیزانێکی لێهاتوو بوو، نەک زانایەکی بواری زمانەوانی.

ساڵانێکی دوورودرێژ شوکور مستەفا شەیدا و تاسەباری ئەوە بوو کە زمانی کوردی بگاتە پلەیەک و ئاستێک کە ئیتر بتوانێ پێی بڵێت زمانێکی ستاندارد. چ ئەو سەردەمانەی لە کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا کاری دەکرد و چ ئەوسا کە لە کۆڕی زانیاریی کوردستان بوو، لە هەولێر، ڕەنجێکی زۆری دا لەو پێناوەدا. من پێم وایە بەری ئەو کۆشش و ڕەنجانەی شوکور مستەفا، ئەو گەنجینە بەنرخەیە کە کردی بە دیاری بۆ زمانی کوردی. ئەو تەنیا ئەو ڕێگەیەی شک دەبرد، ئەگەرچی ڕێگەی دیکەیش هەبوون و هەن.

ساڵی پار کە هات بۆ ستۆکهۆڵم گەورەیی و دڵسۆزیی نواند و سەری لێ دام. زۆرم حەز دەکرد هەلێکی وامان چنگ بکەوێت برێک بە دوورودرێژی باسی ڕەوشی زمان و فەرهەنگ بکەین، بەڵام بەداخەوە دەرفەتی لەبار، هەر دەست نەکەوت. خۆیشی لە بارێکی دەروونیی زۆر ئاڵۆزکاو و نالەباردا بوو، کە نەدەکرا قسە و باسوخواسی زۆر قووڵ و جیددیی لەگەڵدا بکەیتەوە. بەڕاستی ئەوەندەیان خوێندبوو بە گوێیدا کە

ئیــدی خــۆیشـی نەیدەزانی گــوێ لە کێ بگرێت و کێ بە ڕاست دابنێت و کێ بە ناڕاست. ئەوەیش خـۆی وێنـەیەکی ڕاسـتی هەلومـەرجی زمـان و فـەرهەنگی کـوردی بوو. من ئەودەم دەمگوت و ئێستاکەیش دەیڵێمەوە، بەڕاسـتی وەزعی زمانی کوردی لە سایەی ڕێژیمی خوێنڕێژی بەعسدا لە ئێستای چاکتر بوو. دەبێ بڵێین خوا لەمە خراپتر نەدات.

٦

شـوکور مـستـەفـا تا لە بەغـدا دەژیا کـەمـتـر توخـنـی باسـوخـواسـی فـەلسـەفـە و فکر دەکەوت. هێندەی من بزانم تەنیا یەک جـار وتارێکی نووسـیـبوو، ئەویـشـی پێشـتـر لە کـۆڕێکدا پـێشـکەش کـردبوو، لەبارەی تـەسـەووفـەوە. بـەڵام کـاتێ هاتە کـوردسـتـان هەستی بەوە دەکرد کە زۆر باس و بابەت هەن سـاڵانێکی دوورودرێژی تەمەنی لێیان بێبـەش بوو، ئێستـا دەرفەت ڕەخساوە بۆ ئەوەی قسەی خۆی بکات. ئەم هەڵوێستـەی دەکرا بە دوو جۆر بنوێنێت: یا ئەوەتا ئەو تێکستـە فەلسـەفییانە بکاتە کوردی کە خـۆی بە باشی دەزانـین، یا ئەوەی خـۆی بەرهەمـێکی فکری و فـەلسـەفی پێـشکەش بکات. مـەلا شـوکور ڕێگەی دووەمیـانی هەڵبژارد، بەڵام مـەرگ لە پارێزدا بوو. ئەو ئەگـەرچی نەهات تێـزێکی فـەلسـەفی و فکری ئامـادە بکات، بەڵام لـە زنجیـرەوتاری سـەرچاوەکـانی بیـروبـاوەڕی کـوردەواری، لـە دیمانەیەکی گـۆڤـاری کـەلەپـوور و لە دیمانەیـەکی دوورودرێژی مـامـۆسـتـا سـەرۆ قـادردا بنەڕەتە گـشـتـییـەکـانی بیـر و بیرکردنـەوە و جیـهـانبینیی خۆی بە زمـانێکی سفت و دەوڵەمـەند و پاراو دەربڕیوە و ڕوون کـردووەتەوە. لەو نووسـینانەدا روونتـر دەردەکـەوێت کـە شـوکـور مـسـتـەفـا خوێنەوارێکی قووڵ و ڕووناکبیرێکی جیددی و مرۆڤێکی هۆشیار بوو.
وەک ڕووناکبـیـرێک، ئایا شـوکور مـستـەفا تا چەند دەیتـوانی ڕۆڵ ببینێت؟ شـێوەی داڕشـتنی پرسـیـارەکـەم ئەوە دەردەخـات کـە (ڕووناکـبیـربوون) لەگـەڵ ئەوەی (ڕۆڵی ڕووناکبیر ببینیت)، دوو شتی جیاوازن. دیارە هەر وایشە.
مامۆستا شوکور مستەفا گەلێ جار، چ لە دیمانەکانیدا و چ لە دانیشتنی تایبەتی و خۆمانەدا، بیروباوەڕی خۆی سەبارەت مەسەلە جیاوازەکانی سیاسەت و ناسیاسەت دەردەبڕێ. هـێندەی مـن تێگەیشـتــبـێـتم، ئەو لە پلـەی یەکـەمــدا لە بواری باسـە گشتیـەکاندا هەڵوێستی ڕوونتر بوو. ئەمـەیان ئاسـانتر بوو، چونکە پێویست نەبوو

خۆی ببەستێتەوە بە نموونەیەکی دیاریکراو و بەردەستەوە.

شێوەیەکی دیکەی هەڵوێست وەرگرتنی شوکور مستەفا ئەو پرسیارانە بوو کە دەیکردن. پرسیاری لە سنووری بیر و فەلسەفە و سیاسەت و تەنانەت هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیشدا دەورووژاند. پرسیاری لە بواری دین و بیروباوەڕە باوەکاندا دەورووژاند. گەلێ جار هەوڵی دەدا ڕوونکردنەوەی مێژوویی بۆ پرسیارە گرنگەکانی ئەمڕۆ بدۆزێتەوە. هەوڵی دەدا پاشخانی مێژوویی بکاتە زرێیەک، سپەرێک بۆ وەستان ڕووبەڕووی ئەو هەموو نێزە و سەرەڕمانەی لە دەوروبەری خۆی دەیبینین، جا ڕوویان لەو بووبێت یا لە کەسانی نزیکی ئەو.

زۆرم حەز دەکرد شوکور مستەفا ڕەخنەگر بووایە. مەبەستم ڕەخنەگر بە هەردوو مەعناکانی. حەزم دەکرد ڕەخنەی ئەدەبیی بکردایەتە بەشێک لە چالاکییە فکرییەکانی. دەزانی بۆ؟ چونکە ئەو پیاوە بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە گەیشتبووە پلەیەکی یەکجار بەرزی چێژ و هەست و هەڵوێستی هونەری و جوانی و ئێستێتیکی. کۆمەڵێ نرخی هونەریی لا دروست بووبوون کە دەیتوانی زۆر جوان بیانخاتە گەڕ بۆ نرخاندن و هەڵسەنگاندنی تێکستە ئەدەبییەکانی کوردی، جا هیی ئەمڕۆ بێت، یا هیی ڕابوردوو. لەو ڕووەوە مامۆستای گەورەی کۆچکردوومان مەسعوود محەمەد بناغەیەکی یەکجار پتەو و گەورەی دانا. لە بوارێکی دیکەیشدا حەزم دەکرد مامۆستا شوکور مستەفا ڕەخنەگر بووایە. مەبەستم ڕەخنەی لە دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فکرییەکان بگرتایە. ڕەخنە لەو دامەزراوانەی کە بە ناوی نەتەوەوە پەیدا دەبن و هەر زوویش دەبنە کۆت و کەلەپچە و لە دەست و پێ و گەردنی نەتەوە و مێژووی نەتەوە دەئاڵێن. ڕەخنە لە شێوەی یەکالاکردنەوەی ناکۆکییە فکری و ئیدیۆلۆگی و سیاسییەکان. ڕەخنە لە نەبوونی نەخشە و پرۆگرامێک بۆ بزواندن و گەشەپێدان و پێشخستنی فەرهەنگی کوردی. مامۆستا ئەگەرچی خۆی لەقەرەی باسە فەلسەفی و فکرییەکان دەدا، بەڵام کەمتر ڕەخنەگرانە لێیان دەچووە پێشەوە. پرسیاری زۆر دەکرد. پرسیاری لە بارەی زۆر بابەت و بیر و باسەوە دەکرد، بەڵام پرسیارەکانی سەرنەدەخست بەرەو پلەی ڕەخنەگرتن. لەنێوان پرسیار و ڕەخنەدا، لەوەی یەکەمیانەوە نزیکتر بوو. هەر نەبێ بە ڕواڵەت وا بوو.

گەڕەکی سۆللەنتوونای شاری ستۆکهۆڵم، سوێد

ڕۆژی چوارەمی مانگی دەوازدەی ساڵی دووهەزار و سێ

# چیرۆکی ڕۆحێکی کڵۆڵ،
# گۆران: ٤٥ ساڵ دوای مردنی

ڕەنگە ئاسانترین و سادەترین پێشکەشکردنی مامۆستا گۆران ئەوە بێت بڵێین شاعیرێکی کوردە، بە ڕێبەری تازەکردنەوەی شیعری کوردی دادەنرێت، ساڵی ١٩٠٤ یا ١٩٠٥ لە دایک بووە و لە ١٨-١١-١٩٦٢دا بە نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردووە. ئەمە ئەو زانیارییە گشتییەیە کە ڕەنگە بە کورتی لە ئینسیکلۆپێدیایەکدا بنووسرێت. دیارە لەنێوان ئەو دوو مێژووەدا نزیکەی ٥٧ یا ٥٨ ساڵ تەمەن و دنیایەکی پانوپۆڕ و ڕەنگین و قووڵ و فراوانی بیر و شیعر و داهێنان و خەیاڵ و تاسە و نیگەرانی هەیە.

بەڕاستی من ئەو پێشکەشکردنە سادە و ساکارە بە بناخەیەک دانانێم ژیان و تێگەیشتنی شاعیرێکی گەورەی وەک گۆرانی لەسەر هەڵچنرێت. دەبێ ژیانی گۆران بە شێوەیەکی دیکە لێک بدرێتەوە. لێکدانەوە و باسکردنی ژیانی گۆران بێ بەستنەوەی ئەو زانیارییانە بە ژیانی هونەرمەندانە و داهێنەرانەی گۆرانەوە دەیکاتە تێکستێکی بیۆگرافیی بێگیان. لە لایەکی دیکەیشەوە ئەو لەیەکدابڕینەی ژیان و هونەری گۆران شیعرەکانیشی دەکاتە کۆمەڵە تێکستێکی بێبنج و بێڕەگوڕیشە.


زۆر کەس لەبارەی ژیانی گۆرانەوە وتار و کتێبیان نووسیوە، بەڵام کەس نەهاتووە ئەو دوو لایەنە گرنگەی کەسایەتیی ئەو پێکەوە گرێ بدات و کارکردیان لە یەکدی بدۆزێتەوە و ڕوون بکاتەوە. ڕەنگە بکرێ لە ژیانی گۆراندا کۆمەڵە ڕووداوێکی گرنگ و چەند قۆناغێک دەستنیشان بکرێن وەک نیشانەی سەرەڕێگای گەشتێکی دوورودرێژ. هەڵبژاردنی ڕووداو و قۆناغ دەبێ بەو مەبەستە بێت نوختە گەوهەرییەکانی ژیان و هونەری گۆران دەربکەون و ببنە پەڕەی کەتەلۆگێک بۆ ناسینی ڕاستەقینەی گۆران وەک تاکەکەسێکی داهێنەر و هۆشیار، بۆ تیگەیشتن لە پلە جیاوازەکانی ئەو پرۆسێسی گەشەکردنەی کە لە ئەنجامدا هونەرمەندێک و مرۆڤێک و خەباتکارێکی لێ دەرچوو، ئەمرۆ پێی دەڵێین گۆران. ئەوەی لەو هونەرمەند

و مرۆڤ و خەباتکارە بە جێ ماوە گەنجینەیەکی بەنرخە و بەشێکی دەوڵەمەندی فەرهەنگ و شارستانەتیی نەتەوەی کوردە.

من نامەوێ لەم دەرفەتە کورت و سنووردارەدا سەرلەبەری ئەو سامانە گەورە و پرشنگدارە بخوێنمەوە و پێدا بچمەوە، چونکە، تەنانەت ئەگەریش بمەوێت، هەر ناکرێت. بەڵام هەوڵ دەدەم دوو سێ لایەنی لێ هەڵبژێرم و وەک خولقێنەر و بناخەی گیانی هونەرمەندانەی گۆران لێیان ورد ببمەوە.

گۆران لە ماڵێکی خوێندەوار و شیعرناس و فەرهەنگدۆستدا لە دایک بووە. لە ناوچەی هەڵەبجەی کوردستانی خوارووی گەورە بووە. بێجگە لە زمانە کوردییەکەی خۆی، یەکەم زمانی خوێندن و فێربوونی، زمانی فارسی بووە. دواتر، چەند ساڵێک لەوەوپاش، فێری تورکی و عەرەبی و ئینگلیزی بووە. ئەمە نیشانەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی لە هەستی زمانەوانی و زمانپاراویی گۆران تێبگەین. تورکیزانینی گۆران هۆیەکی گرنگ بوو کە ئەدەبییاتی تازەی ئەو سەردەمەی تورک بناسێت، بەتایبەت شاعیرێکی وەک تەوفیق فیکرەت (١٨٦٧–١٩١٥). ئێستا کارکردی شیعر و شێوازی فیکرەت لەسەر گۆران بە بەڵگە و ئاشکراتر دەرکەوتووە. هەر لە ڕێگەی زمانی تورکییەوە گۆران ئاشنایەتیی لەگەڵ ئەدەبییاتی تازەی ئەورووپایشدا پەیدا کردووە، ئەگەرچی پێم وایە ئاشنایەتییەکی تەنک و سەراوی بووە.

هەر لەم بوارەدا دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین کە گۆران وەک وەرگێڕێکیش زۆر بە وریایی سوودی لەم پاشخانە زمانەوانییەی خۆی وەرگرتووە. ئێمە کاتێ چیرۆکە وەرگێڕدراوەکانی گۆران دەخوێنینەوە، بۆ نموونە شازادەی بەختیاری ئۆسکار وایڵد (١٨٥٤–١٩٠٠)، هەست دەکەین بێ زۆرلەخۆکردن کۆمەڵێ ناو و زاراوەی داهێناون و تێکەڵی تێکستەکانی کردوون. لەو شیعرانەیشدا کە کردوونی بە کوردی، بەڕاستی کارەکەی گۆران تەنیا وەرگێڕان نییە، تەنیا تەرجەمە نییە، بەڵکە کورداندنی تێکستەکانە. شیعرێکی وەک (قەیسی شەهید)، کە ڕاستەوخۆ لە عەرەبییەوە تەرجەمەی کردووە، تۆ کە دەیخوێنیتەوە هەست ناکەیت ئەمە لە زمانێکی ترەوە کراوەتە کوردی. تەنانەت ئەو شیعرانەیش کە بەسەر دوو زمان یا ڕەنگە سێ زماندا گەیشتبێتنە گۆران، ئەوەندە جوان کورداندوونی کە هەر وا دەزانیت شیعری گۆرانن، ئەگەر بیر لە ناوەڕۆکەکانیان نەکەیتەوە.



گۆران

ئەم بەهرەیەی گۆران لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا زیاتر دەدرەوشێتەوە، کە دەزانین زمانی کوردی تووشی چ قەیرانێک بووە لە هەموو بوارەکاندا. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابوردوودا ژمارەی نووسەران و کوردینووسان بە ڕادەیەکی سەرسوورهێن هەڵکشاوە و دەتوانین وای دابنێین ٤٠٠٪ تووشی ئاوسان بووە. بەڵام بەرانبەر بەوەیش ژمارەی کوردیزانان، ئەوانەی کە کوردییەکی ڕاست و جوان دەنووسن، بە جۆرێکی ترسناک دابەزیوە و دەکرێ بێ دوودڵی بڵێین بەپێی ژمارەی نووسەرانی ئەمڕۆ بە ڕێژەی ٩٠٪ و بگرە زۆرتریش داویەتی لە کەمی.

نیشانەیەکی گرنگی دیکە ڕەنگە پێوەندیی بە شێوەی فیزیکی و بەژن و باڵای گۆران خۆیەوە هەبێت. ئێمە ئەوە دەزانین گۆران پیاوێکی تا ڕادەیەک کورتەباڵا و لەڕ و لاواز بووە. وەک پاڵپێوەنەرێکی سایکۆلۆگی، ئەم لاوازی و کورتییە وای لە گۆران کردووە کە هەستی جوانناسی و جوانیپەرستییەکەی شێوەیەکی تایبەت وەربگرێت. گۆران کە بیر لە ژنی نموونە دەکاتەوە، ژنێک کە سەرچاوەی عەشق و ئەوین و جوانی و شیعر، بەڵام هاوکات، لەوەیش گرنگتر، سەرچاوەی لەزەت و خۆشیی ڕۆحی

و بەدەنی بێت، وێنەیەکی گشتلایەنە لە مێشکی خۆیدا دروست دەکات و هەوڵ دەدات هەمیشە هەموو فانتازی و خولیا و تاسەی خۆی لەو وێنە ئیدیالە نزیک بکاتەوە. ئەو وێنەیە ژنێکە کە بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێ وێنەی شیعری، مرۆڤ دەتوانێت شێوەی بکات و بیناسێتەوە: [کام بەرزی ئەگا بە بەرزیی باڵای؟/ باڵابەرز و بچکۆلەپێ و ئیسکارپین/ بە باڵای بەرز، بە ئەندامی نەرم و شل و جوان/ لەرانەوەی لەشی زیوینی شۆڕەبیی کەڵەگەت]. ئەگەر بۆ وێنەی لەم بابەتە بگەڕێین، لە دیوانی گۆراندا دەیانی وامان بەرچاو دەکەوێت.

ئەزموونی دابڕانی شاعیرێکی وەک مام هێمن لە ژن، لە خۆشەویست، لە جوانیی لەشولار، ئەزموونێکی سەخت و تاریکە و لە ئەزموونی گۆران زۆر جیاوازە، بەڵام کاتێ هێمن ئەو دابڕان و ئەو تاسەیە دەردەبڕێت، من وەک خوێنەرێک وێنەیەکی تایبەتی ژنم لە مێشکدا دروست نابێت. دەزانم تینووی لەشولاری ژنە، دەزانم تاسەی جوانییە ڕۆحی و ماددییەکانی ژن دەکات، بەڵام ژن لای هێمن، لە شیعرەکانیدا، نەک لە خەیاڵی خۆیدا، ئافەریدەیەکی بێقەوارە و بێڕەنگ و بێبۆنە. لێرەدا دەبێ ڕێگرێک، کۆسپێک، هەبێت کە دەستاوێژە هونەرییەکانی هێمن ناچار دەکات ئەو وێنەیەی لە فانتازی و خەیاڵی ویدا هەیە، بە جۆرێکی دیکە پێشکەش بکات، بە شێوەیەک پێشکەشی بکات لەگەڵ پێوەرە سیاسی و ئەخلاقی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگەدا بگونجێت. گۆرانیش، کە دواتر دەکەوێتە داوی ئیدیۆلۆگییەوە، ئەو بەربەستە بۆ خۆی دروست دەکات و فیلتەرێکی سووری ئاسنین بۆ هەستەکانی و تەنانەت بۆ کەرەستە هونەرییەکانی خۆیشی دادەنێت.

تەبیعەت (یا سرشت) ڕۆڵێکی یەکجار ناوەندیی لە شیعر و خەیاڵ و وێناندنی گۆراندا هەیە. لە هەموو ئەدەبی کوردیدا هیچ کەسێک هێندەی مەولەویی تاوەگۆزی و گۆران لەگەڵ تەبیعەتدا هاوئاهەنگ و تێکەڵاو و ئالوودە و شەیدا و مەست نەبووە. تەنانەت دوای گۆرانیش هیچ شاعیرێکی کورد نەیتوانیوە بەو شێوەیە هونەر و تەبیعەت تێکەڵاو بکات و تەبیعەت بکاتە سەرچاوەیەکی زیندوو و لەبننەهاتووی ئیلهام و بەهرە. بەڵام لەگەڵ ئەو هۆگرییەی تەبیعەتیشدا، گۆران تەبیعەتی لەبەر مرۆڤ، لەبەر ئینسان، خۆش ویستووە. ڕەنگە ڕاستتر ئەوە بێت بڵێین تەبیعەتی "لەگەڵ" ئینساندا خۆش ویستووە، سرشتی بۆ ئەوە ویستووە کە مرۆڤ، بەتایبەت مرۆڤی جوان، کە لای گۆران دەبێتە ژن، لەناویدا بژی و هونەرە ڕۆحی و

ماددییەکانی خۆی تێدا بنوێنێت.

کاتێ گۆران لە تەبیعەت نزیک دەبێتەوە، ئەم نزیکبوونەوەیە هەم هونەرییە و هەمیش ڕۆحی. مەولەوییش هەر وایە، ئەگەرچی مەولەوی لە گۆران زیاتر و هۆشیارانەتر ئەزموونی ڕۆحیی خۆی لەگەڵ کەرەستە هونەرییەکانیدا ئاوێتە دەکات. مەولەوی ئەزموونی ڕۆحیی خۆی دەخاتە قاڵبێکی فەلسەفییەوە. هۆیەکەیشی ڕوونە؛ مەولەوی سۆفی بووە و گۆران، هەر نەبێ سەردەمێکی ژیانی، کۆمونیست. بەڵام لە هیچ تێکستێکی گۆراندا من هەستم بەوە نەکردووە هەوڵی نزیکبوونەوەیەکی لێکسیکاڵ (فەرهەنگییانە)ی دابێت، بەو مەعنایەی هونەر و توانستە زمانەوانییەکانی خۆی پێشان بدات یا هەوڵی ئەوە بدات گەنجینەی زانیاریی زمانەوانیی خۆی تۆمار بکات، وەک ئەرکێکی هۆشیارانە و ڕووناکبیرانەی شاعیرێک. ئەرکێکی وەها، چەندە گرنگ و پێویست و پیرۆزیش بێت، هەرگیز لەگەڵ ناوەڕۆکی ئێستێتیکیی نەخشی مێژوویی شاعیردا ناگونجێت. ڕەنگە تۆمارکردنی گەنجینەی زانیاریی زمانەوانی دەرئەنجامێکی ناڕاستەوخۆی بەرهەمی شاعیر بێت، بەڵام کە بوو بە کردارێکی هۆشیارانەی نەخشەبۆکێشراو، شاعیر لە بازنەی هونەری و ئێستێتیکیی خۆی دوور دەکەوێتەوە و بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە کەسێکی زمانەوان و ئەکادێمی.

لەم ڕووەیشەوە دەکرێ بەراوردێک لەنێوان گۆران و هێمندا بکەین. هێمنیش وەک گۆران و وەک مەولەوی یەکجار هۆگری تەبیعەتە. ئەویش شەیدا و شیفتەی تەبیعەتی جوان و ڕەنگاوڕەنگی کوردستانە. بەڵام ئەو تەبیعەتەی هێمن لە بەشێکی زۆری شیعرەکانیدا وێنەی دەکێشێت، تەبیعەتێکی فەرهەنگی (قامووسی)یە و جوانیی تەبیعەت لای هێمن جوانیی تابلۆیەکە. ئەو دێت لە شیعرێکدا ناوی دەیان گوڵ و گیا (مێلاقە، وەنەوشە، مەندۆک، خاو، کەما، سوێسن، بەیبوون، شلێر، هەڵز، بیزا، هەڵاڵە) و ناوی دەیان دیاردە و ڕووداوەکانی سەرما و با و بۆران (مژ، تەم، سۆڵ، سیخوار، سەهۆڵ، زریان، شەماڵ، کرێوە، ڕنوو، بەفر، پرووشە، کەرەسیسە، لەنگێزە...هتد) لە دووی یەکتر ڕیز دەکات. ئەمە ڕەنگە تۆمارکردنی وشەی جوان و ڕەسەنی کوردیی سەردەم و ناوچەی مامۆستا هێمن بێت. لەوانەیشە بوارێکی باش بێت بۆ خوێندکارێکی بێبەهرەی ئەکادێمی، بچێت لێی بکۆڵێتەوە و تێزی لەسەر بنووسێت، بەڵام شیعر نییە، یا هەر نەبێ، ئەگەر شیعریش بێت، شیعرێکی بێگیانە.

لایەنێکی، بە لای منەوە، یەکجار هونەرمەندانە و داهێنەرانەی گۆران ئەو خەم و

ڕەشبینییە قووڵەیە کە لە چەند شیعرێکی کەمدا دەربڕیوە. نە خەم و نیگەرانیی گۆران و نە ڕەشبینییەکەی، زادەی بیرێکی ساکاری ڕۆژانە نین. ئەو لە بازنەی بیرێکی فەلسەفی و وجوودیدا لە دەروبەری خۆی و لە لایەنە تەماوی و بێڕەنگەکانی ژیان ورد دەبێتەوە و بە دوای وەرامدا وێڵە. هەندێ جار هەر لە شێوەی پرسیارکردنەکەیدا تۆ دەزانیت ئەو دەیەوێت وەرامیشت پێ ڕابگەیێنێت، وەرامێک کە دیارە بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی قووڵ و ئەنجامی دەردکێشانێکی ڕۆحسووتێنە. من وای تێدەگەم بەشی زۆری ئەم شیعرانە، ڕەنگە هەموویشیان، ئەو ساڵانە نووسرابن کە گۆران هێشتا لەگەڵ فەلسەفەی مارکسیزم و پارتی کۆمونیستدا ئاشنایەتیی پەیدا نەکردووە. بەم پێیە دەبێ لە تەمەنێکدا ئەم شیعرانەی نووسیبێت کە هێشتا گەنج بووە، هێشتا نەچۆتە ناو ساڵەوە و ئەزموونەکانی ژیانی زۆر نین، بەڵام هیچ فیلتەرێکی فکری و فەلسەفی و ئایینیی دانەناوە تا بیرەکانی بپاڵێوێت.

شیعرەکانی (زەنگی پەستی، بەسەرهاتی ئەستێرەیەک و بۆ هیوای کوڕم) و شیوەنەکانی بۆ هیوای کوڕی و گوڵاڵەی کچی ئەو دورجە سفت و نەخشینانەن کە گەوهەرە فکرییەکانی خۆی تێدا هەڵگرتوون. خوێنەر، بۆ ئەوەی بتوانێت تەماشایان بکات و چێژ لە بریسکە و درەوشانەوەیان وەربگرێت، دەبێت کۆدەکانی بیری ئەو کاتەی گۆرانی لە بەر بێت.

لەو شیعرانەدا گۆران وەک مرۆڤێکی هۆشیار، مرۆڤێک کە ئەزموونە تیژ و گەرمەکانی ژیان گریان لە ڕۆحی بەر داوە و کەناری دڵیان بریندار کردووە، باسی ناوەوەی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، یا هەوڵ دەدات بیگێڕێتەوە، چونکە ئەوە چیرۆکێکە هەرچۆنێکی بگێڕیتەوە هەر ناتەواوە. ئەم دەردکێشانەی گۆران هیچ پێوەندییەکی بە باری چینایەتی و پێبەستی نەتەوایەتییەوە نییە. گۆران هەژاریش نەبووایە و کوردیش نەبووایە ئەم بیرانەی هەر لە مێشکدا دەگووران، چونکە بیر دەکاتەوە و هۆشی خۆی بە جۆرێک بە کار دەهێنێت کە بووەتە هێزێک، ڕێی بۆ دادەنێت و زۆر جار بەرانبەری لێ دەگرێت و دەیەوێت بەشێک بێت لە دەستەڵاتی مرۆڤانەی گۆران. ئەمە کێشەیەکی ئەزەلییە و هەر لە زووەوە گەلێ بیریار و هونەرمەند بە دەستییەوە ناڵاندوویانە و هەندێکیان، یا ڕەنگە کەمیان، بە جۆرێک دەریانبڕیوە. گۆرانیش دەزانێت ماکی خەفەت و نیگەرانییەکانی هۆش و ئاوەزە:

ـ ... زیاتر سەبەبی عەقڵ و شوعوورە خەفەتی من؛ (شیعری تاوێ نەگەڕا.)

ـ ... ئەگەر وەک من کەمێک بەدبەختیی ئیدراکیش،

لە تۆیشی ڕەش بکردایە، نەوەک شەو، ڕۆژی ڕووناکیش؛ (شیعری بۆ هیوای کوڕم.)

بابەتێکی هەر لەم بوارەوە نزیک، بەڵام لاوەکیتر، هەست و ئەزموونی کەسێکی هونەرمەند و هۆشیار و داهێنەرە کاتێ پێچکەی قورس و ناقۆلای ژیان هەموو شتە جوانەکانی دەپلیشێنێتەوە و بەرەو ئەوە دێت کە کەنارەکانی دڵ و مێشکیشی بئەنجنێت. ئەحمەد هەردی (١٩٢٢-٢٠٠٦) بە شێوەیەکی ڕۆمانتیکییانە، بەڵام سادە، ئەو ئێشەی تۆمار کردووە (ژیان و ئەرکی ناخۆشی، پەپوولەی ئارەزووی کوشتم). گۆران خەون بەوەوە دەبینێت بتوانێت وەک هونەرمەندێک بژی و هەموو کات و ساتەکانی ژیانی خۆی بۆ داهێنان تەرخان بکات و "چاو بە دنیای جوانییا بگێڕێ، هەرچیی بینی بیخاتە پێنج شەش دێڕێ." گوتم "خەون دەبینێت"، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە هەموو نموونەکاندا تۆ هەست دەکەیت، وازی لە خەونبینینیش هێناوە؛ خۆی داوەتە دەستەوە و کۆڵی داوە. ئەمەیش هەر ئەنجامی هۆشیارییەکی قووڵە، چونکە دەزانێت لەو کۆمەڵگایەدا و لەو کاتەدا، بەدیهێنانی خەونێکی وەها مەحاڵە و کاری کردن نییە. گۆران ئێشێکی وەها قووڵ و ناکۆکییەکی وەها تیژ زۆر ئاسان و بە چەند وشەیەکی کەم دادەڕێژێت و خوێنەر (یا وەرگر) لە کرۆکی باسەکە حاڵی دەکات (هەوڵی نانە بە ڕۆژ و شیعرە بە شەو؛ مەئموورێکی بچووک وەک من ژیانی، گەردنکەچی نانە...؛ مێشکێ ئاوا دەردی سک ئەندێشەی بێ، ئەزانم بۆ مەعیشەت وێڵ و ئاوارەی).

لە شیعری (دەروێش عەبدوڵڵا)یشدا گۆران دیسان هەر ئەو بابەتە، بەڵام ئەمجارە لە ڕوویەکی دیکەوە، بە سەر دەکاتەوە؛ جێگەی هونەرمەند لەناو کۆمەڵێکدا کە نرخی هونەرەکەی نازانێت. ڕاستییەکەی گۆران دەروێش عەبدوڵڵای کردووەتە بیانوویەک بۆ وێناندنی هونەری بێنازی خۆی. تۆ کە شیعرەکە دەخوێنیتەوە وا هەست دەکەیت ئەم تێکستە مۆنۆلۆگێکە، تێیدا گۆران خۆی خۆی دەدوێنێت. شیعری دەروێش عەبدوڵڵا پڕە لە دەربڕینی نازک، لە وەسفکردنی شێوە و ژیان و هونەری هونەرمەندێکی هەژار و گەڕۆک و داهێنەر. من پێم وایە لەم شیعرەدا گۆران هەموو فەلسەفە و هەموو دەردکێشان و هەموو سووتانی خۆی لە سێ ڕستەدا کۆ کردووەتەوە، دوو لەو ڕستانەی بە جۆرێ نووسیون کە ڕەنگە خوێنەر وا بزانێت

باسی دەروێش عەبدوڵڵای هونەرمەند دەکەن. بەڵام کە باش لێیان ورد دەبیتەوە دەبینی گۆران باسی خۆی دەکات. سێ ڕستە نایاب و بەرزەکەی شیعری دەروێش عەبدوڵڵا ئەمانەن:

١- ... لەناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار، وەکوو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لێخندا؛

٢- ... بەعزێ زەکای گەورە، وەکوو تۆوی گوڵی دەم با لەسەر بەردێکی ڕەق ئەڕوێن؛

٣- ... سکاڵایەک لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵم کە!...

لە ڕستەی یەکەم و دووەمدا گۆران لەپێشدا تیۆرییەک، یا بیرێکی مەنتیقی، پێشکەش دەکات و هێندەی باریکیی تاڵەموویەکیش گومانی لەم بیرەی خۆی نییە. بۆ بەهێزکردنی تیۆرییەکەی دەیەوێ نموونە پێشکەش بکات، نموونەیەک کە لۆگیکی دووبارەبوونەوە دەیسەلمێنێت. هەم ناوەڕۆکی تیۆرییەکەی گۆران و هەمیش نموونەکەی، بەرهەمی ئەزموونی ژیانی هونەرمەندانەی خۆیەتی. ئەو لەجێی ئەوەی بڵێ ئەزموونەکانی ژیان ئەمەیان فێر کردووم، دێت دەروێش عەبدوڵڵا دەکاتە نموونەیەک بۆ ڕاستی و بتەویی تیۆرییەکەی. پرسیارێکی بەجێ لێرەدا ئەوەیە گۆران ئەم ئەنجامەی کەی هەڵهێنجاوە؟ ئەو کاتەی کە دەروێش عەبدوڵڵای دیوە، یا ئەو کاتەی کە شیعرەکەی نووسیوە؟ گۆران لە دوو سەردەمی جیاوازدا لە ناوچەی هەورامان، یا لە هەڵەبجەی نزیکی هەورامان، ژیاوە؛ جاری یەکەمیان لە بەهاری ساڵی ١٩١٩وە هەتا پاییزی ئەو ساڵە و جاری دووەمیش ١٩٢٥-١٩٣٧. وەک تێبینییەک، گۆران لەژێر شیعرەکەدا دەنووسێت کە دەروێش عەبدوڵڵای چارەکە چەرخێک لەوەوبەر دیوە. من پێشتر وام دەزانی گۆران هەم شیعرەکە و هەم ئەو سەرنجەی لە ناوەڕاستی چلەکاندا، یا کەمێ دواتر، نووسیوە، بەڵام دواتر بۆم ڕوون بووەوە کە شیعرەکەی زۆر لەوەوپێش داناوە و سەرنجەکەی لە کاتی چاپکردنی دیوانەکەیدا نووسیوە. لەم شیعرەدا ئەوە ئاشکرایە کە گۆران لەو کاتەدا دەروێش عەبدوڵڵای بینیوە یا ناسیوە، شیعرەکەی دانەناوە، بەڵکە ساڵانێک لەوەوپاش نووسیویەتی. ئەم بۆچوونە دەمانگەیێنێتە ئەو ئەنجامەی کە گۆران ساڵانێک بیری لە ژیان و هونەری (دەروێش عەبدوڵڵا)یەک کردووەتەوە، تا توانیویەتی چوارچێوەیەکی هونەری و مەنتیقیی بۆ بدۆزێتەوە. ئەم چاوەڕوانییە هیچ پێوەندییەکی بە دەروێش عەبدوڵڵاوە نییە و باوەڕیش ناکەم گۆران ئەو جارەی، یا ئەو جارانەی، دەروێشی

بینیوە بیری لەو هاوکێشە ئاڵۆزکاوەی ژیان و هونەر کردبێتەوە. ئەگەر گۆران وای بیر بکردایەتەوە، دەبوو هەر ئەو کاتە، واتە بیستوپێنج ساڵ لەوەوپێش، شیعرەکەی دابنایە. گۆران وای نەکردووە. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دوای بینینی دەروێش عەبدوڵڵادا، "ژیان و ئەرکی ناخۆشی" کۆمەڵێ ئەزموونی بەنرخ، بەڵام ڕەنگە تفت و تاڵی فێر کردووە و ئەوسا هاتووە چیرۆکی گۆرانی هونەرمەندی داڕێشتووە، بەڵام لە جێی خۆی، دەروێش عەبدوڵلای کردووە بە پاڵەوانی چیرۆکەکە. ئەو ماوە دوورودرێژە بۆ گۆران پێویست بوو تا میوەی ئەزموونەکەی ببێتە میوەیەکی گەیشتوو. ڕاستییەکەی ئەمە هاوشێوەیەکی ئەو دۆخە سیکۆلۆگییەیە کە پێی دەگوترێت (إسقاط= Projection) و نازانم بە کوردی دەبێ ناوی چیی لێ بنێین.

ئەوەی ڕازی ئەم چیرۆکە ئاشکرا دەکات ڕستەی سێیەمە، کە دوایین ڕستەی شیعرەکەیە؛ دە ئەی دەروێش سکاڵایەک لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵم کە. گۆران نەک هەر تەنیا خۆی دەلاوێنێتەوە، بەڵکە دەردەکەی خۆیشی ئاشکرا دەکات؛ دەردی هونەرمەندێک کە تاڵاوی ژیانی چێشتووە و بە دەست ڕۆحێکی کلۆڵەوە داماوە.

لەو شیعرانەدا گۆران جیۆگرافیای ناوەوەی خۆی وێنا دەکات. ئێمە دەزانین ئەو پیاوە چەندان جار گیراوە و بەند کراوە و تووشی ئازاردان و ئەشکەنجەیەکی زۆر هاتووە. نازانم لەو ساڵانەی ژیانیدا تەندروستیی چۆن بووە؟ بەڵام ئەوە دەزانین کە یەک دوو ساڵی پێش مردنی تووشی شێرپەنجە بووە و ئەگەرچی نێردراوە بۆ مۆسکۆ بۆ تیمارکردن، بەڵام بەو نەخۆشییە دوا کۆچی کردووە. هێندەی من بزانم گۆران تەنیا یەک جار لە شیعرێکدا باسی لەشبەباریی خۆی، باسی دارمانی تەندروستیی خۆی دەکات، ئەوەیشی بە جۆرێک داڕێشتووە کە تۆ وا دەزانیت هەر بەردەوامییەکی باسکردنی باری دەروونی و بەدبەختیی خۆیەتی. لەبەر ئەوەی کەش و هەوای شیعرەکە تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر کلاسیکییە، دەکرێ سەرلەبەری داد و بێدادکردنەکەی لە پێوەستێکی سیمبۆلیکدا بخوێنینەوە. ئەو تاکە بەیتە، کە زۆریش جوان و پڕڕەنگە، ئاوەهایە:

ئێستە خەلەلی عافییەتیش باری بەدەنمە

هەر دەردە ئەدا پاچی لە بونیانی خەرابم

دەربڕینی خەم و ڕەشبینی هیچ پێوەندییەکی بەوەوە نییە هونەرمەند چەند بەهێز یا بێهێزە. گرنگ ئەوەیە چەند ڕاستگۆیانە و چەند هونەرمەندانە دەتوانێت نیگاری

دەروونێکی بریندار و ڕۆحێکی کڵۆڵ بکێشێت. گۆران لە سەرەتاکانی شیعرگوتنیدا و تا ساڵانێکی زۆریش زۆر جوان وێنەی ناوەوەی خۆی دەکێشێت و داهێنەرانە باسی هەرێمێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هەر خۆی شارەزایەتی. بەداخەوە مارکسیزمی سیاسی ئەم لایەنە جوان و ئیلهامبەخشە گەورەیەی لە گۆران ستاندەوە و ئەوەی فێر کرد کە هەستە ڕاستەقینەکانی خۆی بشارێتەوە و لەجێی ئەوانە کۆمەڵێ هیوای دەستکردی گەشبینانە بنەخشێنێت.

لە سەرەتا و لە هەرەتی شیعرنووسینیدا، گۆران زیاتر بەرەو ناوەوەی خۆی ڕۆیشتووە، یا هەر نەبێت زۆر جار سەرنجی قووڵایی و ناوەوەی خۆی داوە و ئەزموونە ڕۆحی و هونەرییەکانی خۆی بە سەر کردوونەتەوە. کەچی هەر ئەو گۆرانە هەستناسک و زمانپاراوە کاتێ تووشی سەختترین نەخۆشی دەبێت و کاتێ ڕووبەڕووی دێوی مردن دەبێتەوە، بە تاکە شیعرێکیش باسی ئازار و ترس و بیرەکانی خۆی ناکات. ڕەنگە شیعری (وەڵامی پرس) دوا شیعری، یا یەکێک لە دوا شیعرەکانی، گۆران بێت و باسی نەخۆشییەکەی خۆی و دۆکتۆرەکەی دەکات، کەچی بە تاکە وشەیەکیش ناوی ئەو مردنەی کە دڵنیام هەموو ڕۆح و بیر و مێشکی داگیر کردووە، ناهێنێت. ئەم کارەساتە، ئیدیۆلۆگی بە سەری هێنابوو، چونکە ساڵانێک بوو بەوە ڕاهاتبوو کە دەنووسێت بیر لە جەماوەر و بیر لەوە بکاتەوە ئەوەی دەینووسێت بە گەزوگرێی سیاسی و ئیدیۆلۆگی ڕاست بێت. ئیحسان عەبباسی ڕەخنەگری گەورەی عەرەب باسی شاعیری گەورەی عیراق بەدر شاکر سەییاب دەکات، دەڵێت مارکسیزم تەنیا ئەوەی فێری بەدر کرد کە شیعرەکانی بە پەیامێکی گەشبینانە کۆتایی پێ بهێنێت. بەشی زۆری شیعرە هەرە جوانەکانی بەدر شاکر سەییاب، بە لای منەوە، ئەوانەن کە دوای ڕزگاربوونی لە مارکسیزم، لە نەخۆشخانەکانی لەندەن و بەیرووت و کووەیت، نووسیونی. جوانترین شیعرەکانی گۆرانیش، دیسان بە لای منەوە، ئەوانەن کە پێش ئەوەی تووشی مارکسیزم ببێت نووسیونی.

گۆران نەک تەنیا ناوەڕۆکی شیعری کوردیی گۆڕی، بەڵکە زۆر بوێرانەیش دەستی بۆ یەکێک لە کۆڵەکە هەرە پتەو و سەخت و دێرینەکانی شیعری کوردی برد، کێش، و گۆڕانێکی بنەڕەتانەی بەسەردا هێنا. وازهێنان لە کێشی عەرووز و سیستەمی "تەفعیلە" ئەزموونێکی گرنگ بوو، پێم وا نییە هەروا لە خۆوە دروست بووبێت.

تەنانەت ئەگەر بیری گۆڕینێکی وەها بە هۆی ئاشنایەتیی شیعری بێگانەیشەوە لای گۆران پەیدا بووبێت، بەڵام بێ وردبوونەوە و بێ لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ ناکرێ هەر وا بە ئاسانی دەستبەرداری سیستەمێکی کۆن بووبێت، کە سێسەد ساڵ زیاتر بوو شاعیرانی کلاسیکی کورد پێی ڕاهاتبوون، و یەکێکی تازەی لە جێگاکەی دانابێت.
ئەوەی لەم ڕووەوە بۆ من و ڕەنگە بۆ زۆر خوێنەری دیکەی کوردیش ناڕوونە، بۆچی گۆران نەهات ئەم بیرکردنەوەیە و ئەم پرۆژەیە بخاتە ناو چوارچێوەیەکی تیۆرییەوە و بۆ هاوتەمەنەکانی خۆی و بۆ نەوەکانی دوای خۆی بە جێی بهێڵێت؟ گۆران پیاوێکی خوێنەوار بوو، دەیتوانی ئەم گۆڕینە، لە گۆشەنیگایەکی مێژوویی و ئێستێتیکییەوە بخوێنێتەوە و بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی یا نیوچەزانستی تۆمار بکات. لە یەک دوو نووسینی کورتدا لەسەر ئەم باسەی نووسیوە، بەڵام تەنیا نموونەی سێ جۆرە کێشی هێناوەتەوە؛ دە بڕگەیی، هەشت بڕگەیی و حەوت بڕگەیی. من دەزانم کێشی دە بڕگەیی لای شاعیرانی دیالێکتی گۆران هەبووە و دووەکەی دیکەیشی لە فۆلکلۆری کوردییەوە وەرگرتوون. بەڵام نازانم، هەر وەک نموونە دەیڵێم، سەرچاوەی کێشی سیانزدە بڕگەیی (٤+٤+٥) و یانزدە بڕگەیی (٤+٤+٣) چین؟ لە بوارەکانی دیکەیشدا گۆران هەر ئەم ناهەقییەی بەرانبەر خۆی و مێژووی ئەدەبی کوردیش کردووە. من کە بە وردی شیعرەکان دەخوێنمەوە دەزانم گۆران لە زماندا زۆر هەستەوەر بووە، زۆر هونەرمەندانە بیری لە وشە، وشەی کوردی، کردووەتەوە. دیسانیش ئەو نەهاتووە بەڵگەنامەیەکی هونەری و شیعریمان بۆ بە جێ بهێڵێت و پێمان بڵێ بیروباوەڕەکانی لەم ڕووەوە چی بوون و چۆن بوون.
هاوینی ساڵی ١٩٨٥ شەوێکیان میوانی ماڵی مامۆستا هێمن بووم لە ورمێ. ئەو شەوە باسی دەیان بابەتی گرنگی ئەدەب و زمانمان کرد. ئەو پێی وا بوو مامۆستا گۆران بڕیارێکی زۆر خراپی لە ژیانی خۆیدا داوە کە ئیتر شیعر لەسەر شێوەی عەرووز نەنووسێت. من پێم وایە گۆران لە چوارچێوەی عەرووزیشدا کۆمەڵێ شیعری جوان و بەرزی داناون، بەڵام هەرچییەکی دیکەیشی بنووسیایە، هەرگیز نەیدەتوانی، لەو چوارچێوەیەدا، لە نالی و مەلای جەزیری جوانتر بنووسێت و لەوان گەورەتر بێت. لەبەر ئەوە بڕیارێکی زۆر بوێرانەی داوە کە وازی لە کێشی عەرووز هێناوە.
گەورەیی و ڕۆڵی ڕێبەرانەی گۆران ئەوەیە کە بوو بە ڕێچکەیەک، بوو بە خوێندنگەیەک کە نزیکەی چل ساڵ شیعری کوردیی ڕەنگرێژ کرد. ئەگەرچی لە

سـەردەمی ژیانـی گـۆراندا شـاعـیـری دیکەیش هەبوون، بەڵام سـێـبـەری گـۆران تا ڕادەیەکی زۆر ناو و بەرهەمی زۆربەیانی داپۆشیبوو. ئێستایش، چلوپێنج ساڵ دوای کۆچی گۆران، شاعیری کورد هەن کە نەیانتوانیوە لە چغزی شیعر و زمـانی گۆران دەربچن. ئێـسـتـایش زۆر نـووسـەر و شـاعـیـر هەن نەیانتـوانیـوە پێـشـانی بدەن کـە دەتوانن زمـان، زمانی کوردی، بە شێوەیەک بە کـار بهێنن ئـەوە بسەلمێنێت کـە ئەوان لە تێگەیشتنی زماندا لە گۆران پێشکەوتووترن.

شاعیرانی نەوەی دوای گۆران، زۆربەیان لە سەرەتادا کەوتبوونە ژێر کارکردی شیعر و زمـان و مێتافـۆری گۆرانەوە. لە یەک دوو دیداردا من ئەوەم بە ڕوونی باس کـردووە کە لە تەمەنی دوانـزدە ساڵاندا سـەرلەبەری دیوانی "فـرمێسک و هونەر"ی گـۆرانم لە بەر کردبوو. هەر لـەو سـاڵانەدا چەند شیعرێکم نووسیبوون کـە ڕێک لەسەر شێوازی گـۆران بوون. هـاوڕێیـانی شـاعـیـرم لەتیف هـەڵمـەت و شـێرکـۆ بێکەس و عـەبدوڵڵا پەشـێـویش هەر وا بوون. هەڵمـەت پێش ئەوەی دیوانی "خـوا و شـارە بچکۆلەکەمـان" چاپ بکات هەوڵی دەدا ڕێک وەک گـۆران بنووسـێت، بەڵام لەو شـیـعـرانە هـەر چەند دانەیەکی کـەمی لەو دیوانەدا بڵاو کـردەوە. کـاک شـێرکۆ لە هەردوو دیوانی "تریفـەی هەڵبـەست" و "کـەژاوەی گریان"دا لە ڕێچکە شـیـعرییـەکـەی گۆران لای نەداوە. ئەمـە سـەرەتـا بوو، دەنا دواتر زۆربەمـان خـۆمـان لەو دەسـتـەڵاتە شـیـعرییـە ڕزگـار کـرد. هەوڵدان بۆ بەجـێـهێشـتـنی نەوەی پێشـتـر و بەگژداچوونی نیشـانـە و ڕەمـزەکانی، دیاردەیەکـە لە مـێـژووی فـەرهـەنگی و ئەدەبیی زۆربەی گـەلاندا دووبارە دەبێـتـەوە. ڕاستییـەکەی ئەوە بوو ئێمە، چ من و چ شاعیرانی دیکەی هاوڕێم، بۆ ئەوە دەگەڕاین دەنگی ڕاسـتـەقـینەی خـۆمـان بدۆزینـەوە، دەمـانویست خـۆمـان بین و خـاوەنی دەنگی خۆمان بین. هـەر وایشمان کرد.

تا ئێسـتا دوو سێ جارێک بـۆم هەڵکەوتووە بە نیازی لێکۆڵینەوە، شـیعرەکانی گۆران بە قـووڵی بـخـوێنمـەوە. لە سـاڵانی هەشـتـاکـاندا گـەیشـتـبـوومـە ئـەو بڕوایەی کـە دوو ناکۆکی، دوو نیگەرانیی زۆر تیژ لە ژیانی گۆراندا هـەبوون: ناکـۆکیی نێوان گۆرانی کـۆمـونیـست و گـۆرانی کـوردپەروەر، ناکـۆکـیی نێـوان گـۆرانی سیـاسـی و گـۆرانی هونەرمـەند. ئێـسـتـایش کـە جـارێکی دیکە دیوانەکـەی گـۆران دەخـوێنمـەوە، پێم وایە باشـی بۆ چووم و نـیشـانـم ڕێک پێکاوە. نوخـتـەی دەرچوونی من تەنیـا شـیـعـرەکـانی گۆرانە. بەڵام ئەوەیش گرنگە کە تۆ ئەو شیعرانە چۆن دەخوێنیتەوە؟

دەنگوباسێکی وا هەیە کە گۆران پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات لەوە پەشیمان بووە کە بەشێکی ژیانی وەک کۆمونیست بردووەتە سەر. من خۆم ئەم قسەیەم لە هەردوو شاعیری کورد مامۆستا هەژار (١٩٢٠-١٩٩١) و سەیدا جگەرخوێن (١٩٠٣-١٩٨٤) بیستووە. کە ئەمەیش دەگێڕمەوە هیچ مەبەستم ئەوە نییە کە کۆمونیستبوونی گۆران لە پلەی بەرزی ئەدەبی و مرۆڤانەی ئەو دادەشکێنێت، یا پەشیمانبوونەوەی بەرزتری دەکاتەوە. ئەو پیاوە شاعیرێکی داهێنەر و مرۆڤێکی خەباتکار و کۆڵنەدەر بووە و لە پێناوی بیروباوەڕەکانیدا و لە پێناوی قەناعەتە فکری و سیاسی و مرۆڤانەکانی خۆیدا ئازار و ئەشکەنجە و دەردێکی زۆری کێشاوە. بەڵام لەوە دڵنیام کە مارکسیزم، بەو شێوەیەی ئەو سەردەمە دەخوێنرایەوە، زیانێکی زۆری بە گۆرانی شاعیری داهێنەر گەیاند. تەماشایەکی ڕەخنەگرانەی دیوانەکەی ئەم ڕاستییە ئاشکرا دەکات.

نووسین بە شێوەی گۆران و لەسەر شێوازی گۆران تازە ئیتر بۆ ئەمڕۆی کوردەواری هیچ مەعنایەکی نییە و هیچ کەلێنێکیش پڕ ناکاتەوە. ئەوەی کە جوان بوو و دەکرا بەو شێوازە بگوترێت، گۆران و دوای ئەویش هەردی و کامەران موکری و دیلان و شاعیری دیکە نووسییان.

گۆران شاعیرێکی گەورەی کوردە، کۆمەڵێ شیعری بەرز و جوانی پێشکەش بە نەتەوەکەی و بە گەنجینەی داهێنانی مرۆڤایەتی کرد، کە هەندێکیان شاکارن. زۆر بە هۆشیارییەوە کاری بۆ نوێکردنەوە و گەشەپێدان و پێشخستنی شیعری کوردی و زمانی کوردی کرد. شاعیرێکی گەورە کە خاوەنی چەند شاکارێکی هونەری بێت، مەعنای ئەوە نییە بەرهەمی لاوازی نەبووە و نییە. گۆرانیش، وەک جەزیری و وەک نالی و وەک دەیان داهێنەری گەورەی ئەم جیهانە، بەرهەمی وای هەن، لە دڵەوە حەزم دەکرد هیی ئەو هونەرمەندە گەورەیە نەبوونایە. بەڵام کاتێ ئەو شاکارانەی دەخوێنمەوە کە باسی (ڕۆحی پڕ گلاراوی خۆی، ڕۆحی کڵۆڵی خۆی و ئەو ڕۆحەی کە خوڕ خوڕ ئەگری) دەکات، دەزانم ئەوەی ئەو دەیگێڕێتەوە چیرۆکی ڕۆحی من و سەدان و هەزارانی وەک منە.

سۆڵلەنتوونا، پاییزی ٢٠٠٧

# بەشی چوارەم

ئەو سێ وتارەی لەم بەشەدا بڵاوم کردوونەوە، لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیمدا نووسیومن و بڵاوم کردوونەوە. کە ئێستا، نزیکەی چل ساڵ دواتر، سەرلەنوێ بڵاویان دەکەمەوە، تەنیا وەک جۆرێک بیرەوەری و وەک شنەبایەکی سەرەتاکان بیریان لێ دەکەمەوە.

## لەپێناوی وشەی کوردیدا

ئەو ڕووداوە ئابووری و ڕامیارییانەی لە ژیانی میللەتێکا ڕوو دەدەن، ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر ژیانی ڕۆشنبیر. نزیکترین وێنە ئەدەبی عەرەبییە کە ڕووداوەکانی پاش شەڕی جیهانیی دووەم کارێکی ئەوتۆی کردۆتە سەر کە چەندین ''تەییار: تیار'' و ڕێڕەوی ئەدەبیی تێدا پەیدا ببێ. وە نەبێ ئەدەبی کوردیش لەم پێوەرەوە دوور بێت، بەڵکو ڕووداوەکانی کوردستان، ئابووری و سیاسی، بە گوێرەی تین و هێزی دینامیکیی خۆیان کاریان کردۆتە سەر.

لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەدەبی کوردی بزووتنەوەیەکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە. ئەمەش لەو هەموو بەرهەمەدا دەردەکەوێ کە بڵاو دەکرێنەوە و هەروەها لەو لێکۆڵینەوە و وتووێژانەدا کە لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەکرێن.

لێرەدا پرسیارێک خۆی دەسەپێنێ: ئایا لە گەرمەی ئەم بڵاوکردنەوەیەدا و بە ئەم زۆرییە، پێوەرێک هەبووە کە پلە و ڕادەی هەر بەرهەمێک دیاری بکات؟

هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد، هەموو دڵسۆزێک بۆ کورد و هونەری ئەم گەلە لە ئاستی ئەم پرسیارەدا وڕ دەبێ، لە کاتێکا ''نەء''ێک دەکێشرێ بە ناوچاوانیا وەکو وەڵامێک. بەڵام بە وردبوونەوە و بەراوردکردنێکی هێمنانە بۆمان دەردەکەوێ کە بوونی ڕەخنە، تاقە چارەی ئەم گیروگرفتەیە. زۆر جێگەی داخیشە کە ئەدەبی کوردی لە لایەنی ڕەخنەوە ڕووتییەکی تەواوی پێوە دیارە. کۆششی مامۆستا ڕەفیق حیلمی وەکو تاقیکردنەوەیەکی زانستی و پێشکەوتووانە لەسەر شانۆی ئەدەبی کوردی دەبینرێت.

لەم کاتەدا زۆر پێویستمان بە ڕەخنە و ڕەخنەگر هەیە، لەپێناوی ئەوەدا کە وشەکان بدرێن لە بێژنگ و لاواز و قەڵەویان لە یەک جیا بکەینەوە، لەپێناوی ئەوەدا کە وشەی کوردی بگاتە پلەیەکی بەرزی هونەری و لە جیهانا وەکو گەلێکی خاوەن هەست و چێژ، خاوەن وشەی بەنرخ خۆمان دیاری بکەین، لەپێناوی ئەوەدا کە خوێنەری کورد لە سەرگەردانیدا نەژی و هەستی چێژتنی بپارێزین.

ئەرکی سەرشانی ڕەخنە، وەکو مینگن دەڵێ، ئەوەیە کە ''وەڵامدانەوەیەک دروست

بکات لەنێوان وەرگر و بەرهەمدا. وەرگر یا خوێنەر بە بێ جووڵە دەوەستێ، سەرنجی کارێکی هونەری دەدات، بەڵام ناتوانێ باوەڕێکی تەواوی لەسەر تۆمار بکات.''

بوونی ڕەخنە گەورەترین پاڵپێوەنەرە بۆ نزیکبوونەوەی نووسەر لە خوێنەرەوە و لەیەکتێگەیشتنیان و بۆ سڕینەوەی ئەو سنوورانەی پەیدا دەبن و هۆیەکن بۆ تێکدانی چێژی خوێنەر لە کاتی نەبوونی هەڵسەنگاندنی ڕاست و ڕەخنەی زانستیدا، چونکو ''گرنگیی ڕەخنە، لە لایەکەوە، یاریدانی خوێنەرە بۆ چێژوەرگرتن.''

کە دەشڵێم ڕەخنە، مەبەستم ئەو هەڵسەنگاندنەیە کە لەسەر بناغەیەکی زانستی و بابەتی و بێلایەن بێت، دوور لە بیرکردنەوەیەکی کە ئاسۆیەکی تەنگی هەبێت و خنکاوی گیانی خۆپەرستی و سەرنجدانی بێ وردبوونەوەی قووڵایی بێت.

ئایا ڕەخنەگرمان هەیە...؟

پرسیارێکە وەڵامەکەی لە گەرووی ڕۆژانی داهاتوودایە.

سەرچاوەکان:

١- رجاء النقاش: أصوات غاضبة في الأدب والنقد، ص: ٢٢-٢٣.

٢- محمود البستاني: في النظرية النقدية، ص: ٣٠.

حەفتەنامەی هاوکاری (گۆشەی: هەر جارەی نووسینێک)،

ژمارە: ١١٥ (٦-٥-١٩٧٢)

# سێ وشە و سەرەتایەک

**سەرەتایەک:**

لە ژیانی ڕۆژانەمـاندا گـەلێ باس ڕێگەمـان پێ دەگـرن و ناچارمـان دەکـەن کـە هەڵوێستـێکیـان بەرانبـەر دیار بکەین. ئەم سێ سـەرنجـەی لەم گـۆشـەیەدا بڵاویان دەکەینەوە بەشێکی زۆر بچووکی ئەو جۆرە باسەن و باری سەرنجی تایبەتی خۆمن.

١- ئەو تاقیکردنەوانەی هەر لە ناخا دەتاسێن

بە وردی سـەرنج لە باری کوردستـانەکەت دەدەیت. دەگەڕێی بە شـار و دێهاتەکانیا، دەخـوێنیـتـەوە و زۆریش دەخـوێنیـتـەوە. هەر لـە ئایدیالیـزمـەوە تا مـاتەریـالیـزم... ئەدەب... هەمـوو ئەدەبی دۆسـتۆیێـڤسکی و هۆگـۆ و هەمـینگوای... مـایاکۆڤـسکی و بۆدلێـر و یەفـتـەشـینکۆ... کۆڵن ویلسـۆن و سـارتـەر و کامـۆ، سـەییاب و بەیاتی و عەززاوی و ئەدۆنیس... نازم حیکمەت و ئەراگۆن و ئێلوار و دەیان و سەدانی کەیش. دەست دەدەیتە پێنووس و دەتەوێ شتێک بڵێی کە جیا بێت، نوێ بێت، ڕاست بێت... دوورت بخـاتەوە لە وەستـان و جوینەوە و کاوێژکردن، تیمـاری برینەکان بکات. بەڵام ڕێگات نـادرێ بیـڵـێی. ڕێگات نـادرێ ئەوەی دەتەوێ دەربیـبـڕی، دەربیـبـڕی، چونکە ناتەوێ بوەستی، چونکە ناتەوێ درۆ لەگەڵ خۆتا بکەی...!

ئەی چار چییـە؟ ڕەنگە خۆیشت بزانی چار چییە... بەڵام تەنـها مـاوەی ئەوەم بدەرێ کەمێک بیر بکەمەوە تا وەڵامەکەت بۆ ئامادە دەکەم.

٢- وەستانێکی تر

لەم دوو سێ ساڵەی دواییدا ئەدەبی کوردی جموجووڵ و بۆپێشەوەچوونێکی گەورەی بە خـۆیەوە بینیـوە. بە پەیدابوونـی کۆمـەڵێ لاوی نوێخـواز و پێشکەوتنخـواز کـە بە نووسـینـەکـانیـان هێڵـە سـەرەکییـەکانـی سـەردەمێکی تازەیان دیـاری کـرد. هەر لەم کـاتەشـدا کۆمـەڵێ لەو نووسـەرانەی کـە سـەردەمێ شـانۆی ئەدەبی کوردیان داگـیـر کـردبوو، تووشـی وشکبوونـەوە و لەناوچوون بوون، لە وزەیاندا نەمـا ئیتر بەردەوام بن

و بنووسن. ئەو کــۆمــەڵە هـەر لە یەکــەم ڕۆژەوە تـۆوی فــەوتـان و وشکبــوونـەوەیان هەڵگرتبــوو، چونکە هـەناســەیان کـورت بـوو، چونکو ئەدەبەکـەیان هەڵگری ''باوەڕ'' نەبوو و گـڕ و کلّپـە و بەردەوامیی شـۆڕشیـان پێ نەبوو. بەڵام هـەر لەناو نـووسـەرە لاوەکـانیـشـا هەندێک هەن دووچاری هەمـان نەخـۆشی بوون. لەباتیی خـوێندنەوە و وردبوونەوە و گـەڕان و سـەرنجـدان هەمـوو کـاتێکیـان لە چاخـانە و شـوێنی ئاوادا دەبەنە سـەر. ئەو کـەسـانە دەتوانـن باسـی خـۆیان و تـاقیکردنـەوەی سـەرنەکـەوتووی خۆیان بکەن، بەڵام هیچ کاتێ بۆیان نییە بە ناوی نوێخوازییەوە قسە بکەن. نەک هـەر نوێخـواز نـین، بەڵکو بەشـێکن لە کـۆسـپـەکـانی ڕێگای ڕاسـتی نوێخـوازی، کـە ئەنجامێکی سروشتیی یاسای گەشەکردنی دایالەکتیک و گۆڕانی مێژووە.

٣- تۆ و... ئازادی

خۆشـەویستـەکەم! لـە دوانامەتا چەند دێڕێکی زۆر جوانت بۆ نووسیبووم. بە ڕاسـتی لەگەڵ هەموو خوێندنەوەیەکدا زیاتر شادمان دەبووم و زیاتر خۆشم دەویستی.

دەڵێی: ''ئێـسـتـا مـانگی مـارتە، مـانگی بەهار، مـانگی نـەورۆز، مـانگی ئازادی و سەرفرازی... دەڵێم ئازادی و خۆیشم بەندم... ئازادی نابینم، بەڵام هەرچۆنێک بێت من بەختیارم بەوەی کە بۆ تۆ دەنووسم.''

دڵدارەکەم!

تۆی ئافرەت بەندی، دووری لە ئـازادی و سـەرفـرازییـەوە. هـەمـوو سـاڵێ نەورۆز دێ و دەچێ و ئێمـەیش هـەر لە جێگەی خـۆمانـاین. بەڵام وە نـەبێ تـەنهـا تۆ دیل و بەند بیت. هـەمـــوو دیلـین. هـەمـــوو بـەندین. هـەمـــوو وێڵـی ئـازادیـین. بەڵام هـەرچۆنێـک بێت بەختیارین...

تۆ: بەوەی کە بۆ من دەنووسیت،

هەندێک: بەوەی کە ڕێگای ئازادی لەوانی تر دەگرن،

هەندێکی تر: بەوەی ڕێگای ئازادییان گرتۆتە بەر،

منیش: بەوەی هەموو ژیانم بۆ ئازادی تەرخان دەکەم... کە تۆیش پارچەیەکی لێی...!

حەفتەنامەی هاوکاری (گۆشەی هەر جارەی نووسینێک)،

ژمارە: ١٦٠ (٣٠-٣-١٩٧٢)

## چیرۆکنووسەکان، بەیانیتان باش!

ســالآن دەڕۆن و بارگــەی کــۆچی نەبڕاوەیان هەرگــیــز لـە هەوارێکا لەنگەر ناگــرێ. وەسـتـان نییـە. وەسـتـان واتە مـردن و لێـبـوونەوە، بەلام ڕۆیـشـتن و کۆچکردنـەکەش هەروا ڕەمـەکی و بێیـاسـا نییـە. ئەگەر بمانەوێ ئاوڕێک بدەینەوە و دەشـتی بەرینی لێبـەجێماومان یاد بکەینەوە، ڕاست وایە و زۆریش ڕاستە و بگرە پێویسـتیـشـە کە لێپرسینەوە پێوەری دەستمان بێت.

با هەر لێرەوە دەست پێ بکەین. لە کوردسـتانێکا کە پارچە پارچە کراوە و گەلەکەی ڕۆژێ لە ڕۆژان هەناسـەیەکی خـۆشـی و پشـوودانی هەڵنەکێشـاوە، چیرۆکی کوردی چیی کردووە و ئەوەی دەتوانێ بیکا چییـە؟ ڕەنگە هێشـتـا قسـەکانم سـۆزیان تێکەڵ بێت و مـەبەسـتـەکـەشم پێـویسـتی بە ڕوونتـرکـردنەوە هەبێت. لـە سـەردەمـێکا "کـە سـەردەمی ڕووخـانی ئیمپریالیزمی جیهانی و سـەرکەوتنی شـۆڕشی سۆسیالیستی پرۆلیـتـاریایە"، زۆربەی زۆری گەلی کوردسـتـان گـرفـتـاری هەردوو چەوسـاندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتییە... ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵی کوردستان بە زەقی و ئاشکرا دیارن... پاشماوەی ڕێژیمی دەرەبەگی هەر ماوەتەوە... لە کات و سـەردەمێکی ئاوادا زۆر پێویستە پرسـیاری "دۆستەکانمان کێن و دوژمنەکانمـان کێن؟" لە خۆمان بکەین و بە هۆشـێکی زانسـتـیـیـانەوە کۆمـەڵ شی بکەینەوە و ڕۆڵی چین و تاقم و کۆڕەکـان لەمدیو یا لەودیوی هێڵی جیاکردنەوەکەوە دیاری بکەین... مرۆڤی کورد بە هەزاران کۆت و زنجیری پەیوەندیی سـەردەمی دەرەبەگایەتی و ڕەوشتی بۆرژوازییـانە شـەتەک دراوە و بەسـتـراوەتەوە و دەبێ لێیان ڕزگار بکرێ. لە کۆمـەڵێکی ئاوادا کە کێشـەی چینایەتی هۆیەکی بنەڕەتی و ئاشکرای زۆربە، بگرە هەمـوو کردار و ڕەوشت و باوەڕ و بزووتنـەوەیەکی مـرۆڤـە... هەمـوو کـردار و هەڵسـوکـەوتێکیش شـەقڵ و مـۆرکی چینایەتیی پێوەیە. کێشـەی چینایەتی کێشەیەکی خۆڕسک و مێژووکردە و پێویست بە چاولێپۆشین ناکات و بگرە هەڵوێسـتی ڕاست و زانسـتییش ئەوەیە بخـرێتـە ڕوو، پەردەیش لەسـەر هەمـوو چەوسـاندنەوەیەک هەڵبـماڵرێ. ئەمـە لە لایەک و لە لایەکی

کەیشەوە ئەگەر بێت و بێینە سەر وردەکارییەکی تەواوی کۆمەڵی کوردەواری، هەزارویەک کەموکووڕی و ناتەواوی و دواکەوتەییمان بەرچاو دەکەوێ. لە بارێکی ئاوادا ئەوەی زۆرە و بۆگەڕانی ناوێ "نموونە"یە... هەموو جۆرە نموونەیەکی سایکۆلۆجی، جگە لە هەزاران ڕووداو و باس و وردەڕێکەوت و لێکدانەوە و بیرکردنەوە، کە هەموو کەرەسەن و کەرەسەی بایەخدارن بۆ چیرۆکنووس.

- لە بیستەکانا جەمیل سائیب چیرۆکی "لە خەوما"ی نووسیوە.
- لە چلەکانا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد هەندێ چیرۆکی لە گەلاوێژدا بڵاو کردەوە و ساڵی ١٩٥٩ بە کۆمەڵ چاپی کردن، ناوی "کوێرەوەری"ی لێ نان.
- لە کۆتاییی شەستەکانەوە گەلێ کورتەچیرۆکی کوردی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانا و بە کۆمەڵی چاپکراویش بڵاو کرایەوە و هەندێ چیرۆکنووس خۆیانیان بە خوێندەوارانی کوردستان ناساند بە هۆی بەرهەمەکانیانەوە. ئەو بزووتنەوەیە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە.

ئەگەر بێت و لەو هەموو چیرۆکانە ورد بینەوە کە لەم سێ چوار ساڵەی دواییدا بڵاو کراونەتەوە، دەگەینە ئەنجامێکی سەیر. من لە لای خۆمەوە گەیشتوومەتە ئەو ئەنجامە، جا نازانم هەر منم یا کەسانی کەیش هەن؟ ئەنجامەکەش ئەوەیە چیرۆکی کوردی تا ئێستا نەیتوانیوە بە تەواوی وێنەی مرۆڤی کورد و کۆمەڵی کوردستان بکێشێت.

ئێمە ناتوانین لیستەیەک بکەین و یەک بە یەک ئەرکەکانی چیرۆکنووسی لە سەرەوە بۆ خوارێ تێدا بنووسین، بەڵام چیرۆکنووسی شۆڕشگێڕ و پێگەیشتوو ڕادارێکە تاقە خاڵێکی بچکۆلەیشی لێ ون نابێ و زوو بە زوو وەریدەگرێ. چیرۆکنووسانی کورد لەم سەردەمەدا ئەرکێکی زۆریان لەسەرە بەرانبەر نەوەیەک کە بە چاوی لێپرسینەوە تێیان دەڕوانێ.

من لە کاتێکا ئەمە دەڵێم، قسەیەکی زەکەرییا تامری چیرۆکنووسی لاوی سووریاشم جوان لە بیرە و جوانیشە بە لامەوە کە وتبووی: "دەبێ دەستنیشانی ڕۆڵی ڕووخێنەری ئەو ڕەخنەیە بکەین کە داوای بەجێهێنانی ئەرکێ لە نووسراوی ئەدەبی دەکات لە توانایا نییە... داوا لە نووسەری عەرەب دەکرێ کە ئەرکی دەزگاکانی دەوڵەت بێنێتە جێ؛ نەخوێندەوار فێری خوێندن بکا و خاکە زەوتکراوەکە ڕزگار بکا

و کارگه و نەخۆشخانە و باخچەش دروست بکا."

ئەمە ئەگەر تەنیا بیر لە ناوەڕۆک بکەینەوە. بەڵام سەرەڕای ئەمە، چیرۆکی کوردی لە شێوەشیا هەتا ئێستا هەر بەناو چەند شێوەیەکی خواستراو و چاولێکەری و پێنەگەیشتوودا دەسووڕێتەوە و خۆی نەگرتۆتەوە. هەتا ئێستا زمانی چیرۆکی کوردی لەنگە و دروستکراوە. چیرۆکەکانیان بە زۆر دەئاخننە ناو وشەکانەوە، بە زۆر وشە کۆ دەکەنەوە و بابەتی لێ دروست دەکەن، بێ ئەوەی لە پێشا بیری لێ کرابێتەوە. ئەم ئەنجامە نیشانەیەکی زۆر ترسناکە لە ڕێگای چیرۆکی کوردیدا و پەنجەیەکە بە ئاشکرا ئاراستەی چیرۆکنووسەکان دەکرێ و تاوانباریان دەکات. تاقە ڕێگای ڕزگاربوونیشیان پێشکەشکردنی چیرۆکی کوردییە: چیرۆکی نموونە.

حەفتەنامەی هاوکاری (گۆشەی هەر جارەی نووسینێک)،

ژمارە: ٢٠٧ (١-٣-١٩٧٤)

# بەشی پێنجەم

## دوو زستانه گەشت

### پێشەکییەکی کورت، نە پێویست بوو من بینووسم و نە پێویستیشە تۆ بیخوێنیتەوە

ئەمە پەرچدانەوەی دوو هاوینەگەشتەکەی مامۆستا گۆران نییە. ئەگەر باسەکە بخەیتە چوارچێوەی لۆگیکەوە، زۆر لە یەکیشەوە دوور نین. بە ڕووالەت هاوین دژی زستانە و سپی دژی ڕەش. بەلام ئەمە هەموو جارێک ڕاست دەرناچێت. مامۆستا لە هاوینی گەرمی کوردستاندا گەشتی بۆ فێنکستانی هەورامان و قەراخ کردووە، منیش لە سەهۆڵستانی سوێد هەلاتووم و خۆم گەیاندووەتە گەرمیانی فرانسا و یۆنان. ئەنجامەکان زۆر لە یەکدی دەچن.

فەلسەفەکەی من زۆر ساکار و ئاسانە. نالێم ژیان بە فشە بگرە، بەلام هێندەیش خۆتی پێوە ماندوو مەکە کە دەرفەتت بۆ ژیان خۆی نەمێنێت. لێکدانەوەی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە لای تۆوە کامە توێکڵە و کامە کاکڵ. خەڵکی دیکە حەزیان لە زۆرشتی دیکەیە. منیش حەزم لە زۆر شتە، بەلام دوویان (شاز)ی هەموو حەز و ئامانج و ئارەزووەکانمن: سەفەر و کتێب.

هەموو جارێ کە دەگەڕێمەوە بۆ کوردستان دایکم سەر دەکاتە سەرم:

ـ باوکەکەم، کوڕەکەم! تۆ ئەوە بیستوچەند ساڵە لەو ولاتە دەژییت. بۆ هیچت دیارنییە؟ دە تۆیش وەک ئەو عالەمە بۆ خۆت لێرە خانوویەک بکڕە. بیدەرە کرێ. ئەگەر ڕۆژێکیش خوا کردی و گەڕایتەوە بۆ خۆت تێدا دانیشە.

ـ دایە گیان، خانووم بۆ چییە؟ هەر کاتێکیش هاتمەوە منیش وەک ئەو عالەمە. (پێ دەچێت "ئەو عالەمە"ی ئە و و "ئەو عالەمە"ی من یەک شت نەبن).

ـ ئەوەتا کوڕەکەی (حاجی فلان) هەموو چوار ساڵە هاتۆتە ئەوێ، ئێستا خانوویەکی کڕیوە یەژی قەسر مەلیکە، خوا پێی ڕەوا ببینێت.

ـ ئەی ئەو هەیەتی و دەتوانێ بکڕێ، من بە چی بیکڕم؟

ـ خۆ تۆیش هەتە. بەلام تۆ گشتی ئەدەیتە سەفەر و کتێب. هەر کتێب و هەر کتێب.

ئەمە چی بوو، نەبڕایەوە؟ کەی ئیشەڵا لە کتێب تێر ئەخۆی؟ نازانم لەم شیعر و کتێبە چیت دەست کەوتووە؟ دە تۆیش بۆ خۆت فێر بە بژییت.

ـ ئاخر دایە گیان، ئەگەر واز لە سەفەر بهێنم و واز لە شیعر و کتێب بهێنم، ئیتر ژیان چییە؟

بینیت؟ وا دەرنەچوو. وام دەزانی فەلسەفەکەی من ساکار و ئاسانە. دایکم لە فەلسەفەی قووڵ و ئاڵۆزکاوی (ئەو عالەمە) دەگات، کەچی نایەوێت لە فەلسەفەکەی من بگات.

ئەم دوو زستانەگەشتەی لێرەدا پێشکەشیان دەکەم کورتەیەکی ئەو ڕۆژنامچەیەن کە لە کاتی سەفەرەکەدا یا دواتر نووسیومن. لەم تێکستەدا هەموو ئەو بەشانەی باسی کەسوکار و خەڵکی تایبەتە دەرهاوێژراون و تەنیا ئەوەندەم لێ هێشتوونەوە کە گێڕانەوەکە پێویستی پێ بوو. زانیاریی گشتی لەبارەی ئەو وڵاتانەوە کە سەرم داون، دەکرێ لە هەر ئەنسیکلۆپێدیایەک یا سایتێکی ڕەسمیی دەوڵەتەکان خۆیاندا پەیدا بکرێن. ئەوەی من لێرەدا مەبەستم بوو پێشکەشی بکەم وێنەیەکی ئارایشتنەکراوی ژیانی مرۆڤێکی کورد، نووسەرێکی کوردە لە ئەورووپا

## گەشتی یەکەم: پاریس، ٢٣ ـ ٣٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣

بۆ دەوروبەری ئەم سەری ئەم ساڵە نە خەیاڵی سەفەرم هەبوو، نە بیریشم لێ کردبووەوە، ئێمە زیاتر هاوینان دەچین بۆ سەفەری دوورودرێژ. ئەگەر بکرایە، بێگومان، سەفەری مانگی دوانزە ناخۆش نییە. خۆشییەکەی لە دوو ڕووەوەیە؛ یەکەمیان دوورکەوتنەوەیە لە سەرما و سۆڵەی سوێد، کە ئیتر چلەی زستان و بەفر دنیا دادەپۆشێت و دار و بەرد دەیبەستێت. سوێدییەکان زۆریان بە لاوە گرنگە کە جەژنی کریسمەس و سەری ساڵیان سپی بێت، واتە بەفر بارییێت. ئەگەر ساڵێک جەژنێکی بێ بەفر بکەن زۆریان پێ ناخۆشە. هۆی دووەمیش ئەوەیە لە وەڕزی و وشکیی شەوی سەری ساڵ ڕزگار ببیت. ئەم شەوی سەری ساڵە بۆ سوێدییەکان گرنگە و جەژن دەگێڕن، ئەگەرچی جەژنگێڕانیشیان لە هیی کەس ناچێت، چونکە کەمجار وا ڕێک دەکەوێ کە هەموو ئەندامانی خێزان پێکەوە بن، بەتایبەت ئەو کچ و کوڕانەیان کە لە تەمەنی هەرزەکاریدان. هەر یەکە لەگەڵ (دەنک) و برادەری خۆیدا شەوەکە دەباتە سەر. بە هەر حاڵ ئێمە وەک کورد و موسڵمان زۆر بایەخ بەم جەژنی سەری ساڵە نادەین.

جاران کە تازە هاتبووینە سوێد، ئێمەیش چەند ماڵێک کۆ دەبووینەوە و شێوە جەژنێکمان دەگێڕا. بەڵام ئەوە دە دوانزدە ساڵێکە ئەوەیشمان واز لێ هێناوە. من خۆم هەر زۆریش لە مەراسیمی وەها بێزارم و پێم خۆشە ئەو شەوەی سەری ساڵیش وەک هەر شەوێکی دیکە بێت، بەڵام لە وڵاتێکی وەکو سوێددا ئەمە ناکرێ. جارێ هێشتا یەک مانگی تەواوی بمێنێ بۆ سەری ساڵ، ئیدی بازاڕ و دووکان و شار و کۆگاکان بە هەزار چاو دەڕواننە خەڵک و کڕیار و هانیان دەدەن شت بکڕن و دیاری ئامادە بکەن بۆ دۆست و خۆشەویست و خزم و ئاشناکانیان. ئەوجا شەوی سەری ساڵیش، سەعات دوانزدە کە ساڵ دەگۆڕێ (دیارە بە کاتی سوێد) دەبێتە تەقوهۆڕ و هەراومەزات و شایلۆغانێک کە ناچاریت بچیتە دەرەوە، یا بچیتە باڵکۆنێ بۆ تەماشاکردن. هەر ئەو سوێدییانەی کە پێیان وایە بە فڕێدانی بنەجگەرەیەک، یا توێکڵەمۆزێک، تۆ ژینگەی وڵات پیس دەکەیت، ئەو شەوە ملیۆنان کەرەسەی ئاگربازی و فیشەکەشێتە دەتەقێنن و نەک هەر زەوی و زەریا، بەڵکە ئاسمان و هەوای وڵاتەکەیش پیس دەکەن. بەڵام سەرمایەداری ئەمەیان ناو دەنێ خۆشی و جەژن و پێی وایە ئەمە فەرهەنگێکە و دەبێ بپارێزرێت و پەرەی پێ بدرێت.

هێشتا حەفتەی یەکەمی مانگی دوانزە بوو، زەریای کچم لە (مالموێ)وە تەلەفۆنی دەکرد و یەک دوو جار دای بە گوێی من و دایکیدا کە با بۆ سەری ساڵ سەفەرێ ڕێک بخەین. زەریایش و هەموو ئەفرادی ماڵیش دەزانن من لە هەموو کەسێ زیاتر حەزم لە گەشتوگوزار و سەردانی وڵاتانە، ئەگەر گیرفان لێ بگەڕێ. هەموو جارێک کە زەریا باسەکەی دەهێنایە پێشەوە، پێم دەگوت بەڵێنی هیچ نادەم، بەڵام هەوڵ دەدەم، بەتایبەتی ئەگەر سەفەرێکی هەرزانمان چنگ بکەوێ، ئەوە چاکە. من دەمزانی زەریا زیاتر حەزی لە سەفەری وڵاتی گەرم و سەر ئاوە، بۆ مەلەکردن. ڕەنگە لەوەیش زیاتر حەزی لە سەفەری سپانیا بێت، چونکە ساڵی پاری لەوێ بردە سەر بۆ خوێندن و زمانەکە دەزانێ. من زۆر گوێم بەوە نەدا، بەڵام مەسەلەی سەفەریشم زۆر بە جددی وەرنەگرت. هەر وا جاروبارێ تەماشایەکی ڕۆژنامەم دەکرد، بەڵکە شتێکی باش و هەرزانم دەست بکەوێ.

ڕۆژێکیان ئاگادارییەکی ڕایانئەیر (Ryanair)م بەرچاو کەوت. ئەم شەریکەتە بەوە بەناوبانگن کە سەفەرەکانیان زۆر هەرزانە، بەڵام هەندێ وردە زەحمەت و

ناخۆشییان هەیە. بۆ نموونە فڕگەکانیان زۆر لە شارەکانەوە دوورن، دەبێ هەمیشە بە قەتار و بە پاس بۆی بچیت، یا ئەوەی کاتەکانیان شەوی درەنگ یا بەیانیی زووە. بێجگە لەوەی کە لە ماوەی سەفەرەکەدا خواردن و خواردنەوە نادەنە ڕێبوارەکان و دەبێ خۆت خواردن بکڕی. ئەمانە. ڕاستت دەوێ، هیچیان زەحمەت و سەختیی ڕاستەقینە نین. هۆیەکی دیکەی ئەوەی سەفەرەکانیان هەرزانن ئەوەیە، ئەم شەریکەیە کارمەند و بارەگا و هەیتوهووتی نییە. تەنانەت بلیتەکەیش هەر لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەکڕیت و پارەکەی دەدەیت و لە فڕگە وەریدەگریت. بەمەیش خەرجی و مەسرەفێکی زۆریان لە کۆڵ بۆتەوە. لەوەیش سەیرتر، دەڵێن فڕۆکەوانەکانیان ئەو خوێندکارانەن کە خەریکی فێربوونی فڕۆکەوانین و هێشتا خوێندنیان تەواو نەکردووە. بە هەرزانتر لای ئەمان کار دەکەن. بە هەر حاڵ تا ئێستا نەمبیستووە فڕۆکەیەکی ئەمانە کەوتبێتە خوارەوە.

بەکورتییەکەی شەوێ بۆی دانیشتین و بە هۆی ئینتەرنێتەوە بلیتەکانمان داوا کرد و زۆریش هەرزان بوو؛ بۆ چوون و هاتنەوەی هەر پێنجمان، وا بزانم هەمووی کردی سێهەزار، سێهەزار و شتێ کرۆن. هەرزان ئەمما هەرزان، تۆڵەکەی بەهاری پێ ناگات.

ڕۆژی ٢٣ی مانگ لە فڕگەی سکاڤستاوە سوار بووین بۆ فڕۆکەخانەیەک کە نزیکەی سەعاتونیوێک لە خوار پاریسەوەیە. فڕۆکەکە درەنگ دەرچوو. هێشتا نەگەیشتبووینە سەر فرانسا، فڕۆکەوانەکە پێی ڕاگەیاندین کە فڕۆکەکەمان گرفتێکی هەیە و بەداخەوە ناتوانین بچین بۆ پاریس و دەبێ پێشتر لە لەندەن بنیشینەوە. ئەگەر کرا فڕۆکەکە چاک بکرێتەوە و بەردەوام بین، دەنا فڕۆکە دەگۆڕین. بەو ئێوارەیە فڕۆکە خۆی و ئێمەیشی گەیاندە لەندەن و لە فڕگەی ستانستێدت نیشتەوە. کاریان ڕاست بێت، هەر زوو فڕۆکەیەکی دیکەیان بۆ ئامادە کردین و دیسان کەوتینەوە ئاسمان. ئەگەرچی بەرنامەیەکی زۆر ڕێکوپێکمان دانەنابوو، بەڵام سێ چوار ڕۆژێ لەسەر یەکە هەر دەچووینە دەرێ و چەند شوێنێکی توریستی و فەرهەنگیمان بە سەر کردەوە. من و زەریا پێشتر قولەی ئایفلمان بینیبوو. وا بزانم خۆم یەکەمجار هاوینی ١٩٧٨ بوو چوومە پاریس و چاوم بە ئایفل و مۆزەی لۆڤر کەوت. چەند جاری دیکەیش چووبوومە پاریس. وا بزانم هاوینی ١٩٩٢یش بوو لەگەڵ زەریا سەری

پاریسـمـان دا. ئەو جـارەیش، لە بیـرمـە، بـە هـۆی ئەوەوە زۆر جێگە گەڕاین: قـولەی ئایفل، مـوزەی لۆڤر، یاریگەی دیزنی لاند و ناوەندی فـەرهـەنگیی پۆمپیـدۆ. هـەر ئەو جـارە لە پاریســەوە بە قـەتار چووین بۆ برۆکسـێل. ئەو سـاڵە لە پێـشـبڕکـێیـەکی ئەدەبیدا شیعرێکم خەڵاتی بەرکەوتبوو. بەو بۆنەیەوە ئاهەنگێکمان ساز دابوو. چووم بۆ ئـامـادەبوونی ئـەو ئاهەنگە، ئەم جـارەیش سـەری قـولەی ئایفلمـان دا، چونکە (زریان) و (یار) نەیانبینیبوو.

لە بیـرم نییـە لـەگـەڵ (زینەت) بینیـبـوومـان یا نە؟ دەزانم مـانگـی دووی سـاڵی ١٩٨٦ چووبووینە لەندەن، لـەوێشـەوە بۆ مـاوەی سێ چوار ڕۆژیش سـەری پاریسـمـان دابوو. بەڵام کـوێ گـەڕاین و کـوێ نەگـەڕاین، ئێسـتـا چاکم لە بیر نەمـاوە. ئەوەندە دەزانم سـەرێکی ماڵی خـانمی (جـۆیس بلۆ)مان دا. زەریا ئەو کـاتە نزیکەی سێ سـاڵان بوو. لە مـاڵـی خـانمی بلۆ کـەوتبـووە ناو پێـڵاوەکان، لە پێـی دەکردن و تاقیـی دەکردنەوە. جـۆیس زۆر بە پەرۆشـەوە باسـی دۆکـتـۆر ئەوڕەحمـانی قـاسـملووی دەکرد. من تا ئەو کاتە دۆکتۆر قـاسملووم هـەر لە دوورەوە دەناسی، ئەگـەرچی لە یەک دوو سەمـینـاریدا ئامادە بووبووم. وا بزانم هـەر ئەو سـاڵە بوو، یا سـاڵێ دواتر چاومان بە یەکدی کەوت و ماوەیەکی باش پێکەوە دانیشـتین. جۆیس وتی کتێبێکی ڕووسیم پێشانی قاسملوو داوە لەســەر کـورد نووسـرابوو، زۆر پەلـەی بوو بزانێت لـەبارەی خـۆیەوە چیـی تێـدا وتراوە. هـەر بە قسەکانیدا وام هـەست کرد جۆیس قـاسملووی زۆر خۆش دەوێت. من لەگەڵ جـۆیسدا بە ئینگلیزی قسـەم دەکرد. ئەو ئەگـەرچی کوردناسیشـە، بەڵام هێندە کوردی نازانێت کە دەمەتەقێیەکی باشی پێ بکات. لە باسـی قاسملوودا وشـەیەکی بە کـار هێنا، وای پێـشـان دەدا کـە نـەک هـەر وەک هـاوڕێیـەک خـۆشـی دەوێت، بەڵکو ئەولاتریش. هـەر لەو سـەردانەدا چەند شـەوێک مـیوانی ماڵی کـاک ئیسـماعیل (ئیرەج خـانی کـەشکوولی قـەشـقـایی) بووین. ئیـرەج خـان یەکـێکە (یـەکێک بوو) لە خـانە گـەورەکـانی هۆزی قـەشـقـایی لە ئێـران. یەکـێکیش بوو لە ڕێبـەرانی کـۆمـیتـەی شـۆڕشگێڕی حیـزبی توودەی ئێران لـە دەرەوەی وڵات. ئەمـانە لە حـیزبی توودەکـەی سـەر بە سـۆڤـیـەت جـیـا بووبوونەوە و مـاویست بـوون. ئیـرەج خـان لە ناوەڕاسـتی شـەسـتـەکـاندا سـەری کـوردسـتـانی عـیـراقی دابوو، هـەر لەبەر ئەوەیش بـوو لەناو مـاویسـتـە کوردەکاندا بە کاک ئیسـمـاعیل دەناسـرا. دیارە کوردییـەکی بـاشـیـشـی دەزانی. من کـاک ئیسـمـاعیلم لە کۆتایی حەفـتـاکـاندا لـە شـام و بەیرووت ناسـی. لە

ئاڵمـانیـایش، لە شـاری هامـبـورگ، دوو سێ جـار چاومـان بە یەک کـەوت. هـەر ئەو دەمـەیش بوو کە لـە سیاسـەت دوور کـەوتمەوە و ئیدی چاوم پێ نەکەوتەوە. من چووم بۆ سوێد و ئەویش دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئیسلامی گەڕایەوە بۆ ئێران و زۆریش بە دڵگەرمی پشـتگیرییان دەکرد. بەڵام هـەر زوو ئەوانیش کەوتنە بەر شـاڵاوی لێدانی چەپەکـان و جـارێکی دیکـەیش لە ئەوروپاوە سـەری دەرهێنابوو. ئەم جـارە لە پاریس دەژیا و پەنابەری سـیاسـی بوو. کاک ئیسـمـاعیل لە سـەردەمی چالاکیی سـیـاسـیدا چاوی بە سـەرۆک ماوزەدۆنگ (ی چین) و ئەنوەر خۆجە (ی ئەلبانیا)یش کەوتبوو. ئەو سـەردانەی من دوای حەوت سـاڵ هـەر وەفایەک بوو بۆ ئەو دۆستـایەتییە کۆنەمان.

بەهـەر حـاڵ ئەم جارە، یەکـەم ڕۆژ چووینە تەماشـای قولەی ئایفل. لە بەخـتی ناباشـی ئێمەدا ڕۆژەکە هـەور و تەم بوو. لەو بەرزاییەوە تەماشای شـاری پاریسمان دەکرد، بە ئاسـتـەم شـتـمـان دەبینی. ڕۆژانی دیکە سەری ناوەندی فـەرهـەنگیی پۆمپیدۆ، کڵێسـا سپییەکەی سـەر گردەکە (ناویم لە بیر نییە) و ئەنستیتووتی جیهانی عەرەبمان دا.

ڕۆژێک چووین بۆ سـەردانـی کتێبفرۆشـییە عـەرەبییەکـان. لە کتـێبفـرۆشیی، وا بزانم، ئیبن سینا ڕۆمانە تازەکەی سـەلیم بەرەکات (دلشاد، فراسخ الخلود المهجورة)م کڕی، هـەروەهـا دیوانی تازەی مەحمووود دەرویش (لا تعتذر عما فعلت). لەوێدا شیعرێکی بۆ کورد نوسـیبوو، پێشکەشی کردبوو بە سـەلیم بەرەکـات. خاوەنی کتـێبفـرۆشـییەکە دیاربوو سـەلیمی دەناسـی. وتی هیچ دەیبینی؟ گوتم جاروبار. هـەندێ باسـی کوردمان کرد. وا بزانم هـەر لەوێ بوو کـتـێبێکـی چاکم لەسـەر تیـۆریی (وحدة الوجود)ی ئیبن عـەرەبی دەست کـەوت. کتێبی دیکەیش لەسـەر تەسـەووف زۆر بوون، بەڵام بەڕاسـتـی گـران بوون، یا مـن وام هـەست دەکـرد زۆر گـرانن. سـەری دوو کـتـێـبـفـرۆشـیی دیکەیشـمـان دا. دیارە کتێبی چاک و خـۆش یەکجـار زۆر بوون، بەڵام من بە زۆری بۆ کـتـێـبی تەسـەووف دەگـەڕام. لەوەیش بتـرازێ ئەو کـاتە زۆرەمـان نـەبوو بە کـاوەخـۆ بکەومە ناو کتێبەکان و یەک بە یەکیان تەماشا بکەم.

لە دوا کتێبفرۆشـی، خاوەنەکەی گوێی لێ بوو ئێمە لەناو خۆمـاندا بە زمانێک کە ئەو تێی ناگـات، قـسـە دەکـەین و لەگـەڵ ئەویش بە عـەرەبی، یەکسـەر وتی برایان ئێـوە خەڵکی کوردسـتـانی عیـراقن؟ وتمان چاکی بۆ چوویت، هـەوین. هـەندێ باسـی کورد و عیـراقمان کرد. کابرا لوبنانی بوو، کۆڵێ قسەی جوانی کرد. وتی من پێم وایە کورد

بەو هەموو ملیۆنەوە دەبێ دەوڵەتی خۆیان هەبێت. ئەوجا عەرەب ئەو هەموو نەوتەی هەیە، با نەوتی کەرکووک بۆ کورد بێت. پێشنیازی ئەوەم بۆ کرد کتێبی (الانسان الکامل)ی عەبدولکەریمی جیلی چاپ بکاتەوە، وتی باشە، بۆچی نا؟ ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆن و فاکسی دامێ، بەو هیوایەی زیاتر قسەی لەسەر بکەین. هەروەها وتم دوو سێ کتێبم کراون بە عەرەبی و حەز دەکەم چاپیان بکەم. وتی دەتوانین لەسەر ئەوانیش قسە بکەین.

لە نهۆمێکی ئەنستیتووتی جیهانی عەرەبدا بەشێکی کتێبفرۆشیی لێیە و کتێبی چاکیان هەیە. لەوێ کتێبی نووسەرێکی جاپانیم کڕی: نۆبۆئاکی نۆتۆهارا: عەرەب، لە ڕوانگەیەکی جاپانییەوە (العرب، وجهة نظر يابانية). ئەم کتێبەم پێشتر دەناسی چونکە ڕانانم لەسەری خوێندبووەوە، زۆر بەرزی نرخاندبوو. بێجگە لەوەیش بە لامەوە خۆش بوو کە زانیم نووسەرە جاپانییەکە هەر خۆی کتێبەکەی بە زمانی عەرەبی نووسیبوو، نەک ئەوەی بڵێی تەرجەمەی عەرەبی کرابێت. هێشتا لە پاریس بووم، دەستم کرد بە خوێندنەوەی. هەر زوو تێگەیشتم کە بە ڕاستی کتێبێکی چاکە. نۆتۆهارا خۆی دیارە عەرەبناسێکی ناسراو و گەورەیە. کە کتێبەکەی دەخوێنیتەوە هەست دەکەی کابرا بە ڕاستی عەرەبی خۆش دەوێ و خزمەتێکی زۆری کردوون. دەیان ڕۆمان و شیعری کردۆتە جاپانی و دەیان لێکۆڵینەوەی لەسەر فەرهەنگ و ئەدەب و مێژووی عەرەب نووسیوە. کەچی لەم کتێبەیدا ڕەخنەی زۆر توند، بەڵام ڕەوا و ڕاست، لە فەرهەنگ و سیاسەتی عەرەب دەگرێت. تۆ کە دەیخوێنیتەوە هەست دەکەیت ئەمە ڕەخنەی دۆستێکە کە دەیەوێ دەستت بگرێ و لەو بارە خراپەی تێی کەوتوویت دەرتبهێنێ، نەک ڕەخنەی کەسێک لە دڵێکی پیس و پڕ لە ڕق و کینەوە تیری ژاراویت تێ بگرێ، وەک زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسانی ئەورووپایی کە باسی ڕۆژهەڵات و ئیسلام و کورد و عەرەب و ئێرانی دەکەن. ئەم عەرەبناسە، بەڵام عەرەبدۆستیشە؛ ئیسلامناسە، بەڵام دژی ئیسلام نییە. ڕۆژهەڵاتناسانی ئەورووپایی زانستەکەیان، ئیسلامناسی، کوردناسی، عەرەبناسی، ئێرانناسی، بۆ دژایەتیکردنی ئەوانە، واتە ڕێک بۆ دوژمنایەتیی ئیسلام و کورد و عەرەب و ئێرانی، بە کار دەبەن، بۆ پیلانگێڕان، بۆ ناوزڕاندن و ڕەشکردن و تەفروتووناکردن و داڕزاندن. نۆتۆهارا لە کاتێکدا ڕەخنەی زۆر توندیان لێ دەگرێ، بەڵام هەرگیز بە نیازی بریندارکردن، یا بە ئامانجی بە نزم پێشاندانی عەرەب و فەرهەنگ و دینەکەیان نانووسێ.

ئەم کتێبە بۆ من، سەرباری ئەو لایەنانەی باسم کردن، دوو لایەنی دیکەیشی هەن کە سەرنجڕاکێش و گرنگن: یەکەم، نووسەر نەک هەر عەرەبناسێکی ئاکادێمیک و تیۆریزانە، بەڵکە زۆر شارەزا و ئاشنای وڵاتانی عەرەبی و فەرهەنگ و سیاسەتیانە. زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان گەڕاوە و بە مانگان و بە ساڵان تێیاندا ژیاوە و خەڵکێکی یەکجار زۆر و جیاواز دەناسێ. ئەو نەک تەنیا ئەکادێمیسیانە عەرەبەکان، بەڵکە بەشێکی زۆری نووسەران و شاعیران و نیگارکێشیانیش دەناسێت، بەڵام، لەوەیش گرنگتر، تەنانەت کۆمەڵێ سەرۆکخێڵ و کۆچەر و بەدووی بیابانەکانیش دەناسێت و لەناویاندا ژیاوە. کەواتە کابرا لە خۆیەوە قسە ناکات و ڕەمڵ لێ نادات، بەڵکە خاوەنی ئەزموونێکی قووڵ و فراوان و پانوپۆڕە. لەوەیش بترازێ، ئەو نەک هەر شارەزای زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی عەرەبییە، بەڵکە زمانە عەرەبییەکەی تا ئەو ڕادەیە ڕەوانە کە کتێبێکی پێ دەنووسێت و کتێبەکەیش بۆ عەرەب خۆیان دەنووسێت. ڕاستە لە هەندێ ڕستە و وشە و دەربڕیندا تۆ هەست دەکەیت لەنگییەک هەیە، بەڵام ئەمە لە نرخی کارەکەی داناشکێنێ. عەرەبەکان خۆیشیان کە دەنووسن دەیان و سەدان هەڵەی ڕێنووس و ڕێزمان لە نووسینەکانیاندا بە دی دەکەیت. لەمەیشدا نۆتۆهارا زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسانی ئەورووپایی جیاوازە. من خۆم بەشێکی زۆری کوردناسانی ڕۆژاوا دەناسم، بەڵام کەسێکیان تێدا نییە بتوانێ بە ڕێکوپێکی بە کوردی قسە بکات، چ جای بگاتە ئەوەی بە کوردی بنووسێت.

لایەنی گرنگی دووەمی کتێبەکە، بۆ من، ئەوەیە کە ئەو خەوش و ناتەواوی و لەنگی و کەچی و کووڕییەی کە نووسەر لە ژیان و فەرهەنگ و سیاسەتی عەرەبدا دەیانبینێ، هەر هەموویان لای ئێمەی کورد، بە زیادیشەوە هەن. واتە ئەگەر عەرەب جارێک دواکەوتوو بن، ئەوا ئێمە دوو جار و پتریش دواکەوتووین. من کە ڕەخنەکانی نۆتۆهارام دەخوێندەوە، ڕێک وام دەزانی باسی کۆمەڵگای کورد و فەرهەنگی کورد دەکات. لەوەیە ئێمە خۆمان لەبەر هەستی نیشتمانپەروەری، یا نەتەوەپەرستی، هەرچییەکی ناو دەنێی، عەیب و خەوش و لایەنە ناشیرین و دزێوەکانی خۆمان نەبینین، یا ڕەنگە ئەگەر بشیانبینین، نەمانەوێ ڕاستگۆیانە پێیان لێ بنێین. بریا کەسێکی دیکە، کەسێکی وەک نۆتۆهارا، بهاتایە و ڕێک و ڕەوان کلی بەرچاوەکانمی ئاشکرا بکردایە. بەداخەوە بێگانەکانی ئێمە یا ناسیۆنالیست و شۆڤێنیست و تەنانەت ڕەگەزپەرستانی دەورووپشتمانن، کە هەڵوێستێکی زۆر دوژمنانە و

نەیارانەیان هەیە، یا کوردناسەکانی ڕۆژاوان کە هەموو زانست و شارەزایی و ئاشنایەتییەکەیان هۆیەکە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی ئیمپەریالیستان و پارچەپارچەکردنی کورد. لە بەختی ڕەشی ئێمەدا کوردناسێکی جاپانی یا برازیلیمان بۆ پەیدا نەبوو، ببێتە دۆستمان و ئەگەریش ڕەخنەی گرت لێمان بۆ هارین و بۆ وردوخاشکردنمان نەبێت، بەڵکە بۆ دەستگرتن و فێرکردنمان، بۆ ئەوە بێت بەڕاستی خۆمان بناسین.

گەڕانەوەکەمان ئێوارەیەکی درەنگی ٣٠ی مانگ بوو. هەتا گەیشتینە وەستگەی پاسەکان کە بۆ فرۆکەخانەکە دەچوون شەلاڵی عارەق بووین. کاریان ڕاست بێت پاسێکیان لەبەر ئێمە هێلابووەوە و چاوەڕێی دەکردین. فرۆکەکەمان درەنگێ دەرچوو. دوای نیوەشەو گەیشتینە سکاڤستای سوێد. نزیکەی سەعات دووی دوای نیوەشەو گەیشتینەوە ماڵ. سبەینێکەی دوایین ڕۆژی ساڵی ٢٠٠٣ بوو. من هەر تەنیا دوو ڕۆژم بە دەستەوە بوو، چونکە دووەم ڕۆژی مانگ و ساڵی تازە دەبوو بچم بۆ یۆنان.

## گەشتی دووەم: ئەسینا (ئەتێن)، ٢ ـ ١ ـ ٢٠٠٤ تا ٣٠ ـ ١ ـ ٢٠٠٤

ئەمە سێیەمین جارم بوو دەچووم بۆ یۆنان. بێجگە لەو دوو جارەی پێشوو، زۆر جاریش کە سەفەری ولاتی دیکەم کردووە، یا بەسەر یۆناندا فڕیوم، یا فڕۆکەکە لە فڕگەی ئەسینا نیشتۆتەوە بۆ یەک دوو سەعاتێ.

یەکەم جار هاوینی ١٩٩٣ بوو، بە هۆی یەکێتی نووسەرانی سوێدەوە ستیپێندیۆم (بورس)ێکی یەکمانگیم پێ درابوو، بۆ ئەوەی لە ماڵی سوێدی لە شاری کاڤاللا Ka-valla بیبەمە سەر. ئەو جارە لە سوێدەوە بە فڕۆکە چوومە شاری تێسالۆنیکی، لەوێیشەوە بە پاس گەیشتمە کاڤاللا. شارێکی بچکۆلە و جوان و دڵگیر. لەو مانگەی وەرمگرتبوو، توانیم بیستوپێنج ڕۆژ لەوێ بمێنمەوە. ئەو ماوەیەی لەوێ بووم خەریکی نووسینی لێکۆڵینەوەیەک بووم لەسەر قەسیدەی کوردی، کە هەر یەکسەر دوای گەڕانەوەم لە کاڤاللا، چووم بۆ لەندەن بۆ بەشداری لە کۆنفرەنسی قەسیدەدا، کە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەلاتی و ئەفریقایی ڕێکی خستبوو، لێکۆڵینەوەکەم لەو کۆنفراسەدا پێشکەش کرد و دواتر هەموو لێکۆڵینەوەکان لە کتێبێکی دووبەرگیی گەورەدا چاپ کران. لە کاڤاللا، ئەگەرچی کاتەکەی یەکجار خۆش بوو بۆ گەڕان و

ڕابواردن و سەر کەناری ئاو چوون، بەڵام بەڕاستی من هیچ تامێکم لێ نەدیت. لە لایێکەوە خەریکی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ئەکادێمی بووم، کە دەبوو زۆرتر لە ژوورەوە دانیشم و کار بکەم. بەڵام لە لایێکی دیکەیشەوە هەموو بیر و مێشک و خەیاڵم لای برا و خوشکێکم بوو کە لە تورکیا بوون و وایان نیاز بوو لەوێوە دەرچن بۆ سوێد. کارەکەیان کەوتبووە دەست قاچاخچی و بێنە و بەرەیەکی زۆریان بە سەر هاتبوو. ئەنجامەکەیش، بەداخەوە، ئەوە بوو کە دوای یەک ساڵ چاوەڕوانی و دەستی دەستی پێ کردن، ناردیاننەوە بۆ کوردستان. وا دیارە ئەمەیش هەر دەکەوێتە بەر تیۆریی (لە پیاوان دەقەومێ).

ئەو ماوەیەی لە کاڤاللا بووم شێوەژیانێکی زۆر ڕۆتینی و تا ڕادەیەکیش وشک و برینگم دەبردە سەر. بەیانیان درەنگ لە خەو هەڵدەستام. دوای بەرچایی خواردن دەچوومە ژووری کارکردنەکە، چونکە کۆمپیوتەری لێ بوو، دەستم دەکردە نووسین. هەندێ جار دەچوومە کتێبخانەکە و گوێم لە مۆسیقا دەگرت. هەندێ کاسێتی کوردیم لەگەڵ خۆم بردبوو، بەڵام بەزۆری گوێم لە کاسێتێکی تازەی کاک ناسری ڕەزازی دەگرت و لە کاسێتەکەیشدا گوێم لە گۆرانی (نیاز) دەگرت، کە بەڕاستی شاکارێکە بۆ خۆی. ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە هەر حەز دەکەم گوێی لێ بگرم. بەشێکی جوانی گۆرانییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شیعرە جوانەی مامۆستا گۆران، کە ڕەزازی بە ئاوازێکی جوان خەملاندوویەتی. ڕاستییەکەی من چیرۆکێکی دیکەیشم لەگەڵ ئەم گۆرانییەدا هەیە. وا بزانم پاییزی ١٩٩١ بوو، یا بەهاری ١٩٩٢، لە ئینگلستانەوە بە سەردان هاتبوومەوە بۆ سوێد. ئەو ساڵە لە لەندەن دەژیام و لە زانستگەی لەندەن خەریکی کاری لێکۆڵینەوە بووم. ئێوارانێک کاک ناسر تەلەفۆنی کرد، وتی ئەگەر لە ماڵیت دێم سەرێکت لێ دەدەم. کە هات، بە ماشێنەکەی ئەو چووین بۆ پیاسە بۆ دەوروبەری شارۆچکەکانی ژووری ستۆکهۆڵم. جا لە ڕێگا کاسێتێکی دانابوو گوێمان لێ دەگرت. ئەو دەم هێشتا (سی دی) وەک ئێستا تەشەنەی نەکردبوو. لەپڕ گوێم لە گۆرانیی (نیاز) بوو. هەر بە جارێک ئەبڵەق بووم. وتی ئەمە ئاوازێکی کۆنی شاری سنەیە و ئێستا خەریکم دەیکەمە گۆرانی. دوای ماوەیەک ئەم گۆرانییەی لێ دەرچوو کە ئێستا هەیە.

هەندێ ڕۆژ، بەتایبەت ئێواران، دەچووم بۆ ناو شار، بەڵام شار زۆر بچووک بوو.

هەندێ شوورا و کۆشکی کۆنی لێ بوو. یەک دوو جارێ چوومە تەماشای. شتێکی سەرنجڕاکێش ئەو جۆگە، یا لوولە، ئاوە دەستکردە بوو کە بەسەر پردێکدا لە لایەکی شارەکەوە بردبوویان بۆ لایەکی دیکەی شارەکە. ئێوارەیەکیش لە ناوشار گرۆیەکی هونەری کۆمەڵێ گۆرانی و مۆسیقا و هەڵپەرکێی جوانی میللییان پێشکەش کرد. خەڵکێکی زۆریان لێ کۆ بووبووەوە، منیش تەماشام دەکردن.

دوو سێ ڕۆژێک پێش گەڕانەوەم، خانمێکی سوێدی هات کە ناسناوەکەی وەک ناسناوی مامۆستاکەم بوو. ئەم خانمەیش نووسەر بوو، دوای تەواوبوونی مانگەکەی من، ئەو دەهاتە جێی من وەک نووسەری وەرگری بورس. بەڵام دیار بوو ویستبووی ماوەیەکی زیاتر لە یۆنان بێت، چەند ڕۆژێک زووتر هاتبوو. دیارە ئەم ڕۆژە زیادانە لەسەر حیسابی خۆی لەوێ دەژیا. کە یەکمان ناسی زانیم کە ئەمە ژنی پێشووی مامۆستایە. دوو سێ جار لەگەڵ ئەم خانمە چووینە دەرێ. جارێک بۆ دوورگەیەک کە بە بەلەم سەعاتێ کەمتر لە کاڤاللاوە دوور بوو. ڕۆژێکیش چووین بۆ هەندێ شار و لادێی سەرووتر. ئەو ناوچانە خەڵکەکەی تێکەڵ بوون، هەم مەسیحی و هەم موسڵمان. لە هەندێ گونددا زۆربەی خەڵکەکە موسڵمان بوون و لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە بە تورکیش دەزانران. لە دێیەک ویستم خۆم هەڵنێم و جوانی و چاکیی مزگەوت پێشانی ئەو خانمە بدەم، بەڵام بەداخەوە شەرمەزار بووم، چونکە دەرگای مزگەوت داخرابوو. کەچی کاتێ لەوێوە چووین بۆ کڵێسایەک، نەک هەر دانەخرابوو، زۆریش جوان و فێنک و خۆش بوو، ئاوی ساردیشی لێ بوو بۆ خواردنەوە.

کە لە ماڵەوە دەبووم بەزۆری خەریکی خوێندنەوە دەبووم، بەتایبەتی شەوان هەتا درەنگێ دادەنیشتم. هەر ئەو ماوەیەی من لەوێ بووم کۆمەڵێ گەنجی نۆروێژی هاتبوون، خەریکی لێکۆڵینەوەی ئارکیۆلۆگی بوون. ئەمانە ڕۆژانە دەچوونە دەرەوە و کە ئێوارە دەهاتنەوە کۆمەڵێ بەرد و چەویان لەگەڵ خۆیان دەهێنایەوە و بە هەموویان تێی دەوروکان. ئەوجا بەردەکانیان دەکردنە کۆمەڵی ورد ورد و دەیانخستنە ناو کیسە و پرپاسکەی نایلۆنەوە و هەندێ حەرف و ژمارەیان لەسەر دەنووسین. هەندێ ئێوارە کە دەهاتنەوە هێندە برسی و ماندوو دەبوون کە تاقەتی ئەوەیان نەبوو خواردنێ بۆ خۆیان لێ بنێن. یەک دوو جارێ من لە چێشتەکانی خۆم بەشم دان. هەروەها کچ و کوڕێکی نیگارکێشی لێ بوو، سوێدی بوون. ئەمانە لەو

ماڵە یەکتریان ناسیبوو، بەڵام هەر زوو دڵدارییەکی سوێدییانەیان دامەزراند کە وەک سیغەی شیعەکان دەهاتە پێش چاوم. ئەمجا پیرەمێردێکیش هات، نووسەر و ڕۆژنامەگەر بوو؛ سەرنووسەری گۆڤاری کۆمەڵی بڵاوکردنەوەی زانیاریی سێکسی بوو. سەرپەرشتکاری (ماڵی سوێدی) کابرایەک بوو، ساڵانێک لە یۆنان ژیابوو. وا پێ نەدەچوو کە هیچ پێوەندییەکی بە فەرهەنگ و خوێنەوارییەوە هەبێ. جاروبار لەگەڵ ئەم چوار پێنجە ئێواران دادەنیشتین و هەندێ قسە و باسمان دادەمەزراند، بەڵام ئەمە هەمووی وا بزانم دوو یا سێ جارێ ڕووی دا.

سەفەری دووەمی یۆنانم وا بزانم هاوینی ١٩٩٧ بوو. ئەو جارە هەمووومان پێکەوە بۆ هاوینەگەشتێ چووین بۆ دورگەی (کرێت). ئێستا لە بیرم نییە چۆن بوو ئەوێمان هەڵبژارد، بەڵام دەزانم منداڵەکان پێیان خۆش بوو. ئەو سەفەرەمان بۆ دوو حەوتوو بوو. هەر لە سوێدەوە ماڵێکی کەنار زەریامان ڕێک خست کە بیرۆی بلێتفرۆشییەکە خۆیان لەگەڵ بلێتەکەدا دەیاندا بە کرێ. هێشتا سەفەرمان نەکردبوو، کاک خەبات عارف پێی وتم کە ئەوانیش هەر لەو ماوەیەدا، چەند ڕۆژێ زووتر یا درەنگتر، لەوێ دەبن. ئەمەم پێ خۆش بوو، چونکە هەبوونی هەندێ دۆست و ئاشنا خۆش بوو، بۆ خۆیشمان و بۆ منداڵەکانیشمان. ئێمە بەم جۆرە سەفەرانە ڕاهاتووین. بەشێکی زۆری کاتی مرۆڤ لەو کەنار ئاوە بەسەر دەچێت، بە مەلەکردن و خۆدانە هەتاو. کە لەوێیش نابیت، یا دەچیتەوە ماڵ بۆ خواردن لێنان، یا بۆ ناوشار بۆ کڕینی شتومەک و تەماشاکردنی کۆگا و دوکان و خەڵک و ناوجادە.

ئەو دوو حەفتەیەی (کرێت)مان هەر بەو شێوەیە بردە سەر. شتێکی گرنگ و سەرنجڕاکێش نەبوو. ئەو خانووەی تێیدا دەژیاین لە شێوەی هۆتێلێکی بچکۆلەدا ڕێک خرابوو. نزیکەی ٨ – ٩ ژوورێکی هەبوو، یەکجار لە ئاوەکەوە نزیک بوو. هەر هەمووی ٤٠ – ٥٠ مەتر لێیەوە دوور بوو. ڕێگەی نێوان ماڵەکە و زەریا بەشێکی خۆڵ و قوڕ بوو. لەوە بە دوا چەوڕێژ کرابوو. ئێمە دوو ژوورمان هەبوو. یەکێکمان کردبوو بە ژووری کۆبوونەوە و دانیشتن، ئەوی دیکەیش بۆ لێنانی خواردن. بەڵام شەوان لە هەردوو ژوورەکە دەخەوتین؛ منداڵەکان لەولا و ئێمەیش لە ئەمی دیکە. کێشەیەکی ناخۆش ئەوە بوو، لەبەر ئەوەی ژوورەکان بە تەنیشت یەکەوە بوون و هەر یەکەیان دەرگای سەربەخۆی خۆی هەبوو، هەمیشە لەنێوان ئەم دوو ژوورەدا لە هاتوچۆدا

بووین. دەرگاکانیش چونکە با هەبوو، زوو زوو پێوە دەدران و ئەو پێوەدرانەیش زۆر بەهێز بوو، وات دەزانی دەرگاکە دەشکێ. لەوەیش خراپتر کە دەرگا پێوە بدرایە، بە کلیل نەبووایە نەدەکرایەوە. لە بەدبەختیی ئێمەیش ژنەی خاوەن هۆتێل، هەتا بڵێی تووڕە و گرژ و مۆن و شەڕانی بوو. لە بچووکترین نارێکی هەڵدەچوو. دەبوو دەنگی دەرگا نەیەت، نابێ منداڵ زۆر فرتەفرت بکەن، بە پێی قوڕاوی نەچنە ژوورەوە و دەیان قانوونی سەیر و سەمەرە کە بۆ توریستێک بیەوێ خۆشی بگوزەرێنێ و هەست بە ئازادی و بەرەڵایی بکات، نەک هەر ئاسان نەبوو، بەڵکە زۆریش ئاستەم و ناخۆش بوو. ڕۆژێکیان وا بزانم منداڵەکان کلیلیان لە ژوورەوە بە جێ هێڵابوو، دەرگاکەیش داخرابوو، نەدەکرایەوە. ئەمە گرفتێکی گەورەی دروست کرد. لە ژوورەکەی تر من لەسەر جێگاکەم پاڵ کەوتبووم، پیرەژن هات ئەو گرفتە چارەسەر بکات. من زۆر تووڕە بووم. داوای کلیلی کرد، منیش بە جۆرێ بۆم فڕێ دا، ئەگەر بەری بکەوتایە، ڕەنگە ئازاری پێ بگەیاندایە. ئیتر لەو ڕۆژەوە پیرەژن فزەی بڕا و لەگەڵ ئێمە نەیدەوێرا شاتەشات بکات.

ماڵی کاک خەبات لە هۆتێلێک بوون لە سەرووی ناوچەکەی ئێمەوە. جێگەکەیان لە ئاوەکەوە دوور بوو، بەڵام باش بوو لەناو هۆتێلەکەیاندا هەستێڵێکی مەلەوانی هەبوو، منداڵەکانیان دەیانتوانی مەلەی تێدا بکەن. ئەوان یەک دوو جارێ هاتن بۆ لای ئێمە و ئێمەیش پێم وایە جارێ، دوو جار سەرمان لێ دان. ڕۆژێکیان پێکەوە چووین بۆ شار (لەبیرم نەماوە، نازانم خانیا بوو یا شتێکی دیکە) بۆ کڕینی شت. من ٧ – ٨ کیلۆ حەڵوای ڕاشیم کڕی. کە لە دوکانەکە دەهاتمە دەرێ، کاک خەبات بە کامێرای ڤیدیۆ وێنەی گرتووم بە کیسە حەڵواوە.

ڕۆژانە کە دەچووینە قەراغ ئاوەکە، دەیان دەسگێڕ و وردەفرۆش و خەڵکی دیکە دەهاتن و دەچوون. یەکێ لەو شتانەی سەرنجی ئێمە (بەتایبەت منداڵان)ی ڕاکێشابوو یارییەک بوو لەناو ئاوەکەدا دەکرا. ڕاستییەکەی یاری نەبوو، بەڵکە جۆرێ سەرچڵی و وەرزشی سەخت بوو. لە تەختە بنکەیەکیان دروست کردبوو چوار پێنج مەترێ بەرز، یەک یا دوو کەس دەچوونە سەری و لەوێ دەچوونە ناو شتێکەوە لە دەرپێ دەچوو، واتە قاچت تێوە دەکرد و سەرەوەی بە کۆمەڵێ پەتی سەخت و بتەو بەسترابوو بە چادرێکی گەورەوە کە لە شێوەی کۆلارەیەکی گەورە دروست کرابوو. لە

خواریشـەوە، لەناو ئاوەکەوە کابرایەک بە بەلەمێکەوە ڕاوەستابوو کە کۆلارەیەکی گەورەی پێوە بەسترابوو. کە بەلەمەکە دەکەوتە گەڕ و زۆر خێرا دەچوو، کۆلارەکە دەچوو بە ئاسـمـانـدا و ئەو یەک یا دوو کـەسـە وەک ئەوەی لەو ئاسـمـانـە لەسـەر کورسـییـەک دانیشـتبن، وا بوو. دوای دە دەقیقـە سـووڕانەوە بە ئاسـمـاندا بەسـەر ناوچەکەدا، کابرا بەلەمەکەی خاو دەکردەوە و لە ناوەڕاستی ئاوەکەدا ڕایدەگرت و کـۆلارەکـەیش، کـە ئـیـدی بـای بەهـێـز لـە ژێرەوە هەڵیـنـەدەگـرت، لـەناو ئاوەکـەدا دەنیشتـەوە. ڕۆژێکیان من و زریان هەر بۆ تەماشا چووینە سەر بنکەکە. نازانم چۆن بوو لەوێ هات بە سەرماندا برِیارمان دا سوار بین. من بەڕاستی زۆر دەترسام بەڵام لەبەر زریان حـەزم نەدەکـرد بڵـێم با واز لـەم یارییـە بێنین. هەر جـۆرێ بوو، سـوار بووین و چووین بە ئاسـمـاندا. کە لەو ئاسـمـانە تەمـاشـای ئەمـلا و ئەولای خـۆمـانم دەکرد هـەر چۆڵایی و هـەر بۆشـایی بوو، ئێـمـەیش بە دوو سێ پـەت بەسـتـرابوون بە کۆلارەکەوە، خواریشمان زەریایەکی سەوزی مەیلەو ڕەشی قووڵ بوو، کورِم دەویست ترسی نەچێتـە دڵەوە. منێکی گـەرمیـانیی پەروەردەی ئەو دەشـتی شـاکەلە، ئێـسـتـا بچـیت بە ئاسـمـانـدا و خـواریشت زەریای ناوەڕاست (مـێـدیتـرانە) بێت، دە وەرە زارەترەک مەبە. ڕۆح لە جێیەکی سەختدایە و دەرناچێ. لە دابـەزینیشدا لەو ناو ئاوە قووڵە، دیسان ترسێکی گەورە بوو، بەڵام هەرچۆنێک بوو ئەو جارە ڕزگارم بوو.

گرفتەکە ئەوە بوو کە دەمزانی ئێستا ئیتر زەریای کچیشم داوام لێ دەکات و دەبێ لەگەڵ ئەویش ئەم سـەفەرە پڕ مـەترسییـە دووبارە بکەمەوە. جاری یەکەم لەبەر ئەوەی نەمـدەزانی ترسەکە چۆنە و چی ڕوو دەدات، کەمتر هەستـم پێ دەکرد، بەڵام ئێستا کە ئـەزموونم هەبوو زیاتر دەترسـام. خوای من و تۆ کردی دوو سێ ڕۆژ لەسەر یەکە هەر ڕێک نەکەوت. ئیتر یا بای زۆر بەهێز و قایم بوو، یا کابرای کۆلارەوان نەدەهات. هەر جـارێ هۆیەک هەبوو. بەڵام تـرسـەکەم هـەر لە دڵدا بوو کـە تووش دەبمەوە. هەر وایش بـوو، تووش بوومــەوە. ڕۆژێک کـابرا پەیدا بووەوە، ڕۆژەکــەیشی خــۆش بوو، زەریاش لە جاران زیاتر حەزی دەکرد ئەو سەفەرە ئاسمانییە بکەین. ناچار ملم دا و پێکەوە سـواری پیرە کۆلارە بووین. بەڵام هەتا چووینە ئاسـمان و هەتا گەڕاینەوە لە ترسانا خەریک بوو دڵم بوەستێ.

ئەوە چیرۆکی دوو سـەفەری پێشووم. سـەفەری ئەم جارەم دەمـویست لەوانەی جارانم

جیاواز بێت. لەبەر ئەوە مانگێ، مانگ و نیوێ پێشتر من بڕیارەکەی یەکێتیی نووسەرانم پێ گەیشتبوو و دەمزانی دەتوانم سەرتاسەری مانگی یەکەمی ساڵی تازە لە ئەسینا بم، هەوڵم دا نەخشەیەک دابنێم و لەوێ هەندێ کاری باش ئەنجام بدەم و چوونەکەم بەرهەمێکی هەبێت. دەمویست هەندێ لەو نووسینانەم کە لە ڕابوردوودا دەستم بە نووسینیان کردبوو، بەڵام بۆم تەواو نەکرابوون، لە یۆنان سەرلەنوێ دەستیان بۆ ببەمەوە و تەواویان بکەم، یا هەر نەبێ شتێکیان لێ زیاد بکەم و ڕێکیان بخەم. هەروەها وام نیاز بوو چیرۆکێک (کتێبێک) لەبارەی ژیانی نێڵسۆن ماندێلاوە بکەم بە کوردی. بێجگە لەوانەیش هەشت نۆ کتێبی باشم لە کتێبخانەی نوبێل وەرگرتبوو تا لەوێ بیانخوێنمەوە. بەکورتی وام دانابوو ئەو ماوەی مانگەی ئەسینام بە جۆرێ ببەمە سەر کە بەرهەمێکی باشم هەبێ. دوای گەڕانەوەمان لە پاریس، دوو ڕۆژ لە ماڵ بووم و ڕۆژی دواتر، واتە دووی مانگ، دوای نیوەڕۆیەکەی چووم بۆ فڕگەی ئارلاندا، بۆ ئەوەی بە هێڵی ئاسمانیی سووریا بچم بۆ ئەسینا. دەوروبەری سەعات هەشتی ئێوارە گەیشتمە فڕگەی ئەسینا. تاکسییەکم گرت بمگەیێنێتە ئەو شەقامەی ماڵەکەی لێ بوو، خانووی ئانیارا ڤالگرێن، کە یەکێتیی نووسەرانی سوێد دەیبا بە ڕێوە و لە ساڵێکدا نۆ مانگی تەرخان دەکات بۆ نووسەران، هەر مانگێ نووسەرێک بچێت لەوێ بژی و خەریکی کاروباری ئەدەبیی خۆی بێت. هەروەها ژوورێکیشیان داناوە بۆ ڕۆژنامەنووسان، بەڵام ڕۆژنامەنووسەکان بۆ ماوەی دوو حەفتە لەوێ دەبن. بە دەم ڕێوە لەگەڵ شۆفێرەکەدا کەوتینە قسەکردن. دیگوت ئەم پارەی یۆرۆیە زیانێکی زۆری لە ئابووریی وڵاتەکەمان داوە. جا ڕاستیشی دەکرد، چونکە من کاتی خۆی چوومەتە ئیتاڵیا و پاریش دیسان چووم و بیستوپێنج ڕۆژ لەوێ ژیام. ئێستای ئیتاڵیا لەگەڵ جارانی جیاوازییەکی گەورەم هەست پێ کرد؛ هەموو شت دوو هێندە و سێ هێندە لە جاران گرانتر بووە. لە ڕێگا جاروبار جێگا دیارەکانی پێشان دەدام. وا بزانم بیست بیستوپێنج دەقەی پێ چوو تا گەیشتینە ئەو ناوچەیە. وتم پێشتر بمبەرە هۆتێلی ئاوستریا. دەبوو کلیلەکانی ماڵەکە لەوێ وەربگرم و دەمزانی لەوێوە ماڵەکە هەموو ١٠ – ١٢ هەنگاوێکە. لە بەر دەرگای هۆتێلەکە ڕاوەستا. چووم کلیلەکانم وەرگرت و هاتمەوە و دیسان کەوتەوە ڕێ. هەرچەندە وتم نزیکە و پێویست ناکات، سوودی نەبوو، وتی دەبێ هەر بتگەیێنمە ئەو ناونیشانەی دەتەوێ. گەیشتینە بەردەم پێپلکەکان، دەمزانی دەبێ لەوێوە سەر

بکەوم، بەڵام کابرای شۆفێر وتی نا، لەو پشتەوە دەبێ ڕێگەی دیکە هەبێ. بە دەوری ماڵەکەدا وەرچەرخا، بەڵام هەر نەماندۆزییەوە. دابەزی و تەماشایەکی پلیکانەکەی کرد، ئەم جارە لە سەرەوە بۆ خوارێ. ناوی جادەکە خۆی بوو، بەڵام یەک دو ژمارەیەک گەورەتر. کەواتە لە خوارەوەیە و ئیدی دەبێ هەر بە پێ بۆی بچم. جانتاکەمم هێنایە خوارەوە. پارەی تاکسیەکە، وەک ژمێرەرەکە نووسیبووی، پێم وایە ١٢ – ١٣ یووڕۆیەک بوو، کەچی کابرا وتی دەبێ بیست یووڕۆ بدەی. وتم بۆچی بیست؟ وتی ئاخر لە فرگە زۆر چاوەڕێم کردووە و هەندێکیش وەک دیاری. پارەکەم دایێ و وردە وردە بە پلیکانەکاندا چوومە خوارێ بۆ بەردەم دەرگای چلوچوار. چوومە ژوورەوە. دیار بوو کەسی لێ نەبوو. ژوورەکەی خۆمم دۆزییەوە و جانتا و کتێب و شتەکانم ڕێک خست و بە ناو ماڵەکەدا کەوتمە گەڕان بۆ ناسین و ئاشنابوون. جێگەیەکی سادە و بچکۆلە بوو. هەمووی سێ ژوور و سەرشۆرێک و ئاودەستێک و مەتبەخێک و ژوورێکی بچکۆلەی دانیشتن بوو. هەستم کرد سەرم دێشێ و چاو و لووتم ئاو دەکەن. هێشتا لە سوێد بووم هەستم بە نەخۆشی دەکرد، بەڵام وا دیارە ئێستا ڕوو لە زیادبوون بوو. چوومە خوارەوە بۆ ئەوەی دووکانێ بدۆزمەوە. بە پلیکانە درێژەکاندا بەرەو خوارتر داکشام، دووکانێکی بچکۆلەم دۆزییەوە و هەندێ ئاو و کێکم کڕی. دەمویست نان بکڕم، بەڵام دووکانێکی دیکەم نەدۆزییەوە. وتم جارێ بۆ ئەمشەو ئەمە بەسە. ئەو یەک دوو ڕۆژەی دواتر هەر زیاتر ڕووە و خراپی چووم. شەوان سەرێشە و هەموو کاتێکیش چاو و لووتم ئاویان لێ دەچۆڕا. خۆیشم نەمدەزانی چی بکەم. وردە وردە هەستم بە بێهێزی و ژانی ئەژنۆ و پشتیش دەکرد. دەمزانی نەخۆشم، بەڵام وتم هەڵامەتە، هەمووی دوو سێ ڕۆژە و چاک دەبمەوە.

شەوان ئەگەرچی هەموو ئێش و ئازارێک ڕووی تێ دەکردم، دیسانیش هەر حەزم دەکرد کتێب بخوێنمەوە. دوو ڕۆمانی (پاولۆ کۆیلۆ)ی برازیلیم لەگەڵ خۆم بردبوو: ئەلکێمیست (کیمیاگەر) و شەیتان و خانمی پریم. بەڕاستی هەر کە دەستم کرد بە خوێندنەوەی ئەلکێمیست، یەکسەر هەستم کرد ئەمە نووسەرێکی جیاوازە و زۆریش توانایە. من ڕۆمان زۆر دەخوێنمەوە، بەڵام زۆر جاریش کە ڕۆمانی ئەوروپایی دەخوێنمەوە، یا هیی عەرەبی، وا هەست دەکەم هەموویان هەر وەکوو یەکن. بەڵام کۆیلۆ هەر لە سەرەتاوە جیاواز بوو. وا بزانم ڕۆمانەکەم بە دوو شەو تەواو کرد،

بەڵام چ دوو شەوێک بوو؟ سەرم خەریک بوو دەتەقی، ناوچەوانم دەتگوت ئاگری تێ بەر بووە. چاوم لە پەسادا ئاوی پێدا دەهاتە خوارەوە. کۆمەڵێ دەستماڵی کاغەزینم لە خۆم کۆ کردبووەوە، بەڵام هەر بەشی نەدەکرد. تا درەنگێ خەوم لێ نەدەکەوت. ناچار حەبم دەخوارد، بەڵام دیسان سوودی نەبوو، جاروبار چاوم دەچووە خەو، خەونی وا سەیر سەیرم دەبینی. وام هەست دەکرد لەناو سەرمدا شەڕێکی گەورەی پڕ لە چەک و فڕۆکە و بۆمب ڕوو دەدات. ئێش و بێخەوی و ماندووبوون بە جۆرێ بڕستیان لە بەر دەبڕیم کە ئیتر دەمەو بەیان خەوم لێ دەکەوت.

ئەم بەزمە چەند ڕۆژێک بەردەوام بوو. لەو ماوەیەدا وام بە سەر هاتبوو کە زۆر بە زەحمەت دەمتوانی خواردنێ، یا چایێ، قاوەیێ لێ بنێم. نەمدەتوانی بچمە دەرەوە بۆ کڕینی نان و میوە و پێویستیی دیکە. وردە وردە هەستم کرد کە بەم جۆرە ناکرێ بەردەوام بم، دەبێ سەری پزیشک بدەم. شەوێ تەلەفۆنی دۆستێکم کرد، گوتم ئەگەر سبەی لەگەڵم بێی بچینە لای دکتۆر. ڕۆژی هەشتی مانگ، دوای نیوەڕۆیەکەی هات. دوای نانخواردن بە مێترۆ چووین بۆ مەیدانی سینتاگما. پارلەمان و وەزارەتی دەرەوە و ئەو شتانەی پێشان دام، بەڵام من لە بارێکدا نەبووم گوێ بەو شتانە بدەم. خوا خوام بوو تاوێ زووتر بگەمە لای دۆکتۆرێک و شتێکم بۆ بکات و لەم ئازار و سەرێشە و بێهێزییە ڕزگارم بکات. چووین بۆ نەخۆشخانەیەک، بەڵام دەبینم ئەو پاکە نییە کە من لە سوێد پێی ڕاهاتووم و ئەوجاریش نزیکەی حەفتا هەشتا کەس لە پێش منەوەن و چاوەڕوانن چاویان بە دۆکتۆر بکەوێت. ئەمە نەخۆشخانەی دەوڵەتی بوو. وتم ئەگەر لێرە ڕاوەستم خراپترم بە سەر دێت، هەڵستە با بڕۆین بۆ کلینیکێکی تایبەت. سواری تاکسیەک بووین، بردینی بۆ کلینیکێ. ناوی خۆمان نووسی و دوای تاوێ دۆکتۆر خانمێکی ئێسکسووک هات و بردینی بۆ ژووری کارەکەی خۆی، کۆمەڵێ پرسیاری لێ کردم. بە ئینگلیزی قسەمان دەکرد، بەڵام لەبەر هاوڕێیەکەی من جاروبار دەیکرد بە یۆنانی. وتی دەبێ بە تیشکی ڕۆێنتگەن وێنەی سینگ و دەموچاوت بگرن. چووین بۆ بەشی ڕۆێنتگەن و ئەو وێنانەیان گرت. کە هاتینەوە بۆ لای دۆکتۆر خانم، وتی تۆ هەم ئینفلوێنزاتە و هەمیش سینۆز (ئاوسانی کونی چاو و لووت) کە بە عەرەبی پێی دەڵێن (جیوب انفیة). ئێ چار چییە؟ وتی دەبێ ئەنتیبایۆتیک وەربگری بۆ ئەوەی ڕزگارت ببێت. زۆر چاکە، تۆ چۆن دەفەرمووێت، ئەمن لە خزمەتتدام (سا فەرموو، سەبر بێ بە فیدای خاکی بەری پێت). ڕەچێتەی

بۆم نووسی و چووینە دەرەوە. لە دەرمانخانەیەک حەبەکەمان کڕی. لەوێوە گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی خۆم. ئیتر لەو ئێوارەیەوە دەستم کردە خواردنی حەبەکان. دەبوو بە ڕێکوپێکی هەر هەشت سەعات جارێک دانەیەکی لێ بخۆم. پاکەتەکە دوانزدە حەبی تێدا بوو، کەواتە بەشی چوار ڕۆژ بوو.

دۆستێکم، کە کوردی سووریایە، بانگهێشتنی کردبووم و ڕۆژی شەممەی دانابوو بچم بۆ ماڵیان. کە چووم کوڕێکی کوردی تورکیایشی لەبەر من بانگ کردبوو. پێشتر ئەو دۆستەم بۆی باس کردبووم کە ئەو کوڕە زمانزانە. باسی منی بۆ ئەویش کردبوو، وتبووی حەز دەکەم بیبینم. دەی چاکە. کابرا هەر دانیشتم و دانەنیشتم دەستی کردە پرسیارکردن لەسەر زمان و وشەی کوردی و ئێتیمۆلۆگیی ئەم وشە و ئەو کردار. ئەوجا وەک بڵێی من تاقی بکاتەوە، پرسیاری وشەیەکی دەکرد و منیش بە دوورودرێژی وەرامم دەدایەوە. دوا بە دوای وەرامەکەی من، ئەو دەستی دەکردە ڕوونکردنەوەی دیکە. بەڵام چ ڕوونکردنەوەیەک؟ شتی سەیر و سەمەرە. کابرا، وەک هەموو کوردێکی تورکیا، بیر و عەقڵ و مێشکی بە بیر و فەلسەفە و ئاوەزی تورک و کەمالیزم داگیر کراوە. فرِی بەسەر زمانی کوردییەوە نییە و هەموو شتێک بە چاویلکەی تورکی تەماشا دەکات. تا درەنگێ دانیشتین. قسە و باسمان زیاتر لەسەر کورد و ئەمەریکا و عیراق و پاشەڕۆژی کوردستان بوو.

دوای چوار ڕۆژ بەکارهێنانی حەب، وردە وردە هەستم بە چاکبوونەوە دەکرد و ئیدی نەمدەویست ئێرە بە جێ بهێڵم و سەفەرەکەم لە ناوەڕاستدا ببڕم. وتم وا چاکە بمێنمەوە، نەک بچمەوە بۆ سوێد و جارێکی دیکە بێمەوە. بەڵام دیارە بەشێکی باشی ماوەی مانەوەکەم ڕۆیشتبوو، چونکە هەتا ١٤ و ١٥ی مانگیش هەر هەستم بە نەخۆشی و لاوازی دەکرد. دوای چاکبوونەوەم دەمویست دەست بە کار بکەم، بەڵام وا هەستم دەکرد کاتێکی ئەوتۆم بە دەستەوە نەماوە و ئەو هێز و توانستەیشم نەبوو دانیشم سەرومڕ کار بکەم. لەوەیش بترازێ، گرفتی گەورەی من هەمیشە ئەوەیە کە زیاتر حەزم لە خوێندنەوەیە، کەچی کەمتر ئارەزووی نووسینم هەیە. ئەگەرچی من لە سوێدەوە بەو خەیاڵەوە هاتبووم کە کۆمەڵێ کار ئەنجام بدەم، بەڵام دیار بوو هیچیانم بۆ جێبەجێ نەدەکرا. پار کە لە ئیتالیا بووم ڕۆژنامچەی ئەو سێ حەفتەیەی ئەوێم بە ڕێکوپێکی نووسیبوو، بەڵام دەبوو پاکنووسی بکەم. لێرە دەستم بەو کارە کرد. هەر

ڕۆژێ دوو یا سێ لاپەڕەم لێ پاکنووس دەکرد و باش بوو ئەو کارەم لە کۆڵ کردەوە، وا بزانم شەوێکیش دوو لاپەڕەم لە کتێبەکەی ماندێلا تەرجەمە کرد. ئەمانە کارێکی ئەوتۆ نەبوون، بەڵام دیسانیش شوکرانەی دەویست.

کۆمەڵێ کتێبم لەگەڵ خۆم هێنابوو. دوو ڕۆمانەکەی (پاولۆ کۆیلۆ)م هەر زوو خوێندەوە. ئەوجا کەوتمە وێزەی ئەوانی دیکە. دیوانە تازەکەی مەحموود دەرویشم خوێندەوە. شیعرێکی بۆ کورد نووسیوە و پێشکەشی کردووە بە سەلیم بەرەکات. دەرویش کاتی خۆیشی شیعرێکی جوانی بۆ کورد نووسیبوو، بەڵام کە ئیسرائیلی بە جێ هێشت و لەگەڵ برا عەرەبەکانی دنیای عەرەبدا شاد و شوکر بوونەوە، لێی پاشگەز بووەوە. کە سەرجەمی شیعرەکانی چاپ کرد ئەوە یەکێک بوو لەو شیعرانەی لێی دەرهاوێشتبوو. ئەوەیشی ڕاگەیاندبوو، ئەو شیعرانەی دەرهاوێژراون بە بەرهەمی خۆی نازانێ. ئەودەم ئەو شیعرەی مەحموود ویردی سەر زمانی هەموومان بوو. بەڕاستی شیعرەکەیش جوان بوو، دیار بوو لە دڵەوە نووسیبووی. ئێستا کە هەمدیس کوردی بە یاد کردۆتەوە، وا پێ دەچێ جۆرە هەڵپەرستییەکی تێدا بێت. بەڵام شیعرەکەیش ئەو شیعرە جوان و پتەو و گەرموگوڕە نییە. بەڕاستی هەر دیوانەکەیش، بە لامەوە زۆر بەهێز نەبوو. ڕۆمانە تازەکەی سەلیم بەرەکات: دلشاد، فراسخ الخلود المهجورة، لە پاریس کڕیبووم، لێرە دەستم کرد بە خوێندنەوەی. وەک زۆربەی ڕۆمانەکانی ئەم دوا ساڵانەی سەلیم، زمانێکی هەتا بڵێی جوان وپتەوی تێدا بە کار هێنراوە. هەندێ جاریش هەست دەکەی سەلیم هەر بە مەبەست دەیەوێ کۆمەڵێ دەربڕین و وێنەی سێکسی بترنجێنێتە ناو تێکستەکەیەوە. لەم ڕۆمانەدا ڕووداو زیاترە. ڕۆمانەکانی پێشووی، هەندێ جار وات هەست دەکرد، ڕووداوی تێدا نییە. ئەگەر هەشبێ، ڕووداوەکان بە جۆرێ نین کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە یەک چوارچێوەی لۆگیکیدا یەک بگرنەوە. یا بە شوێن یەکدیدا هاتنیان ئەنجامی گەشەکردنێکی سرشتی و لۆگیکی بێت. لەم ڕۆمانەدا وەک وتم ڕووداو باشتر جێگەی خۆی لە پێکهاتەی تێکستەکەدا کردۆتەوە. سەلیم ئەوەیشی بە لاوە گرنگە لە هەموو ڕۆمانێکدا کورد وەک بوونەوەرێکی سیاسی، لە سەردەمێکی دیاریکراودا، بهێنێتە گۆ و بیبزوێنێت. ئەمە لە لایێکەوە گرنگە بۆ تەئریخاندنی کورد و مەسەلەکەی لە تێکستێکی ئەدەبیدا، کە ڕەنگە بەرگەی هاتوچۆی زەمان بگرێ، بەڵام، لەلایەکی دیکەوە، قەتیسمانی هونەرمەندە لای کەڵکەبەردێکی سەرەڕێدا، کە

ڕەنگە بەشێکی یەکجار بچووکی دیمەن بێت. سەرنجێکی دیکە ئەوەیە کە سەلیم زۆر خۆی بە دنیای ناوەوەی پاڵەوانەکانیەوە خەریک ناکات. کەمجار دەهێڵێ کەسێک بە تەنیا دابنیشێت و ناوەوەی خۆی بخوێنێتەوە. دەڵێی هەر پێی خۆشە هەمیشە کەسانی ڕۆمانەکەی برەتێنێ و لەملاوە بۆ ئەولا ڕاویان بنێت، بۆ ئەوەی دەرفەتی ئەوەیان نەبێت ئاوڕێک لە دنیای دەروون بدەنەوە.

ئیڤۆن ڤێرا Yvonne Vera کچێکی خەڵکی زیمبابڤەیە و لە ئینگلستان دۆکتۆرای لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا هەیە و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسە. ڕۆمانێکی ڤێرام هێنابوو بیخوێنمەوە، بەڵام زۆر ڕاینەکێشام، وازم لە خوێندنەوەی هێنا. بەڵام کتێبێکی دیکەی ڤێرام پێ بوو، ئەگەر لە بیرم مابێ، وا بزانم ناوی Open Spaces بوو. نازانم، دڵنیا نیم، ناوی وا بوو یا جۆرێکی دیکە بوو. ئەمە ئەنتۆلۆگییەکی کورتەچیرۆک بوو، نزیکەی بیست چیرۆک، کە نووسەرانی ژنی وڵاتانی جۆربەجۆری ئافریقا نووسیویانن. لە هەندێ وڵات دوو یا سێ چیرۆکی هەڵبژاردبوو، لە هەندێکیش تەنیا یەک نووسەر. بەشی زۆری نووسەرەکان خەڵکی ناوەڕاست یا خوارووی ئافریقا بوون. بەم پێیە لە وڵاتە عەرەبییەکانی ئافریقاوە تەنیا خانمێکی سوودانیی تێدا بوو. لەناو نووسەرانی وڵاتەکانی دیکەدا یەک دوویەکیان موسڵمان بوون. بەڵام لەم بوارەدا مەسەلە دین و نوێنەرایەتیی دینی نەبوو. شتی هاوبەشی ئەم نووسەرانە مەسەلەی ژن بوو، ژنی ئافریقایی. ئەم کتێبە بۆ من چێژێکی یەکجار زۆری هەبوو. ناسینی دەرد و ئازار، هیوا و چاوەڕوانی و ژیانی ژنی ئافریقا، لەپێشدا وەک مرۆڤ و ئەمجاریش وەک ژن و دواتریش وەک ژنی ئافریقایی، ئەزموونێکی پڕ بایەخە. ئاشنابوون لەگەڵ ئەزموونی ژنی ئەو وڵاتانە لایەنێکی مەسەلەکەیە، بەڵام لەوەیش گرنگتر ئەو زمانەیە کە ئەوان مەسەلەی خۆیانی پێ پێشکەش دەکەن. ئامانجی کتێبەکە، بێگومان، بەشێکە لە پرۆژە و بیری فێمینیزم، بەڵام ڕێک بە پێچەوانەی ئەو دیاردە دزێوەوە کە کۆمەڵێ ژنی کورد ناویان ناوە فێمینیزم، ئەمان بە شێوەیەکی زۆر ڕاستگۆیانە و زۆر دڵسۆزانە دێنە پێشەوە و خۆیان و کێشەکانیان پێشکەش دەکەن. ئەو قاووقیژەی فێمینیستی کورد دەیکا، لێرە نە هەیە و نە بە پێویستی دەزانن. ئەمان نەک باسی ژنی ئافریقا دەکەن، بەڵکە خۆیان ژنی ئافریقان و قسە دەکەن. هەندێ لە چیرۆکەکان هێندە کاریگەر بوون کە بە ڕاستی منیان هێنایە گریان. بە چەند فرمێسکێک هاودەردی و تێگەیشتنی خۆمم پێ دەربڕدرا. سەیر

ئەوەیە کە بەرهەمی فێمینیستانی کوردم بەرچاو دەکەوێ، هەر دوای چەند دێڕێک بێز لە خوێندنەوەی دەکەم و وا هەست دەکەم ئەم قاووقیژە نە لەپێناوی ژنی کوردایە و نە دەشیەوێ پەیامی مرۆڤێکی زۆرلێکراو و چەوساوە بگەیێنێ. کەچی ئەمان، ژنە نووسەرەکانی ئافریقا، دەنگیان دەنگی مرۆڤە و باسی مرۆڤ دەکەن و بۆ مرۆڤ دەنووسن و دەدوێن.

کتێبێکی دیکە، کە وام دەزانی حەزم لێ دەبێت و دەیخوێنمەوە، ئانتۆلۆگییەکی چیرۆکی چینی بوو. ناوی کتێبەکە شتێک بوو لە بابەتی (سەرۆک ماو حەزی لێ نەدەبوو) و زۆریش گەورە بوو. بەرهەمی ٢٠ – ٢٥ چیرۆکنووسی چینی کرابووە ئینگلیزی. ئەم بەرهەمانە یا دوای نەمانی قۆناغی (ماویزم) نووسرابوون، یا هەر لە سەردەمی ماو خۆیدا، بەڵام لە دژی کۆمونیزم نووسرابوون. جارێ هەر پێشەکی ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام درێژیی هەندێ لە چیرۆکەکان بوو. چیرۆکی وای تێدا هەبوو نزیکەی ٤٠تا ٥٠ لاپەڕە. بەڕاستی زۆر زەحمەتە تێکستێکی وا بخوێنیتەوە و باوەڕیش بکەیت ئەمە کورتەچیرۆکە. وا بزانم هەمووی سێ چوار چیرۆکم خوێندەوە و ئیتر کتێبەکەم خستە لاوە و وازم لێ هێنا. ئەو چیرۆکانەی خوێندمنەوە لە ڕووی هونەرییەوە زۆر نزم بوون و ناوەڕۆکیشیان زۆر بێتام و ساکار بوو. هەروەک چۆن زۆر لە چیرۆکەکانی سەردەمی ماو تەنیا دروشمی سیاسی و پێداهەڵدانی سیاسەت بوو، ئەمانیش پێچەوانەی ئەوان، بەڵام هەر بەو شێواز و دارشتنە. یەکێک لە چیرۆکەکان باسی دوو سەرباز بوو، کەبرای یەکدی بوون و لەبەرەیەکی شەڕدا بوون. ئەمانە قەحپەیەکی گوندەکەی خۆیانیان لەگەڵ خۆیان هێناوە. کاتێ مەترسی لێیانەوە نزیک دەبێتەوە، قەحپەکە هانیان دەدا کە بێن بە نۆرە لەگەڵی بنوون، بۆ ئەوەی کۆتاییی ژیانیان خۆش بێت،. بێجگە لەوەی باسەکە شتێکی زۆر گەوجانەیە، لە زۆر جێگەدا نووسەر هەوڵ دەدات زمانێکی سێکسی و نزم بە کار ببات. دیارە من لەوە تێ دەگەم کە سالانی دوورودرێژی دەمکوتکردن و سانسۆری سیاسی و ئیدیۆلۆگی وا لە نووسەری دژ بکات پێچەوانەی ئەو نرخانە بە ڕاست بزانێ. بەڵام نووسەرێکی هونەرمەند هەرگیز نایەت ئەم باوەڕە دژانەی خۆی لە فۆرم و زمانێکی نزم و ناهونەریدا پێشکەش بکات. ماویزم و کۆمونیزم خۆی لە بنەڕەتدا هونەری لاواز کردبوو. نووسەر و هونەرمەندی دژ دەبوو بۆ ئەوەی بنووسیایە کەنرخ و پلە و پایەی بەرزی ئەو هونەرە سەرلەنوێ دامەزرێنێتەوە، نەک زیاتر تێکی بشکێنێت.

ڕۆژی جومعه ٣٠ ـ ١ ـ ٢٠٠٤، دوای بەرچایی خواردن، دوو سێ جار تەماشای جلک و جانتام کردەوە تا دڵنیا بم هیچم لێ بە جێ نەماوە. بە مێترۆ چووم بۆ مەیدانی سینتاگما. لە وەستگەی پاسەکە برادەران چاوەڕێیان دەکردم. دوای تاوێ سوار بووین بۆ فڕگە. لەوێ ویستم جانتاکەم چێک بکەم، بەڵام دیسکی هێڵی سووریا هێشتا نەکرابووەوە. چووین لە قاوەخانەیەک دانیشتین، تا درەنگێ دیسکەکە کرایەوە. ئیتر وردە وردە کاتی خواحافیزی و گەردنئازادی هاتبوو. سوپاسێکی زۆرم کردن و چووم بۆ دەرگای فڕین. بەم جۆرە سەفەری یەکمانگەی یۆنانیش تەواو بوو. ئەگەرچی نەخۆشی بەشێکی باشی لە کیس دام، بەڵام دیسانیش پێم وایە سەفەرێکی خۆش بوو. ئێستا وای دادەنێم کە ئەسینا یەکێکە لەو شارانەی، ئەگەر بۆم هەڵبکەوێ، لە دەرفەتی دیکەدا حەز دەکەم بچمەوە بۆ سەردانی.

## کوردەکانی سۆڤییێتی جاران

### دۆزینەوەی برا ونبووەکان

تەنانەت ئەو کاتەیش کە منداڵ بووین، هەر لە خۆمانەوە هەستمان بە خۆشەویستییەکی تایبەت دەکرد بەرانبەر کوردەکانی سۆڤییێتی جاران. ئەوان ئەو برایانە بوون کە هەرگیز چاومان پێیان نەکەوتبوو، بەڵام دەمانزانی هەن و بەشێکن لە ئێمە.

لە گۆڤارە کوردییەکانی سەرەتای شەستەکاندا زۆرجار دەنگوباسی ئەوان بڵاو دەکرایەوە و باسی ژیانیان دەکرا. جاروباریش دەنگی بەشی کوردیی ڕادیۆی یەریڤان دەگەیشتە لای ئێمەیش. زۆر پێی دڵخۆش دەبووین، ئەگەرچی باشیش تێنەدەگەیشتین. گۆرانییەکانیان هێندە دڵگیر بوون کە حەزمان دەکرد زوو فێریان ببین.

من هەتا هاتمە ئەورووپایش نە کوردێکی سۆڤییێتیم بینیبوو، نە شتێکی ئەوتۆیشم لەبارەیانەوە دەزانی، بەڵام هەندێ وردەشتم لە مامۆستاکانی ئەوسام بیستبوو، چونکە ئەوان کاتێ لە سۆڤییێت خوێندبوویان چووبوونە سەردانی ئەوخزمانە.

لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا کە لە خوێندنگەی بەرزی پێگەیاندنی مامۆستایان لە ستۆکهۆڵم مامۆستا بووم، دەبوو خوێندکارەکانمان ببەین بۆ وڵاتێک کە زمانی کوردی پلەیەکی ڕەسمیی هەبێت تێیدا. ئەو کاتە دەرگای هەموو پارچەکانی کوردستانمان لێ داخرابوو. بڕیارمان دا بچین بۆ یەکێتیی سۆڤییێت بۆ ناو کوردەکانی ئەوێ. یەکەم جار بەهاری ١٩٨٦ بوو کە چووین: ١٠-١٢ خوێندکار و ئێمەیش دوو مامۆستا بووین. دوای سەردانی مۆسکۆ و لێنینگراد، چووین بۆ یەریڤان (کوردەکانی ئەوێ پێیان دەگوت ڕەوان)ی پێتەختی ئەرمەنستان و باکووی پێتەختی ئازەربایجان و تبیلیسیی پێتەختی گورجستان. ئەو گەشتە یەکێکە لە بیرەوەرییە شیرینەکانی ژیانم. هەر یەکسەر دەنگوباسی گەیشتنمان لەناو کوردەکانی هەر سێ کۆمارەکەدا بڵاو بووەوە. لە یەریڤان دەستە دەستە دەهاتن بۆ

لامـان بۆ هۆتێلەکـەمـان و بانگیـان دەکردین بۆ مـاڵەکـانی خـۆیان. دەسـتگاکـانی سـۆڤـیـێـتی تەرجـومـانێکی ڕووسـی سـوێدیزانیـان بۆ دانابووین کـە دیار بوو جاسووسیش بوو بەسەرمانەوە. بەڵام کوردەکان گوێیان نەدەدا و شەووڕۆژ لەگەڵمان بوون. هێشتا لە ئەرمەنستان بووین، کوردەکانی گورجستان تەلەفۆنیان دەکرد و خـۆیشـیـان دەهاتن بۆ لامـان. پەلەیان بوو کـەی دەچین بـۆ لای ئەوانیش. لەو سێ کۆمارە نزیکەی سێ حەفتە ماینەوە، لە هەر کۆمارێک حەفتەیەک، بەڵام کات هێندە خـێرا دەڕۆیشت کـە هەر ئاگـامـان لە خـۆمـان نـەبوو. شـەووڕۆژمـان خـواردن و خواردنەوە و گۆرانی و مۆسیقا و گاڵتە و قسە و باسی کوردایەتی و زمان و ئەدەب بوو. هەر زوو لەگەڵ نووسـەر و ڕووناکبیرەکانی ئەوێدا بووینە ئاشنا و بووینە دۆست و برادەر. سـەرمـان لـە مـاڵەکـانیـان دا، چووین بۆ گـوندەکـانیـان، چووین بۆ خوێندنگەکـانیان، زانستگە، ڕادیۆی کوردی، ڕۆژنامەی "ڕییا تەزە" و زۆر جێگای فـەرهەنگی و هونەری و زانسـتیی دیکە. کتـێبـەکانی خـۆیانیـان بە دیاری داینێ. مـۆسـیـقـا و گۆرانییـەکانی خـۆیانیـان بە دیاری دا پێـمـان، ناونیـشـان و ژمـارەی تەلەفۆنیـان لێ وەردەگرتین و هیی خۆیانیان بۆمان دەنووسی. شەوان تا درەنگێ لە لامـان دەبوون و حـەزیان نەدەکرد بە جـێـمـان بهـێـڵن. جـاروبار بە هـێـواشی و بە دەنگێکی نزم باسی سیاسەتیان لەگەڵ دەکردین. دەیانویست دەنگوباسی کوردستان بزانن، حـەزیان دەکـرد مـوژدەی نـزیکبـوونەوەی سـەرکـەوتنیـان بدەینـێ، بە ئاواتەوە بوون کوردسـتـانێکی ئازاد ببینن. هەندێکیان لە ڕێژیمە کۆمـونیسـتییـەکەی خـۆیان بێـزار بوون. بەڵام کـەسـانێکی وایشـیـان تێدا بوو کـە بەرگـریی لە هەمـوو شـتـێکی سـۆڤـیێت و کـۆمـونیـزم دەکرد؛ تەنانەت لایەنە ڕەش و دزێوەکانیشـیـان. ئەوانەی کە سـەربەخـۆ و کوردپەروەر بوون، بە کوردە کۆمـونیسـتەکانیان دەگوت پیاوی دەوڵەت و جـاسـووس. من پێـشـتـر چووبوومـە کـوردسـتـانی ئێـران (لـە سـەردەمی شـادا) و کوردستانی سووریایش. لەوێیش ئەو دیاردەیەم بینیبوو.

باکوو، بە پێچـەوانەی یەرێڤانەوە، بەندیخـانەیەک بوو بۆ کورد و کوردایەتی و زمـانی کوردی. ئازەرییـەکان، ڕێک وەک تورکیـا، هـەبوونی کوردیان قـەبووڵ نـەدەکرد. هیچ مـافـێکیـان بە کـوردەکـانی ئەوێ نـەدابوو؛ نە خـوێندن، نە ڕۆژنامـە، نە ڕادیۆ. زۆر زەحـمـەت بوو پیـاو خـۆی بگرێت و بە ڕوویاندا هـەڵنەشـاخـێت. بێجگە لە تەرجـومـانە ڕووسـەکـەمـان، تـەرجـومـانێکی ئازەریشـیـان بۆ دانابـووین. من دوو جـار تووشی

دەمەقرە بووم لەگەڵ ئەو و لەگەڵ بەرپرسێکی ئەکادێمیای نیزامی. باسی نیزامیی گەنجەوی (١١٤١-١٢٠٩)یان وەک شاعیری نەتەوایەتیی ئازەربایجان دەکرد. ناچار کەوتمە پەرچدانەوەیان. گوتم لەوەیە نیزامی لە سەرێکەوە تورک بووبێت، بەڵام بەرهەمە هەرە گرنگەکانی خۆی، (خەمسە: پێنجینە)ی، بە فارسی نووسیوە و لە شیعرێکیشدا بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکات کە دایکی کورد بووە.

## شاردنەوەی ڕاستییەکان

ئەو وێنەیەی ئێمە لەبارەی یەکێتیی سۆڤییێت و کوردەکانی سۆڤییێتەوە هەمانبوو، تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر شێویێنراو و پەڵەپەڵە بوو. سەرچاوەی زانیارییەکان یا دۆستەکانی سۆڤییێت بوون، وەک ئەندامانی حیزبی کۆمونیستی عیراق، کە هەموو شتێکی ئەو وڵاتەیان پێ باش و ڕاست بوو، یا کەسانی دژ بە سۆڤییێت بوون کە دەیانویست وێنەیەکی سەرتاسەر ڕەشی ئەو ئەزموونە پیشانی خەڵک بدەن. کەسێک نەبوو خۆی لەوێوە هاتبێت یا لەوێ ژیابێت و ڕاستییەکان بگێڕێتەوە. تەنانەت ئەوانەی بە سەردانیش دەچوون نەیاندەتوانی ژیانی ڕاستەقینەی ئەوێ ببینن، چونکە بەپێی بەرنامەیەکی ڕەسمیی دەستەڵاتدارانی ئەوێ میوانداری دەکران. خۆ مامۆستا گۆرانی شاعیریش ئەندامی ئەو وەفدەی ئەنجومەنی ئاشتیی عیراق بوو کە چووبوونە سۆڤییێت و سەری ئەرمەنستانیشیان دابوو. بەڵام ئەویش کەوتبووە بەر شەوارەی پرۆپەگەندەی سۆڤییێت، بێجگە لەوەی کە گۆران خۆی وەک بیروباوەڕیش بەشێک بوو لەو بەرەیە.

لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی پێشوودا کۆمەڵێک خوێندکاری کورد نێردران بۆ سۆڤییێت بۆ خوێندنی باڵا. ئەمانە ماوەیەکی دوورودرێژ لەوێ ژیان و خوێندیان، ئاشنایەتی و دۆستایەتییان لەگەڵ کوردەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجاندا پەیدا کردبوو، سەری ئەو ناوچانەیان دابوو، لە نزیکەوە هەموو شتێکیان بە چاوی خۆیان بینیبوو. ئەمانە لە دوا ساڵەکانی شەستەکاندا گەڕانەوە و لە زانستگەکانی بەغدا و لە دەستگای دیکەدا دامەزران. بەڵام چ ئەو کاتەی لەوێ دەژیان و چ کاتێکیش کە گەڕانەوە ئامادە نەبوون ڕاستییە تاڵەکانی کۆمەڵگەی سۆڤییێتی و ژیانی کوردەکانی ئەوێ بۆ خەڵک ئاشکرا بکەن. هەندێکیان ڕەنگە هەر بێدەنگبوونیان هەڵبژاردبێت، بەڵام لەناویاندا کەسانی وایش هەبوون، ڕێک وەک کارمەندێکی سۆڤییێتی

پرۆپەگەندەیان بۆ ئەو وڵاتە دەکرد و سەدان درۆی ڕەنگداریان هەڵدەڕشت. لە سەرەتای حەفتاکاندا کە خوێندکاری بەشی زمانی کوردیی زانستگەی بەغدا بووم، پێنج شەشێک لەمانە مامۆستامان بوون. هەندێکیان بێدەنگ بوون و هیچیان نەدەگوت. یەکێکیان ئەوەندەی درۆ کردبوو، کە خۆیشی باوەڕی بە خۆی کردبوو. تەنیا خوالێخۆشبوو کاووس قەفتان بوو کە جاروبار وردەشتێکی لای من دەدرکاند.

لەوەیش سەیرتر، ساڵانێک دواتر کە ئیتر ناردنی خوێندکار بۆ سۆڤییێت ئاسانتر بوو، هەندێ شاعیر و نووسەر و ڕووناکبیری کوردیش چووبوونە ئەوێ و ساڵانێک لەوێ مابوونەوە. کەچی ئەمانیش، نەک هەر دەمیان لە ئاستی ڕاستیدا چووبووە کلیلە، بەڵکە دەیان شتی ناڕاستیان دەگێڕایەوە و سۆڤییێتیان وەک "باغی ئیرەم" باس دەکرد.

من خۆم لە بیرم نییە هەرگیز یەکێتیی سۆڤییێتم خۆش ویستبێت یا پشتگیریی سیاسەتی ئەو وڵاتەم کردبێت. ئەگەر بە منداڵی هەڵوێستێکی وەهام لا دروست بووبێت، هەڵوێستی دژایەتیی سۆڤییێت، هۆیەکەی ئەوە بوو لە ماڵێکدا گەورە بووبووم کە وەک دۆستی پارتی و مەلا مستەفای بارزانی دەناسرا. دواتریش باوەڕ و ئیدیۆلۆگیی "ماویزم" ئەو هەست و هەڵوێستەی زیاتر لای من بەهێز کرد، تا ئەو ڕادەیەی ئێمەی چەپی ئەو کاتە یەکێتیی سۆڤییێتمان وەک "سۆسیال ئیمپەریالیزم" ناو دەبرد.

لەبەر ئەو هۆیانە، گەشت بۆ یەکێتیی سۆڤییێت و ئەو کۆمارانەی کوردیان تێدا دەژیان هەلێکی بێوێنە بوو بۆ من، تا لە نزیکەوە ئەو سیستێم و ژیانەی ئەوێ ببینم و لەگەڵ کوردەکانی ئەو وڵاتەدا ئاشنایەتی پەیدا بکەم.

ئەم سەردانەی ئێمە لە سەردەمی حوکمڕانیی میخاییل گۆرباچۆڤدا بوو. ئەم پیاوە فەلسەفە و سیاسەتێکی دەست پێ کردبوو، کە بە "گلاسنۆس و پێرێسترۆیکا" ناوی دەرکرد و دەیویست ئەو سیستێمەی سۆڤییێت لە بناغەوە بگۆڕێت و ڕەنگ و ڕوویەکی مرۆڤانە بداتە کۆمونیزم. بەڵام ئەو ڕابوردووە قورس و دزێوە هیچ بوارێکی بۆ چاکسازی و گۆڕین نەهێشتبووەوە. لە دواییدا بەوە شکایەوە کە هەر هەموو سیستێمەکە بەسەر یەکدا داتەپی و هەڵوەشایەوە.

## کوردی سۆڤیێتپەرست

گەشتی یەکەممان بۆ یەکێتیی سۆڤیێت مانگی چوارەم (نیسان: ئاپریل)ی ١٩٨٦ بوو، گەشتی دووەمیش مانگی دەیەم (تشرینی یەکەم: ئۆکتۆبەر)ی ١٩٨٧. هەر گەشتێکیش مانگێکی خایاند و بێجگە لە مۆسکۆ و لێنینگراد چووینە هەرسێ کۆماری ئازەربایجان، ئەرمەنستان و گورجستان. هەردوو گەشتەکەیش بە پارە و ڕێکخستن و هەموو شتێکەوە لەسەر خوێندنگەی بەرزی مامۆستایانی ستۆکهۆڵم بوو. لەو ساڵانەدا ئەو خوێندنگەیە بەشێکی بۆ زمانی کوردی کردبووەوە. ئەو کەسانەی دەیانویست ببنە مامۆستای زمانی کوردی لە خوێندنگەکانی سوێددا دەبوو دوو ساڵ لەوێ بخوێنن. ماوەی چوار ساڵ من لەو بەشەدا مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی بووم.

لە گەشتی یەکەمدا ئێمە دوو مامۆستا بووین و دە خوێندکار. خوێندکارەکانمان گەورە بوون. لەناویاندا هەبوو کە بە تەمەن لە من گەورەتر بوون. لەو دە خوێندکارە هەشتیان کوردی کوردستانی تورکیا بوون، یەکێکیان کوردستانی سووریا و یەکێکیان کوردستانی عیراق. کوردەکانی تورکیا ئەو سەردەمە بە گشتی زۆر دەرگیری سیاسەت و زۆریش پەڕگر بوون. ئەمانە ئەو نەوەیە بوون کە دوای کوودەتاکەی جەنەراڵ "کەنعان ئەڤرەن" و جونتای تورکیا، وڵاتیان بە جێ هێشتبوو. لەناو کوردی تورکیادا دوو بۆچوونی سیاسیی یەکجار بەهێز هەبوون: یەکەمیان سۆڤیێتپەرستی و دووەمیش دوژمنایەتیی پارتی و بنەماڵەی مەلا مستەفای بارزانی. من هەمیشە دەمگوت، کۆمونیستەکانی وڵاتانی دنیا سۆڤیێتدۆستن، بەڵام کۆمونیستی کورد سۆڤیێتپەرستن. ئەم سۆڤیێتپەرستییە لەناو کوردی تورکیادا هێندە بەهێز بوو کە کاری کردبووە سەر هەموو بیر و قسە و هەڵسوکەوتێکیان. ئەوان لە هەموو بوارێکدا یەک پێوەر و یەک گەزوگرێیان بە کار دەبرد: پێشڤەڕوو یا پاشڤەڕوو، واتە پێشکەوتنخواز یا کۆنەپەرست. لێکدانەوەی ئەم دوو چەمکەیش زۆر سادە بوو؛ هەر شتێک بە سوودی یەکێتیی سۆڤیێت و ئۆردوگای سۆسیالیست ببووایە چاک و پێشڤەڕوو بوو، هەرچییەکیش لەگەڵ بەرژەوەندی و سوودی ئەوانەدا یەکی نەگرتایەتەوە، خراپ و پاشڤەڕوو. ئەم کوردە سۆڤیێتپەرستانە، یا ڕاستتر ئەم سۆڤیێتپەرستە کوردانە، تەنانەت مێژوو، زانست و ئەدەبیشیان هەر بەو شێوەیە

دەپێوا. لە بیرمە جارێکیان لە دەرسی مێژووی ئەدەبی کوردیدا باسی شاعیری کلاسیکی کورد "نالی"م بۆ دەکردن. یەکسەر پرسیاری ئەوەیان کرد، ئایا نالی پێشکەوتنخواز بووە یا کۆنەپەرست؟ دوژمنی باوککوشتەی ئەمانە "ئاغا و شێخ و مەلا" بوون. پێیان وا بوو ئەو سێیە هۆی هەموو کلۆڵی و پاشکەوتن و بەدبەختیی کوردن. بێجگە لە کارکردی ئیدیۆلۆگیی سۆڤیێتپەرستی، لەو ڕووەوە هەندێ لە بیروباوەڕە سەیر و سەمەرەکانی ناو شیعرەکانی سەیدا "جگەرخوێن" و گۆرانییەکانی "شڤان پەروەر"یش کاری تێ کردبوون. جگەرخوێنیش هەم سۆڤیێتپەرست بوو، هەمیش دوژمنی ئاغا و شێخ و مەلا. من لەگەڵ جگەرخوێن دۆست بووم و هاتوچۆمان هەبوو، بەڵام شیعر و بیروباوەڕەکانیم بە دڵ نەبوون. خۆیشی ئەمەی دەزانی.

هەر لەو ڕوانگەیەوە، کوردە پێشڤەڕووەکانی تورکیا کاتێ باسی مێژووی کوردستانیان دەکرد، پێیان وا بوو هۆی سەرنەکەوتنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردستان هەمیشە ئەوە بووە کە سەرکردەکان ئاغا و شێخ و مەلا بوونە. لەبەر ئەوەی ئەزموونی شۆڕشی ئەیلوولی کوردستانی عیراق و هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ هێشتا تازە و لەبەرچاو بوو، زۆر بە تایبەت دژی سەرۆکی گەورەی کورد جەنابی مەلا مستەفای بارزانی بوون.

لە ڕووی بیروباوەڕەوە، من ڕێک بە پێچەوانەی ئەوانەوە بیرم دەکردەوە. لە سیاسەت و کاری سیاسییەوە دوور بووم و دە ساڵ دەبوو کە سیاسەتم بە جێ هێشتبوو. هەر باوەڕێکیشم هەبووبێت لە چوارچێوەی جیهانبینییەکی فکری و فەلسەفیدا بووە، بۆ تەفسیرکردن و تێگەیشتن لە ژیان و ڕووداو و گۆڕانەکانی دنیا. دەمویست بە ئاوەزی خۆم و بیری خۆم شت لێک بدەمەوە. نە ئەو کاتە و نە ئێستایش من لەو جۆرە کەسانە نەبووم و نیم کە بیروباوەڕی خۆم بشارمەوە و "تەقییە" بە کار بهێنم. ئەگەرچی ئەم ناکۆکییە هەندێجار کێشەی بۆ دروست دەکردم، بەڵام کێشەی گەورە نەبوون، چونکە من هەمیشە دەمتوانی سنوورێک لەنێوان خۆم و ئەواندا دابنێم و پێوەندیی مامۆستایەتی و شاگردی لە پێوەندیی دیکەی کۆمەڵایەتی جیا بکەمەوە. بەڵام لەو گەشتەی سۆڤیێتدا، بەتایبەت جاری یەکەمیان، ڕاگرتن و ڕەچاوکردنی ئەو سنوورانە، هەندێجار ئاسان نەبوو.

## سیاسەتی تواندنەوە

کوردی سۆڤییەت بەشێک بوون لە کۆمەڵگەی سۆسیالیستیی سۆڤییەت و تا ڕادەیەکیش خۆیان لەگەڵ بنەما و دەستوورەکانی ئەو وڵاتەدا گونجاندبوو. لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی سۆڤییەتیدا، بەتایبەت لە سەردەمی ژیانی ڤلادیمیر ئیلیچ لێنین (١٨٧٠–١٩٢٤) خۆیدا، بایەخێکیان پێ درابوو. تەنانەت دەگوترێ کە ساڵانی ١٩٢٣–١٩٣٠ ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیداریان بۆ دیاری کردبوون و ناویان نابوو "کوردستانی سوور"، بەڵام من خۆم تا ئێستایش لێکۆڵینەوە و نووسینێکی زانستی و جیددی و ڕێکوپێکم لەبارەی پێگەی کوردی ئەو سەردەمەوە نەبینیوە و نەخوێندووەتەوە.

پێگەی کورد لە سەرەتاوە هەرچۆنێک بووبێت، بەڵام ئاشکرایە کە دواتر، بەتایبەت لەو کاتەوە کە یۆسف ستالین (١٨٧٨–١٩٥٣) دەستەڵاتی گرتە دەست، کوردەکان نەبوون بە بەشێک لە دەستەڵات و نەیانتوانی هەبوونی خۆیان بە شێوەیەکی بەرچاو بسەلمێنن. من پێم وایە لاوازیی نەخشی کورد لە کۆمەڵگەی سۆڤییەتیدا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک:

١– کورد کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و نەخوێندەوار و دواکەوتوو بوون.

٢– بە هۆی جیاوازیی خێڵایەتی و دینییەوە (موسڵمان و یەزیدی) یەکگرتوو نەبوون و نەیاندەتوانی نوێنەرایەتییەکی یەکگرتوویان هەبێت.

٣– نەتەوەکانی دەوروبەریان، بەتایبەت ئەرمەن و ئازەری، زۆر دژیان بوون و نەیاندەویست کورد ببنە هاوبەشیان.

لە هەندێ بواری ئەکادیمی و هونەری و وەرزشیدا، ڕەنگە تاکوتەرا کورد هەبووبن، ئەویش وەک کورد نا، بەڵکە وەک هاووڵاتێکی ئازەری، ئەرمەنی یا گورجستانی، بەڵام لە بواری ڕێبەرایەتیی سیاسی و عەسکەریی ئەو وڵاتەدا کورد ناوێکی نەبوو. هیچ کوردێک نەگەیشتە سەرکردایەتیی پارتیی کۆمونیستی سۆڤییەتی یا تەنانەت پارتییە کۆمونیستەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان و گورجستان. ڕەنگە ناودارترین کورد لە بواری ئەکادیمی و فەرهەنگیدا قەناتێ کوردۆییڤ (١٩٠٩–١٩٨٥) و عەرەبێ شەمۆ (١٨٩٧–١٩٧٨) بووبێتن. ئەوانیش بە هەر گەزوگرییەک بیانپێویت، نە زانای گەورە و نە نووسەری ورشەدار و لێهاتوو بوون.

وا پێ دەچێت سیاسەتی تواندنەوەی کورد هەر لە دواساڵەکانی ١٩٢٠ەوە دەستی پێ کردبێت، بەڵام تاریکترین قۆناغ لە ژیانی فەرهەنگی و سیاسیی کوردەکانی سۆڤییەتدا ساڵانی ١٩٣٧–١٩٥٥ بوو. هەنگاوی یەکەمی تواندنەوە گۆڕینی ئەلفوبێ بوو. ئەرمەنییەکان لە کاتێکدا بە توندی دەستیان بە ئەلفوبێی خۆیانەوە گرت، کە بەرهەمی دینی مەسیحی و کڵێسا بوو، کوردیان ناچار کرد کە ئەلفوبێیەکی تازە بۆ خۆیان پێکەوە بنێن. لە سەرەتادا ئەلفوبێیەکی ئەرمەنییان بۆیان دامەزراند، ئەمجا ئەلفوبێیەکی لاتینی و دواتر ئەلفوبێیەکی کریلیک. ئەگەر کوردی سۆڤییەت لەسەر بەکارهێنانی ئەو ئەلفوبێ کوردییەی لە کوردستاندا بە کار دەبرا، واتە ئەلفوبێی گونجێنراوی کوردی بە حەرفی عەرەبی، بەردەوام ببوونایە، بێگومان پێوەندیی فەرهەنگیی ئەوان و کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بەردەوام دەبوو. هەروەها ئەو نووسین و بەرهەمانەی ئەوانیش دەبوون بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ کوردی کوردستانی تورکیا، کە لەو سەردەمەوە ئیدی لە سێبەری ڕەشی کەمالیزمدا زمان و فەرهەنگیان قەدەغە کرا. بەڵام ئەرمەنییەکان هێندە دەبەنگ نەبوون ملۆزمێک بۆ خۆیان دروست بکەن. ئەرمەنستانی کۆمونیست و مەسیحی و دژەتورک، ئەگەر لە هەموو شتێکدا دژی تورکیا بووبێت، لەوەدا لەگەڵی هاودەنگ بوو کە دەبێ زمانی کورد بشێوێنن و نەهێڵن کوردی دوو دیوی سنوور پێوەندییەکیان بمێنێت.

ئەوە شایانی سەرنجدانە کە دوو نەتەوەی ئەرمەنی و گورجی، کە مەسیحی بوون و لە دەرەوەی سۆڤییەت دەوڵەتی هاوزمان و هاوڕەگەزیان نەبوو، ناچار نەکران ئەلفوبێی خۆیان بگۆڕن، بەڵام نەتەوە موسڵمانەکانی ئازەری، تاجیک، تورکمەن، قرغیز، چەچان، داغستان، ئوزبەک و کازاخی ناچار کران ئەلفوبێی نەتەوایەتیی خۆیان بگۆڕن و یەکێکی تازە لەسەر بنەمای حەرفی ڕووسی و کریلیک دابمەزرێنن. بەم شێوەیە گەلێکی وەک گەلی تاجیکستان لەو گەنجینە دەوڵەمەند و جوان و کۆنینەی زمان و فەرهەنگی فارسی بێبەش کرا و درزێک لەنێوان فارس و تاجیکدا دروست کرا کە ئێستایش کوێر نەبووەتەوە. هەروەهایش بە گۆڕینی ئەلفوبێ، پردی نێوان گەلی ئازەربایجانی سۆڤییەتی و گەلانی تورکیزمانی ئازەربایجانی ئێران و کۆماری تورکیایش ڕووخێنرا. هەر لەو چوارچێوەیەدا کوردی سۆڤییەتیش لە فەرهەنگ و زمانی کوردی بێبەش کرا. ئەگەر ڕێگە بدرایە کوردی سۆڤییەت ئەلفوبێی ڕەسەنی کوردی، بە حەرفی عەرەبی، بپارێزێت، ئەودەم پێوەندیی فەرهەنگیی لەگەڵ

هەمـوو پارچەکـانی کـوردسـتـاندا دەمـا. ئەگـەر ڕێگە بدرایە ئەلفـوبێی کـوردی، بە حـەرفی لاتینی تورکی، بە کار ببـەن، ئەوسـا پێوەندیی فـەرهـەنگـیـان هـەر نەبێ بە کـوردی کـوردسـتـانی تورکـیـاوە دەمـا. بەڵام ئەمـانە هـیـچـیـان لەگـەڵ بەرژەوەندی ئەرمەنسـتان و ئازەربایجان و دەوڵەتی سۆڤیێتیدا ڕێک نەدەکەوت، لەبەر ئەوە دەبوو ئەلفوبێیەک بەسەر کورد و گەلانی دیکەی موسڵماندا بسەپێنن کە بۆیان ببێتە زیندانێکی فەرهەنگی و ڕۆحی و بواری هیچ جووڵانەوەیەکیان نەدات؛ ئەلفوبێیەک کە هەمـوو ڕابوردوویان بسڕێتـەوە و داهاتوویشـیـان بە سـووراوی کـۆمـونیـزم ڕەنگدار بکات.

## کوردی موسڵمان و کوردی یەزیدی

ئەرمەنییەکان هەر لە سەرەتاوە سیاسەتی جیاکردنەوەی کوردی موسڵمان و کوردی یەزیدییان گرتە بەر. لە دۆکومێنتە ڕەسمییەکانی دەوڵەتدا و لە کاروباری ڕۆژانەدا هەمیشە ئەوەیان جەخت دەکردەوە کە کوردی یەزیدی تەنیا وەک یەزیدی ناو ببرێن. بەم شێوەیە هەم ناسنامەی نەتەوایەتیی دەیان هەزار مرۆڤی کوردیان دەسڕییەوە، هەمیش گومان و دڕدۆنگییەکی ئاشکرایان دەخستە نێوان کوردی موسڵمان و کوردی یەزیدییەوە، بۆ پارچەپارچە و دەستەمۆکردنیان. ئەوان ئەگەر بە ڕوواڵەت پشتگیریی کوردی یەزیدییان دەکرد لەبەر خۆشەویستی نەبوو، بەڵکە دەیانویست بیانکەن بە گژ کوردی موسڵماندا، لە لایەک، و لە لایەکی دیکەیشەوە بۆ ئەوەی خۆیان لە کوردی موسڵمان ڕزگار بکەن، چونکە ئەو کوردانە لەگەڵ تورک و ئازەرییەکانی نەیاریاندا هاودین بوون. دەستەڵاتی ڕووسەکان و دەستەڵاتی دەوڵەتی سۆڤیێت و پارتیی کۆمونیستی سۆڤیێتی هێندە بەهێز بوو کە کۆمارەکانی وەک ئەرمەنستان یا ئازەربایجان نەیاندەتوانی هەموو شتێک بە ئارەزووی دڵی خۆیان جێبەجێ بکەن. ئەگەر بە دەستی ئەرمەنییەکان ببووایە، هەر زوو کوردی موسڵمانیان وڵاتبەدەر دەکرد، بەڵام لە ترسی ڕووس ئەوەیان پێ نەکرابوو. کاتێ کە ساڵی ١٩٩١ یەکێتیی سۆڤیێت وەک دەوڵەت و وەک زلهێزێک هەڵوەشایەوە و کۆمارە بچکۆلەکان سەربەخۆییی خۆیانیان جاڕ دا، ئەرمەنییەکان ئەو هەلەیان قۆستەوە و ٢٠٠٠٠ (بیستهەزار) کوردی موسڵمانیان بە زۆر لە ئەرمەنستان دەرکرد. ئەمانە ئاوارەی کۆمارە بەناو موسڵمانەکانی ئازەربایجان، تاجیکستان، تورکمەنستان،

ئوزبەکستان و قرغیزستان بوون. لەناو ئەمانەدا دەیان ڕووناکبیر و هونەرمەند و نووسەر هەبوون، کە تاوانیان ئەوە بوو کوردی موسڵمان بوون. دوای ئەوەی خۆیان لە کوردی موسڵمان ڕزگار کرد، هیچیان بۆ کوردە یەزیدییەکانیش نەکرد. ئەو تۆزە مافە فەرهەنگییەی هەیانبوو، ئەوەیشیان لێ ستاندنەوە. ژمارەیەکی زۆری کوردی یەزیدییش ئەرمەنستانیان بە جێ هێشت و ڕوویان کردە شارە گەورەکانی ڕووسیا، بۆ نموونە مۆسکۆ، و ئەورووپای ڕۆژاوا و ئاوسترالیا. بەشی هەرە زۆری ڕووناکبیر و نووسەرەکان کەوتنە بەر ئەم شەپۆلە و ئێستا پەرەوازەی وڵاتانن. لە زستانی ١٩٩٢دا، لە شەڕی دووەمی ناگۆرنۆ- قەرەباخیشدا دیسان هەزاران کورد ئاوارەی ناوچە جۆراوجۆرەکانی قەوقاز بوون.

ناوگۆڕین بەشێکی دیکەی سیاسەتی ئەرمەنییەکان بوو. هەزاران کوردیان ناچار دەکرد کە ناوی بنەماڵەکانیان بە جۆرێک بگۆڕن کە وەک ناوێکی ئەرمەنی دیار بێت، بەوەی کە پاشگری (یان) بنووسێن بە ناسناوەکانیانەوە. لە یەکێک لە گەشتەکانماندا، ڕۆژێکیان چووینە سەردانی ناوچەی ئەلەگەز. لە گوندی ئەلەگەز وتیان با بچین تەماشای گۆڕستان بکەین. گۆڕستانی کوردی یەزیدیی ئەرمەنستان لەو ڕووەوە تایبەت بوون، کە گۆڕەکان بە وێنە و پەیکەر و شێوەی جۆراوجۆری هونەری دەرازێنرانەوە. سەرنجم دا ناوی مردووەکان هەموو وەک ئەرمەنی بوون و بە (یان) تەواو دەبوون. بە مام حوسێنی خانەخوێمانم گوت ئەوە بۆچی ناوەکانتان ئەرمەنین و کوردی نین؟ مام حوسێن گوتی: "کووچکباڤا ناهێلن." هەر لەو گەشتەدا کوڕێکی کوردمان بینی لە جۆرێکی وەرزشدا (ئێستا لە بیرم نەماوە چی بوو) پاڵەوانییەکی گەورەی وە دەست هێنابوو. کوڕە دەیویست لە پێشبڕکێی سەرتاسەریی سۆڤیێتدا، دیارە بە ناوی کۆماری ئەرمەنستانەوە، بەشداری بکات، بەڵام دەستەڵاتدارانی ئەرمەنی پێیان گوتبوو دەبێ ناوەکەت بگۆڕیت و بیکەیتە ئەرمەنی، ئەوسا ڕێگەت دەدەین. کوڕە دیار بوو ملی نەدابوو، ئەوانیش ڕێگەی بەشدارییان لێ گرتبوو.

تەنانەت ئەو کوردانەی بە هۆی زۆرداری و چەوساندنەوەوە ناچار دەبوون کوردستان بە جێ بهێڵن و ڕوو بکەنە یەکێتیی سۆڤیێت، ڕێگەی ئەوانیش نەدەدرا لەو ناوچانە دابنیشن کە کوردی لێ دەژیان. کە ساڵی ١٩٤٧ قارەمانی نەتەوەی کورد مەلا مستەفای بارزانی و هاوڕێکانی، دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە

مەهاباد، ڕوویان کردە یەکێتیی سۆڤیێت، ڕێگە نەدرا کەسیان لە کۆمارەکانی ئەرمەنستان، ئازەربایجان و گورجستان بژین، بەڵکە بڵاوەیان پێ کردن بۆ کۆمارە تورکیزمانەکانی ئوزبەکستان و قرغیزستان و تورکمەنستان، لە ترسی ئەوەی نەوەک گیانی کوردپەروەرانەی بارزانی و هاوڕێکانی کار بکاتە سەر کوردی کۆمارەکانی سۆڤیێت. بە پێچەوانەی ئەم سیاسەتەوە، ئەرمەنیی سووریا و تورکیا دەهاتن بۆ ئەرمەنستان و ئازەریی ئێران دەهاتن بۆ ئازەربایجان و دەیانتوانی لەوێ بژین.

## جەلیل و یووسوپۆڤا و ئەییووبی

لە سەفەری یەکەممانددا بۆ سۆڤیێت، لە ستۆکهۆڵمەوە چووینە کۆپنهاگن و لەوێیشەوە بۆ لێنینگراد، بەڵام جاری دووەم لە کۆپنهاگنەوە بۆ مۆسکۆ بووو. هەردوو جارەکە، یەکەم کۆمار سەرمان لێ دا ئازەربایجان بوو، دوای ئەوێیش ئەرمەنستان و لە کۆتاییدا گورجستان و لەوێیشەوە، جاری یەکەم بۆ مۆسکۆ و جاری دووەم بۆ لێنینگراد.

ئەودەم کە سەردەمی دەستەڵاتی کۆمونیزم بوو، دەبوو هەر پێشەکی، لەگەڵ کڕینی بلێت و داواکردنی ڤیزەدا، نەخشەی سەفەر دابڕێژیت و ئیتر ئەوان خۆیان هەموو شتێکیان بە دووروردرێژی بڕیار دەدا. تۆ تەنانەت نەتدەتوانی هۆتێل و ڕێستۆرانیش هەڵبژێریت. هەموو شتێکیان پێشەکی دەبڕییەوە و ئەوسا دەیانگوت دەی فەرموو، بە خێر بچیت! ئەم هەموو قانوون و بنەما و دیسیپلینەی بەو سەختگیرییە جێبەجێ دەکرا، بەڕاستی شتێکی ڕووکەش و ڕوواڵەتی و درۆیەکی بێبنەما بوو. ئەگەر لە سۆڤیێت دۆست و ئاشنای شارەزات هەبووایە و بتویستایە بەرتیل بدەی، دەتتوانی سەرلەبەری بەرنامەکەت بگۆڕیت و بە ئارەزووی خۆت بچیت و بێیت و بگەڕێیت. ئەو زلهێز و دەوڵەتەی نیوەی دنیای داگیر کردبوو، ترسی بردبووە دڵی نیوەکەی دیکەیشەوە، لە ناوەوە بە جۆرێ کرمۆڵ و گەندەڵ بووبوو کە هێز نەبوو بتوانێ چاکی بکات و لەو ئەنجامە کارەساتئامێزە ڕزگاری بکات. "یەکێتیی کۆمارەکانی سۆسیالیستی سۆڤیێت"، ناوی زل و دێی وێران بوو. ماوزەدۆنگ بە ئیمپەریالیزم (ی ئەمەریکا)ی دەگوت پڵنگێکی کاغەزین، بەڵام بەڕاستی دەرکەوت کە پڵنگی کاغەزین سۆڤیێت بوو.

ئێمە ئەگەرچی لە چوونیش و لە گەڕانەوەیشدا دەبوو سەری لێنینگراد و مۆسکۆیش

بدەین، بەڵام مەبەستی سەرەکیمان ئەوە بوو بچین و چاومان بە ژیانی کوردەکانی ئەو سێ کۆمارە بکەوێت. دیارە بینینی ئەو دوو شارەیش ئەزموونێکی خۆش بوو، چونکە لە ڕووی شارستانەتی و فەرهەنگی و هونەرییەوە یەکجار دەوڵەمەند بوون و شایانی ئەوە بوون چەند ڕۆژێکیان بۆ تەرخان کەین.

لە لێنینگراد و مۆسکۆ کۆمەڵگەیەکی کوردی نەبوو. کورد گرۆیەکی بەرچاو نەبوون و لە هیچ لایەک دیار نەبوون. بە پلەی یەکەم ئەو خوێندکارە کوردانەی لێ دەژیان کە بۆ خوێندن هاتبوونە سۆڤیێت، ئەمانەیش بەشی زۆریان کوردی کوردستانی عیراق و سووریا بوون. هەندێ مامۆستا و ئەکادێمیکاری کوردی سۆڤیێتیش لەوی کاریان دەکرد. سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە ئەو چوار کورد و لەتەی ئەوێش لەگەڵ یەکدیدا ناکۆک و ناتەبا بوون. مامۆستا ئۆردیخانی جەلیل (خوا لێی خۆش بێت) ڕۆژی دووەم هات بۆ لامان بۆ هۆتێلەکە. زۆر باسی یەکگرتوویی و یەکگرتنی کوردی کرد. یەک دوو ڕۆژ دواتر تەلەفۆنم بۆ کرد، هەستم کرد زویرە، چونکە ڕۆژی پێشتر چووبووینە سەردانی زەرێ خان (زەرێ یووسوپۆڤا)ی کوردی گورجستان، کە لەوێ مامۆستا بوو. ئەو و زەرێ نێوانیان خۆش نەبوو. منیش یەکسەر بیرم خستەوە. وتم لە بیرتە پێرێ دەتوت ئێمەی کورد ئەگەر سێ کەس بین، ئەوا سەر بە چوار پارتیی جیاوازی سیاسی دەبین؟

مامۆستا کەریمی ئەییووبی (خوا لێی خۆش بێت) کوردێکی سابڵاخی بوو، پیاوێکی قسەخۆش و بێفیز و کوردپەروەر. ئەویش لەگەڵ ئەوانی دیکەدا کۆک نەبوو. خۆی و خاتوو سمیرنۆڤای هاوسەری لە بواری زمانەوانیدا کۆمەڵێک کاری باشیان کردبوو. دواتریش دیوانی مەلای جەزیرییان تەرجەمەی ڕووسی کرد. ناوی مامۆستا ئەییووبیم پێشتر بە هۆی شیعرێکی مام هەژارەوە بیستبوو. هەژار لە شیعری "پەیکێک"دا ئاوا باسی ئەییووبی دەکات:

یەکێ بۆری ڕەشتاڵە
ناقۆڵا و بێفەساڵە
سەیدێکی گوناهبارە
بە پیادەیی سوارە
سەری پڕە لە پەڵە
بەگێچەڵە، کەچەڵە

خـوێنـشـیـرن و ڕۆحـسـووکـە
زلـە و بـە بـاڵا چـووکــــــــە
ئەیـیــووبیــیــە و کـــەریمـە
بنـچــینەی دڵـخــۆشـیــمــە

ئەو جارەی کە لە لێنینگرادەوە گەڕاینەوە، مامۆستا ئەییووبی بانگهێشتنی ماڵی خـۆیانی کـردم و ڕۆژێکی یەکـجـار خـۆشـمـان بە قـسـە و پێکەنین و بیـرەوەری و باسوخواسی ئەدەب بە سەر برد. لەگەڵ خاتوو سمیرنۆڤادا دەیانویست ڕێزمانێکی شێوەی دملی "زازا" بنووسن و داوای یارمەتییان لێ کردم. کاک کەریم ساڵانێکی دوورودرێژ لەوێ ژیابوو، دیار بوو بە تەواوی لەو سیستێمە و تەنانەت لە خەڵکەکەیش بێزار بوو. داد و بێدادی ئەوەی بوو کە جوولەکە هەموو شتێکیان داگیر کردووە و هەرچی دەستگای ئەو وڵاتە هەیە بۆ سوودی خۆیان بە کار دەبەن.

خوێندکارە کوردەکان بە ژیانی ئەوێ ڕاهاتبوون. بۆ ئێمە، کە لە سوێدەوە چووبووینە سـەردانی ئـەوێ، ئەو ژیانەمـان بـە ناخـۆش دەهاتـە بەرچاو؛ ژوورەکـانیـان تەسک و بچـووک و کـۆن، هاتوچۆکـردن زەحـمـەت، تەکنیکێکی دواکـەوتوو، نەبـوونی ئازادی. ئەوان تەنانەت ئەگەر بیانویستایە لە لێنینگرادەوە سەفەرێکی مۆسکۆ بکەن، دەبوو مۆڵەتی ڕەسمـی وەربگرن و سەرۆکایەتیی زانستگە و پۆلیسیش ئاگادار بن. دڵیان زۆر بەوە خـۆش بوو کـە لەو وڵاتە دوو شت بـە ئاســانی دەست دەکـەوتن: ڤۆدکـا و سێکس. دەسـتەڵاتدارانی سۆڤیێتی گوشارێکی زۆریان دەخستە سەر خـوێندکارانی کـورد. نەیاندەهێشت بە نـاوی خـۆیانـەوە جەژن و ئاهـەنگ بگێـڕن. دەبوو بۆ هـەمـوو شتێک لە پارتییە کۆمـونیستـەکانی وڵاتانی عیـراق و ئێران و سـووریا بپاڕێنەوە. ئاسـتی خـوێندنیش، لە ڕووی زانسـتـیـیـەوە، هیچ باش نەبـوو. بۆ دەسـتـەڵاتدارانی سـۆڤیێتی گرنگ ئەوە بوو دڵی پارتییە کۆمـونیستـەکان بە چەند بـورسێکی خـوێندن خۆش بکەن. خـوێندکارەکانیش دەیانویست هەرچۆنێک بێت بەڵگەنامەیەک وەربگرن. کە خوێنـدنیشیان تەواو دەکرد، سۆڤێیت نەیدەهێشت بمێننەوە و دەریدەکردن. لەبەر ئەوە بەشێکی زۆریان دواتر ڕوویان کردە ئەورووپای ڕۆژاوا.

## لازاریڤ و ئەکیمۆشکین

پێم خـۆش بوو چاوم بـە هـەندێ لە زانـا کـوردناسـەکـانی ئـەوێ بکەوێت. دەمـزانـی قـەناتێ کـوردۆ: کـوردۆیێڤ (١٩٠٩-١٩٨٥) و مـارگـاریـتـا ڕودێنـکۆ (٩-٥-١٩٢٦ لە تبـیلیـسـی لە دایک بـووە، ٢٧-٧-١٩٧٦ لە لێنینگراد مـردووە) کـۆچیـان کـردووە. لەوانەی کـە مـابوون بەڕاسـتـی تەنیا ناوی (لازاریڤ) و (حـەسـرەتیـان)م بیسـتـبـوو. ئەمەی دووەمیانم هـەر لە خۆمەوە خۆش نەدەویست. لەبەر ئەوە، کاتێ یەک دوانێک لە خـوێندکـارەکـان و مـامـۆسـتـاکـەی هـاوڕێم، ڕۆژی ٥-١٠-١٩٨٧ چوون بۆ لای حـەسـرەتیـان، حـەزیان دەکرد منیش بچـم، وتم من نایێم و نەچووم. ئەم هـەڵوێسـتـەم لای خـۆمـەوە پاسـاوێکی هـەبوو، بەڵام سێ ڕۆژ پێـشـتـریش تووشی هـەڵوێسـتـێکی دیکەی وا بووبووم، کە دواتر پێم وا بوو ڕەنگە بڕیارەکەم ڕاست نەبووبێت. ڕۆژی ٢-١٠-١٩٨٧، بەشێک لە خـوێندکارەکان وایان ڕێک خستبوو ئەو ڕۆژە بچنە سەردانی مـەیدانی سـوور و گـۆڕی شـاعـیـری گـەورەی تورک نازم حـیکمـەت (٢٠-١-١٩٠٢ لە سـالۆنیکی لە دایک بـووە، ٣-٦-١٩٦٣ لە مـۆسـکۆ مـردووە) . من نەمـویست بـچم. مەیدانی سوورم پارساڵیش بینیبوو، بەڵام نازم حیکمەت شتێکی دیکە بوو. پێم وایە هـەڵوێسـتـەکەم جۆرە دژکارییـەکی هـەندێ لە خـوێندکارەکان بوو کـە زۆر پەڕگرانە سۆڤێیتپەرست بوون. لەوەیش دڵنیـا بووم کە ئەوان دەیانویست سـەر لە گڵکۆی نازم حیکمـەت بدەن، لەبەر ئەوە نەبوو کە نازمیـان وەک شـاعیرێک دەنـاسـی، بەڵکە ئەوان نازمیـان وەک کۆمـونیـسـتێک و وەک دۆسـتێکی سـۆڤـیێت دەنـاسـی و دەیانویست بە سـەری بکەنـەوە. من دەمتوانی وەک شـاعـیرێک سـەری گۆڕەکەی نازم حیکمەت بدەم. بەهـەرحـاڵ نەچووم.

ڕۆژی چواری مانگیش، بەرنامـەمان ئەوە بوو بچین بۆ بینینی ماوسۆلیومی لێنین. من سـاڵی پێشـوو ئارامگاکەی لێنینم بینیبـوو، کە هـەر لاشـەکـەی خـۆیەتی و بە دەرمـان ڕاگیراوە و وا لێ کراوە بمێنێتەوە. هیچ پێم خۆش نەبوو کە بینیم. ئەم جاری دووەمە ئیدی نەمدەویست دیسان لێنین ببینمەوە. بۆ بەرنامـەی ئەو ڕۆژەیش نەچووم.

لازاریڤم لـە مـــۆسـکۆ بینـی. پیـــاوێکی ڕۆحـــســـووک دیار بوو، بـەڵام بەداخـــەوە نەمـاندەتوانی ڕاسـتـەوخـۆ پێکەوە قـسـە بکەین، چونکە ئەو ئینگلیـزیـی نەدەزانی و منیش ڕووسـیم نەدەزانی. دەیانگوت فـرانسـی دەزانێ، ئیـدی نازانم بەڕاست دەیزانی



قەناتێ کوردۆ (قەنات کەلاشەڤیچ کوردۆیێڤ)

یا نا. لەو سەردانەدا پێم وایە دوو یا سێ جار چاوم پێ کەوت. گفتوگۆیەکی درێژم لە گەڵدا کرد. بە هۆی (مامۆستا ناهیدە خانی بانیخێلانی)ەوە قسەمان دەکرد. هەموو گفتوگۆیەکەمان لەسەر کاسێت تۆمار کرد و دواتر کە هاتمەوە بۆ سوێد، خستمانە سەر کاغەز و تەرجەمەی کوردی کرا و لە گۆڤاری مامۆستای کورددا بڵاوم کردەوە. پێم وایە گفتوگۆیەکی باشی لێ دەرچوو. هەندێ دیاریی بچووکم، لەو شتانەی لە سوێدەوە لەگەڵ خۆمان بردبوومانن، دا بە لازارێڤ. زۆری پێ خۆش بوو. لەوێیش، لە هۆتێلەکە، بردم بۆ کافتێریاکە و پێکەوە شتێکمان خواردەوە و کارتۆنێ جگەرەیشم بۆی کڕی. بە شێوەیەکی زۆر سادە دڵخۆشیی خۆی دەردەبڕی.

لە ئینستیتووتی ڕۆژهەلاتناسی لە لێنینگراد چاوم بە (ئەکیمۆشکین) کەوت. هاوڕێ و مامۆستام لە زانستگەی ئوپسالای سوێد پرۆفیسۆر بوو ئویتاس، ئەکیمۆشکینی دەناسی و هەر ئەویش پێی وتبووم بیبینم. ئەکیمۆشکین کوردناس نەبوو، ئێراننناس بوو، شارەزایەکی باشی تەسەووفیش بوو. پێم وایە ئەو جارەی من بینیم، کرابووە سەرۆکی بەشی کوردناسی لەو ئینستیتووتەدا. نازانم هەر ئەو کاتە بوو یا دواتر بوو، یەکێ لە سەرچاوە باشەکانی لەسەر سۆفیزم لە ئینگلیزییەوە کردبووە ڕووسی و خۆیشی پێشەکییەکی درێژی بۆی نووسیبوو. یەکێک لەو کوردە ڕووسیزانانەی



مارگاریتا ڕودێنکۆ

کتێبەکەی خوێندبووەوە، دەیگوت ئەکیمۆشکین لە پێشەکییەکەیدا زۆر بە چاکی باسی مەولانا خالیدی نەقشبەندیی شارەزووریی کردووە و تەنانەت باسی ئەوەی کردووە کە مەولانا بیری لەوە کردووەتەوە دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێت. لەگەڵ ئەکیمۆشکیندا دەمانتوانی ڕاستەوخۆ قسە بکەین، چونکە ئینگلیزییەکی باشی دەزانی.

## کاک عەزیز محەمەد

دەمزانی برای بەڕێز مامۆستا عەزیز محەمەد لە مۆسکۆ دەژی و جاروبار دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ کوردستان. کاک عەزیزم پێشتر هەر لە دوورەوە دەناسی. ئەو کاتە سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمونیستی عیراق بوو. نازانم ئەو منی چۆن و تا چ ڕادەیەک دەناسی؟ من حیزبی کۆمونیستی عیراق و حیزبە کۆمونیستەکانی سەر بە یەکێتیی سۆڤیێتم خۆش نەدەویست و دژی سیاسەتیان بووم و یەکێتیی سۆڤیێتیشم بە سۆسیال ئیمپەریالیزم دادەنا. حیزبە کۆمونیستەکانی سەر بە سۆڤیێت لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەخشێکی گەورەیان هەبوو. ئەوان سەدان و هەزاران تێکۆشەر و خەباتکاری پارتیزان و

سیاسییان پێگەیاندبوو، دژی ڕێژیمە دیکتاتۆر و فاشیستەکان کاریان کردبوو، لە بەندیخانەکاندا نموونەی وەها بەرز و خۆڕاگریان هەبوو، کە وەک ئەفسانە باس دەکران. لە بواری فەرهەنگیشدا کۆمونیستەکان و خەڵکانی نزیک بە ئەوان بەشدارییەکی چالاکانەیان دەکرد. بەڵام بەدبەختی و چارەڕەشیی ئەو حیزبانە ئەو ڕۆژە سەری هەڵدا کە یەکێتیی سۆڤیێت سیاسەتێکی ئیمپەریالیستانەی دەست پێ کرد و وەک زلهێزێک، نەک وەک بەرەیەکی شۆڕشگێڕ، کەوتە بەربەرەکانێی ئیمپەریالیزمی ئەمەریکایی. حیزبە کۆمونیستەکان نەیاندەتوانی بەرانبەر سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤیێت سەربەخۆ بن، ئەمەیش تووشی ناکۆکییەکی قووڵی کردبوون. ئەوان ڕووداو و کێشەکانی ناوچەکەیان بە چاوی سۆڤیێت تەماشا دەکرد و بە لۆگیکی سۆڤیێت دەخوێندەوە. دوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥، حیزبی کۆمونیستی عیراقیش کەوتە بەر هێرشی دڕندانەی ڕێژیمی عیراق، کە تا ئەو کاتە هاوپەیمان بوون، و ڕوویان کردەوە شاخەکانی کوردستان.

ڕۆژی ٢٦-٤-١٩٨٦ لە مۆسکۆ چاوم بە کاک عەزیز کەوت و ئەوە بوو بە سەرەتای دۆستایەتییەکی گەرم و دڵسۆزانە کە خۆشبەختانە ئێستایش هەر بەردەوامە. ئەو جارە گوتوبێژێکی دوورودرێژم لەگەڵ کاک عەزیزدا کرد و دواتر لە ژمارە ٤-٥ی گۆڤاری مامۆستای کورد، تەمووزی ١٩٨٧دا، بڵاوم کردەوە. لایەنێکی گەشی ئەو گفتوگۆیە ئەوە بوو کە هەردوومان زۆر ڕاشکاوانە قسەمان کردووە. هەندێ بیرکردنەوەی کاک عەزیز لەگەڵ بۆچوون و هەڵسوکەوتی زۆربەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکەی جیاواز بوو. هەر بۆ نموونە ئەوە باس دەکەم کە پێم خۆش بوو کاتێ لەبارەی مامۆستا گۆرانەوە وتی "... هەرچەندە زۆربەی شیعرە سیاسییەکانیم پێ خۆش نییە"، یا بە ڕێزێکی زۆرەوە باسی مامۆستا مەسعوود محەمەدی کرد. من ئاگاداری ئەوە بووم کە خەڵکانی سەر بە حیزبی کۆمونیست چەندە دوژمنایەتیی مامۆستا مەسعوود محەمەدیان دەکرد. تەنانەت کار گەیشتبووە ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری کتێبەکانی مامۆستا مەسعوودیان کڕیبوو و سووتاندبوونیان، هەر بۆ ئەوەی خەڵک نەیانخوێننەوە. ئەم قسەیە سەرکردەی حیزبێکی کوردی بۆی باس کردم.

زمانی سیاسیی کاک عەزیز لەگەڵ زمانی زۆربەی سیاسەتمەدارانی کورد جیاواز

بوو. هەم لە ڕووی بەکارهێنانی تێرمینۆلۆگییەوە و هەم مەنتیقی بەڵگەهێنانەوەی لە پلەیەکی بەرزتر و ڕێکخراوتردا بوو. هەندێجار لە قسەکانیدا هەستم بە لاوازییەک دەکرد کە دەمزانی ئەمە ئەنجامی ئەو ناکۆکییە سیاسی و ئیدیۆلۆگییەیە کە سیاسەت و هەڵوێستەکانی یەکێتیی سۆڤیێت بەسەر ئەمانیدای سەپاندبوو.

جیاوازیی بیر و هەڵوێست هەرگیز نەبوو بە کۆسپێک بۆ دامەزراندنی دۆستایەتییەکی گەرم و پتەو لەنێوان کاک عەزیز و مندا. لە ماوەی ئەم بیستوسێ ساڵەیشدا دەیان جار چاومان بە یەکدی کەوتووەتەوە و سەرمان لە یەک داوە. کاک عەزیز پیاوێکی ڕاستگۆ و مرۆڤدۆست و ڕەوشتبەرزە، خوێنەوارێکی جیددی و پشوودرێژە و هاوڕێیەکی وەفادار و دڵسۆزە.

لەو دوو گەشتەی سۆڤیێتدا گەلێ دۆست و هاوڕێم بینین و کۆمەڵێ دۆست و ئاشنای تازەیشم پەیدا کردن. پرۆگرامی سەفەرەکەمان وا ڕێک خرابوو کە سەر لە زۆر جێگای مێژوویی و فەرهەنگی بدەین. یەکێک لەو جێگایانە موزەی "هێرمیتاژ" بوو لە لێنینگراد [سانت پیتەرسبۆرگی ئەمڕۆ] کە بە ڕاستی شایانی ئەوەیە زۆر جاری دیکەیش سەری لێ بدەیتەوە.

**تەرجومانەکان**

بێجگە لەوەی کە دەبوو هەر پێشەکی ورد و درشتی گەشتەکە بە دەستگا و دەستەڵاتەکانی سۆڤیێتی ڕابگەیێنیت، ئەوان لە ڕوویەکی تریشەوە کارقاییمیی خۆیانیان دەکرد. بۆ ئەو گرۆ و تاقمانەی وەک ئێمە بە کۆمەڵ دەچوون، تەرجومانێکیان دادەنا. ئێمە لەبەر ئەوەی لە سوێدەوە چووبووین تەرجومانی سوێدیزانیان بۆ دانابووین. ساڵی یەکەم کچێک بوو، ناوەکەیم لە بیر نەماوە. ساڵی دووەمیش کوڕێک بوو؛ کۆنستانتین. بێجگە لەو تەرجومانەی کە لە یەکەم ڕۆژی مۆسکۆ یا لێنینگرادەوە تا ئەو ڕۆژەی دەگەڕاینەوە بۆ سوێد لەگەڵماندا بوو، لە ئازەربایجان و ئەرمەنستان تەرجومانێکی دیکەی ئازەری یا ئەرمەنییش دەبوو بە هاوڕێمان، بە بیانووی ئەوەوە کە لەو کۆمارانە زمانی دیکە بە کار دەبرێ، ئەگەرچی لە هەموو سۆڤیێتدا، لە جێگە و دەستگا ڕەسمییەکان زمانی ڕووسی زمانی ڕەسمی بوو. ئەگەر باشم لە بیر مابێت، پێم وایە لە گورجستان، نازانم بۆچی؟، تەرجومانی گورجیمان نەبوو. تەرجومانە ڕووسەکە دەستەڵاتی زیاتر بوو. جاروبار دەیتوانی

فـەرمـان بۆ تـەرجـومـانە ئازەری یا ئەرمـەنـیـیـەکـە دەربکات، بەڵام کـەمـجـار ئەم دەسـتـەڵاتەی خـۆی بە کـار دەهێنا، بیـانووەکـەی ئـەوە بوو کـە ئەو وەک نوێنەری دەستگای گەشتیاریی مۆسکۆ نایەوێ دەست بخاتە ناو کاروباری ئەمانەوە.

من هیچ گومـانم لەوە نەبوو کە تـەرجومـانە ڕووسـەکە پیـاوی دەسـتگای جاسووسـیی (ک. گ. ب.) بوو. دەیـویـست هـەمـوو شـتـێـک لەبارەی خـۆمـان و لەبـارەی سـوێد و تەنانـەت لەبارەی کـوردسـتـانـیـشـەوە بزانێت، کـە دەیزانی ئـێـمـە کـوردین. ڕۆژانە لەگەڵمانا دەسـووڕایەوە، مەگەر شـەو کە ئیـتر کـاتی پشـوودان و خـەوتن بوو بە جـێی بهـێشـتینایە. بەڵام ڕۆژی جارێک یا دوو جـار، بۆ مـاوەی نیـو سـەعـاتێک، یا شـتـێک زیاتر، ون دەبـوو. بە برادەرانم دەگـوت، ئەوە چوو ڕاپۆرتەکـەی بنێـرێت. ئێـمـە لەبەر ئەوەی زۆر بووین و کـوردەکانی ئەو کۆمـارانـەمـان دەناسـین، زۆر گـوێمـان بە بەرنامـە ڕەسـمـیـیەکەی سـەفـەرەکـەمـان نەدەدا . ئەو ڕۆژانەی لە ئەرمـەنسـتـان یا گـورجـسـتـان بووین، هـەندێ بەرنامـەی سـەربەخـۆمـان دادەنا و دەچووین بۆ بینینی گوندەکـان یا سـەردانی ماڵی دۆست و ئاشنا .

تەرجـومانەکـان زۆرجـار ڕاسـتـەخـۆ یا ناڕاسـتەوخـۆ داوای پارە و دیاری و بەرتیلیـان لێ دەکـردین. ئێـمـە لە سـوێدەوە دەیان دیاریی جـوانمـان لەگەڵ خـۆمـان بردبوو، بەڵام دەمانویسـت بیاندەین بە کـوردەکانی ئەوێ، یا بەو خـوێندکارە کوردانەی دەمـانناسـین و لە مۆسکۆ و لێنینگراد دەیانخوێند. تەرجـومانەکانیش لەو دیارییـانە شتێکیان بەر دەکەوت. کۆنستانتین لە کتێبفرۆشییەکی مۆسکۆ داوای لێ کـردم کتێبێکی بۆ بکڕم. وتی بە ئێـمـەی نافرۆشن، بەڵام تـۆ دەتوانی بە دۆلار بیکڕیت. منیش کڕیم بۆی، بەڵام ئەوەم پـێ ناخـۆش بوو کـە دەیویست وای پێـشـان بدات نـرخـێکی ئـەوتۆی نـیـیـە. بەڵگەیشی ئـەوە بوو کـە نرخـی دۆلارەکـانی بە نرخـی ڕەسـمـیـی گـۆڕینەوەی بـانک حیسـاب دەکرد. منیش دەمزانی کە نرخی دۆلار لە دەرەوە، کە بە ڕەش دەیگۆڕیتەوە، چوار ئەوەندەی نرخـی ڕەسـمـیـی بانکە. هیچ کەسێک دۆلاری لە بـانک نەدەگۆڕییـەوە. بازاڕی گۆڕینەوەی ڕەش لە برەودا بوو.

لە باکـوو، لەگەڵ تـەرجـومـانە ئازەرییـەکە باسـی ئەدەب و شـیـعـرمـان دەکرد. وتم پێم خـۆشـە شـیـعـری ئـازەری بخـوێنمـەوە، ئەگەر دەکـرێ هـەندێ شـیـعـرم بۆ پـەیدا بکە، تەرجـەمـەی ئینگلیـزی کـرابێت. وتی ئـانتـۆلۆگـیـەکی زۆر چاک هـەیە، بە ئینگلیـزی،

بەڵام زۆر زەحمەتە دەست بکەوێ. دەمزانی مەبەستی پارەیە. هەر بۆ بەیانییەکەی ئانتۆلۆگییەکەی بۆ هێنام. جا بەڕاستییش ئانتۆلۆگییەکی چاک بوو. چەند پاکەتێک جگەرەی مارلبۆرۆم دا پێی. ''لە سیمایدا ئەوەم بە دی کرد''، کە زۆری بە دڵ نەبوو. بەڵام خوا هەڵناگرێ زۆر لەسەری نەڕۆیشت.

ساڵی یەکەم، کاتێ لە ئەرمەنستان بووین، یەکێک لەو کوردانەی ئەوێ کە زۆر سەری لێ دەداین و بە بینینمـان دڵی دەکرایەوە، لاوێک بوو ناوی (حەسەنێ ئووسف: یووسف) بوو. ئەم کوڕە لە دەستگای گەشتیاری (توریزم) کاری دەکرد. کە ساڵی دووەم چووینەوە بۆ یەریڤان، بە خۆپارێزی و نهێنکارییەکی زۆرەوە هاتە لامان و وتی بەداخەوە ئەمساڵ ناتوانم سەرتان لێ بدەم و لەتەکتاندا بگەڕێم، چونکە کچە تەرجومانەکەی کە پار لەگەڵتان بوو ڕاپۆرتی لێ داوم و کێشەیەکی زۆری بۆ دروست کردووم و خەریک بوو لە کارەکەم دەربکرێم.

## بەزموڕەزمی خواردن و خواردنەوە

هەتا لە لێنینگراد و مۆسکۆ بووین بەرنامەکەمان زیاتر ڕەسمی بوو. هەر لەبەر ئەوەیش تووشی بەزموڕەزمی خواردن و خواردنەوەیەکی ئەوتۆ نەبووین. لە ئازەربایجانیش دیسان هەر باش بوو، چونکە کوردی ئەوێمان نەدەناسین. بەڵام لە هەردوو کۆماری ئەرمەنستان و گورجستان ئەگەر لە ڕۆژێکدا دوو جار و سێ جار نەبووایە، ئەوا هەر نەبێ جارێک تووش دەبووین. یا ئەوە بوو بانگ دەکراین بۆ ماڵی دۆست و ئاشنا تازەکانمان، یا دەبوو بچین بۆ شایی و زەماوەند و ''داوەت''ی ژنهێنان و شووکردن. ئەو جۆرە گۆڤەند و زەماوەندانەیش هێندە زۆر بوون، لە ژماردن نەدەهاتن. جاری وا هەبوو لە ڕۆژێکدا دوو یا سێ شایی دەکرا. هەموویشیان حەزیان دەکرد ئێمە بانگ بکەن و بە سەربەرزییەکی گەورەیان دەزانی کە ئێمەی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان، کە لە سوێدەوە چووبووین، لە ئاهەنگەکانیاندا ئامادە ببین.

لە هەموو ئەو جۆرە کۆبوونەوانەدا، چ بانگهێشتنی ماڵان و چ شایی و داوەتەکانیان، خواردن و خواردنەوە و مۆسیقاژەنین و گۆرانیچڕین بڕگەی هەرە گرنگ و ناوەندی بوون. کەمجار ڕێک دەکەوت دانیشتنێک تەرخان بکرێت بۆ باسوخواسێکی جیددی و هێمن. هەر هێندەی دەچوویتە ماڵێک یا ئاهەنگێک یەکسەر، زۆر بەرچاوتێرانە،

خــواردن و خــواردنەوەیـەکی زۆریـان هـەڵدەڕژانـدە ســەر خــوان و دەست دەکــرا بـە هەڵدانی پێک و خواردنی دەیان بابەتی "مـەزە"ی خۆش و بەتام و هەندێ جاریش بۆ ئێمە نائاشنا و نەناسراو. ئەمە هەمووی سەرەتا بوو بۆ خواردنی ژەمی سەرەکی کە دواتر دەهات.

لێرەدا دەبێ من ئەوەیش ڕوون بکەمـەوە، بۆ ئەوەی دۆسـتـەکانم بە هەڵەدا نەچن، کە من ئەو کاتە دەمخـواردەوە. ئەگەرچی هەرگیز لە ژیانمدا هێندە حەزم لە خواردنەوە نەبووە، بەڵام کـاتێ وا ڕێک دەکەوت لـەگەڵ دۆست و برادەر، یا لـە بۆنەی ڕەسـمـیـدا دادەنیشتم، کە خواردنەوە پێشکەش دەکرا، منیش دەمخواردەوە.

نەریتێکی گرنگی کوردەکانی سۆڤیێت، کە پێم وایە لە ڕووس یا ڕەنگە لە ئەرمەن و گورجییـەکانەوە هاتبێتە ناویانەوە، قسـەکردن و پەسن و پێداهەڵدان بوو لە کاتی خواردنەوەدا. لە وڵاتانی خۆمان ڕەنگە لە سـەرەتای دانیشـتندا کەسێک بە لێوانێکی پڕ مــەیەوە دەست هـەڵبـڕێت و بۆ تەندروسـتی و خـۆشـیی ئامـادەبووان داوا بکات هەمـوو پێکەکانیـان بەرز بکەنەوە و بڵێن نۆش. بەڵام لەوە بـە دوا، ئیـتر خـواردنەوە بەردەوامـە و قسـە و باسی تر دەکرێت. کوردەکـانی سـۆڤیێت جـارێ لە سـەرەتاوە خاوەنماڵ یا کەسی گەورەی دانیشـتنەکە پێک بـەرز دەکاتەوە و نزیکەی دە دوانزدە دەقیقە باسی یەک بە یەکی میوانەکان دەکات و بەخێرهاتنیان دەکات و بە بەژن و باڵا و پلە و زانست و ئاوەزیاندا هـەڵدەڵێت و ئەوجـا هەمـووان قـومی یەکـەم نۆش دەکـەن. دوای مـاوەیەکی کـورت ئەوجا نـۆرەی نوێنەر یا کـەسی دیاری مـیـوانەکـانە وەرام بداتەوە. ئەمیش دەبێ کۆڵێ قسەی ڕەنگاوڕەنگ بکات و داسـتانی جوامێری و مـیـواندۆسـتی و هەمـوو لایەنە بەرز و جوانەکانی خاوەنماڵ خـۆی و خـانەوادەکەی و تەنانەت خێڵ و حیزب و دەوڵەتەکەیشی بگێڕێتەوە و سوپاسی مـیوانداریـیـان بکات. کار بەمـە نەدەبڕایەوە. مـاوەیەک بەسـەر دانیشـتنەکەدا تێدەپەڕی، وەک بڵێی ترسـی ئەوەیان هەبێت سـارد ببنـەوە، جــارێکی دی تێــهــەڵدەچوونـەوە و ڕیزێکی تـری پێداهەڵدان دەستی پێ دەکردەوە. ئیـتر بەم جۆرە ئەم بەزمـە بە سـەعـاتان بەردەوام دەبوو.

هەڵوێسـتی هەرەناخـۆش و زەحـمـەت لـەم دانیشـتن و کۆڕانەدا هـەڵوێسـتی من بوو. لەبەر ئـەوەی هـەم گـرۆیـەکـەی خـۆمـان و هـەم خـانـەخـوێ و مـیـوانداران منیـان بە

براگەورە و نوێنەر دادەنا، دەبوو هەموو جارێک من ئەرکی وەرامدانەوە و قسەکردنەکە ڕاپەڕێنم. ئێمە دوو مامۆستا بووین و مامۆستاکەی تر لە منیش بەتەمەنتر بوو، بەڵام دیسان ئەم ئەرکە هەر بەرۆکی منی دەگرت. جاروبار هەوڵم دەدا خۆم لەم کارە بدزمەوە و مامۆستا ڕەشۆ تووش بکەم، بەڵام بێسوود بوو.

## خوانی ڕازاوە و سیاسەت

لە ڕازاندنەوەی خوان و ئەتەکێتی خواردندا کوردەکانی سۆڤییت تێکەڵاوییەکی سەیریان پێک هێنابوو. لە لایەکەوە هەر گوندی و کۆچەرییەکەی جاران بوون و ئێستاکە لەسەر سەندەڵی دادەنیشتن و مێزی پانوپۆڕیان هەبوو، لە لایەکیشەوە خواردنەوەی جۆراوجۆریان پێشکەش دەکرد، کە بەشی هەرەزۆری، یا ڕەنگە هەمووی، هیی ڕووس و هیی گەل و نەتەوەکانی دەوروبەریان بوون. ڤۆدکای ڕووسی لە هەموو جێگایەک هەبوو، بەڵام عەرەقی ماڵکردیشیان زۆرجاران دەهێنا و ئەمە زیاتر بۆ میوانی وەک ئێمە تایبەت و خۆشەویست بوو. ویسکی کەمتر دەست دەکەوت، مەگەر میوانێکی وەک ئێمە بە دیاری بۆی ببردنایە. یەکێ لە خواردنەوە هەرە خۆشەکان کە من حەزم لێ بوو، کۆنیاکی ئەرمەنی بوو. ئەم کۆنیاکە هەتا بڵێی تیژ و و بەهێز بوو، بەڵام تام و بۆنێکی یەکجارخۆشیشی هەبوو. ئەگەرچی زوویش سەرخۆشی دەکردیت، بەڵام سەرخۆشییەکی قورس و سەرئێشێن نەبوو. وەک سەرخۆشیی ویسکی و ڤۆدکا نەبوو.

هەندێ لەمانە کردبوویانە خوو لە کاتی قسەکردن و پێداهەڵداندا، کۆمەڵێ قسە و باسی سیاسیشیان تێکەڵ دەکرد؛ دیارە ئەو قسانەی کە ئاشکرا بۆنی دووڕوویی و هەلپەرستییان لێ دەهات. بە شان و باڵی سیستێمی سۆسیالیستی و بزووتنەوەی کارگەران و تەنانەت پارتیی کۆمونیستی سۆڤیێتیشیاندا هەڵدەدا. خوێندکارەکانی ئێمەیش کە زۆربەیان سۆڤییتپەرستی سەختگیر بوون، ئەم بەزمەیان پێ خۆش بوو. ئەمانیش دڵیان گەرم دەبوو، وایان دەزانی هەر سبەینێ نا، دووسبەی، سۆڤیێت بە خۆی تانک و تۆپییەوە دەچێ تورکیایان بۆ دەڕووخێنێت و کوردستانێکی سۆسیالیستیان بۆ دادەمەزرێنێت.

لە گورجستان یەکێ لە کوردە ناودارەکانیان کەسێک بوو ناوی کەرەمێ ئانقۆسی بوو. ئەم کابرایە نازانم بە ڕەسمی چ کارە بوو، بەڵام وا دیار بوو ئەندامێکی بەرزی

پارتیی کۆمونیستی گورجستان بوو. یەکەم جار کە بانگهێشتنی کردین و مێز و خوانێکی فراوان و رەنگاورەنگیان رازاندبووەوە، زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کردین. کە دەست کرا بە خواردنەوە، دوای پەسن و پێداهەڵدانی ئێمە، دەستی کردە شاباش و پەسنی سۆسیالیزم و یەکێتیی سۆڤیێت و داوای لێ کردین پێکەکانمان هەڵدەین. بۆ نزیکەی هەموو خوێندکارەکان و مامۆستاکەی دیکەیش ئاسایی بوو، بەڵام ئەمە هەڵوێستێکی ناخۆش بوو بۆ من و بۆ کاک ئەمجەدی برام. هەر یەکسەر لە دڵەوە بڕیاری خۆمم دا و بە جۆرێکیش کاک ئەمجەدم تێگەیاند. کە ئەوان پێکیان بەرز کردەوە، ئێمە لە شوێنی خۆمان وشک دانیشتین و دەستمان بۆ پیاڵەکانمان نەبرد. ئەمە هەڵوێستێک بوو دەبوو دەمودەست بڕیارمان بدایە، ئەگەرنا دواتر زۆر ناخۆش دەبوو بۆ ئێمە. بەڵام بەم هەڵوێستە هەستمان کرد سنوورێکی باشمان بۆ ئەو هەلپەرستی و ملهوڕییە ئیدیۆلۆگییەی ئەوان دانا. دوای ئەوسا ئیدی لە بیرم نییە شتی وایان بە ئامادەبوونی ئێمە دووبارە کردبێتەوە.

خواردنەکانیشیان جۆراوجۆر بوون. هەندێکیانمان هەر نەدەناسین. لە ڕووی سەوزەوە زۆر دەوڵەمەند بوون. بەڵام هەندێ خواردنیشیان هەبوون کە هێندە تیژ و گەرم بوون کە ناوسک و هەناویان دەسووتاند.

من لەو ساڵانەدا بە هۆی نەخۆشییەوە پارێزێکی زۆرم دەکرد. سێ جار عەمەلییات کرابووم و پزیشکی سوێدی پێیان گوتبووم شتی تیژ و توون نەخۆم، بەڵام لەوێ نەدەکرا. پارێزی و چی و پزیشکی چی؟ هەر زوو خۆمم ڕاهێنا و دەستم کردە خواردنی هەموو جۆر و بابەتێک. چی دەبێ با ببێت! خواوراسان هیچیش ڕووی نەدا. بەڵکە ئەوە بوو بە سەرەتایەک کە دەست بکەمەوە بە شێوەی جارانی خواردن و گوێ بە قسەی پزیشکە سوێدییەکان نەدەم.

کە بۆ دێهات بانگ دەکراین، هەمیشە مەڕێ، کاوڕێ، یا دوو سێ قەل و قازیان سەر دەبڕی. گۆشت بەشێکی گرنگی خوانی گوندییەکان بوو. ئەگەر بە ڕوواڵەت تەماشات دەکرد، وات دەزانی هەژار و دەستکورتن، کەچی کە نان دادەنرا و خوان دەرازێنرایەوە، دەوڵەمەندانە بوو. پێم وایە بەشێکی زۆری هەر لەبەر بەرچاوتێری بوو. ئەوەیش هەبوو کە ئێمە میوانی خۆشەویست بووین. لە شایی و زەماوەندەکانیشدا خواردن و خواردنەوەیەکی زۆر دادەنرا و میوان هەر کاتێ بهاتایە، هەر دەهاتە سەر خوانێکی ڕازاوە و ئاوەدان.

## نووسەران و ڕووناکبیران

هێندەی لە بیرم بێت دەنگوباسی نووسەرانی کوردی سۆڤیێتی هەمیشە لە گۆڤار و چاپەمەنییەکانی کوردستانی عیراقدا هەبووە و بڵاو کراوەتەوە. بەڵام باوەڕ ناکەم کەس شارەزای ئەو ئەدەبە بووبێت کە ئەوان نووسیبوویان و دەیاننووسی. لە شەستەکاندا بە هۆی ئەو خوێندکارە کوردانەوە کە بۆ خوێندن چووبوونە ئەوێ پێوەندییەکی باشتر لەگەڵ نووسەران و ڕووناکبیرانی کوردی سۆڤیێتدا دروست کرابوو، بەڵام ئەمانیش هەر دەنگوباسیان پێ بوو، نەک پێشکەشکردنی ئەو ئەدەبەی لەوێ هەبوو. جاسمێ جەلیل و ئۆردیخان وجەلیلی کوڕی، کچێک و بووکێکی لەو ناوانە بوون کە شتمان لەبارەیانەوە بیستبوو. هەروەهایش حاجی جوندی (یا جندی) و عەرەبێ شەمۆ. ناوی قەناتێ کوردۆ (کوردۆیێڤ)یشمان وەک زمانزان بیستبوو.

من هەتا لە کوردستان بووم هیچ شتێکی ئەمانەم نەخوێندبووەوە، چونکە نە کرمانجیم دەزانی و نە ئەلفوبێی لاتینی یا کریلیک. پاییزی ساڵی ١٩٧٥ چوومە سووریا و نزیکەی دوو ساڵێک لەو بەشە کوردستانەی ئەوێ ژیام و کرمانجییەکی باش فێر بووم. هەر لەوێیش بە هۆی شەهیدی خوالێخۆشبوو نەجمەدین بویوککایاوە فێری خوێندنەوە بە ئەلفوبێی لاتینی بووم. بەڵام دیسانیش شتێکی ئەوتۆ نەبوو بیخوێنمەوە. کە پاییزی ١٩٧٧ چوومە ئاڵمانیا، دەستم کردە خوێندنەوە بە کرمانجی. ڕۆمانی شڤانێ کوردی عەرەبێ شەمۆ یەکێک بوو لەو کتێبانەی هەر لە سەرەتاوە خوێندمنەوە، بەڵام بە حەرفی لاتینی، نەک بە حەرفی کریلیک. وردەشتی دیکەیشم جاروبار دەخوێندەوە.

لە هەشتاکاندا، خوالێخۆشبوو مامۆستا شوکور مستەفا دەستی کردە بڵاوکردنەوەی هەندێ تێکستی کوردەکانی سۆڤێیت، دوای ئەوەی دەیگواستنەوە بۆ ئەلفوبێی کوردی.

کە ئێمە چووین بۆ ئەرمەنستان، حەزمان دەکرد چاومان بە ڕووناکبیر و نووسەرەکانیان بکەوێت و بیانناسین، ئەگەرچی تا ئەو کاتەیش شارەزاییەکی ئەوتۆمان لەبارەیانەوە نەبوو. هەر لە سەفەری یەکەمەوە، پێوەندییەکی گەرموگوڕ و دۆستانەم لەگەڵ کۆمەڵێ لە نووسەر و ڕووناکبیرانیاندا دامەزراند و بێجگە لەو چەند

ناوەی پێشوو، کۆمەڵێ نووسەر و ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووسی دیکەم ناسین کە نەوەی دواتر بوون. بەداخەوە تەنیا یەک کەسیان تێدا بوو، ئاشنایەتییەکی لەگەڵ ئەدەبی کوردی بە شێوەی کوردیی خوارووڕا هەبێت و بتوانێت پێی بخوێنێتەوە، ئەویش کاک (تۆسنێ ڕەشید) بوو.

هەر لە سەرەتاوە ئەوە سەرنجی ڕاکێشام کە پێوەندیی نێوان ئەو نووسەر و ڕووناکبیرانە هێندە کۆک و دۆستانە نەبوو. ئەوانیش، ڕێک وەک نووسەر و ڕووناکبیرانی ئێمە و زۆر جێی دیکەیش، لە پاشملە قسەیان بە یەکدی دەگوت و جاروبار دەگەیشتە ڕادەی تاوانبارکردن، یا لەگەڵ یەک قسەیان نەدەکرد. ئەم وێنەیە بۆ من تازە نەبوو.

هەر یەک دوو ڕۆژ دوای ئەوەی گەیشتینە (یەریڤان) چووین بۆ سەردانی ماڵی مام جاسمێ جەلیل: پیاوێکی قسەخۆش، پیرێکی دڵتەڕ و گوندییەکی ڕەسەن. کاک جەلیلی کوڕی ڕۆژی پێشتر هاتبووە سەردانی ئێمە. ئاپێ جاسم بە دووروودرێژی باسی ژیانی خۆی بۆ کردین. ژنەکەیشی چیرۆکی دڵداریی خۆی و ئاپێ جاسمی بۆ گێڕاینەوە. جەمیلەی کچیشی بە پیانۆ هەندێ ئاوازی فۆلکلۆریی لێ دا.

ڕۆژێکیش چووینە سەردانی ماڵی مامۆستا حاجییێ جوندی: پیاوێکی هەتا بڵێی گران و ڕەوشتبەرز و ناسک. ئاپێ حاجی خەزووری کاک تۆسنێ ڕەشید، واتە باوکی خاتوو (نوورا جەوەری) بوو. نوورا خان مۆسیقازانێکی گەورە بوو. حاجی هەروەها خەزووری مامۆستا شاکرۆیێ خودۆیش بوو.

ئەم یەکترناسینە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئیتر بە شێوەیەکی فراوانتر و چاکتر باری فەرهەنگی و ئەدەبیی کوردی سۆڤییێت بناسم. ئێستا ئیتر دەمزانی کێ شاعیرە و کێ چیرۆکنووسە و کێ خەریکی لێکۆڵینەوەیە. لەو چەند ڕۆژەدا کە لەوێ بووین، هەوڵم دا خۆم فێری ئەلفوبێی کریلیک بکەم، بۆ ئەوەی هەر نەبێ بتوانم ناوی کتێبەکانیان بخوێنمەوە. بەڵام کە گەڕامەوە بۆ سوێد، هەر زوو خۆم ڕاهێنا و دەستم کردە خوێندنەوەی باش، تا ئەو ڕادەیەی دەمتوانی چیرۆک و ڕۆمان و شیعری پێ بخوێنمەوە. دواتر لە بەرنامەی خوێندنیشدا، چ لە خوێندنگەی بەرزی مامۆستایان و چ لە زانستگەی ئوپسالا، تێکستی نووسەرانی کوردی سۆڤییێتیشم بە خوێنکارەکان دەگوتەوە.